# سێگردکان و
# سێبەر نشینەکانی

ئاراس ئیلنجاغی

کوردستان-چاپی یەکەم
٢٠١٤





ناوی کتێب: سێگردکان وسێبەرنشینەکانی

نووسەر: ئاراس ئیلنجاغی

نۆبەتی چاپ: یەکەم

تایپ: ئاراس ئیلنجاغی

تیراژ: ٥٠٠دانە

چاپخانە:

ژمارەی سپاردن:

**پێشکەشە بە:**

- **خزمانی ناحیەی سێگردکان و گوندەکانی دەوروبەری**
- **هەموو ئەوانەی بەدوای لێکۆڵینەوە و توێژینـــەوەی مێــژو و جوگرافیای سنورەکەدا دەگەڕێن.**





## سوپاسنامە

**زۆر سوپاسی مامۆستا فەرمان محەمەد ئەمین ئەحمەد دەکەم کە هاوکار و ئەرکی لە چاپدانی گرتە ئەستۆ**

# نووسەر لەچەند دێرێکدا



-ناوی تەواو (ئاراس عومەر فەتحوڵلا کاوێس) ناسراوبە(ئاراس ئیلنجاغی) .

-لەدایکبووی(١٩٧٦)ی گوندی(ئیلنجاغی گەورە)ی سنوری کێڵگەی نەوتی(تەقتەق)ە.

-دەرچووی زانکۆی سەلاحەددین،کۆلیژی ئاداب، بەشی جوگرافیا(١٩٩٧-١٩٩٨).

-لەساڵی(١٩٩٩)ەوە یەکەم بابەتی ڕۆژنامەنوسیی لەبلاوکراوەی(هەنگاو)ی لۆکاڵی کۆمەڵێك لاوانی زەحمەتکێشانی کوردستان ناوچەی تەقتەق بلاوکردۆتەوە.

-دەستەی نووسەرانی مانگنامەی(تەقتەق)بووە، لەساڵی (٢٠٠١-٢٠٠٢).

- لە ڕۆژنامەی(ڕێگای کوردستان)کاریکردووە لەساڵی(٢٠٠١-٢٠٠٢).

- دەستەی دامەزرێنەری(ناوەندی ڕۆشنبیری تەقتەق) بووە لە ساڵی(٢٠٠٤).





-لە(٢٤-١٢-٢٠٠٤)ەوە تا (٢٠٠٨) سەرنووسەری مانگنامەی(تاك)بووە.

-لە(١-٨-٢٠٠٨)ەوە تا(٢٨-٩-٢٠١١)پەیامنێری(کوردستانی نوێ)بووە.

-لە(٢٠١٠-٢٠١١)پەیامنێری( پیوکەی میدیا )سایتی کوردی بووە .

-ئەندامی بەشداری (سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان)لقی سلێمانی یەلە(٢٠٠٨)ەوە تا ئەمرۆ.

-ئەندامی(بنکەی خێرخوازی دکتۆر ڕەئوف)ە، لە تەقتەق لەساڵی (٢٠١٠)ەوە.

-ئەندامی بنکەی کۆیەی ڕووناکبیری گەلاوێژەلەساڵی ٢٠١٢ەوە.

- لەساڵی(٢٠٠٣ەوە تا ٢٠١١)لەکارگێری(ئامادەیی تەقتەقی تێکەلاو)وەك یاریدەدەرو بەڕێوەبەرکاریکردووە.

- لە(ئەنسکلۆپیدیای شاری هەولێر) بە نوسینی بابەتێك لەسەر(ناحیەی تەقتەق)بەشداریکردووە.

-ئەندامی (کۆمەڵەی ئینسایکلۆپیدیای کوردستان)ەو لەیەکەم کۆنفراسی کۆمەلە لە١٥-١٢-٢٠١٢لەشاری هەولێر بەشداربووە.

- لەڕۆژنامەوبلاوکراوەکانی (هەنگاو، تەقتەق، هاموون، خەرمان، تەقتەقی نوێ، ئامانج، کوردستانی نوێ، ڕێگای کوردستان، ڕزگاری، سایتی پیوکەی میدیا ،گۆڤاری کەکۆن ) بابەتی جۆراوجۆری بلاوکردۆتەوە .

- ئێستا لە خوێندنگەی (مەشخەڵی بنەرەتی ئێواران )مامۆستای کۆمەلایەتی یە.

- لەبڵاوکراوەکانی نوسەر:

١- تەقتەق، پەلکەزێڕینەی کەنارزێی بچووک، لێکۆڵینەوە، لەمایسی ٢٠٠٧، چاپخانەی لەیاد، سلێمانی.

٢-حاجی، کرمانجێك لەوپەڕی مەزنیدا، ٢٠١٢، لێکۆڵینەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

٣-کەسایەتی دکتۆر رەئوف ژیان وکاروهەڵوێستی مرۆڤدۆستانەی٢٠١٢، کەسایەتی. چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

٤- پارتیزانەکانی کەرکوك، ٢٠١٢، بەدواداچون وبیرەوەری. چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

٥- ساتوقەڵا، هەرێمی ئیدۆ،٢٠١٣، سەردانی مەیدانی و ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنوسی، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، چاپی یەکەم.

## پێشەكی

خوێنەری بەرێز ئەوەی لەبەردەستت دایە دەرئەنجامی لێكۆڵینەوە و بەدواداچوون و سەردانی مەیدانیە بۆ ناحیەی سێگردكان و گوندەكانی، بیرۆكەی ئەم كتێبە دەگەڕێتەوە بۆ دوای یەكەم كۆنفراسی(كۆمەڵەی ئینسایكلۆپێدیای كوردستان)، كە لەشاری هەولێر لەڕۆژی(شەممە) ڕێكەوتی(١٥/١٢/٢٠١٢)، لەهۆتێلی(ڤان ڕۆیاڵ هۆتێل) ئەنجامدرا بەندەش ئەندامێكی بەشداربووی ئەو كۆنفراسە بووم، دواتر لیژنەی كۆیەی كۆمەڵەكە بڕیاریدا ئینساكلۆپێدیای كۆیەو دەوروبەری بكاتە یەكەم كاری لیژنەكە لەسنوری قەزای كۆیە، بۆ ئەو مەبەستەش ڕووماڵكردنی ناحیەكانی(تەقتەق و سێگردكان) بەبەندە سپێردرا، ئەوەی پێویست بوو و لیژنەی كۆیەی كۆمەڵەكە لەسەری ڕێكەوتین ئامادەم كرد، بەڵام لەبەرئەوەی سنورەكە خەریكە تەمەنی بەناحیەبوونی بگاتە(٩)ساڵ و وەك یەكەیەكی كارگێری تازە دروستبوو بەباشم زانی لێكۆڵینەوەیەكی مێژوویی و جوگرافی و كارگێری و هەمەلایەنەی تەواوی بۆ ئەنجام بدەم و ببێتە بەركول وبەرهەمێك تا قۆناغێكی مێژووی گرنگ تۆماربكەم و لەوونبوون بیپارێزم بۆ نەوەكانی داهاتوو، خەریكی ئەم بەرهەمە بووم بەناوی(سێگردكان وسێبەر نشینەكانی) واتە ناحیەی سێگردكان قەدی ئەو دارەیە كەپەلۆپۆی درەختەكەی دەبێت ببێتە سێبەر بۆ سێگردكان وگوندەكانی دەوروبەری، ئەم كتێبە لەسێ بەشدا





خراوەتەڕوو، بەشی یەكەم تایبەتە بە جوگرافیا ومێژووی سێگردكان وەك چەقی ناحیەكە و لایەنی هەمەجۆری كارگێری و سیاسی و ئابوری و كۆمەڵایەتی و كەسایەتیەكانی....تاد، بەشی دووەمیش باسكردنی هەمەلایەنەی یەكە بەیەكەی گوندەكانی سێگردكانە هەرلە گوندی ئۆمەرگومبەت لەڕۆژهەڵاتەوە تا گوندی جلبەسەر لە ڕۆژئاوایدا و گوندی كانی سلێمانە لەباكورەوە تا گوندی سارتك لەباشوریەوە، بەشی سێیەمیش وێنەو دیكۆمێنتاریە.


لە كۆتاییدا هیوادارم توانیبێتم خزمەتێكی بچووك بە(سێگردكان نشین) پێشكەش بكەم و داوای لێبوردنیش لەكەموكوڕییەكانی بكەم چونكە كاری تەواو هەر خودا خاوەنیەتی.

ئاراس ئیلنجاغی

تەقتەق: ١/١/٢٠١٤

# بەشی یەکەم

# سێگردکان لە نێو ڕووبارۆچکان




ناحیەی سێگردکان لە پاریزگای هەولێر








ناحیەی سێگردکان لە قەزای کۆیە

# سێگردکان

یەکەیەکی کارگێڕییە، لەساڵی(٢٠٠٥) ەوە بەبریارێکی سیاسی دروستکراوە وەك بەڕێوەبەرایەتی ناحیە سەر بەقەزای کۆیەیە، جگە لەچەقی سێگردکان(٩)گوندی ڕۆژئاوای ناحیەی تەقتەقی خراوەتە سەر، ئەوانیش(ئۆمەرگومبەت، سێکانی، تازەدێ، ئاومال، سارتك، قەمبەر، بەردەسپی، کانی سلێمانە، جلبەسەر)ن.[1]

تێکڕایی ڕووبەری ناحیەکە(١٩٨)کیلۆمەترو(٩٩٨)مەتر چوارگۆشەیە، ئۆمەرگومبەت گەورەترین ڕووبەری هەیە لەنێوان گوندەکانی نزیکەی(٥٠)کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و بچوکترین گوندیشی(تازەدێ)یە نزیکەی(٧)کیلۆمەتر چوارگۆشەیە.[2]

---

١- هەرچەندە لە هەندێك ئامارو خزمەتگوزاری ناوی گوندی(نێرەگین) و ئاوایی(سەربەست) لەگەل گوندەکانی ناحیەی سێگردکان دێن، بەلاَم گوندی نێرەگین سەر بەناحیەی شۆرش(دێگەڵەیە) و ئاقاری سەربەستیش سەر بەگوندی سارتکە و (ئەحداسیاتی)بۆ نەکراوە.

٢- تۆمارە فەرمیەکانی هۆبەی کشتوکاڵی سێگردکان، بۆ ساڵی ٢٠١٣، کە ڕووبەرەکان لەدۆنمەوە کراون بە مەتر چوارگۆشە.





## شوێنی جوگرافیای ناحیەی سێگردکان

بەدووری(٣٠) کیلۆمەتر دەکەوێتە ئەوپەڕی باشوری خۆرئاوای قەزای کۆیە، وە بەدووری(٥٦)کیلۆمەتر لە باشوری خۆرهەلاَتی پایتەختی هەرێم(هەولێر) هەڵکەوتووە، دەورە دراوە بە یەکە کارگێرییەکانی(تەقتەق) لەخۆرهەلاَت و(شۆرش) لەباکور و(قوشتەپە) لەخۆرئاوا و(شوان)لەباشور، دووری لەناوەندی یەکەکارگێرییەکانەوە(سێگردکان- تەقتەق=١٩کم، سێگردکان- شۆرش=٣٠کم، سێگردکان-قوشتەپە=٤٥کم).[3]

لەڕووی هەڵکەوتەی گەردونیەوە کەوتۆتە نێو هێلی درێژی(٤٤،١٧-٤٤،٤٨)ی ڕۆژهەلاَت و نێو هێلی پانی(٣٥،٥٠-٣٥،٩٥)ی نیوەگۆی باکور، پێکهاتەی ڕووی زەوییەکەی زورگانە و بەرزییەکەی لەئاستی ڕووی دەریاوە بەهێلی کەنتوری(٣٠٠-٥٠٠)مەتر دەبێت.[4]

هەروەها دیاردترین دیاردە سروشتیەکانی سنوری ناحیەکە بریتین لە ڕووبارۆچکەی وەرزی (بەستی شەرغە) لە خۆرئاوا و ڕووبارۆچکەی(کۆیە و داربەسەر) لەخۆرهەلاَت و ڕووباری (زێی بچووك) لەباشور، هەر بۆیە سەرەتا ویستم ناونیشانی ئەو کتێبە بەناوی(سێگردکان لەنێو ڕووبارۆچکان)

---

٣-بنچینەی نەخشەی پارێزگای هەولێر، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی پلان دانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی زانیاری و نەخشەسازی هەولێر، دیزاین وئامادەکردنی لەلایەن بەشی GISتشرینی یەکەمی ٢٠١١.

٤- نەخشەی هێزەچەکدارەکانی عێراق، ڕووپێوی سەربازی، ساڵی ١٩٨٦.

بڵاوبکەمەوە، تێکرای باران بارینی ساڵانەی لەنێوان(٢٠٠-٥٠٠)ملیمەترە و کەوتۆتە ناوچەی بارانی نامسۆگەرەوە.[٥]

لەڕووی ڕووەکی خۆرسکەوە هەژارە و هەندێك دەوەن وگژوگیای لێدەڕوێت کە بۆ ئاژەڵداری و بەخێوکردنی مەڕومالاَت لەبارە، جگە لەهەندێك ڕووەکی وەك زەل وقامیش و دارەبی و پەرك وگەز لە چەمەکانی نزیك کەناری زێی بچووك، سامانی ئاژەڵی کێویش لەسنورەکە کەمە و لێرەو لەوێ تاك وتەرا(ڕێوی و کەروێشك وگورك وچەقەڵ) دەبینرێن، جگە لە ئاژەڵی(بەراز) کە لەچۆمەکاندا بەتایبەت نزیك کەناراوی زێی بچووك کە هەندێك ساڵ ژمارەی ڕەوە بەرازەکان زۆر دەبن و زیان بەبەروبومە کشتوکاڵیەکان دەگەیەنن، وە یەکێك لەپێکهاتەکانی ڕووی زەوی ناحیەکە لە سێگردکانەوە بۆ(تازەدێ و ئاومالْ وسارتك) پێدەشتی (زێکردە) کە بەهەزاران دۆنمی بەراوی دروستکردووە و جوتیارانی ناحیەکە بەرووبومی کشتوکاڵی هاوینە وزستانەی لێ بەرهەم دێنن وپێی دەڵێن(حاوی).[٦]

٥- ئاراس ئیلنجاغی، تەقتەق پەلکەزێرینەی کەنار زێی بچووك، چاپخانەی یاد، سلێمانی، مایسی ٢٠٠٧، لاپەرە٢٤٩.

٦- تۆمارە فەرمیەکانی هۆبەی کشتوکاڵی سێگردکان، سەرچاوەی پێشوو.





## دانیشتوانی ناحیەی سێگردکان

ئاماری فەرمی و دروست بەشێوەیەکی گشتی لەووڵاتی عێراق کەم بەدەست دەکەوێت، بۆ ناحیەیەکی وەکو سێگردکان-یش هەڵبەتە هەر وایە، بەڵاّم ئەو داتاو ژمارانەی لەسەر دانیشتوانی سێگردکان لەسەرەتای سەدەی بیست ویەکەوە وەدەست کەوتوون ئەگەر لەکەم وکورِی بەدووربونایە کەم نین!

لەمایسی ساڵی ٢٠٠١ وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێم بەهاوکاری ڕێکخراوی یونسێف ئامارێکیان ئەنجامداوە کە تاڕادەیەکی باش ئامارەکە لەڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە دروستەو ئەوکات چەقی سێگردکان کە گوند بووە(١٢١٨)کەسی تێدا نیشتەجێبووە.[٧]

هەروەها ساڵی(٢٠٠٦)، ساڵێك دوای ئەوەی سێگردکان بوو بەناحیە، ژمارەی خێزانەکانی سنوری ناحیەکە و گوندەکانی(٥٧٧)خێزان بووە، وە چەقی ناحیەکەش(١٧٥)خێزانی تێدا نیشتەجێبووە[٨]، وە لەساڵی(٢٠٠٧) تێکرایی دانیشتوانی ناحیەکە(٣٣٦٢)کەس بووە، ناوچەقی سێگردکان(٩٩٥)کەس و گوندەکانی بە نێرەگین-یشەوە(٢٣٦٨) کەس بووە[٩]، واتە ناوچەقی سێگردکان سەرەڕای بوونی بەناحیە بەبەراوردی ساڵی

٧-ئاراس ئیلنجاغی، سەرچاوەی پێشوو، لاّپەرە ٢٥١.

٨- ئاراس ئیلنجاغی، چاوپێکەوتن لەگەل بەرێوەبەری ناحیەی سێگردکان، ڕۆژنامەی تاك، ژمارە(٢٣)ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٦،

٩-توێژەران(شنە حەمەد سمایل و ئاوات رەحمان عەبباس)، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دابەشبوونی دانیشتوان لەناحیەی سێگردکان، ساڵی٢٠١٠-٢٠١١، پێشکەشکراوە بەبەشی جوگرافیای سکولی زانستەکۆمەلاّیەتیەکانی فەکەڵتی زانستەکۆمەلایەتیەکان ویاسای زانکۆی کۆیە، بەسەرپەرشتی مامۆستا(هیوا ئەمین جەلال) وەك بەشێك لەبەدەستهێنانی پێداویستی بەکالۆریۆس لەجوگرافیا، لاّپەرە ٢٣.

٢٠٠١ژمارەی دانیشتوانەكەی(٢٢٣)كەس كەمیكردووە، ئەمەش بۆ هۆكاری جۆراوجۆر دەگەڕێتەوە بەتایبەت فەرامۆشكردنی كەرتی كشتوكاڵ و كەمی خزمەتگوزاری وبایەخدان بە وەزیفەی فەرمانبەرێتی لە وەزارەتەكانی حكومەتی هەرێم لەشاروشارۆچكەكانی تر.

ساڵی ٢٠٠٩ ژمارەی دانیشتوانی ناحیەكە(٣١٢٢)كەس بووە و ناوچەقی ناحیەكە(١١٤٥)كەس و هەموو گوندەكانی بە نێرەگین-یشەوە(١٩٧٧)كەس بوون، لە(٣٠٠)خێزانی گوندەكان و(٢٥١)خێزانی نیشتەجێی ناحیەكە[١٠]، واتە تێكرای ناحیەكە لەو ساڵەدا(٥٥١) خێزان بووە و بەبەراوردی ساڵی(٢٠٠٦) ژمارەی خێزانەكانی ناحیەكە لە(٥٧٧)خێزانەوە بووە(٥٥١) ئەمەش واتە(٢٦)خێزان لەناحیەكە كەمیكردووە دوای(٣)ساڵ، لەساڵی ٢٠١٣ لەئامارێكی ئامادەكراو لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی سێگردكانەوە، ژمارەی دانیشتوانی ناحیەكە(٣١٦٠)كەسە و(١١٢٤)كەسی لەچەقی ناحیەكەدان و(٢٠٣٦)كەسیشی لەگوندەكانیدان بەنێرەگین-یشەوە.[١١]

١٠-تۆمارە فەرمیەكانی فەرمانگەی ئاماری كۆیە، بۆساڵی ٢٠٠٩.

١١- تۆمارە فەرمیەكانی بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی سێگردكان، بۆ ساڵی ٢٠١٣.





## شێوەزاری دەربەندییەكان

ئۆمەرگومبەتیەكان وسێگردكانیەكان بەشێوەزارێكی دیالێكتی لوڕی قسەدەكەن، كاریگەریشیان لەسەر شێوەزاری خەڵكی گوندی(كانی لەلە)ش جێهێشتووە هەرچەندە دەربەندییەكانی كانی لەلە زۆرینەی دانیشتوانی گوندەكە پێك ناهێنن، شێوەزارەكانی(كرماشانی، كەڵوڕیی، كولیایی، پیرەوەندی، لەكی و لوڕیی) هەموویان یەك دیالێكتی سەربەخۆ پێك دێنن و بەدیالێكتی(لوڕی) ناو دەبرێن.[١٢]

دەربەندییەكانی ئەو دوو گوندەش خۆیان بە بن دیالێكتی كەڵهوڕی دائەنێن[١٣] و دەڵێن بەشێوەزاری كەلهوڕی قسەدەكەن و لەڕۆژهەڵاتی كوردستانەوە لەسنوری شاری كرماشانەوە هاتوون[١٤]، ئەمانە بەدرێژایی مێژووی هاتنیان بۆ خوارووی ڕۆژئاوای كۆیە شێوەزاری خۆیان پاراستووە و قسەی پێدەكەن، ئەگەر بەراوردی گوندەكانی دەوروبەری پێ بكەیت ئەوا هیچ لەگوندەكانی تری سنورەكە بەو شێوەیە قسەناكەن و كەسیش تێیان ناگات، وەك حاكمی سیاسی هەولێر لەسەردەمی داگیركاری ئینگلیزەكان دەبلیو

١٢-حوسێن محەمەد عەزیز، سەلیقەی زمانەوانی و گرفتەكانی زمانی كوردی، لێكۆڵینەوە، ڕەخنە، چاپی دووەم، چاپخانەی كارۆ، سلێمانی، ٢٠٠٥

١٣- دەشتی حەمەدەمین ئەحمەد ودەرباز جەوهەر عەبدوڵلا، شێوەزاری قسەكردنی ناوچەی سێگردكان وئۆمەرگومبەت، توێژینەوەی دەرچوون ،كۆلیژی ئاداب زانكۆی كۆیە، بەشی زمانی كوردی، ٢٠٠٩-٢٠١٠، بلاونەكراوە، لاپەرە٢١.

١٤- گەوهەر مەولود عەزیز، لێكۆڵینەوەیەكی بەراوردكاری شێوەزاری لوڕی و كرمانجی ناوەڕاست، توێژینەوەی دەرچوون، سكولی زمان، بەشی زمانی كوردی، زانكۆی كۆیە، ٢٠١٢-٢٠١٣بلاۆنەكراوە، لاۆپەرە١٥.

ئارهەی دەلێت"تایفەیەك هەیە پێیان دەلێن دەربەندلس و لەچەند گوندێکی نزیك تەقتەق لەسەر زێی بچووك نیشتەجێن زمانێکیان هەیە کە لە دراوسێکانیان تێناگەن"[١٥]

هەروەها جگە لە جیاوازی شێوەزارەکەیان لەناوچەکە چەندین ووشەی فارسیش خزاوەتە نێو زمانەکەیانەوە چونکە لەڕۆژهەلاتی کوردستان و لەژێر دەسەلاتی سەفەوییەکانەوە هاتوون وەك: پاین ڕەز=ڕەزی دواوە، پەنج مینگە=پێنج دۆڵ، تاڵە مینگە=دۆڵی تاڵ، مولود مینگە= دۆڵی مەولود.[١٦]

بۆ زیاتر بەرچاو ڕوونی جیاوازی شێوەزارەکەیان لەگەل گوندەکانی دەوروبەریان لەسنور باشوری خۆرئاوایی قەزای کۆیە ئەو فەرهەنگۆکە دەخەمەروو:

| ژ | شێوەزاری دەربەندییەکان | شێوەزاری ووراتی کۆیە |
|---|---|---|
| ١ | وژار | بژار |
| ٢ | کەیك | دەکات |
| ٣ | ئیمە | ئەمە، ئێمە |
| ٤ | کەفتن | کەوتن |
| ٥ | دەنوویسم | دەنوسم |
| ٦ | هێمە چم ڕا شار | ئێستا دەچم بۆ شار |

١٥-دەبلیو ئار هەی، دووساڵ لەکوردستان، گەشتی نهێنی بۆ میزۆپۆتامیا، وەرگێرانی لوقمان باپیر، هەولێر، ٢٠١٠، لاپەرە ٤١.

١٦- چاوپێکەوتن لەگەل( عەزیز حاجی سۆفی حاجی ئۆمەر) لەدایکبووی ١٩٢٢ی ئۆمەرگومبەت، لە٢٥/٦/٢٠١٣، هاولاتی.





| | | |
|---|---|---|
| ٧ | دەوەلیا | لەگەلیدا |
| ٨ | بەیی دویشم | پێی دەلێم |
| ٩ | دیاکەوە | دێتەوە |
| ١٠ | سارە زوویی | بەیانی زوو |
| ١١ | سەندن | کڕین |
| ١٢ | کوشریا | کوژرا |
| ١٣ | نێخۆم | ناخۆم |
| ١٤ | سەرین گولان | زبڵدان |
| ١٥ | سوێرەموس | زەنگەزۆرە، زەردەواڵە |
| ١٦ | چەرمو | سپی |
| ١٧ | کەوو | شین |
| ١٨ | سوێر | سور |
| ١٩ | موتەوا | هێلکەی ژێر مریشکە کورك |
| ٢٠ | لاس | سەرگین |
| ٢١ | کێ | کا |
| ٢٢ | کوانی | ئاگردان |
| ٢٣ | چڕیکەوەت | بانگت دەکاتەوە |
| ٢٤ | هەستر | ئێستر |
| ٢٥ | پوستە | پێستە |

هەروەها لەڕووی بەندی گۆرانیەوە بەندی تایبەت بەشێوەزارەکەیان هەیە وەك[17]:

سوێرەبان وسوێرەبان     وەی چەند لەشانم خوەشە
دایەودوێت دانیشتیون     دڵیان چەند بەمن خوەشە
لەو قەوەنا لەو قەوە     لەقەوەکەی وەری یە
حەمەی لالە عەزیزە     ئایش تاتە پەری یە

هەروەها:

دڵم بیە قاوە     ڕا عەشق تو سوتیاوە
ئەگەر تەباغەکە کزنەکەی     دڵنیابە سوتیاوە

وە هەروەها هۆنراوەشی پێنوسراوە وەك:

ئەوەندە شعر قژ دریژ     بەدوێت جوانا وەتیوم
هەرچی دوێت دنیا هەست     قەرداری ماچ من بیون
بەلاّم قەرت هەموو ماچەکانم     تەنیا لەناو لێو دوێتیك واتم

هەندێك قسەی نەستەق و پەند وگوتەی کوردەواری بەشێوەزاری دەربەندییەکان[18]:

١-ژن بارە ژن مردە، کەر بارە کەر مردە
٢-ئەوەی حازر نەبوك، ژنی مێرە کریاوە
٣-هاتم بگەمە مراد، قیامەت لەم ڕابی

١٧- زریان عومەر حەمەمستەفا، سێ ئۆمەر لەلە، ڕاپۆرتێکی زمانی کوردی، پۆلی چوارەمی زانستی، ئامادەیی تەقتەقی تێکەلاّو، ٢٠٠٦-٢٠٠٧ز،لاپەرە ٧

١٨- دەشتی حەمەدەمین ئەحمەد ودەرباز جەوهەر عەبدوڵلا، سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە ٢١-٢٣.





٤-خانیلکەم کرد بەگولینگەوبەردی دەستم لەی بریاو کەفتە عەردی
٥-ماڵ خوەت قایم بگر   سەگ هام سا بەدز مەگر
٦-نەژنی تیلاك خوار  نەپیاوی گوێ بەگوار
٧-گەر ماسی سەری بووگەن بوك، باکلکی هەر بڕێ
٨-مقەیت خوودبە لەدیوارشکستە وسەگ دڕندەو ژن سەلیتە
٩-سەگ بترسنەی، نەکوشیەی
١٠-داڵکە بوینو، دوێتە بخوازە، دڵت هیچ نەکەیك پەرتەوازە
١١-خوەی مامرەو هێڵکەی قاز کەیك
١٢-دوعا ئەڕا ئەو سفرە بکە کەنان لەبانی خوەی
١٣-ئاو بردەد نەدەی لەبان پیلەی نامەرد
١٤-قاپی کەس مەکوت تا قاپیت نەکوتیاك
١٥-بەیەوە بمری، نەك ئەڕای بمری
١٦-نان بایە نانەوا، نیمەی خوەیکو نیمەی دیلیکەوە
١٧-نە دەوڵەمەندی دز، نە فەقیری بوغز، نە پیری عاشقە.....
١٨-بەیین دۆستایەتی و دوژمنایەتی، چیایەك بووك، دبوکە داوە موییك
١٩-گا لەگاوس لەگێرەی خوەیی، سەری ژان کەیك
٢٠-بە دیوار وەتن عمرت چەندە؟ وەت بەکێ بویشن زانیك
٢١-لەچەم دار ڕاستیش هەست دارچەفتیش هەست
٢٢-بیت بەمیر، خوانەکەی لەویر
٢٣-وەران بەپیری، نێری بەکوڕی
٢٤-ماڵ لەچاڵ، خاوەند لەدیار
٢٥-تیر هاویژییك، کەوان شاریکەوە.

## مێژووی سێگردکان و دەربەندییەکان

لەبەر ئەوەی ئۆمەرگومبەتیەکان بـاوانی سـێگردکانیەکانن بـۆ مێـژووی سێگردکان پێویستە لەمێژووی ئۆمەرگومبەتەوە دەست پـێ بکـەین، سـەرەتا دەبێت ئەوە بزانین کە(دەربەندی) ناوی عەشیرەت وهۆزوتیرەکەیان نیـە بـەڵکو ناو لێنانێکی دەماودەمە و بۆ نازناوی بـاپیرە گـەورەیان(جومعـە دەربەنـدی) دەگەڕێتەوە، ئەمـەش گوایـە(جومعـە دەربەنـدی) باپیرەیـان لـە (دەربەنـدی شاهۆ)ی کوردستانی ڕۆژهەلاتەوە هاتووە، هـەر بۆیـە پێـی ووتـراوە(جومعـە دەربەندی)کە نازناوێکە دەگەڕێتەوە بـۆ شـوێن و ناوچـەیەك لـە ڕۆژهـەلاتی کوردستان نەوەك تیرەوهۆزی باپیرەیان(جومعە)، کەواتە دەبێت بزانین(دەربەندی شاهۆ) لەکوێیە و کەوتۆتە چ ناوچەیەکی ڕۆژهـەلاتی کوردسـتان، ئەوەنـدەی بیسـتومەوخوێندومەتەوە لەڕۆژهـەلاتی کوردسـتان شـوێنێك نیـە بـەناوی (دەربەنـدی شـاهۆ) هـەبێت و ئـەو نـاوەی هـەبێت، تـەنها ئەوەنـدە هەیـە لەڕۆژهەلات شاخی (شاهۆ)و شاری (کرماشان) بوونیـان هەیـە ومەڵبەنـدی کوردنشینن، وە لەسنوری کرماشان دەربەنـدی لـێ یـە بـەناوی( دەروەنـدێ) وەهـەروەها دەربەنـدی کرماشـان هەیـە کـەپێی دەڵـێن(نـاو دەروەن) کـە ٢٠کیلۆمەتر لەکرماشانەوە دوورە ، هەروەها دەربەندی(سەرپێلی زەهـاو)یـش هەیە کەپێی دەڵێن(دەرتەنگی زەهاو یان نامەکـەلی زەهـاو) و گۆرانـەکانیش پێی دەڵێن(کەلی داوود)، کەواتە لێرەدا ئەوە گەلاڵە دەبێت کەدەکرێت(جومعە دەربەندی) لەبنەچەدا خەڵکی دەربەندی (دەر وەنـدێ )بێـت کەلـەوێ شـاخی





شاهۆ هەیە، کۆچەریش بووبن زسـتانان بـەرەو دەروەنـدێ چـووبن و لـەوەرزی هاوینیش بەرەو شاخی شاهۆ بۆ بەخێوکردنی مەڕومالاتەکانیان، بۆیە دەکرێت لەبنەڕەتدا ووترابێت (دەروەندێی لای شاخی شاهۆ) و دواتر بوبێتە (دەربەندی شـاهۆ) و وە ووشـەی دەربەنـدیش لـەوەوە خراوەتـە دوای نـاوی(جومعـە)ی باپیرەگەورەیان و بوبێت بە(جومعە دەربەندی)، وە ئەوەش دەبێـت لەسـەردەمی (جومعەدەربەندی) لە دۆڵ و شیوەکانی شاخی شاهۆ ناوێك هەبووبێت بەناوی (دەربەندی شاهۆ)، وە سەبارەت بەتیرەی(جومعەدەربەندی) لە سنوری ناوچەکە و شاری کرماشان کۆمەڵێك تیرەو هۆز نیشتەجێن وەك (گۆران ولەك وکـەلهوڕ ولوڕوجـاف و فـەیلی)، هەرچـۆنێك بێـت دەربەندییـەکانی ئۆمەرگومبـەت وسـێگردکان دەڵـێن ئێمـە دەربەنـدین و لـەدوای ڕاپەڕینـەوە هەنـدێکیان چوونە(گەرمیان و کەلار)بەمەبەستی زینـدوو کردنـەوەی تیرەکـەیان ووتیـان ئێمە(باجەلان)ین، هەرچەندە مەڵبەندی سـەرەکی باجەلانیـەکان ڕۆژهـەلاتی شاری ئامەدی باکوری کوردستانە، بەلام ئەمـە تارادەیـەك دەچێتە ئەقڵـەوە چونکە باجەلانیـەکان لەسـاڵی ١٥٤٤ز لیوایـەکی ویلایـەتی بەغـداد بـوون بەناوی (باجوانلو)وە لەویلایەتی لوڕستانیش هەر بـەلیوای(بـاجوانلو) نـاوی دەرکـردووە ، وە باجەلانیـەکان سـاڵی (١٧٠٠ز) زەهاویـان دروسـتکردووە، لەسەدەی هەژدەیـەم دوو لەشکرکێشـیان خراوەتـە سـەر یەکـەمیان(١٧٣٣-١٧٤٧)لەلایەن (نـادر شـای ئەفشـار) ودووەمیـان(١٧٥٩-١٧٧٩)لەلایـەن (کەریم خانی زەند)ەوە کە لەشکری(خان) مەڵبەندی باجەلانیەکان (زەهـاو)ی وێران وکاوڵکردووە و(عەبدوڵلا پاشا)ی سەرداری باجەلانیەکان وخەڵکەکـەی ئاوارەی(کۆیە) وشاری (موسڵ) بوون، ئینجا دەکرێت ئەوانەی لەکۆیە ئـاوارە

بوون هەندێکیان خزمانی ئۆمەرگومبەت وسێگردکان بووبن(بڕوانە: خالد مەحمود کەریم، دەولەتی عوسمانی وعەشیرەتە کوردەکان لەکوردستانی باشور(١٨٦٩-١٩١٤)، سلێمانی لەلاپەڕە ١٠٤-١٠٨).

ئێستاش سێ بیرو بۆچونیان هەیە یا ئەوەتا(لوڕ)ن یان(کەلۆڕیی)ن یان(باجەلان)ن، سەبارەت بەمێژووی هاتنیان بۆ ناوچەکە دەربەندییەکان تەنها ناوی(جومعە دەربەندی) دەهێنن کە لەرۆژهەلأتی کوردستانەوە هاتووە، کە دوای کۆچکردنی لەگۆڕستانی(کانی قەبرانی) گوندی مەرزانی ناحیەی تەقتەق نێژراوە، کەواتە سەردەمی ژیانی(جومعە دەربەندی) دەبێتە خالێ سەرەتا بۆ زانینی هاتنیان ونیشتەجێبونیان لە خوارووی رۆژئاوای کۆیە، باسی زوڵمی دەسەلأتی سەفەوییەکان دەکرێت و گوایە لەترسی ڕاوەدوونانی ئەو ڕژێمە ڕۆژهەلأتی کوردستانی ژێر دەسەلأتی سەفەوییەکانی جێهشتووە، کەواتە لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە(جومعەدەربەندی) لەسەروو بەندی ململانێی عوسمانیەکان و سەفەوییەکاندا ژیاوە و ئەو بارودۆخە وایکردووە کەزێدی خۆی بناری (شاخی شاهۆ) بەجێ بهێڵێ و بەرەو باشوری کوردستان و ووراتی کۆیە بارگە لێك بنێ، ململانێی (عوسمانی وسەفەوی) لەسەرەتای سەدەی شازدەیەم دەست پێدەکات بەتایبەت لەشەڕی چالدێرانەوە(١٥١٤ز) هەرچەندە ئەو ساڵە سەرەتاییەکی توندی ململانێکان دەست پێدەکات بەلأم لەگەل تەمەنی(جومعە دەربەندی) یەك ناگرێتەوە چونکە دەربەندییەکانی(ئۆمەرگومبەت و سێگردکان) تەنها بە(٩-١٠) پشت دەگەنەوە ناوی باپیرەگەورەیان(جومعە)، نمونەش بۆ ئەمە(ئارام محەمەد عەبدولعەزیز حاجی سۆفی حاجی ئۆمەر حاجی مەولود قادر خدر(کاکی)





جومعە دەربەندی) ئەو داری بنەماڵەیەش لە لالە عەزیزی حاجی سۆفی حاجی مەولودی بەرەی کاکی گوندی ئۆمەرگومبەت وەرگیراوە، کە(کاکی) نازناوی یەکێك لەکوڕەکانی (جومعەدەربەندی)یە، کەناوی(خدر) بووە، دەکرێت لەبەرخۆشەویستی یان براگەورەیی پێیان ووتبێت(کاك یان کاکی)، ئەگەر بەگریمانە وستانداردی جیهانی بۆ هەر نەوە خستنەوەیەکی دوای یەك(٣٠)ساڵ دابنێین ئەوا(١٠×٣٠)ئەوا لە جومعە دەربەندییەوە تا ئارامی کوڕی محەمەد(٣٠٠)ساڵ دەکات واتە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەرووبەندی ساڵی(١٧١٣ز)، ئەمەش نزیکە لەگەل پەلامارەکەی(نادرشای ئەفشاری) لەساڵی( ١٧٣٣ز) چونکە بەو پێوەرە بێت کە تا دە پشت دەژمێرین(جومعەدەربەندی) لەژیاندابووە لەو سەرووبەندەدا، لەلایەکیتریشەوە نزیکە لەگەل پەلامارەکەی(کەریم خانی زەند) بۆ(زەهاو)، چونکە ئەمە نزیکە لەو گۆتەیەی کە دەوترێت" پاشای گەورەی میری سۆران (میر محەمەد) دوای هاتنی(جومعەدەربەندی) بۆ ناوچەکە سەری لێداون و پێی ووتوون لەنێوان ڕووباری (کۆیە و بەستی شەرغە) نیشتەجێبن و هاوکارییەکی باشی کردوون چونکە ئەوان ژمارەیەك خێزان بوون لە (جومعەدەربەندی و کوڕ و کوڕەزا) پێکهاتوون، مێژووش ئەوە دەڵێت کە(میرمحەمەد) ساڵی(١٨١٣ز) دەسەلأتی میرنشینی سۆرانی گرتۆتە دەست، دەبێت(جومعە دەربەندی) لەو کاتەدا چوبێتە ناوتەمەنەوە ئەگەر گریمانەی ساڵی ١٧١٣ز وەربگرین دەکرێت تەمەنی جومعە دەربەندی خۆی دابێت لەنزیکەی(١٠٠)ساڵ، چونکە کوڕوکوڕەزاکانی خێزانداربوون، کەواتە دەتوانین بڵێین ئەو دەربەندییانە لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەیەم(١٧٥٠-١٨٠٠ز) هاتونەتە باشوری ڕۆژئاوای کۆیە، یان

دەکرێت بەپشت بەستن بەو کەسانەی کە بە(١٢)پشت خۆیان دەگەڕێننەوە بۆ(جومعە دەربەندی)ئەوا دەربەندییەکانی باشوری ڕۆژئاوای کۆیە لەسەروبەندی سەرەتاکانی سەدەی هەژدەیەم(١٧٠٠-١٧٣٠)زاینی و پەلاْمارەکەی (نادر شای ئەفشار) بۆ سەر (زەهاو) ناوچەی یەکەمی خۆیان (زەهاو)یان جێهێشتبێت و لە سنوری کۆیە نیشتەجێبووبن، جگە لە مێژووی مەزارگەکەی ئۆمەرگومبەت کە لە گوندی ئۆمەرگومبەت کۆنترە چونکە ناوی گوندەکە لەو مەزارگەوە وەرگیراوە دەتوانین بڵێین خزمانی دەربەندی مێژووەکەیان لە(جومعەدەربەندی)تا ئەمرۆ بۆنزیکەی(٣٠٠)ساڵ دەگەڕێتەوە کە لەدەوروبەری ئۆمەرگومبەت و ناو ئۆمەرگومبەتی ئەمرۆ نیشتەجێبوون و دواتر هەندێك لەنەوەکانی(جومعە دەربەندی) لەوانە( حاجی خدری نەوەی کاکی و ڕەسول وەیسە و ئەحمە کلاْوی نەوەی کەرخۆری وحاجی عەولاْڕەشی خوێندێتی)گوندی سێگردکانیان لەساڵی ١٧٩٠زاینی دروستکردووە کە ئەمرۆ بووە بەچەقی ناحیەی سێگردکان کەواتە مێژووی سێگردکانیش لەکۆتایی سەدەی هەژدەیەمەوە دەست پێدەکات تاوەکو ئەمرۆ، نەوەکانی (جومعە دەربەندی) دواتر بەسەر هەردوو گوندی(ئۆمەرگومبەت وسێگردکان) نیشتەجێبوون، بەرەبابەکانی(کاکی) و(شەلەوەندی) و(مامیل) و(کەرخۆری) و(خوندی، کەئەمەیان کەمترین خێزانیان لە ئۆمەرگومبەت ماوە تەنها خانەوادەی(حەمەی کەچی) نەبێت، وەهەروەها(کێخوا سێوە)ی سێگردکان و(خلەگۆجە)ی ئۆمەرگومبەتیش یەك خانەوادەن، ئەمانە هەموو ئەو بەرەبابانەن کە لە(جومعە دەربەندی) تکاونەتەوە وبەسەر هەردوو تاوایی دابەشبوون.





## فەرمانگەکانی ناحیەی سێگردکان

### ١- بەرێوەبەرایەتی ناحیەی سێگردکان



حاکم فاتح حسین



حاکم عومەر ئەحمەد

بەفەرمانێکی کارگێری حکومەتی هەرێمی کوردستان(ئیدارەی سلێمانی)، وەزارەتی ناوخۆ، بەرێوەبەرایەتی گشتی دیوان، بەرێوەبەرایەتی خۆیەتی، ژمارە(٢٢٥) لە بەرواری(٢٨/٤/٢٠٠٥)، ئەم یەکە کارگێرییە نوێ-یە لە سنوری قەزای کۆیە هاتە کایەوە، بەرووبەری(٢١٦)کیلۆمەتر چوارگۆشە و(١٢٪)ی کۆی ڕووبەری قەزاکە پێك دێنێت.[١٩]

١٩-توێژەران(شنە حەمەد سمایل و ئاوات ڕەحمان عەبباس)، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دابەش بوونی دانیشتوان لەناحیەی سێگردکان، زانکۆی کۆیە، سکوڵی زانستە کۆمەلایەتیەکان، بەشی جوگرافیا،ساڵی خوێندنی(٢٠١٠-٢٠١١)لاپەرە٦،(بەوە دەچێت رووبەری گوندی نێرەگین-یش ئەژمارکرابێت وە ئەگەرنا رووبەری تێکرای ناحیەکە ١٩٨کیلۆمەترو٩٩٨مەتر چوارگۆشەیە-ئاراس ئیلنجاغی).

جگە لە سێگردکان وەك چەقی ناحیەکە(٩)یەکەی نیشتەنی گوند خراوەتە سەر ئەم ناحیە تازەیە کە لە ڕووبەری خۆرئاوایی ناحیەی تەقتەق جیاکراوەتەوە، ئەوانیش گوندەکانی(ئۆمەرگومبەت، سێکانی، تازەدێ، سارتك، ئاومالْ، جلبەسەر، بەردەسپی، قەمبەر، کانی سلێمانە)ن، هەرچەندە زۆر جار ئاماژە بەگوندی(نێرەگێن) دەدرێت بەلاّم بەفەرمی سەر بەیەکەی کارگێری(ناحیەی شۆرش)ەو هەندێك لایەنی خزمەتگوزاری لەلایەن ناحیە تازە دروستبووەکەی سێگردکانەوە بۆ دابینکراوە، وە هەندێك جاریش هەولْ دراوە ئاقارێکی گوندی سارتك کە کەوتۆتە سەر بەستی شەرغە بکرێتە گوند بەناوی(گوندی سەربەست) بەلاّم بەفەرمی(ئەحداسیات)ی بۆ نەکراوە وتەنها مالێکی تێدا نیشتەجێیە و خەریکی کشتیاری و ئاژەلْدارییە.

یەکەم کەس کەبووە بەبەڕێوەبەری ناحیەکە(عومەر ئەحمەد محەمەد)بووە کە لەبەرەی(کاکی) سێگردکانیەکانە و ناسراوبووە بە(حاکم عومەر)، سالْی ١٩٧٣لەسێگردکان هاتۆتە ژیانەوە وسالْی(١٩٩٦-١٩٩٧) بەشی یاسای لەکۆلیژی یاساوڕامیاری زانکۆی سەلاحەدین تەواوکردووە، لە(١/١١/١٩٩٧) لە دادگای بەرایی کۆیە بەناونیشانی(یاریدەدەری دادوەری) دامەزراوە، لە مانگی ٨ی ١٩٩٩ لەهەمان دادگا کاری لێکۆلْەری دادی پێ ڕاسپێردراوە، لەسالْی(٢٠٠٢-٢٠٠٥) بووە بە(دادنوسی کۆیە)، لەبریاری دامەزراندنی ناحیەی سێگردکان یەکێك بووە لەپالێوراوان بۆ بەڕێوەبەری ناحیەکە ولەمانگی(٩ی ٢٠٠٥)وەك یەکەم بەڕێوەبەری ناحیەی





سێگردکان دەستبەکاربووە، دوای نزیکەی(٨)سالْ خزمەتکردن لەسالْی ٢٠١٣وەك بەڕێوەبەری ناحیە دەگوازرێتەوە بۆ ناحیەی(ئاشتی)[٢٠].

لەچوارچێوەی گۆڕانکاری سەرۆکی یەکەئیدارییەکانی قەزای کۆیە لە١٠/٢/٢٠١٣ هەرسێ بەڕێوەبەری ناحیەکانی(ئاشتی و سێگردکان و تەقتەق) ئالوگۆڕی شوێنی کارکردنیان پێکراو بەڕێوەبەری ناحیەی تەقتەق(فاتح حوسێن حەمەدەمین) چووە شوێنی بەڕێوەبەری ناحیەی سێگردکان(عومەر ئەحمەد محەمەد) و بەڕێوەبەری ناحیەی ئاشتی(سەرکەوت ڕەسول عەزیز)یش بووە بەڕێوەبەری ناحیەی تەقتەق.[٢١]

٢٠-چاوپێکەوتن لەگەل(حاکم عومەر ئەحمەد محەمەد(یەکەم بەڕێوەبەری ناحیەکەی سێگردکان)،لەدایکبووی ١٩٧٣ی سێگردکان، لە٣٠-٧-٢٠١٣

٢١-چاوپێکەوتن لەگەل(فاتح حوسێن حەمەدەمین-حاکم فاتح) لەدایکبووی١٩٦٤ی گەرمکی تەقتەق، لە٩-٩-٢٠١٣وەك دووەم بەڕێوەبەری ناحیەکە، لەسالْی ٢٠٠٨ بەشی یاسای لە کۆلیژی یاسای زانکۆی کۆیە تەواوکردووە و لە٤/٧/٢٠١٠ بووە بە بەڕێوەبەری ناحیەی تەقتەق و لە١٠/٢/٢٠١٣وەك بەڕێوەبەری ناحیە گواستراوەتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی سێگردکان.

## ٢- سەرۆکایەتی شارەوانی سێگردکان



فەرمان حەمەدئەمین

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، فەرمانگەی یاسا، بەفەرمانی ژمارە(٢٠٧٨)لە(١٦/٢/٢٠٠٦)بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کەپێی درابوو ئەو بڕیارەی دەکرد:

دامەزراندنی شارەوانی سێگردکان بەپلەی(٤)بەپێی یاسای(٦)ی ساڵی ١٩٩٣، سەربەناحیەی سێگردکان/ قەزای کۆیە، بەپێی ئەو سنورەی کەلەخوارەوە دیاریمانکردووە هەر کەسێك وەیان هەر فەرمانگەیەکی ڕەسمی ونیمچە ڕەسمی هەر ڕەخنە وپێشنیارێکی هەبێت پێشکەشی بکات لەماوەی(٦٠) ڕۆژ بەپێچەوانەوە دوای تێپەڕبوونی ئەو ماوەیە هیچ





ڕەخنەوپێشنیارێك قبوڵ ناکرێت، سنوری شارەوانی سێگردکان بەو شێوەیە دیاریکردووە:

١- لەباکورەوە(بانی سورەبانە) و زەوی ژمارە(٢١،٢٢).

٢-لەڕۆژهەڵاتەوە(بەپەلکاوە) کەدەکەوێتە سەر زەوی ژمارە(٧،١٤).

٣-لەباشورەوە زەوی ژمارە(٩،١٠) کە بەدرێژایی(کەمەندی ئەحمەد دەروێش و کەمەندی میرسێودین) درێژدەبێتەوە.

٤-لەڕۆژئاواوە زەوی ژمارە(١٤،١٦) خاڵی کۆتایی(پردی قوبادەیە).

ئەم فەرمانە وەزارییە بەواژۆی(عیماد ئەحمەد) وەزیری شارەوانی بەوەکالەت واژۆکراوە.

دوای تێپەڕبوون و تەواوبوونی ماوەی یاسایی ئەم فەرمانە، وەزارەتی شارەوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەفەرمانی وەزاری ژمارە(٦٠١١)لە ٢٦/٤/٢٠٠٦ بڕیاری کردنەوەی سەرۆکایەتی شارەوانی سێگردکانی دەرکرد، پاڵپشت بەو فەرمانە بەرێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی وەزارەت/کارگێری وخۆیەتی بەفەرمانی کارگێری بۆ کردنەوەی شارەوانی نوێ بەژمارە(٨٦٥٧)لە(٤/٥/٢٠٠٦)بڕیاریدا:

(بەکردنەوەی شارەوانی سێگردکان بەپلەی(٤) بەپێی یاسای(٦) ساڵی ١٩٩٣سەربەناحیەی سێگردکان/قەزای کۆیە بەپێی سنوری دیاریکراو لەبەرواری(٢٦/٤/٢٠٠٦) ئەم فەرمانە کارگێریەش واژۆی

ئەندازیار(سەروەت مستەفا عەلی) بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکانی لەسەرە لە٤/٥/٢٠٠٦دا).[٢٢]

ئەم شارەوانیە لەدوای دامەزراندن ودیاریکردنی سنورەکەی چەندین کاری ئاوەدانکردنەوە وخزمەتگوزاری پێشکەش بەناحیەکە کردووە لەوانە:

١- نزیکەی(٦٧٢٣٠) مەتر چوارگۆشەی لەکۆلان و شەقامەکانی کۆنکرێت کردووە.

٢-دروستکردنی(٣٣٠٠) مەتر ئاوەڕۆ.

٣-دروستکردنی هۆلی بۆنەکان ساڵی ٢٠١٠ بەگوژمەی ١٤٩ملیۆن و١٤٩هەزار دینار.

٤-دروستکردنی کۆمەڵگای فەرمانگەکان ساڵی ٢٠١٠ بەگوژمەی ٣٧٣ملیۆن و٧٣٨هەزار دینار.

٥-دروستکردنی باخچەی مەڵبەندی ناحیەکە ساڵی ٢٠١١بەگوژمەی٧٢ملیۆن و٦٣٨هەزار دینار.

٦-دروستکردنی یاریگای چیمەنی(٦)یاریزانی ساڵی ٢٠١١بەگوژمەی١٨١ملیۆن و٣٣٢هەزار و٥٠٠دینار.

٧-دروستکردنی خوێندنگەی(٩)پۆلی ساڵی ٢٠١٢بەگوژمەی٣٧٨ملیۆن و١٥٣هەزار دینار.

٢٢- تۆمارە فەرمیەکانی سەرۆکایەتی شارەوانی سێگردکان .





٨-چاککردنەوە وقیرتاوکردنی ڕێگەی سەرەکی(سێگردکان- تەقتەق) بەدرێژایی(٢٠,٥)کیلۆمەتر لەساڵی ٢٠١٢ بەگوژمەی٢ملیار و٥٢٥ملیۆن و٤٠هەزار دینار.

٩-دروستکردنی باخچەیەك لەساڵی ٢٠١٢بەگوژمەی٥٤٩ملیۆن و٨٣٧هەزار دینار.

١٠-دروستکردنی بینای بەرگری شارستانی سێگردکان ساڵی ٢٠١٢بەگوژمەی ٤٥٤ملیۆن و٨٥٩هەزار دینار.

تێکرای ئەو پرۆژانەش لەلایەن(وەبەرهێنان وپەرەپێدان) ەوە بودجەی بۆ دابینکراوە لەماوەی نێوان ساڵانی(٢٠٠٩-٢٠١٢)، بەگوژمەی کۆکراوەی ٧ملیار و٣٣٠ملیۆن و١٩٧هەزارو ٥٠٠دیناربووە، ئەم شارەوانیە ئەمڕۆ دوو گەرەکی سەرەکی هەیە بەناوەکانی(ئازادی و رزگاری)[٢٣] خۆزگە ناوی گەڕەکەکان بەو شێوەیە ناولێنانی لاساییکەرەوە نەبوونایە لەو ناولێنانە واتایی-یانە دوور بکەوینەوە پێشنیار دەکەم ناوی هەردوو گەڕەك بکرێنە(سورەبانە و پردی قوبادە) کە گوزارشتی ئاوەدانی سێگردکان و ڕەسەنایەتی وکەلتورەکەیەتی.

٢٣- چاوپێکەوتن لەگەڵ(فەرمان حەمەدەمین ئەحمەد)سەرۆکی شارەوانی سێگردکان، لە١٠-٦-٢٠١٣ ناوبراو لەدایکبووی ١٩٨٢ی گوندی ئۆمەرگومبەتە و دەرچووی کۆلیژی پەروەردەی زانکۆی کۆیەیە لەساڵی(٢٠٠٤-٢٠٠٥)، لە کاری رێکخراوەیدا کارگێری لقی کۆیەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان، نوێنەرایەتی زانکۆی کۆیە بووە لە ساڵی(٢٠٠٢-٢٠٠٣)، لەدامەزرێنەرانی کۆمیتەی زانکۆی کۆیەی(ی.ن.ك)بووە ساڵی(٢٠٠٣)، لە٢٦/٢/٢٠٠٦ەوە تا ئەمڕۆ سەرۆکی شارەوانی سێگردکانە.

## ٣-بنکەی بەرگری شارستانی سێگردکان



**جمعە کانی لەلەیی**

ئـەم بنکەیـە بەفـەرمانی وەزارەتـی نـاوەخۆ/بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی دیوان/سەربازی، ژمـارە(٩٣٨٦)ی ڕێکـەوتی(٢٩/٦/٢٠٠٥) دامـەزراوە و بەفـەرمانی بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی پۆلیسـی هـەرێم، بـەڕێوەبردن، ژمـارە(١٢٨١٠) لـە(٥/٧/٢٠٠٥) بڕیـاردراوە بەکردنـەوەی(بنکـەی ئاگرکوژێنـەوەی ناحیـەی سـێگردکان) لەسـنوری قـەزای کۆیـە سـەر بـە بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو، گوزارش لەبەرواری دەرچوونی ئەم فەرمانـەوە، دواتـر جومعە محەمەد نەجم محەمەد(جومعـە کـانی لەلـەیی) کـراوە بـە ئەفسـەری بنکەی ناوبراو.[٢٤]

٢٤-چاوپێکەوتن لەگەل(جومعە محەمەد نەجم)کانی لەلەیی، ئەفسەری بنکەکە، لـە١٠/٦/٢٠١٣ ناوبراو لەدایکبووی ١٩٧٠ی گوندی کانی لەلە یە، ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە کردووە و دوای ڕاپەڕینیش لەساڵی ١٩٩١ەوە لەناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووە، ساڵی





## ٤-بنکەی پۆلیسی سێگردکان



**شێروان حسین**

بەفەرمانی ژمارە(٥٨١١)ی بەرواری(٢٠/١٠/٢٠٠٥)ی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر/ بەڕێوەبردن بە واژۆی عەمیـدی پـۆلیس(مەجیـد میرخان عەبدوڵلا)، بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێر لەکۆیـە، پاڵپشـت بەفـەرمانی بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی پۆلیسـی هـەرێم/ بـەڕێوەبردن ژمارە(٢٠٧٩٣) لە ڕێکەوتی(١٣/١٠/٢٠٠٥) بڕیاردرا بە:

١- کردنـەوەی بنکـەی پۆلیسـی سـێگردکان لەسـەر میلاکـی ئـەم بەڕێوەبەرایەتیە گوزارش لەبەرواری١٣/١٠/٢٠٠٥

٢-دانانی ملازمی پۆلیس(شێروان حسێن ئەسعەد) بە ئەفسـەری بنکـە، گوزارش لەبەرواری دەست بەکاربوونیەوە.[٢٥]

١٩٩٨ بەپلەی ملازم بووە بەکارمەند لەبنکەی ئاسایشی تەقتەق، لەساڵی ٢٠٠٥ەوە وەك یەکەم ئەفسەری بنکەی بەرگری شارستانی سێگردکان دەستبەکاربووە، ساڵی ٢٠٠٦ کتێبێکی لەژێر ناونیشانی(کەرکوك لەبەردەم شالاوی بەعەرەبکردندا) بلاوکردۆتەوە و دەستنوسێکیشی بەناوی(ڕۆمانی کچەی ئەنفالکراو) لەساڵی ٢٠١٣دا تەواو کردووە و ئەمرۆ بەپلەی نەقیب ئەفسەری بنکەی ناوبراوە.

٢٥-چاوپێکەوتن لەگەل(شێروان حسێن ئەسعەد حسێن) لەدایکبووی ١٩٦٧ی هەولێر، یەکەم ئەفسەری بنکەی ناوبراو لە١٨/٨/٢٠١٣ ،لەساڵی ١٩٨٤پەیوەندی بەرێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە

## ٥- بنكەی ئاسایشی سێگردكان



**شێروان حەمەساڵح حەمەدەمین**

بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی هەرێم/ بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی پارێزگای هەولێر، بەنوسراوی ژمارە(٤٠٧١/١٨) لە(٢٠٠٥/١٠/٢٠) فەرمانی كارگێڕی كردنەوەی بنكەی ئاسایشی سێگردكانی دەركردووە بەم شێوەیەی خوارەوە:

كردووە، لەهەمان ساڵدا لە(باڵیسان) لەگوندی(شێخ وەسانان) لەبەندیخانەی(شێخ وەسانان) پاسەوانی تایبەتی مامۆستا(تەڵعەت خدر سیان) بووە، لە٢٠٠٤/٥/٢٩ بەشداری خولی ئەفسەرانی باڵای كردووە لەشاری سلێمانی و لە٢٠٠٥/٢/٧بەفەرمانی نوسینگەی تایبەتی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەژمارە(٥٧)پلەی ملازمی پێبەخشراوە لەڕیزی پۆلیس و بەشداری چەندین خولی ئەكادیمی ومەشقی پۆلیسی كردووە لەشاری سلێمانی وەك كارگێڕی و لێكۆڵینەوەی سەرەتایی تاوان و ..تاد، لە٢٠٠٥/١٠/٢٠وە بووە بەئەفسەری بنكەی پۆلیسی سێگردكان، ئێستا بەڕێوەبەری پۆلیسی دارستان وژینگەی قەرەهەنجیرە بەپلەی نەقیب لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان وژینگەی گەرمیان.





١-بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی هەرێم بەژمارە(١٥١١٨/١٥) بڕیاردرا بەكردنەوەی بنكەی ئاسایشی سێگردكان لەسەر میلاكی بەڕێوەبەرایەتی(ئاسایشی كۆیە).

٢-دانانی ملازمی یەك(شێروان حەمەساڵح حەمەدەمین) بەلێپرسراوی بنكەی ئاماژە پێدراو لەبڕگەی یەك، ئەم فەرمانە جێ بەجێ دەكرێت لەبەرواری دەرچونیەوە.

دواتر ملازمی یەكەم(شێروان حەمەساڵح حەمەدەمین) لەگەڵ(٩)كارمەند لە(٢٠٠٥/١١/١٤) لەبنكەی سێگردكان دەستبەكاربووە، تاوەكو بەرواری(٢٠٠٨/١٠/١٦) دەگوازرێتەوە بۆ سەرپەرشتیاری بازگەكانی(قەرەناو وتەقتەق و سێگردكان) و نەقیب(قارەمان سەلمان ڕەحمان) بووە بەلێپرسراوی بنكەكە.[٢٦]

٢٦- چاوپێكەوتن لەگەڵ(شێروان حەمەساڵح حەمەدەمین) یەكەم ئەفسەری بنكەی ئاسایشی سێگردكان، لە ٢٠١٣/٧/١٥ لەبازگەی قەرەناو-تەقتەق، لەساڵی١٩٧٠ لەگوندی گەرمكی تەقتەق لەدایكبووە، ساڵی ١٩٨٧پەیوەندی بەڕێكخستنەكانی یەكێتی نیشتمانی كوردستانەوە كردووە و ساڵی ١٩٨٨لەهێزی بەرگری سنوری تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بووە، ساڵی ١٩٩١لەشانەچەكدارەكانی بروسك بووە و بەشداری ڕاپەڕینی كۆیە و كەركوكی كردووە، تاساڵی ١٩٩٥ پێشمەرگایەتی كردووە و لە١٩٩٥/١٠/٧ بەمفەوەز لەبنكەی ئاسایشی تەقتەق دامەزراوە، لەهەمان بنكەدا لە١٩٩٩/١/١٦ بووە بە ئەفسەر وە لەخولی ئەفسەران لەقەلاچوالاندا بەشداربووە لە٢٠٠٠/١٢/٢ دەرچووە و وە بەشداری خولی كادیرانی كردووە لە٢٠٠١/٦/١٦ ئەو خولەشی بەسەركەوتوویی تەواو كردووە، لە٢٠٠٥ بووە بە ملازمی یەكەم، لەساڵی ٢٠٠٩ بووە بە نەقیب و ساڵی ٢٠١٠-٢٠١١پەیمانگای تەكنیكی كۆیەی تەواو كردووە و لەساڵی ٢٠١٣ بووە بە(ڕائد) و سەرپەرشتیاری بازگەی(تەقتەق-قەرەناو)

## ٦-بنکەی پۆلیسی دارستان و ژینگەی سێگردکان



**نەجات عەبدولحەمید**

بنکەی پۆلیسی دارستان و ژینگەی سێگردکان سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان وژینگەی کۆیە، لە(١٢/٢/٢٠٠٦)ەوە فەرمانی کردنەوەی بۆ دەرکراوە و(نەجات عەبدولحەمید مەجید) کراوە بە ئەفسەری بنکەی ناوبراو تاساڵی ٢٠٠٩ دواتر(سەرباز حسێن عەبباس) دەکرێتە ئەفسەری بنکەکە.[27]

٢٧-چاوپێکەوتن لەگەل(نەجات عەبدولحەمید مەجید)لەدایکبووی ١٩٦٩ی گوندی نێرەگین، یەکەم ئەفسەری بنکەی ناوبراو، لە ٢/٨/٢٠١٣، لەساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە کردووە، ساڵی ١٩٨٥ هێزی پشتگیری بووە، لەمانگی ٦ی ١٩٨٧لەتیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بووە بەپێشمەرگە، لە٢٠/١١/١٩٨٩ لەهەولێر دەستگیرکراوە بۆماوەی یەك ساڵ تاساڵی ١٩٩٠، لەدوای ڕاپەڕینەوە بووە بەپێشمەرگە و لەفەرماندەیی قەرەچوغ بووە بەفەرماندەی کەرت ولەساڵی ١٩٩٧ بووە بەفەرماندەی تیپ لە فەرماندەیی ٢ی هەولێر، ساڵی ٢٠٠٠ لەهەمان فەرماندەیی بووە بە فەرماندەی هێز، ساڵی ٢٠٠١ پلەی ملازمی یەك وەردەگرێت و ساڵی ٢٠٠٦ لەسەرمیلاکی وەزارەتی ناوخۆ دەبێتە نەقیب، لەگەل کردنەوەی بنکەی پۆلیسی دارستان وژینگەی سێگردکان لە١٢/٢/٢٠٠٦دەکرێتە ئەفسەری بنکەکە، ساڵی ٢٠٠٩ دەبێتە(ڕائد) و لە١٠/٢/٢٠٠٩وە بووە بە بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان وژینگەی کۆیە.





## ٧-فەرمانگەی باری شارستانی سێگردکان

ئەم فەرمانگەیە بەفەرمانی ژمارە(١٠٧) لە(٢٠/٤/٢٠٠٦) ی بەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامە وباری شارستانی پارێزگای هەولێر لە کۆیە، بە واژۆی عەمید(ئیسماعیل بابە خالند) کراوەتەوە، (ڕەوەند وسو عەبدولڕەحمان) خەڵکی گوندی سێکانی کراوە بەلێپرسراوی فەرمانگەکە و(سەمیر محەمەد قادر)یش ڕاستگری تۆمار بووە، سێگردکان و گوندەکانی دەوروبەری مامەلەی باری شارستانی لەو فەرمانگەیە ئەنجام دەدەن.[28]

٢٨-چاوپێکەوتن لەگەل(ڕەوەند وسو عەبدولرەحمان سابیر) یەکەم لێپرسراوی فەرمانگەکە، لە٩/٦/٢٠١٣، لەدایکبووی ١٩٨٣ی گوندی سێکانی، دەرچووی ساڵی(٢٠٠٤-٢٠٠٥)ی پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی هەولێرە، بەپلەی ڕێپێدراوی پلە(٨) لە٨/٥/٢٠٠٥ لە بەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامەوباری شارستانی هەولێر لە کۆیە دامەزراوە، دواتر بۆماوەیەك لە فەرمانگەی باری شارستانی تەقتەق کاری ڕاستگری تۆماری کردووە، لە٢٣/٤/٢٠٠٦ وەك سەرۆکی فەرمانگەی باری شارستانی سێگردکان دەست بەکاربووە.

## ٨-فەرمانگەی ئاوی سێگردکان



**سەردار مەولود**

ئەم فەرمانگەیە لە(٢٠٠٩/١/٤) بەفەرمانێکی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەوروبەری سلێمانی ئەو کات کراوەتەوە، بەڵام پێش ئەم بەرواره لە٢٠٠٨/١٢/٣١ لێپرسراوی فەرمانگەی بەتەنسیب بۆ دانراوە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی سێگردکانەوە(سەردار مەولود حاجی محەمەد)کانی ڕەشی کارمەندی سەرۆکایەتی شارەوانی سێگردکانی کردووە بە لێپرسراوی فەرمانگەکە، دواتر لە(٢٠٠٩/٢/١١) ژمارەی کارمەندەکانی فەرمانگەکە زیادیکردو(٢) کارمەندیتر بەناوەکانی ( نەریمان قادر حەمە-یاریدەدەری تێبینەر، و ئەژین سالح محەمەد- نووسەر) لەو فەرمانگەیە دامەزران، لەگەل(١٥)کارمەندی گرێبەست، هەروەها هەر یەك لە(ڕێباز مەولود تاهیر-یاریدەدەری ئەندازیاری بیناسازی و نەجات محەمەد ڕەزا- ڕووپێو) لەسەرەتای فەرمانگەکەوە دەستیان بەدەوامکردن کردووە، پرۆژەی ئاوی سێگردکان لەساڵی ٢٠١٣دا بەم شێوەیە:





پێکهاتووە لەپرۆژەیەکی ئاوی خواردنەوە لەشێوەی(کۆمپاکت یونت) حکومەتی هەرێم بەهاوکاری کۆمیتەی نێو نەتەوەیی خاچی سوور دروستیانکردووە، لە٢٠٠٩/٥/١٦وە دەستی بەکارەکانی کردووە، ئەو کات ڕۆژانە لەماوەی کارکردنیدا(٥٠مەتر سێجا/کاتژمێر) ئاوی سەرخستووە بۆ ماڵەکانی ناحیەکە، دواتر ئەو توانایە زیادکراوە بۆ(١٢٠مەتر سێجا/ کاتژمێر) لەساڵی ٢٠١٣دا، ئەم پرۆژەیە بە(٨) قوفڵی قەبارە جیاواز دابەشکراوە، لەهاویناندا ڕۆژانە(٢-٤)کاتژمێر ئاو دابەشدەکات بەسەر هاوبەشەکانیدا، لەساڵی ٢٠١٣ژمارەی هاوبەشەکانی(٢٥٠)هاوبەشە بە فەرمانگە وماڵەکان و دووکانەکانەوە، فەرمانگەی ئاوی سێگردکان هەوڵیداوە لەزێی بچووکەوە ئاو بگەیەنێتە گوندەکانی ناحیەکە، بەلێدانی بیری ڕووکاری(سطحی) ٧بۆ١٠مەتر قوڵ، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

١- بەدووری(٥)کیلۆمەتر لەگوندی(ئۆمەرگومبەت)ەوە، لەبیرێکی نزیك زێی بچوکەوە لەسعاتێکدا(٢٢مەتر سێجا) ئاو دەگوازێتەوە ناو ئاواییەکە.

٢-بەدووری(٢)کیلۆمەتر لەگوندی(سێکانی)ەوە، لەبیرێکی نزیك زێی بچوکەوە ئاو دەگەیەنێتە ئاوایی سێکانی و لەوێشەوە بەدووری(٣)کیلۆمەتری تر ئاو دەگەیەنێتە گوندی(قەمبەر).

٣- بەدووری(٣)کیلۆمەتر لەزێی بچووکەوە ئاو دەگەیەنرێتە گوندی(ئاوماڵ) و بەهەمان شێوەش بۆ گوندەکانی(سارتك وبەردەسپی).

٤- بەدووری(٦٠٠)مەتر لەزێی بچووکەوە ئاو دەگەیەنرێتە گوندی(تازەدێ).

کارمەندەکانی ئەو فەرمانگەیە لەساڵی ٢٠١٣دا(٢٠فەرمانبەری گرێبەست و ٣ کارمەندی هەمیشەییە).[٢٩]

---

٢٩-چاوپێکەوتن لەگەل(سەردار مەولود محەمەد)یەکەم لێپرسراوی فەرمانگەکە، لە ٢٠١٣/٦/٩، لەدایکبووی ١٩٨٤ی تەقتەق، لەساڵی ٢٠٠٦-٢٠٠٧ پەیمانگای تەکنەلۆجیای بیناسازی هەولێری

## ٩- بازگەی سێگردکان



**جەعفەر کەریم**

بەفەرمانی ژمارە(ب/٣٧)لە(١٥/٢/٢٠٠٩)ی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی ڕۆژهەلاتی هەولێر/ بەشی بازگەکان، بازگەی سێگردکان بووە سەربەخۆ و لەبنکەی ئاسایشی سێگردکانەوە چیتر سەرپەرشتی نەکراو(نەقیب جەعفەر کەریم حەمەد) کرا بەسەرپەرشتیاری بازگەکە.[٣٠]

تەواوکردووە، لە١/٧/٢٠٠٨ لەسەرۆکایەتی شارەوانی سێگردکان بەیاریدەدەری ئەندازەی بیناسازی دامەزراوە، لە٣١/١٢/٢٠٠٨ لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ناحیەوە بەتەنسیب کراوە بەلێپرسراوی فەرمانگەی ئاوی سێگردکان ولە٤/١/٢٠٠٩ بە فەرمانێکی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەوروبەری سلێمانی بەفەرمی بووە بە سەرۆکی فەرمانگەکە.

٣٠- چاوپێکەوتن لەگەل(جەعفەر کەریم حەمەد)یەکەم ئەفسەری بازگەکە، لە١٠/٦/٢٠١٣، لەدایکبوی ساڵی ١٩٧١ی گوندی پونگینەی خۆشناوەتی شەقلاوەیە ودەرچووی ئامادەیی پیشەسازییە لەساڵی ١٩٩١-١٩٩٢لەشاری هەولێر، لە٣٠/١٢/١٩٩٨ بووە بە ئەفسەر لەیاریدەدەرێتی ئاسایشی شەقلاوە، لەساڵی





## ١٠-فەرمانگەی دارایی سێگردکان

ئەم فەرمانگەیە بەنوسراوی ژمارە(١٨٨١) لە(٢١/٥/٢٠٠٩)ی فەرمانی ووزاری وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوەتەوە، (ماردین فەیسەڵ تەللوب جاسم) تەقتەقی لە(١/٦/٢٠٠٩)بەناونیشانی(یاریدەدەری ژمێریاری) وەك لێپرسراوی فەرمانگەکە دەستنیشانکراوە و دەستبەکاربووە.[٣١]

## ١١-بنکەی ڤێتێرنەری سێگردکان(بەیتەرە)

ئەم بنکەیە بەفەرمانی کارگێری ژمارە(٣٧٦٨) لە(٣/١٢/٢٠٠٩) ی بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ وبەیتەرە/ بەڕێوەبەرایەتی بەیتەرەی هەولێر/بەڕێوەبەری کارگێری، کراوەتەوە، دواتر بەفەرمانی کارگێری ژمارە(٢٤٤٤) لە(٩/١/٢٠١٠)ی هەمان بەڕێوەبەرایەتی(ئەحمەد ئەنوەر عەلی) بەناونیشانی (پزیشکی ڤێترنەری) بەلێپرسراوی فەرمانگەکە دیاریکراوە، تاوەکو(٢٥/٧/٢٠١٠) دوای ئەو(شاخەوان سمایل مەحمود) بووە بەپزیشکی بنکەکە لە(٢٦/٧/٢٠١٠).[٣٢]

١٩٩٩ بووە بە ئەفسەری بنکەی ئاسایشی سکتان، لەساڵی ٢٠٠٠لەبازگەی بێستانە بووە، لەساڵی ٢٠٠٨ گوازراوەتەوە بازگەی سێگردکان و لە٢٠٠٩وە لێپرسراوی بازگەی ناوبراوە.

٣١-چاوپێکەوتن لەگەل(ماردین فەیسەڵ تەللوب) یەکەم لێپرسراوی فەرمانگەکە، لە٩/٦/٢٠١٣، لەدایکبووی ١٩٨٤ی تەقتەق، دەرچووی کۆلیژی کارگێری و ئابوری، زانکۆی سەلاحەددین، بەشی ژمێریاری ساڵی(٢٠٠٧-٢٠٠٨)، لەساڵی ٢٠٠٩وە بووە بەلێپرسراوی فەرمانگەی ناوبراو.

٣٢- چاوپێکەوتن لەگەل( شاخەوان سمایل مەحمود) دووەم پزیشکی بنکەکە، لە٩/٦/٢٠١٣، دەرچووی کۆلیژی ڤێتێرنەری زانکۆی دهۆکە بۆ ساڵی ١٩٩٩-٢٠٠٠.

ئاماری تۆمارکراوی سامانی ئاژەڵی سنوری ناحیەکە لە بنکەکەدا لەساڵی ۲۰۱۳دا بەم شێوەیەی خشتەکە ڕوونکراوەتەوە:

| ژ | گوندەکان | ئاژەڵدار | مەڕ | بزن | مانگا |
|---|---|---|---|---|---|
| ۱ | سێگردکان(ناوەندی ناحیە) | ۱۲ | ۷۷۰ | ۸۸۲ | ۱۳ |
| ۲ | ئۆمەرگومبەت | ۱۸ | ٤۰٥ | ۱٤۹۰ | ٦٥ |
| ۳ | سێکانی | ۲٦ | ٦۱٥ | ٥٥۰ | ٦۹ |
| ٤ | قەمبەر | ۱۲ | ٥۲٥ | ۷٦۰ | ۷ |
| ٥ | تازەدێ | ۱٥ | ۷۰۷ | ٤٤۹ | ۲٦ |
| ٦ | ئاومالْ | ۱٥ | ۱۳۰٥ | ۸٥۹ | ۷٤ |
| ۷ | سارتك | ٥ | ۱٥۰ | ۲۷۰ | ۸ |
| ۸ | سەربەست[۳۳] | ۱ | ۲۱۰ | ٤۰ | - |
| ۹ | جلبەسەر | ۱۷ | ۲۷۷ | ۸٦۹ | ۳٤ |
| ۱۰ | بەردەسپی | ٦ | ۳۹٥ | ٥٥۰ | ٤ |
| ۱۱ | کانی سلێمانە | - | - | - | - |
| | سەرجەم | ۱۲۷ | ٥۳٥۹ | ٦۷۱۷ | ۳۰۰ |

۳۳- سەربەست: ئاقارێکی گوندی سارتکە و تەنها ماڵە ئاژەڵدارێکی لێ یە و وە ئەگەرنا گوند نیە.





## ۱۲-هۆبەی کشتوکاڵی سێگردکان(زراعە)



لەشکری حەمە سەعید مستەفا

بەنوسراوی ژمارە(٦۲۷) ی(۱٤/۱/۲۰۱۰) ی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر، فەرمانی کردنەوەی هۆبەی کشتوکاڵی سێگردکانی دەرکردووە و(کاوە عومەر حەمە تەبیب) ی وەك سەرۆکی هۆبەکە دەستنیشانکردووە، بەڵام بەهۆی بارودۆخی ئەوکاتی سنورەکە ئەم فەرمانە جێ بەجێ نەکرا(نەبوونی بینا و ڕەزامەندنەبوونی هەندێك لەفەرمانبەران) سەرکەوتوو نەبوو، ناوبراو لە(۲۱/۸/۲۰۱۰) بەنوسراوی ژمارە(٥٦) دەستی لەکار هەڵگرتووە، بۆ جاری دووەم بەفەرمانی ژمارە(۱٤۳٦) ی(۱٥/۱۱/۲۰۱۱) ی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر دووبارە فەرمانی کردنەوەی هۆبەکە دەرچووە و ئەمانەی خوارەوە بەفەرمانبەری هۆبەکە دەست نیشانکراون:

**١-لەشکری حەمە سەعید مستەفا، سەرۆکی هۆبە.**

**٢-رێکەوت جەمال مستەفا، یاریدەدەری ئەندازیاری کشتوکاڵی.**

**٣-شەفیق حوسێن ساڵح، بەرێوەبەری کشتوکاڵی پێشکەوتوو.**

**٤-بەهرام حەمەشریف کەریم، بەرێوەبەری کشتوکاڵی پێشکەوتوو.**

**٥-سەباح عوسمان ئەبابەکر، سەرۆکی تێبینەری هونەری.**

**٦-بێستون سەعید کاکل، نووسەر.**

**هۆبەی کشتوکاڵی سێکردکان بەچەقی سێگردکانەوە(١٠) کەرتی کشتوکاڵی هەیە ئەوانیش(سێگردکان، ئۆمەرگومبەت، تازەدێ(شەیتان)، ئاومالْ، سارتك، جلبەسەر، بەردەسپی، سێکانی، قەمبەر، کانی سلێمانە)ن.[٣٤]**

٣٤-چاوپێکەوتن لەگەل(لەشکری حەمە سەعید مستەفا)، دووەم سەرۆکی هۆبەکە، لە٩/٦/٢٠١٣، لەدایکبووی ١٩٥٦ی کۆیە، لەساڵی ١٩٧٦-١٩٧٧ئامادەیی کشتوکاڵی لەکەڵەك(ئاسکی کەڵەك) تەواو کردووە، لە٣١/٨/١٩٧٧بەچاودێری کشتوکاڵی لە لقی کشتوکاڵی عەینکاوە دامەزراوە، نێوان ساڵانی(١٩٨٣-١٩٩٣)لە هەرەوەزی کشتوکاڵی مەلا ئۆمەر بووە، ١٩٩٤-١٩٩٧ لەبەشی خزمەتگوزاری هۆبەی کشتوکاڵی عەینکاوە بووە، ١٩٩٩-٢٠٠٥لەبەشی خزمەتگوزاری کشتوکاڵی کۆیە بووە، ساڵی ٢٠٠٦ لەدیوانی وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو بەرێوەبەری خزمەتگوزاری و تەشریفات ومەراسیم بووە، ساڵی ٢٠١٠-٢٠١١لەبەشی خزمەتگوزاری بەرێوەبەرایەتی ئاوی کۆیە بووە، لە١٥/١١/٢٠١١وە بووە بە سەرۆکی هۆبەی کشتوکاڵی سێگردکان.





## ١٣- بنکەی پۆلیسی هاتوچۆی سێگردکان



**ئەحمەد محەمەد عومەر**

**ئەم بنکەیە بەفەرمانی ژمارە(١٥١٢٩) لە(٢١/٦/٢٠١٠) ی بەرێوەبەرایەتی گشتی هاتۆچۆی هەولێر کراوەتەوە و دواتر پاڵپشت بەو فەرمانە بەرێوەبەرایەتی هاتوچۆی کۆیە بەواژۆی لیوای مافپەروەر رزگارحەمەدەمین، بەفەرمانی ژمارە(٣٢٩٩٣) لە(٢/٩/٢٠١٠) کردنەوەی بنکەکەی خستە بواری جێ بەجێکردنەوە، لە٢١/١٢/٢٠١٠دا(ئەحمەد محەمەد عومەر)ی وەك ئەفسەری بنکەکە دەست نیشانکردووە و دەستبەکاربووە.[٣٥]**

٣٥- چاوپێکەوتن لەگەل(ئەحمەد محەمەد عومەر) یەکەم ئەفسەری بنکەکە، لە٩/٦/٢٠١٣، لەدایکبووی ١٩٧٣یە و خەڵکی گوندی ئۆمەرگومبەتە، دەرچووی کۆلیژی پۆلیسی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمە

## ١٤-فەرمانگەی دادنوسی سێگردکان



**هەڵمەت محەمەد قادر**

ئـەم فەرمانگەیـە لـە(١٠/٤/٢٠١١) بـەژمارە(١٨٥٣/٣) بـەیانی ژمارە(٢٥) بەواژۆی وەزیری دادی حکومـەتی هـەرێم دادوەر(رەئـوف ڕەشـید) فـەرمانی کردنـەوەی دەرچـووە، (هەڵمـەت محەمـەد قـادر) سـێگردکانی لـە(٣/٧/٢٠١٢) بەرامبـەر بەرێوەبەرایـەتی گشـتی فەرمانگـەکانی داد، بەرێوەبەر(ئازاد ڕۆستەم عەبدوڵلا) و وەزیری داد(شێروان حەیـدەری) سـوێندی

---

بۆساڵی(٢٠٠٠-٢٠٠١)، لەساڵی ٢٠٠١لەبەرێوەبەرایەتی فریاکەوتنی سلێمانی دامەزراوە، لەهەمان سـاڵدا گەڕاوەتەوە بەرێوەبەرایەتی هاتوچۆی کۆیە، لە٢١/١٢/٢٠١٠وە بەپلەی نەقیب ئەفسەری بنکەی هاتوچـۆی سێگردکانە.





یاسـایی خـواردووە، بـۆ وەرگرتنـی دەسـەڵاتی دادنوسـی و ناونیشـانەکەی لە(یاریدەدەری ڕاوێژکاری یاسـایی) یـەوە کـراوە بـە(یاریـدەدەری دادوەری) و لـە(٢٣/٩/٢٠١٢) لەفەرمانگـەی دادنوسـی سـێگردکان دەسـتبەکاربووە، لەهەمان ڕۆژدا مامەڵەی هاوڵاتیانی ڕاییکردووە، وە (تەنیا قاسم هەمزە) وەك یاریدەدەری ژمێریاری لەفەرمانگەکە دەستبەکاربووە و لـە(١٩/١١/٢٠١٢) یەکەم فەرمانبەری بۆ گواسـتراوەتەوە بـەناوی(سـۆران عەبـدولرەحمان قـادر) بەناونیشانی(یاریدەدەری دادوەری).[36]

---

٣٦- چاوپێکەوتن لەگەڵ( هەڵمەت محەمەد قادر)، یەکـەم دادنوسـی سـێگردکان، لـە٩/٦/٢٠١٣، سـاڵی ١٩٧٩لە سێگردکان هاتۆتە ژیانەوە، دەرچووی ساڵی(٢٠٠١-٢٠٠٢)ی پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی-بەشـی ڕۆژنامەنوسیە، دەرچووی ساڵی(٢٠٠٨-٢٠٠٩)ی کۆلیژی یاسای زانکـۆی کۆیـە، بەشـی یاسـایە، لـەبواری ڕگەیاندا کاریکردووە لە( کوردستانی نوێ، مانگنامەی تەقتەق، سلێمانی نوێ، تاك، سایتی پیوکەی میدیا، تەلەفزیۆنی دەنگی گەلی کوردسـتان-کـەناڵی کـەرکوك، ناوەنـدی ڕۆشـنبیری تەقتـەق، گروپـی تیشـك لـە تەقتەق)، ساڵی ٢٠٠٣ لە سەرۆکایەتی شارەوانی تەقتەق دامەزراوە و لەبەشەکانی(ڕاگەیاندن و موڵکایەتی ویاسـا) کـاریکردووە، لـە٢٨/١٢/٢٠١١ گواسـتراوەتەوە فەرمانگـەی دادنوسـی تەقتـەق و لە١٩/١١/٢٠١٢وەك بەرێوەبەری فەرمانگەی دادنوسی سێگردکان دەستبەکاربووە.

## ١٥-فەرمانگەی نوسینگەی زانیاری سێگردکان




ئەم فەرمانگەیە بەفەرمانی ژمارە(١٢٩٨) لە(٢٠١١/٩/٢٢) ی بەڕێوەبەرایەتی نوسینگەی زانیاری پارێزگای هەولێر، بە واژۆی عەمیدی ماف(عەبدولرەحمان ئیسماعیل عەزیز) کراوەتەوە وخاتوو(بێریڤان ئەنوەر عەزیز) ڕێپێدراوی پلە(٧) کراوە بە بەرپرسی نوسینگەکە.[٣٧]

دواتر بەفەرمانی ژمارە(١٢٥٢) لە(٢٠١٢/٨/٢٨) ی وەزارەتی ناوەخۆ/ بەڕێوەبەرایەتی کاروباری هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، بەپشت بەستن بەفەرمانی ژمارە(٢١١٧٤) لە(٢٠١٢/٨/١٥)، ملازمی یەکەم(جەمال عومەر مەولود ) بووە بەئەفسەری بەشی نوسینگەی زانیاری سێگردکان.[٣٨]

٣٧- تۆمارە فەرمیەکانی نوسینگەی زانیاری ناحیەی سێگردکان.

٣٨-چاوپێکەوتن لەگەل( جەمال عومەر مەولود ) یەکەم ئەفسەری نوسینگەکە، لە٢٠١٣/٩/٩، لەدایکبووی ١٩٦٦ی بەحرکە، ١٩٨٤ پەیوەندی بەرێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە کردووە





## ١٦-بنکەی چاککردنەوەی کارەبای سێگردکان

بەفەرمانی ووزاری ژمارە(١١١٣) لە(٢٠١٢/١/٢٩) بە واژۆی ئەندازیار(یاسین شێخ ئەبوبەکر ماوەتی) وەزیری کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان، بڕیاری کردنەوەی بنکەی (چاککردنەوەی کارەبای سێگردکان) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەبای کۆیە.

فەرمانی ژمارە(٦٣٠) لە(٢٠١٢/٢/٢) ی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای هەولێر، بە واژۆی ئەندازیار(حسێن حەمەد قادر) بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر، فەرمانی کارگێڕی کردنەوەی بنکەکەی ڕاگەیاند، بەڵام لەبەر نەبوونی جێگەی تایبەت و میلاکی پێویست بۆ بنکەکە، دەستبەکاربوونی بنکەکە دواکەوت، تا لەبەرواری(٢٠١٣/٦/٣) بەفەرمانی کارگێری ژمارە(٨٨١)ی بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەبای کۆیە بەفەرمی کرایەوە و دەستبەکاربوو.[٣٩]

لەتیپی ٨٥ی بەڕانەتی، ساڵی ١٩٩١ مفەوەزی پلەیەك بووە لەبنکەی پۆلیسی عەینکاوە، ١٩٩٤-٢٠٠٤ بەهۆی شەڕی ناوەخۆوە دابڕاوە، لەخولی ئەفسەرانی بالاّ لەساڵی ٢٠٠٤ لەسلێمانی بەشداریکردووە و پلەی ملازمی دووی پێدراوە، ٢٠٠٨ بووە بەملازمی یەك و ٢٠١٣ش بووە بە نەقیب، لە٢٠١٢/٨/٢٨وە ئەفسەری نوسینگەی زانیاری سێگردکانە.

٣٩- چاوپێکەوتن لەگەل( نەجات ڕەزا محەمەد )، یەکەم لێپرسراوی بنکەکە، لە٢٠١٣/٩/٩، لەدایکبووی ١٩٨٥ی سێگردکانە، دەرچووی ساڵی(٢٠٠٧-٢٠٠٨)ی پەیمانگای تەکنیکی هەولێر، بەشی کارەبایە، لە٢٠٠٩/١١/٥ دامەزراوە و لە٢٠١٣/٥/٣٠وە بەناونیشانی(تێبینەری هونەری) بووە بەیەکەم لێپرسراوی بنکەی چاککردنەوەی کارەبای سێگردکان.

## ١٧-مەڵبەندی تەندروستی سێگردکان



**رەسول خزر رەسول**

**لەساڵی(١٩٧٣) بنکەی تەندروستی لەسێگردکان کراوەتەوە، یەکەم پەرستیاری لێپرسراوی بنکەکە(عەبدولخالق کۆیی) بووە، وە یەکەم کارگوزاری بنکەکەش(عومەری حاجی مەلای سێگردکان)بووە، کە لە٣/٣/١٩٧٣لەبنکەکە دامەزراوە.[40]**

**لەساڵی ١٩٨٠ ئەوکاتەی پەرستیار(رووناك عەبدوڵلا سەعید)لێپرسراوی بنکەکە بووە، برادەرانی حزبی سۆسیالیست بەسەرپەرشتی(قادر مستەفا) سەردانی بنکەکەیانکردووە هەربۆیە دەزگای ئەمنی تەقتەق، پەرستیارەکەو کارگوزارەکەی بانگردووە و لێپێچینەوەی لەگەل کردوون بەتۆمەتی هاوکاریکردنی(تێکدەران)کە ئەوکاتە رژێمی بەعس بە پێشمەرگەی دەگووت(مخرب) واتە تێکدەر.[41]**

---

٤٠-چاوپێکەوتن لەگەل(عومەری حاجی مەلای سێگردکان)، یەکەم کارگوزاری بنکەکە، لەدایکبووی ١٩٤٠ی سێگردکان، لە٩/١٢/٢٠١٣.

٤١-چاوپێکەوتن لەگەل(رووناك عەبدوڵلا سەعید) بەرپرسی بنکەکە لەساڵی ١٩٨٠، لەدایکبووی١٩٦٥ی گەرمکی تەقتەق، لە٩/١٢/٢٠١٣.





**زۆر پەرستیارو یاریدەدەری پزیشکی لێپرسراوی ئەم بنکەیانکردووە تا ساڵی ١٩٨٦بەلاّم بەداخەوە نەمتوانی وەك پێویست ناوەکەیان بخەمەڕوو، ساڵی ١٩٨٦بەهۆی بارودۆخی ناوچەکەو سیاسەتە چەوتەکانی رژێمی بەعس بنکەکە داخراوە و هەرلەوکاتەش هەندێك(عومەری حاجی مەلا)گیراوە لەلایەن دەزگای ئەمنی تەقتەقەوە، هەندێك لەو یاریدەرە پزیشکیانەی کە لێپرسراوی بنکەکەیانکردووە ئەمانە بوون(ئەکرەم فەتتاح حەمەدەمین، نەوزاد عومەر مەولود، مەجید عەبدوڵلا حەمەدەمین، هێمن کاکە میرزا، رەسول خزر رەسول).**

**ئەم بنکەیە بەفەرمانی ووزاری ژمارە(٩٦)ی ٢/٩/٢٠١٢کراوە بە(مەڵبەندی تەندروستی) ولە(٩/٩/٢٠١٢)بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی کۆیە بەفەرمانی کارگێری ژمارە(٢١٩١)بە واژۆی(د.کامەران عەباس جوبرائیل) جێبەجێکراوە.[42]**

**یەکەم لێپرسراوی مەڵبەندەکە(رەسول خزر رەسول)ە ولەساڵی ٢٠١٣ژمارەی کارمەندەکانی(٢٠)کارمەندەو پێکهاتوون لە(٨)کارگوزارو(٣)شوفێر و(٣)پاسەوان و(٦)کادیری تەندروستی کە یەکێکیان گرێبەستە.[43]**

---

٤٢-تۆمارە فەرمیەکانی مەڵبەندی تەندروستی سێگردکان.

٤٣-چاوپێکەوتن لەگەل( رەسول خزر رەسول) یەکەم لێپرسراوی مەڵبەندی سێگردکان، لەدایکبووی(١٩٨٧)ی سێگردکانە و دەرچووی پەیمانگای تەکنیکی هەولێر/پزیشکی/ پەرستیارییە لە٢٠٠٨-٢٠٠٩.

## ناوەندی ناحیەی سێگردکان(چەقی ناحیەکە)

## ناوی سێگردکان لەچییەوە هاتووە؟[٤٤]

لەناوی ئەو سێ گردەوە هاتووە کەلەکۆندا دەکەوتنە خوار ئاوایی سێگردکان بەلای قیبلەوە، بەلاّم ئەمڕۆ خەریکە بەتەواوەتی بکەونە ناو ئاوەدانی ناحیەی سێگردکانەوە گردەکانیش بەم ناوانەن:

١-گردی خدر زندە

٢-گردی میرسێودین

٣-گردی هەوار تاعون

---

٤٤-لەرێکەوتی(١٠-٦-٢٠١٣) چوومە ناحیەی سێگردکان، بەمەبەستی چاوپێکەوتن لەگەل دانیشتوانەکەی، دوای نوێژی عەسر لەمزگەوتی کۆنی سێگردکان چاوپێکەوتنم لەگەل ئەم بەرێزانەی خوارەوە کرد:

١-خزر عوسمان محەمەد(مەلا خدری سێگردکان)، لەدایکبووی ١٩٥٠ی سێگردکان، پێش نوێژو ووتارخوێنی مزگەوتی سێگردکان.

٢-ئەحمەد محەمەد ئەحمەد محەمەد، لەدایکبووی ١٩٣٦ی سێگردکان،هاولاّتی.

٣-یاسین ئۆمەر ئیبراهیم حەسەن، لەدایکبووی ١٩٤٣ی سێگردکان، هاولاّتی.

٤-عومەر باقی عومەر قادر، لەدایکبووی ١٩٥١ی سێگردکان، ئەنجومەنی سێگردکان.

٥-حەمە عەبدولّلا حەمە قادر، لەدایکبووی ١٩٣٣ی سێگردکان، هاولاّتی.

٦-عومەر ئەحمەد عەلی عەبدولّلا، لەدایکبووی ١٩٣٧ی سێگردکان، هاولاّتی.

٧-عوسمان حەسەن عوسمان محەمەد، لەدایکبووی ١٩٤٩ی سێگردکان، هاولاّتی.

٨-عومەر حەمەدەمین محەمەد ئەحمەد، لەدایکبووی ١٩٤٥ی سێگردکان، هاولاّتی.

٩-حەمەدەمین عەبدولّلا ئۆمەرمحەمەد، لەدایکبووی ١٩٦٣ی سێگردکان، هاولاّتی.

١٠-عومەر عەولاّ حەمەدەمین ئیسماعیل، لەدایکبووی ١٩٧٥ی سێگردکان،هاولاّتی.

١١-محەمەد مستەفا محەمەد خدر، لەدایکبووی ١٩٥٠ی سێگردکان، هاولاّتی.





# سنوری سێگردکان

## لەگەلّ گوندەکانی دەورووبەری

لەرۆژهەلاّتدا ئاقاری لەگوندەکانی(کانی لەلە وئۆمەرگومبەت)دەگەرێتەوە ولەباکوریشدا لەگەل گوندەکانی(سماقە ومیرکە ونێرەگین) هاوسنورە، لەرۆژئاوادا سنورەکەی تاگوندەکانی(قەمبەر و سێکانی) درێژدەبێتەوە و لەباشوریش زێی بچوك لەگوندەکانی(دەرمانـاو وپەلّکانە و عەمدۆن)ی ناحیەی شوانی جیادەکاتەوە.

هەلّکەوتەی گەردوونی چەقی سێگردکان کەوتۆتە نێو هێلّی پانی(٣٥,٥٢-٣٥,٨٧)پلەی نیوە گۆی باکوری زەوی و نێو هێلّی درێژی(٤٤,٢٦-٤٤,٤٤)ی خۆرهەلاّت، بەرزی سێگردکان لەئاستی رووی دەریاوە(٣٦٢)مەترە واتە(١١٨٨)پێیە.

رووبەری گشتی کەرتی کشتوکالّی سێگردکان(١٢١٠٠) دۆنمە،(٢٥٩١)دۆنمی شیاوی چاندنە و(٧٦٥)دۆنمی بەراو و(١٨١٦)دۆنمی پشتاو و(١٠)دۆنمی رەزی میری و(٧٠٠٠)دۆنمی پاوان ولەوەرگایە، هەروەها(٢٣٤٨)دۆنمی تری بەراوی هەیە لەگەل(١٦١)دۆنمی حەرەمی گوند و(٧)کانی و(١)کارێزی هەیە.

دیارترین پارچە زەوییە پشتاوەکانی سێگردکان بریتین لە(بانی خرابە، دۆڵی توو ڕەش، عارەبەل، بان مامە، بەینەل، دۆڵی موردەل، قەلاّ مۆرد، دۆڵی خوێ غەرەو، ڕەشان، بان تەڕواڵ، بان خوندی، سوێسکاو، بان خێرات، قازان شکیاو)، وە دیارترین بەراو و حاوییەکانیان بریتین لە(ئاڵەبەو، شێمحەمەو، بن گەڕ شێمحەمەو، بن گەڕ دەورە، ئەحمەو دەروێش، بن گەڕ قرقاجین، سەرچەم، دورگەی سێگردکان، تێ تووك)، وە لەکانی وکارێزەکانیش(کارێزی قرقاجین و کانی پاشا و کانی قوبادە وکانی تووڕەش)یان هەیە، لەگەل کانیاوەکانی(سەراو سولك، سەراوپیاوان، سەراوژنان، سەراو مام حاجی، کانی سمە، کێنی ئاو عەلە، کێنی سارد)ە، وەبەرزترین گردیش لەئاقارەکەیان گردی(کەنگراوی) کورتەتەیە.

هەروەها لەسنوری سێگردکان چەندین شوێنەوار و خرابگەو کاولەهەواری هەیە لەوانە(قەلاّت یان بان قەلاّت و دۆڵە خەزێنە و کەلکەل و هەوارتاعوون وباسك قرقاجین و بان خوندی) وە چەندین گۆڕیچکە وگۆڕستانی لێ یە، گۆڕستانی گەورە ئەمڕۆ مردووی لێ دەنێژن، جگە لەمانە لەسنورەکەیدا گۆڕستانەکانی(خەنییێ تولکە و تووڕەش ودەروێش مردی و ئاوەزا وشیوعارەبەل)ی هەیە لەگەل دوو چاك بەناوەکانی(شەخسی عەبدولعەزیز وشەخسی شێخ مەهدی).





## پێکهاتەی دانیشتوانی سێگردکان

زۆربەی دانیشتوانی سێگردکان لەتیرەی(دەربەندی)ین، جگە لەچەند تیرەیەکی تر کە لەنێو دەربەندییەکان تواونەتەوە و زۆربەی جاران خۆیان بە(دەربەندی) ناو دەبەن وەك تیرەکانی(پالاّنی و پیریادی و ناوشوانی).

بەمەزندە هاتنیان لە ئۆمەرگومبەتەوە بۆ سێگردکان بۆ نزیکەی(٢٠٠)ساڵ پێش ئەمڕۆ دەگەڕێننەوە، ئەو خێزانانەی کە لەئۆمەرگومبەتەوە هاتوون بریتیبوون لەمانە(حاجی خدری کاکی وڕەسول وەیسەی کەرخۆری وئەحمەکلاّو خوندێتی وحاجی عەولّلا ڕەشی خوندێتی) دواتر وورده وورده ژمارەیان زیادیکردووە و گوندی سێگردکانیان پێکهێناوە، دەربەندییەکانی سێگردکان کە ڕەچەڵەکیان بۆ (جومعە دەربەندی) باپیرەیان دەگەرێتەوە بوون بە(٦)بەرەباب وبنەماڵەی سەرەکی لەسێگردکان وەك(کاکی، خوندێتی، شەلەوەندی، لەڕە، مامیل، کێخوا سێوە).

لەسێگردکان چەندین کێخوا کاری کێخوایەتیان کردووە لەوانە(کێخوا ئەحمەدی سور کوڕی حەمەسمایل و کێخوا حەمەساڵح قادر، لەسەردەمی کێخوایەتی ئەو حەمەساڵحە پێش زێی بچوکی گرتووە و زێیەکە بووە بەدوو لقەوە، بۆیە ووتراوە سەردەمی کێخوا حەمەساڵح زێیەکە دوو کەرتبووە و ووتراوە(دووکەرتکان)، دوای ئەو کێخوا حەمەڕەشید حەمەقادر هاتووە لەهەموو کێخواکانی سێگردکان ناودارتربووە، دوای ئەوانیش چەند کەسێکی تر بوون بەکێخوا وەك کێخوا مەلا حەمەدەمینی مەحمود وکێخوا حەمە ئیبراهیم ئەحمەد وکێخوا حەمەمستەفا عەبدولّلا حەمەدەمین و کێخوا ئەحمەد

سالّح ئەحمەد ، هەروەها لەسێگردکان چەندین کەسایەتی جوتیار و کۆمەلایەتی هەڵکەوتوون لەوانە(حەمە عەلی وەسمان محەمەد ، مەلا حەمەدەمین قادر ڕەسولّ، حەمەدەمین حاجی قادر محەمەد ، حاجی حەمە ئیبراهیم، عەبدوڵلای فەقێ خدر محەمەد ، حەمەدەمینی حاجی خدر، حاجی سالّح قادر) ، هەروەها چەند مەلایەك لەمێژووی سێگردکان دیاربوون وەك(مەلا حەمەدەمین قادر ناسراو بە(حاجی مەلا) ومەلا ئەحمەدی ڕەش دەرویش ومەلا قادر مەولود ناسراو بە مەلاقادری ڕەش) ، سێگردکانیەکان لە کۆنەوە بەپیشەی کشتیاری و ئاژەڵدارییەوە خەریکبوون وبەبەرووبومەکانی(خاس وتەماتە و خەیار)بەناوبانگ بوون.

## کەی قوتابخانەی لێکراوەتەوە

لەساڵی خوێندنی ١٩٥٩-١٩٦٠ قوتابخانەی سەرەتایی لێکراوەتەوە ویەکەم بەرێوەبەری مامۆستا(شێخ کەریمی کوڕی شێخ سەدری کۆیی) بووە، لەساڵی خوێندنی ١٩٧٩-١٩٨٠مامۆستا سەیید محەمەد ئەحمەد ڕەسول سێکانی بەرێوەبەر بووە وهەریەك لە(ڕەسول عەبدولعەزیز مەولود ومحەمەد نور مەلا محەمەدی ئۆمەرگومبەتی و کاوە عەبدوڵلا جوتیار)مامۆستابوون ، هەروەها ساڵی ١٩٨٣دەستەی مامۆستایانی قوتابخانەکە بەو شێوەیە بووە(مامۆستا سەیید محەمەدسێکانی و خەرمان حاجی سمایل جگارە کۆیی و نیهایەت عوسمان کۆیی و لاجان ئیبراهیم فەتحوڵلا کۆیی و ڕەسول عەبدولعەزیز سێگردکانی)[٤٥].

٤٥-چاوپێکەوتن لەگەل(ڕەسول عەبدولعەزیز مەولود) ، لەدایکبووی١٩٥٥ی سێگردکان، لە٢٨/٧/٢٠١٣





لەساڵی خوێندنی ٢٠١٢-٢٠١٣قوتابخانەی بنەڕەتی سێگردکان(٢٣٣)قوتابی هەبووە(١١٥کچ و١١٨کوڕ) وە (١٢) مامۆستای هەیە(١٠نێر و٢مێ) لەگەل(١٠)کارمەندوکارگوزار، بەرێوەبەرەکەی مامۆستا(عەبدولرەحمان عەزیز حەمەدەمین)ە[٤٦]، لەساڵی خوێندنی (١٩٧٧-١٩٧٨) ناوەندی لێکراوەتەوە و یەکەم بەرێوەبەری ناوی(محەمەد ئەحمەد ڕەسولّ) بووە ودواتر لەساڵی ١٩٨٣(جەمشید مشیر حەمۆ) و ساڵی ١٩٨٥(سینان عەبدوللا سافی) بووە بەرێوەبەری تا لەهەمان ساڵدا خوێندنگەکە داخراوە دوا بەرێوەبەری (نەشمیل نەسرەدین نورالله) بووە، ساڵی ١٩٩٤-١٩٩٥دووبارە دوای ڕاپەڕین خوێندنگەی ناوەندی لێکراوەتەوە ویەکەم بەرێوەبەری(عەبدولکەریم قادر حەمەدەمین) بووە تاساڵی ١٩٩٨ و ئینجا(مەسعود عەبدولرەزاق١٩٩٨-١٩٩٩) و(کەمال عوسمان عەلی ١٩٩٩-٢٠٠٠) و(بێستون زرار عومەر٢٠٠٠-٢٠٠٣)و( ئەبوبەکر حەمەدەمین عەبدولحەمید٢٠٠٣-٢٠٠٦) لە ساڵی ٢٠٠٦ دەبێتە دواناوەندی و یەکەم بەرێوەبەری دواناوەندییەکە(دلێر مەجید عەزیز)ە تا ئەمڕۆساڵی ٢٠١٣، وە لە دواناوەندییەکەیدا(٢٦١)خوێندکار دەخوێنن ١٢٦کچ و١٣٥ کوڕ و ژمارەی مامۆستاکانی(١٨)مامۆستایە(١٧نێر و١مێ)یە، لەگەل (١١)کارمەندوکارگوزار و بەرێوەبەرەکەی(دلێر مەجید عەزیز)ە[٤٧].

٤٦-چاوپێکەوتن لەگەل(عەبدولرەحمان عەزیز حەمەدەمین)بەرێوەبەری قوتابخانەی سێگردکانی بنەڕەتی تێکەلاّو لە١٥-٦-٢٠١٣

٤٧-چاوپێکەوتن لەگەل(دلێر مەجید عەزیز)بەرێوەبەری خوێندنگەی دواناوەندی سێگردکانی تێکەلاّو لە١٥-٦-٢٠١٣.

## سێگردکان لەساڵی ٢٠١٣دا

سێگردکان دوای تێپەربوونی ٨ساڵ بەسەر بەناحیە بوونی ئێستا ناحیەیەکی خنجیلانەی کەناری زێی بچووکە و ژمارەی خێزانەکانی(٢٢٥)خێزان و(١٢٥٠)کەسە، چەندین فەرمانگە وپرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ کراوە، لە فەرمانگە حکومیەکانی ناحیەکە لەم بەشەدا ئاماژەم پێداوە.

## ڕووخان وکاولکارییەکانی سێگردکان

سێگردکانیش وەك ناوچەکانی تر بەدەر نەبووە لەپەلاماردانی سەربازی و بۆردومانی فڕۆکەکانی ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق، دیارترینی پەلامارو بۆردومانەکان:

یەکەم: ساڵی ١٩٦٥بەبۆردومانی فڕۆکەکانی بەعس سوتان وکاولکاری لێکەوتۆتەوە و(٤)هاولاَتیش بریندارا‌بوون بەناوەکانی(نەسرین قادر مەولود و فاتیمە ئەحمەد شێخە و سافیە مستەفا عەبدوڵلا و فاتیمە ئەحمەد مەلا).

دووەم: لەهەمان ساڵدا(١٩٦٥)پەلاماری جاش وجەیش بۆ ئاوایی سێگردکان و چەندین پارچە چەکی جوتیاران و پارەیەکی زۆری خەڵکی ئاواییان بەتاڵان برد.

سێیەم: ساڵی ١٩٧٤ بەبۆردومانی فڕۆکەکانی بەعس، هاولاَتی(خەزاڵ ئەحمەد ئەحلان) بریندارکرا.





چوارەم: ساڵی ١٩٨٣ بەبۆردومانی فڕۆکەکانی بەعس هاولاَتی( مریەمە سولێمان حەمەعەلی) شەهیدکرا لەگەل پێشمەرگەیەك بەناوی(جەببار محەمەد ئەحمەد قادر).

پێنجەم: لە٢٠-١-١٩٨٧ بەبۆردومانی فڕۆکەکانی بەعس(٤)هاولاَتی شەهید بوون بەناوەکانی(عەبدوڵلا عومەر قادر محەمەد وئەحمەد مەولود عومەر قادر و ڕێزان عەبدولرەحمان عەبدولمەجید ودەشتی عەبدولرەحمان عەبدولمەجید).

شەشەم: لەبەرواری ١٠-٧-١٩٨٦هێزەکانی ڕژێمی بەعس بەجاش وجەیشەوە پەلاماری سێگردکانیاندا و لەگەل کەرتەکانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەئاواییەکە ڕووبەڕوو بوونەوە ڕوویدا، کەرتی(شەهید ڕەنجە و نورە ڕەش) توانیان داستانێکی کەم وێنە تۆماربکەن بەخوێنی(٢٢)پێشمەرگە و لەبەرامبەریش هێزەکانی ڕژێمی بەعس زۆرترین جاش وسەربازی لێکوژراو و تێکڕای خانووەکانی ئاوایی سێگردکانیش کاول وسوتێنران.

حەوتەم: لە٥-٤-١٩٨٨وەك تێکڕای گوندەکانی کوردستان لەئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال لەگەل خاك تەختکراو خاپورکرا.

# شەهیدانی سێگردکان

لەسنوری ناحیەی سێگردکان، سێگردکانیەکان زۆرترین شەهیدیان بەخشیووە، کەژمارەی شەهیدەکانیان(٤٩)شەهیدە و(٢١)هاولاٽیان ئەنفالکراوە و(٨)هاولاٽیش بە شالاٌوی جاش وجەیش وبۆردومانی فڕۆکە شەهیدبوون، لەگەل(٢٠)شەهیدی سەنگەر، جگە لەمانە چەندین شەهیدتر لەو ئاواییە بەڕێگای جۆراو جۆر شەهیدبوون وەك کارەسات و بەزۆر بەسەربازیکردن ولەبەرەکانی جەنگ نەهاتونەتەوە وەك(عەزیز عەبدوڵلا عومەر سالٌی ١٩٦٢وعەبدولرەحمان عەبدولقادر حەمەدەمین بەکارەسات سالٌی ١٩٧٤و جەوهەر عەبدوڵلا عومەرو عومەرسمایل حەمەلاو لەجەنگی کوەیت –عێراق سالٌی ١٩٩١)ئەمانەم لەڕێزی شەهیدەکانی کوردستان نەنوسیووە چونکە لەهەموو گوندەکان زۆرێك لەلاوانی کورد بەو شێوەیە بوون بەقوربانی جەنگەکانی دوژمنانی کورد و بەزۆربەسەربازگرتن هەر لەسەردەمی عوسمانیەکانەوە تا جەنگی کەنداوی ١٩٩٠-١٩٩١.





### خشتەی یەکەم شەهیدانی سێگردکان

| ژ | ناوی شەهید | پلە | شوێنی شەهیدبوون | ساڵەکەی | دوژمن | ئۆرگان | شۆرش |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | عومەر عەبدوڵلا ئسیماعیل | هاولاٽی | سێگردکان | ١٩١٨ | جەندرمە | - | سەردەمی عوسمانی |
| ٢ | عەبدوڵلا حەمە عەبدولرەحمان | هاولاٽی | سێگردکان | ١٩٦٥ | بەعس | - | ئەیلولی مەزن |
| ٣ | *عەبدوڵلا حەمەدەمین قادر(عەبدوڵلا جوتیار)* | کادیر | چەرمەگا- سورداش | ١٩٦٦ | بەعس | پ.د.ك | ئەیلولی مەزن |
| ٤ | محەمەد قادر حەمەدەمین | هاولاٽی | تەوێڵە | ١٩٧٥ | بەعس | - | ئەیلولی مەزن |
| ٥ | محەمەد ڕەسول محەمەد قادر | پێشمەرگە | شیوەپیران | ١٩٧٧ | بەعس | ح.س.ك | شۆرشی نوێ |
| ٦ | ئەحمەد قادر سادق | پێشمەرگە | پیرەروباوەقوب | ١٩٧٧ | بەعس | ی.ن.ك | شۆرشی نوێ |
| ٧ | عەبدولرەحمان ئیبراهیم عەبدوڵلا سۆنەگۆلی | پێشمەرگە | نەوتی تەقتەق | ١٩٧٨ | بەعس | ی.ن.ك | شۆرشی نوێ |
| ٨ | عەلی سالٌح قادر(عەلی سالٌح) | پێشمەرگە | مۆردخوارده | ١٩٨٢ | بەعس | ی.ن.ك | شۆرشی نوێ |
| ٩ | مریەمە سلێمان حەمە عەلی | هاولاٽی | سێگردکان | ١٩٨٣ | بەعس | - | شۆرشی نوێ |
| ١٠ | جەبار محەمەد ئەحمەد قادر | پێشمەرگە | سێگردکان | ١٩٨٣ | بەعس | ی.ن.ك | شۆرشی نوێ |
| ١١ | ئەکرەم قادر حەمەدەمین | پێشمەرگە | دۆلی بالەییان | ١٩٨٦ | بەعس | ی.ن.ك | شۆرشی نوێ |
| ١٢ | عەبدوڵلا عومەر قادر محەمەد | هاولاٽی | سێگردکان | ١٩٨٧ | بەعس | - | شۆرشی نوێ |
| ١٣ | ئەحمەد مەولود عومەر قادر | هاولاٽی | سێگردکان | ١٩٨٧ | بەعس | - | شۆرشی نوێ |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٤ | ریزان عەبدولرەحمان عەبدولمەجید | هاولاتی | سێگردکان | ١٩٨٧ | بەعس | - | شۆرشی نوێ |
| ١٥ | دەشتی عەبدولرەحمان عەبدولمەجید | هاولاتی | سێگردکان | ١٩٨٧ | بەعس | - | شۆرشی نوێ |
| ١٦ | زرار حەمەمستەفا عەبدوللا وەسمان | پێشمەرگە | لەسێداره درا | ١٩٨٧ | بەعس | ح.س.ك | شۆرشی نوێ |
| ١٧ | کاوه عەلی سالح قادر | پێشمەرگە | لەسێداره درا | ١٩٨٦ | بەعس | ی.ن.ك | شۆرشی نوێ |
| ١٨ | بەکر ئەحمەد حەمە عەلی | پێشمەرگە | شەوگێر | ١٩٨٢ | بەعس | ی.ن.ك | شۆرشی نوێ |
| ١٩ | جەوهەر سالح سالح | پێشمەرگە | تورکمان باغ | ١٩٨٦ | بەعس | ی.ن.ك | شۆرشی نوێ |
| ٢٠ | سەمەد ئەحمەد حەمە عەلی | پێشمەرگە | هەولێر | ١٩٨٨ | بەعس | ی.ن.ك | شۆرشی نوێ |
| ٢١ | سالح ئەحمەد حەمەعەلی | پێشمەرگە | هەولێر | ١٩٨٨ | بەعس | ی.ن.ك | شۆرشی نوێ |
| ٢٢ | قادر سمایل حەمە رەش | رێکخستن | سێگردکان | ١٩٨٣ | براکوژ ی | ح.س.ك | شۆرشی نوێ |
| ٢٣ | ونس ئەحمەد حەمە عەلی | پێشمەرگە | کەرکوك | ١٩٩١ | بەعس | ی.ن.ك | شۆرشی نوێ |
| ٢٤ | حەمەزیاد حەمەمستەفا عەبدوللا | پێشمەرگە | هەولێر | ١٩٩٤ | براکوژ ی | ی.ن.ك | براکوژی |
| ٢٥ | جەمال حەمەسالح قادر | پێشمەرگە | کۆیە | ١٩٩٤ | براکوژ ی | پ.د.ك | براکوژی |
| ٢٦ | وریا حاجی قادر سەروەر | پێشمەرگە | پێنجوین | ١٩٩٦ | براکوژ ی | پ.د.ك | براکوژی |
| ٢٧ | رەمەزان ئەحمەد حەمەعەلی(ئاکۆسور) | پێشمەرگە | شەقلاوه | ١٩٩٥ | براکوژ ی | ی.ن.ك | براکوژی |
| ٢٨ | محەمەد ئۆمەر ئیبراهیم | پێشمەرگە | | ١٩٩٥ | براکوژ ی | پ.د.ك | براکوژی |






## خشتەی دووەم ئەوشەهیدانەی بەر ئۆپەراسیۆنی ئەنفال کەوتوون

| ژ | ناوی شەهید | پلە | شـــــوێنی دەستگیرکرن | ساڵەکەی | دوژمن | ئۆرگ ان | شۆرش |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١- | مەجید عەزیز قادر | هاولاتی | پردێ | ٢/١١/١٩٨٧ | بەعس | - | ئۆپەراسیۆنی ئەنفال |
| ٢ | عەبدولرەحمان عەزیز مەولود | هاولاتی | پردێ | ٢/١١/١٩٨٨ | بەعس | - | ئۆپەراسیۆنی ئەنفال |
| ٣ | عەبدوللا محێدین عەلی | هاولاتی | پردێ | ٢/١١/١٩٨٨ | بەعس | - | ئۆپەراسیۆنی ئەنفال |
| ٤ | عومەر قادر سالح | هاولاتی | پردێ | ٢/١١/١٩٨٨ | بەعس | - | ئۆپەراسیۆنی ئەنفال |
| ٥ | نەجمەدین محەمەد فەخرەدین | هاولاتی | پردێ | ٢/١١/١٩٨٨ | بەعس | - | ئۆپەراسیۆنی ئەنفال |
| ٦ | محەمەد تەها وەسمان | هاولاتی | پردێ | ٢/١١/١٩٨٨ | بەعس | - | ئۆپەراسیۆنی ئەنفال |
| ٧ | ئارام عومەر حاجی مەلا | هاولاتی | قوشتەپە | ١٩٨٨ | بەعس | - | ئۆپەراسیرنی ئەنفال |
| ٨ | فەوزی عومەر حاجی مەلا | هاولاتی | قوشتەپە | ١٩٨٨ | بەعس | - | ئۆپەراسیرنی ئەنفال |
| ٩ | ئەحمەد حەمەدەمین محەمەد | هاولاتی | قوشتەپە | ١٩٨٨ | بەعس | - | ئۆپەراسیرنی ئەنفال |
| ١٠ | عەبدولرەحمان ئەحمەد محەمەد | هاولاتی | قوشتەپە | ١٩٨٨ | بەعس | - | ئۆپەراسیرنی ئەنفال |
| ١١ | ئیسماعیل محەمەدئیسماعیل | هاولاتی | قوشتەپە | ١٩٨٨ | بەعس | - | ئۆپەراسیرنی ئەنفال |
| ١٢ | عەبـــدولرەحمان عەبـــدوللا- هەمینـــە کەرکوکی | هاولاتی | قوشتەپە | ١٩٨٨ | بەعس | - | ئۆپەراسیرنی ئەنفال |
| ١٣ | حەمەدەمین ئەحمەد حەمەدەمین | هاولاتی | چەمرگە | ١٩٨٨ | بەعس | - | ئۆپەراسیرنی ئەنفال |
| ١٤ | محەمەد حەمەسالح قادر | هاولاتی | چەمرگە | ١٩٨٨ | بەعس | - | ئۆپەراسیرنی ئەنفال |
| ١٥ | دلشاد حەمید عومەر | هاولاتی | چەمرگە | ١٩٨٨ | بەعس | - | ئۆپەراسیرنی ئەنفال |
| ١٦ | ئەحمەد حەمید عومەر | هاولاتی | چەمرگە | ١٩٨٨ | بەعس | - | ئۆپەراسیرنی ئەنفال |
| ١٧ | محەمەد مەولود عومەر | هاولاتی | چەمرگە | ١٩٨٨ | بەعس | - | ئۆپەراسیرنی ئەنفال |
| ١٨ | یونس عەبدوللا عومەر | هاولاتی | چەمرگە | ١٩٨٨ | بەعس | - | ئۆپەراسیرنی ئەنفال |
| ١٩ | عەلی محەمەد ئیبراهیم-عەلی بچکۆل | هاولاتی | تـــــازەدێ- شەیتان | ١٩٨٨ | بەعس | - | ئۆپەراسیۆنی ئەنفال |
| ٢٠ | محەمەد ئیبراهیم محەمەد | هاولاتی | تەقتەق | ١٩٨٨ | بەعس | - | ئۆپەراسیرنی ئەنفال |
| ٢١ | ئەحمەد ئیبراهیم محەمەد | هاولاتی | تەقتەق | ١٩٨٨ | بەعس | - | ئۆپەراسیرنی ئەنفال |

# قەلأی سێگردکان یان بان قەلأت[48]



دەمێک بوو گوێ بیستی(قەلأی سێگردکان) بوو بووم، بۆیە بەرواری(٢٠٠٣/٣/٣١) ڕۆژی دوو شەممە، لەگەل(چالاك عەبدولخالق ئەمین)ی وێنەگری شەرمین لەتەقتەق ومامۆستا(عومەری مەلا عەبدولکەریمی سێگردکان ومامۆستا قوباد عومەر فەتحوڵلای برام) سەردانی گوندی سێگردکانم کردوو نیوەڕۆ لەماڵی مامۆستا(وهاب عەبدولکەریمی سێگردکان) بووینە میوان و دوای نیوەڕۆ بەرەو ئاقاری(بان قەلأت) بەرێ کەوتین، جگە لەمانەی باسم کرد، هەریەك لە(مەلا ڕەفیق برای مەلا عەبدولکەریمی سێگردکان و لالە عومەری مام عەزیز)یشمان بوونە هاوسەفەر و هاوڕێی گەشتەکەمان، بەژووروی گوندەکە بەسەر دۆلی(مێرەم

٤٨- ئەم گەشتەم لەژمارە(١)ی ساڵی یەکەمی کانونی دووەمی ٢٠٠٥ ی ڕۆژنامەی(تاك) بەناونیشانی قەلأی سێگردکان حەقیقەت ومێژوویەکی وون بلأوکردۆتەوە.





کوژرای) ڕێگامان گرتە بەر و چوینە سەرگردی(سورکەل) و ڕێگای کاروانی گوندەکە لەژورووی ڕۆژئاوا، لاڕێی(ژەنگار، قەلأمۆرد)، کە خەلکی گوندەکە بەم ڕێگایە بۆ(بەلەبان ومیرکە ونێرەگین و بەستی شەرغە) ڕۆیشتوون، لەڕێگادا بەلای دەستەچەپ لای خواروو(موردەلی ئەحمەکلاو) و(موردەلی ئەحمەسیس)یش لەبەشی سەروویدایە، لەلای دەستەڕاستی ڕێگاش(لوتکی ئیمام عەلی)یە، کە بە٣٠دەقیقە گەیشتینە لای بە پێ ڕۆیشتن لەئاواییەوە، لای ڕۆژهەلأتی قەلأکە(تەلەمۆرد ودۆلەخەزێنە)یە، لەبەشی خوارووی قەلأکە(قەلأتەمۆرد یان شیوی قەلأتە مۆردە)، لەسەرووی ڕۆژهەلأتی(لوولە وشك)ە، و لەڕۆژئاواشی(بلباسەلە)یە، لەئاواییەوە تاسەر قەلأکە بەپێ ڕۆیشتن(٥٠)دەقیقەی خایاند، کە گەیشتینە سەر قەلأکە تێبینی ئەوەم کرد کە هەموو پێکهاتەکانی قەلأکە سروشتیە ولەگردێك پێکهاتووە بەشی خوارەوەی(سورکە) و بەشی سەرووی بەهەرچواردەوری بە(ڕەوەزە شاخێك)دەورە دراوە، ئینجا سەرقەلأکە خاك وخۆلە، تەنها دوو توولە ڕێ هەبوو بۆ سەرکەوتن یەکێکیان لەباشوری خۆرئاوا و ئەویتریان لە باشوری خۆرهەلأتیدا، بەلأم تابلێی ڕێگاکە ناخۆشە ئەگەر مندالْ و بەسالأچوو و پەککەوتە بیت ناتوانیت سەر بکەویتە سەرقەلأکە، کە گەیشتینە سەر قەلأکە زەوییەکی قیناجی(بەدگونیە)ی فراوانمان بینی، نزیکەی یەك دۆنم(٢٥٠٠)مەتر دووجایە، بەلای ڕۆژهەلأتدا لێژایی هەبوو تا بەرەو ڕۆژئاوا بچوبایەی بەرزتر دەبوو، لەبەشی ڕۆژئاوای سەرقەلأکە(بیر)ێك هەبوو زۆر بەسروشتی دەچوو، بەلأم دەستکار بوو بەپانی(٢)مەتر لەڕووی سەرەوەی پان بوو تا بەرەو خوار و قولایی بیرەکە دەچووی فراوانتر دەبوو، قولیەکەی نەمابوو پڕبوو بۆوە ئەوەندەی

کەمابوو تەنها(٥)مەتر قوڵایی مابوو، لالە عومەری مام عەزیز ووتی"لەپەنجاکانی سەدەی ڕابردوو ئەو بیرەم بینیوە(١٠٠)مەتر قوڵ بووە"، بیرەکە بەوە ناچوو بۆ ئاو خواردنەوە لێدرابێت، دوو بیروبۆچونم لەلا گەڵاڵە بوو بۆ بیرەکە، یەکەم: لەوانەیە زیندانی بوو بێت یاخود دوای کوشتنی دووژمن یا نەیاران ڕووفاتەکەی فڕێ درابێتە نێویەوە، بەلاّم تا ئەمڕۆ بنی بیرەکە نەزانراوە چی تێدایە تا ئەم بیروبۆچوونە پەسند بکرێت یان بەلاوە بنرێت.

بیروبۆچوونی دووەم: ئەوەیە وەك ڕێگا و مەنفەزێك بووبێت بۆ دەرچوون و دەربازبوون لەکاتی تەنگانە وشپرەزەبوون چونکە دەووترێت لەبەشی ڕۆژهەڵاتی لەدامێنی قەلاّکە کونێکی گەورە هەیە و نەزانراوە لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە، بەدووری ئەم بیرە سێ بیریتر دەبینران لەسەر قەلاّکە، بەلاّم ئەوبیرانە بەوە دەچوو وەك(بیرەگومانانە) خەڵکی ئەم دواییانەی سێگردکان لێیان دابێت بەمەبەستی دۆزینەوەی پارچەی شوێنەواری و زێڕ و زیوو، واش دەردەکەوت کە ئەمانیش لەبنەڕەتدا بیربووبن بەلاّم ڕۆژگار پڕیکردونەتەوە، سەرم لەم بیرانە دەرنەچوو، بۆ(٣-٤)بیر لەتەك یەکتری لێدراون؟! تا ئەوەندە گەڕانە لەسەر قەلاّکە بەهیچ جۆرێك لەمێراب و قشراغی خانووم نەبینی تەنها کەرتە خشتی سوورەوەکراو نەبێت، بەلای لێژایی ڕۆژهەڵاتی قەلاّکە کەندرێك ئاوی باران دڕیویەتی لەو کەندرەدا کۆنە مێراب و گۆزەی شکاو وئێسك وپروسکم بینی، ئەو سێگردکانیانەی لەگەڵم بوون ووتیان"گۆڕ و قەبریشمان لێ بینیووە" بەلاّم من هیچ شتێکی لەو شێوەیەم نەبینی، کەندرەکە بەقولایی(١)مەتر زیاتر لەلێژایی ڕۆژهەڵاتی قەلاّکە ئاو دڕیوویەتی، ئەو خشتە سوورەوەکراوانەی کەمن بینیم پێوانەم کرد(١٦×١٦)سانتیمەتر بوون(پانی و درێژی) واتە





خشتەکان چوارگۆشە بوون و بەرزیەکەیان(٥)سانتیمەتر بوو، ئەوە حەقیقەتی(قەلاّی سێگردکانە) ئەوەندەی چاو بیبینێ، بەلاّم دڵنیام ئەگەر(کنەکاری و پشکنین)ی بۆ بکرێت مێژوویەکی کۆن وەدەر دەکەوێت و یەکێکە لەگردە شوێنەوارییەکانی ناحیەی سێگردکان، دوا قسە لەسەر قەلاّکە لالە عومەر عەزیز ووتی" لەمەلا ئەحمەدی کوێر دەگێڕنەوە گوایە ووتویەتی کوپەیەکی زێڕ لەناو ئەم قەلاّیە یە، لەوەرزێك لەگەل خۆر دەرکەوتن و سپێدە خۆر لێی دەدات" کەواتە خەڵکی گوندەکە هەندێکیان بەدوای ئەو قسەیەوە وێڵن و زۆر چاڵ و چۆڵیان لەسەر گردەکە هەڵکەندووە بەمەبەستی دۆزینەوەی ئەم کوپەزێڕە، بەلاّم بەداخەوە وەرزەکەی دیاری نەکردووە چ جای ڕۆژەکە؟!.

## کەسایەتیەکانی سێگردکان

### ١-مەلا قادری ڕەش



ناوی تەواوی(قادر مەولود عەبدوڵلا قادر)ە، بە بنەچە لەتیرەی(پالانی)یە و لەخزمانی قادری نەجیمی ئیلنجاغی گەورەیە، ساڵی ١٨٩٢لە ئاواییی سێگردکان لەباوکێکی ئیلنجاغی ودایکێکی سێگردکانی هاتۆتە ژیانەوە، لەبەرئەوەی باوکی ژیانی بەکاسبکاری و گاوانی گوندی سێگردکان بەڕێکردووە بۆیە هەر زوو لەمناڵییەوە(قادر)ی کوڕی دەنێرێتە بەرخوێندنی ئاینی تاوەکو ژیانی کوڕەکەی وەك باوکی پڕمەینەت و نەخوێندەوار نەبێت، لەلای چەندین مامۆستای ئاینی سەردەمی خۆی خوێندویەتی وەك:

١-مەلا ئەحمەدی ڕەش لە شارۆچکەی پردێ.

٢-مەلا عەبدوڵلای جەلیزادە لەشاری کۆیە.





٣-مەلا عەبدولرەحمانی پێنجوینی لەشاری سلێمانی.

٤-مەلا ئەفەندی لەشاری هەولێر.

٥-مەلا موفتی ئەمجەد زەهاوی لەشاری بەغداد.[49]

دواجار لەسەردەستی(مەلا فەتاحی خەتێ) مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرتووە، دوای ئەوەی بووە بەمەلا چەندین سوختەوفەقێی پێگەیاندووە و لەناوچەکانی(شوان وساڵەیی و شێخ بزێنی خواروو سەروو و دەشتی کۆیە و دزەیی و تەقتەق) بەمەبەستی پرسیاری شەرعی هاتونەتە لای و سودیان لێوەرگرتووە.[50]

لەژیانیدا سێ ژنی هێناوە،(عەیشێ)خەڵکی شارۆچکەی پردێ بووەو(نەجمەدین)ی لێی هەبووە، و(عاسمە) خەڵکی گوندی عەمشەی کەرکوکە، سێ کوڕی لێی هەبووە بەناوەکانی(مەلا عەبدوڵلا و مەلا عەبدولڕەحمان و مامۆستا مەلا عەبدولمەجید سێگردکانی) وخێزانی سێیەمی ناوی(ئامینە)بووە خەڵکی گوندی مەرزیخەی شێخ بزێنی خواروە وکوڕێکی بەناوی(مەلا جەلال) لێی هەبووە.

لەگەل ئەوەی زانایەکی ئاینی بەتوانا بووە بەلاّم بەداخەوە هیچ دەستنوس و بەرهەمێکی لەدوای خۆی بەجێنەهێشتووە، بەلاّم مامۆستا مەلا عەبدوڵلای فەرهادی دایناوە بە یەکێك لەزانا لێهاتووەکانی هەولێرو دەوروپشتی لەکتێبە بەنرخەکەی(الاكليل فی محاسن اربيل) لەلاپەرە(٣٤٤)چاپی هەولێر ئەڵێ"لەخزمەت کاکم مەلا سادقی فەرهادی چوینە گوندی سێگردکان

٤٩-ئاراس ئیلنجاغی، مەلا قادری ڕەش ، مانگنامەی(تەقتەق) ژمارە(٢)ی ڕێبەندانی ٢٧٠٠ی کوردی.

٥٠- ئاراس ئیلنجاغی، تەقتەق پەلکەزێرینەی کەنار زێی بچوك، سلێمانی، چاپی یەکەم، مایسی ٢٠٠٧ لاپەڕە ١٢٢.

لەساڵی ١٩٣٢ میوانی مامۆستا (مەلا قادر) بووین کە کۆمەڵێك فەقێی لێهاتووی لەخزمەت بوون بۆ خوێندنی ئاینی ئیسلامی پیرۆز و قەواعیدی عەرەبی و شەریعەتی ئیسلام، پیاوێکی زۆر بەتوانا بوو لەزانستە ئیسلامیەکان و زۆر لەسەرەخۆ بوو زمانێکی پاراوی هەبوو لەدووواندن وڕوونکردنەوەی زانیاری.[51]

مامۆستا مەلا قادری ڕەش زۆر نوکتەوگاڵتەوگەپی کوردەواری لێدەگێڕنەوە لەوانە:

مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی سێگردکان بۆی گێڕامەوە ووتی:

جارێك دەروێشێك هاتە لای مزگەوتی سێگردکان، بەڕەحمەت بێ عەوڵا قۆز و هەندێك گەنجیتر لەتافی لاوییدا بوون، لەدەروێشەکە کۆدەبنەوە و دەست دەکەن بەگاڵتەوگەپ وقسەکردن لەگەل دەروێشەکە، وورده وورده دەنگیان بەرز دەبۆوە، لەو کاتە مامۆستا مەلا قادری ڕەش دەرسی بە فێیەکان دەووت و ئەو دەنگەدەنگە کار لە وانەکە و فەقێکانی دەکات بۆیە لەپەنجەرەی حوجرەکەوە بەتوڕەیەوە بەدەروێشەکە دەڵێ"هەی نێرەکەر" دەروێشەکەش پێدەکەنێ و دەڵێ"زۆر مەمنون مامۆستا چانەبوو نەت ووت هەی ماکەر".

هەروەها مامۆستا مەلا جەلالی کوڕی بۆی گێڕامەوە: مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی سێگردکانی فەقێی بوو، وانەی فەرائیزی پێداوە، مەلاعەبدولکەریم کە فەقێی بوو دەڵێ"مامۆستا زۆر ڕەقە" مەبەستی دەرسی

٥١-د.جەمال موحەممەد باجەلان، بەیتێکی شیعری مامۆستا مەلا قادری ڕەش-سێگردکانی، ڕۆژنامەی تاك ژمارە ٨ی ساڵی یەکەمی مانگی ئابی ٢٠٠٥.






فەرائیز بووە، مامۆستا مەلا قادری ڕەشیش دەڵێت"کوڕم هێشتا ڕەقم نەکردووە"

مامۆستا مەلا قادری ڕەش لەتەمەنی٧٩ساڵیدا لەساڵی ١٩٧١ دڵەگەورەکەی لەلێدان دەکەوێت و لەگۆڕستانی شێخ محەمەدی سێگردکان بەخاك دەسپێردرێت.

## ٢-عەبدوڵلا جوتیار



ناوی تەواوی(عەبدوڵلا حەمەدەمین قادر)ە، لەساڵی(١٩٣٢)لەگوندی سێگردکانی ئەوکات هاتۆتە دونیاوە لە بنەماڵەیەکی مەلازادە بووە باوکی یەکێك لەمەلا دیارەکانی گوندی سێگردکانە وبە(حاجی مەلا) ناسراوبووە، لەنێوان ساڵانی(١٩٥٤-١٩٥٨)بەخێزانەوە لەشاری کەرکوك بەکاری

**دوکانداریەوە خەریکبووە[٥٢]، ساڵی ١٩٥٨پەیوەندی بەریزەکانی(پارتی دیموکراتی کوردستان)ەوە کردووە لەبەر لێهاتوویی زوو کراوە بە لێپرسراوی ڕێکخراوی(ساڵەیی وبیبانی)، لەهەڵبژاردنی جوتیارانی کەرکوك ساڵی(١٩٥٩-١٩٦٠)بەشداربووە هەربۆیە ناونراوە(مەلا عەبدوڵڵای جوتیار)، لەگەل چەخماخەی شۆرشی ئەیلولی مەزن بووە بەپێشمەرگە و هەر لەساڵی١٩٦١لە(دەربەندی بازیان)دەستگیرکراوە لەلایەن رژێمی عێراقەوە و(٤)مانگ زیندانی کراوە، دوای ئازاد بوونی لەساڵی ١٩٦٢دەبێتە لێپرسراوی جوتیارانی کەرکوك و لێپرسراوی ناوچەی(شوان وشێخ بزینی) و لەکۆتایی ئەو ساڵەدا دەبێتە لێپرسراوی پێشمەرگەی ناوخۆی جوتیارانی کەرکوك.**

**لەساڵی ١٩٦٣لیژنەیەکی پێکهێناوە لەپیاوماقولاڵن و کورد پەروەران بۆ چاوساغی کردنی شۆرش لەسنورەکە دژ بەپیاو خراپان ودەستنیشانکردنیان، ساڵی ١٩٦٤بەشداری کۆنفراسی(ماوەت) دەکات و لە١٣ی٧ی١٩٦٤ لەگەل هەڤاڵ مەلا خدر لەگوندی(کەلۆڕ) لەلایەن چەکدارەکانی(ملازم تاریق ئەحمەد)ەوە دەستگیردەکرێن و دەبرێن بۆ گوندی(مۆرد خواردە)، خۆشبەختانە لە١٤ی تەمموز لەدەست چەکدارەکان ڕادەکەن وخەڵکی گوندەکە داڵدەیان دەدەن، دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لەساڵی ١٩٦٥ و دەستگیرکردنی زۆربەی**

٥٢-چاوپێکەوتن لەگەل کوڕی شەهید(ئازاد عەبدوڵڵا حاجی مەلا)لەدایکبووی(١٩٥٦)سێگردکان لە٩-٩-٢٠١٣





**کادیرەکان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەناچاری دەگەڕێتەوە گوندی سێگردکان و لەوێ درێژە بەکاری ڕێکخستن دەدات، هەمان ساڵ هەندێك چەکداری رژێم دەچنە سێگردکان و مەلا عەبدوڵلا جوتیار بەسەمینۆفێکەوە ڕاویان دەنێ تا دەپەڕنەوە پەڵکانە و دەرماناو، دوای ئەم ڕووداوە دەچێتەوە (پیرەمەگروون) و لەلای (حاجی شێخ قادر) دەبێتەوە پێشمەرگە و دواتر ئەندامی لقی(٢)ی کەرکوك، لەماوەی خەباتی چەکداری و سیاسیدا لەسەر دەستی شەهید چەندین کادیروپێشمەرگە هاتونەتە ڕیزی شۆرشەوە لەوانە(مەلا حەمەدەمین، مەلا شینە، مەلا خدر عیزەدین، مەلا نوری، مەلا ناسح تۆماری، مەلا ئیسماعیل، مەلا تالیب، مەلا عەلی) و چەندین پێشمەرگەی وەك(عاسی ومەولود قەرەدەرەیی ومەجید حەمەڕەش وحەکیم حەمەڕەش وغازی محەمەد حوسێن وئەحمەد محەمەد حوسێن...تاد).**

**چالاکانە بەردەوام دەبێت لەخەبات تا لەبەرواری(١٥/١١/١٩٦٥)لەچیای پیرەمەگروون لەتەنگی(حاجی تان) لەڕووبەڕووبوونەوەی رژێم شەهید دەبێت و دەچێتە کاروانی شەهیدانەوە.[٥٣]**

٥٣-مەلا خدر عزەدین، شەهیدی فەرماندە مەلا عەبدوڵلای جوتیار ناوی وون نابێ، گۆڤاری(شەهید) ژمارە(١٢)ی ساڵی ٢٠٠١، لاپەڕە١١.

## ٣-عەلی ساڵح[٥٤]



ناوی تەواوی(عەلی ساڵح قادر)ە، لەساڵی(١٩٣٩)لەگوندی سێگردکانی ئەوکات هاتۆتە ژیانەوە، لەتەمەنی(٢٣)ساڵیدا پەیوەندی بەشۆڕشی ئەیلولی مەزنەوە دەکات ساڵی(١٩٦٢)، لەساڵی(١٩٧٠)پەیوەندی بە(کۆمەڵەی مارکسی لینینی)ەوە کردووە، لەدوای نسکۆی (١٩٧٥)گەڕاوەتەوە شاری هەولێر و لەکارگەی(جگەرە)ی هەولێر بووە بەکرێکار.

دوای ئەوەی هاوڕێیانی بەهۆی سەختی بارودۆخەکە دووچاری ڕاوەدوونان و خۆشاردنەوە هاتن، ئەوسا (عەلی ساڵح) لە کۆمیتەی(هەرێمی هەولێر) درێژە بەخەباتی سیاسی دەدا، هەڵسوڕاوانە وەك کرێکارێکی ووشیار لەسازدان و ئامادەکردنی تێکۆشەران بەتایبەت ڕەنجدەرانی بیرەباوەڕ و بازوو، لە ئەڵقەکانی ڕۆشنبیری پەروەردەی دەکردن.

---

٥٤- چاوپێکەوتن لەگەل کوڕی شەهید(نەهرۆ عەلی ساڵح قادر) لەدایکبووی(١٩٧٦)ی سێگردکان، لەبەرواری(١١/٧/٢٠١٣).





لەساڵی(١٩٧٦) لەسەر داوای سەرکردایەتی کۆمەڵە و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە بەپێشمەرگە لەیەکەم مەفرەزەی سەرەتایی، وەك کادرێکی لێوەشاوەی کۆمەڵە یەکەم کەس بووە لەسەر بڕیاری سەروو خەباتی چەکداری هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی شان بەشانی هەڤاڵانیتر زەمینەکی لەبار بۆ ئەو هاوڕێیانە فەراهەم بکەن کە دەکەوتنە بەر ڕاوەدوونانی دەسەڵاتداران لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە بۆ گەیاندنی پەیام بەکۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و دوژمنانی گەلی کوردیش کە کورد هیوا وئومێدی هەڵسانەوە و شۆڕشی هەیە، پاشان لەساڵی ١٩٧٨بۆ ماوەیەك لەسەرکردایەتی مایەوە ودواتر کرا بەفەرماندەی کەرت لەدەشتی هەولێر، شەهید خۆشەویستی جوتیاران بوو بەتایبەت لەناوچەکانی دەشتی هەولێر و دەشتی کۆیە وشوان وشێخ بزێنی، پیاوێکی لەسەرخۆو ڕاستگۆبوو، ڕۆڵی ئازایانەی بینیووە لەچەندین داستانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەك(شەڕەکانی دەشتی کۆیە ساڵی ١٩٨١، شەڕی بناری کۆسرەت لەمانگی ٦ی١٩٨٠) لەساڵی ١٩٨٢ گوازرایەوە وەك فەرماندەی هەرێمی دووی کەرکوك ، لەهەمان ساڵدا لە گوندی(مۆردخوارده) لە بەرواری(٢٠/٣/١٩٨٢)دەکەوێتە ناو گەمارۆی هێزەکانی ڕژێمەوە کە پێکهاتبوو لەجاشەکانی(قالە فەرەج وتەحسین شاوەیس وحەمەی شێخ حەسەن) بەهاوکاری(١٤)هەلیکۆپتەری جۆری(ئەلیوت)، شەهید عەلی ساڵح هاوسەنگەرانی لێیان هاتنە دەست و زیانێکی زۆر بەدوژمن دەگەیەنن، بەڵام مخابن دوای برینداربوونی عەلی ساڵح، کەماهیەتی دوژمنی چاك ناسیبوو، خۆی نادات بەدەستەوە، بەدوا فیشەکی خۆی خۆی شەهید دەکات، لەدوای خۆی دوو کوڕ و کچێکی بەناوەکانی(کاوە، نەهرۆ، مهاباد) جێ دێلێت و لەساڵی ١٩٨٧یش کاوەی کوڕە گەورەکەی لەبەغداد بەدەستی ڕژێم لە سێدارەدەدرێت.

## ٤-ئاكۆ سور[٥٥]



ئاوازێكم سەمفۆنیاكەم
هەلهەلەی ڕەبیەگرتنی كاك ئاكۆیە

ناوی تەواوی(ڕەمەزان ئەحمەد حەمەعەلی) ناسراو بە(ئاكۆسور)ساڵی ١٩٦٥ لەگوندی سێگردكان هاتۆتە ژیانەوە، تاوەكو قۆناغی شەشەمی سەرەتایی خوێندووە، لەتەمەنی(١٦)ساڵیدا لەساڵی ١٩٨٠پەیوەندی بەڕێكخستنەكانی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستانەوە كردووە، لەهەرێمی دووی چەمی ڕێزان ساڵی ١٩٨٢لەتەمەنی(١٨)ساڵی چەكی پێشمەرگایەتی دەكاتە

٥٥-ئاراس ئیلنجاغی، پارتیزانەكانی كەركوك، چاپی یەكەم، سلێمانی، ٢٠١٢،لاپەره٧١-٧٢-٧٣-٧٤





شان، بەشداری و فەرماندەیی چەندین داستان و نەبەردی پێشمەرگایەتی كردووە، وەك(شەڕەكانی ناو كەركوك، ڕێگای كەركوك- هەولێرو شوان- كەركوك، توركی، پردێ، هەولێر، نەبیاوە، مەڵبەندی(٣)وسەركردایەتی، كوردستانی ئێران، دۆڵی جافایەتی، خواكورك...تاد ).

پلەكانی پێشمەرگایەتی پلە بەپلە بڕیوە هەر لەفەرماندەیی مەفرەزە وە تاوەكو جێگری لیوای تایبەتی كەركوك ، لەتەمەنی پێشمەرگایەتی تاقە چڕكەیەكیش كوردستانی جێ نەهێشتووە، و دوای ئەنفالەكانیش لەدۆڵی(هەنارەی عەمەدۆن) لەشێخ بزێنی خواروو، فەرماندەی ڕستی كەركوكی پارتیزانەكانی(ی.ن.ك)بووە، هەر ئەمەش وایكردووە مەداڵیایی زێڕینی(ی.ن.ك)ی پێ ببەخشرێت.

ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لەدروستكردنەوەی شانە چەكدارەكانی كەركوك بەر لەڕاپەڕین و لەڕاپەڕینیش ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لەرزگاركردنی شاری كەركوك لە٢٠/٣/١٩٩١دوای شەهیدبوونی(یونس ئەحمەد حەمەعەلی) برای سەنگەر جێ ناهێڵێت تا خۆشی برینداردەبێت، دواجار دوای(١٤)ساڵ خەبات لەشەوی٢٤/٢٥ی١٢ی ١٩٩٤لەشاخی(سەفین)لەشەڕی نەگریسی(ناوخۆ) دەچێتە كاروانی شەهیدانەوە، جگە لەخۆی(٥)برا و كوڕێكیشی شەهیدبوون بەناوەكانی(بەكر ومەلا سەمەد و ساڵح بیكەی سی و یونس و محەمەد و دارای كوڕی).

## هەڵهێنجان لەلێکۆڵینەوە مەیدانیەکە

ناحیەی سێگردکان بە چەقی ناحیەکەوە تەنها(١٠) کەرتی کشتوکاڵی هۆبەی کشتوکاڵی سێگردکانە، تا ئەو لێکۆڵینەوەیە بریتییە لەناوچەیەکی کشتیاری و زۆربەی دانیشتوانەکەی خەریکی بەرهەمهێنانی بەرووبومە کشتوکاڵییەکان وبەخێوکردنی سامانی ئاژەڵن، هەوڵم داوە لەلایەنی توانای مرۆیی ناوچەکە چەند خاڵێك بخەمەڕوو بەتایبەت لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانی ناحیەکە و گوندنشین و شارنشینەوە وە لەڕووی تیرەگەری و ئەو هۆزە کوردییانەی لەسنوری ناحیەکەدا نیشتەجێن، لەلایەکیترەوە شۆرشە یەك لەدوایەکەکانی کورد و سیاسەتی ڕژێمەکانی عێراق چەند شەهید وقوربانی و ئەنفالکراوی لێکەوتۆتەوە، جگە لەمانە توانای پێشکەوتن و داهێنان ودروستکراوەکانیان لە شوێنەوارو خرابگە و قەڵاکاندا، سەبارەت بە خزمەتگوزارییەکانیش گوند بەگوند لەگەڵ باسکردنی گوندەکان خراونەتە ڕوو، لەلایەکیتریشەوە بواری خوێندن و کردنەوەی قوتابخانەکان و ژمارەی قوتابیان لەساڵی خوێندنی ٢٠١٢-٢٠١٣، هەموو ئەمانە تەوەر بەتەوەر لەخوارەوە دەیانخەمە ڕوو:





## یەکەم: دانیشتوانی ناحیەکە لە٢٠١٣

لەڕوومالکردنە مەیدانیەکەدا دەرکەوت کە هەموو گوندەکانی ناحیەکە بە گوندنشینان ئاوەدانن ، جگە لە گوندی(کانی سلێمانە) کە چۆڵەوئاوەدانی تێدا نیە ، تێکرای دانیشتوانی ناحیەکەو دەوروبەری(٥٤٢)خێزانە و سەرخێزانەکانی(٣٣٥٦)کەسە ، چڕی دانیشتوانەکەی بەستانداری جیهانی مام ناوەندیەو لە یەك کیلۆمەتر چوارگۆشەدا(١٦کەس)نیشتەجێیە ، ڕێژەی دانیشتوانی شارنشینی(٣٧,٢٥٪)ە و(٢٥٥)خێزان لەچەقی ناحیەکەدان کەژمارەیان(١٢٥٠)کەسە ، و گوندنشینیشی(٦٢,٧٥٪)ە، و(٣١٧)خێزان لە گوندەکانیدا نیشتەجێن و کەژمارەی سەرخێزانەکانیان(٢١٠٦)کەسە ، وەك لەخشتەکەی خوارەوە دەردەکەوێت:

| ژ | ئاوەدانی | ژمارەی خێزان | سەرخێزان |
|---|---|---|---|
| ١ | سێگردکان | ٢٢٥ | ١٢٥٠ |
| ٢ | ئۆمەرگومبەت | ٤٨ | ٢١٩ |
| ٣ | سێکانی | ٨٤ | ٦٧٠ |
| ٤ | تازەدێ | ٣٧ | ٢٩٠ |
| ٥ | قەمبەر | ٢٠ | ١٤٠ |
| ٦ | ئاوماڵ | ٣٥ | ٢٠٥ |
| ٧ | سارتك | ٤٨ | ٣٣٣ |
| ٨ | جلبەسەر | ٢٩ | ١٦٠ |
| ٩ | بەردەسپی | ١٦ | ٨٩ |
| ١٠ | کانی سلێمانە | چۆڵە | - |
| | سەرجەم | ٥٤٢ | ٣٣٥٦ |

## دووەم: تیرەگەری لەسنورەکەدا

لەڕووی تیرەگەری و هۆزایەتیەوە سنورەکە تێکڕا نەکەوتۆتە ژێرکاریگەری هۆزایەتی و تیرەگەرییەوە، ئەوەی وەك سۆزوخۆشەویستی تاکەکانی دەردەکەوێت خۆشەویستیە بۆ گوندەکەوسنوری گوندەکانیان و کوردستانی بوون، ئەمەش بەیەکێك لەو فاکتەرانە دادەنرێت کەلەداهاتوودا پێشکەوتنی باش بەخۆیەوە ببینێت، بەلاّم ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە لەم سنورەدا خەڵکی ناوچەکە سەر بەهیچ تیرە وهۆزێك نەبن، بەڵکو زیاتر لەنەوەی(٢٠)تیرەی کوردستانی لەسێگردکان وگوندەکانی دەوروبەری بەیەکەوە دەژین، جگە لە گوندەکانی(جلبەسەر و کانی سلێمانە)، کە یەکەمیان(سەییدەکان) و دووەمیان(لەك)ن، وە ئەگەرنا هەموو گوندەکانیتر بەسێگردکانیشەوە زیاتر لەنەوەی یەك تیرەیان تێدایە و هەندێکیشیان تا نەوەی(٦)تیرەیان تێدایەو بەیەکەوە دەژین، گرنگترین تیرەو هۆزەکان بەم شێوەیەی خوارەوە لەگوندەکاندا دەژین:

١- دەربەندی لەگوندەکانی(ئۆمەرگومبەت و سێگردکان وبەردەسپی وسارتك وئاومالّ وتازەدێ) نیشتەجێن.

٢- لەك لەگوندەکانی(کانی سلێمانە وبەردەسپی و ئاومالّ وقەمبەر و سارتك) نیشتەجێن.

٣- شێخ بزێنی لەگوندەکانی(تازەدێ و قەمبەر و ئاومالّ و سارتك وبەردەسپی) نیشتەجێن.

٤- شێخان لەگوندەکانی(بەردەسپی و سارتك و ئاومالّ و تازەدێ نیشتەجێن.





٥- سەییدەکان لەگوندەکانی( جلبەسەر و ئۆمەرگومبەت و سارتك وسێکانی) نیشتەجێن.

٦- بەگزادە لەگوندەکانی(سێکانی و قەمبەر و تازەدێ) نیشتەجێن.

٧- بابان لەگوندی(سێکانی) نیشتەجێن.

٨- پیریادی لە(سێگردکان) نیشتەجێن.

٩- پالاّنی لە(سێگردکان) نیشتەجێن.

١٠- ناوشوانی لە(سێگردکان) نیشتەجێن.

١١- گەردی لە(ئۆمەرگومبەت) نیشتەجێن.

١٢- مام ڕەشی شوان لە( ئۆمەرگومبەت) نیشتەجێن.

١٣- بلّباس لە(ئۆمەرگومبەت) نیشتەجێن.

١٤- سیان لە(ئۆمەرگومبەت) نیشتەجێن.

١٥- زەنگنە لە(ئۆمەرگومبەت) نیشتەجێن.

١٦- دەلّۆ لە(سێکانی) نیشتەجێن.

١٧- زوڕناسەری لە(ئاومالّ) نیشتەجێن.

١٨- کەلّهوڕیی لە(سارتك) نیشتەجێن.

١٩- مەڕوانی لە(بەردەسپی) نیشتەجێن.

٢٠- شێروانی لە(بەردەسپی) نیشتەجێن.

## سێیەم: شوێنەوارو خرابگەکانی

هەرچەندە کنەکاری زانستیانە لەسنورەکەدا بۆ ناوچە شوێنەوارییەکان نەکراوە، بەلاّم لەسنوری ناحیەکە و گوندەکانی دەوروبەری نزیکەی(٢٣)پارچە زەوی بنەماکانی شوێنەواری و خرابگەیان پێوەدیارەو لەهەندێکیشیان پارچەی شوێنەواری دۆزراوەتەوە و هەندێکیش بەئاشکرا دیارن کە شوێنەوارن وەك(قەلاّی سێگردکان و قەلاّی سارتك و بانی باغەشێخانی جلبەسەر و مەزاری ئۆمەرگومبەت و دۆڵە خەزێنەی سێگردکان)، ئەمەی خوارەوەش خشتەی ناوی ئەو پارچە زەوییانەیە کە لەڕووماڵکردنە مەیدانیەکە دانیشتوانی گوندەکان بەخرابگەو شوێنەوار ناویان هێناون:

| ژ | ئاوەدانی | پارچە | ناوی پارچە زەوییە شوێنەوارییەکە |
|---|---|---|---|
| ١ | سێگردکان | ٦ | بان قەلاّت، دۆڵەخەزێنە، کەلکەل، هەوارتاعون، باسك قرقاجین، بان خوندی |
| ٢ | ئۆمەرگومبەت | ٦ | چاکی ئۆمەرگومبەت، کەلەکین، بالە، قەبرستان، ئەحمەکلاّو، شێمحەمەو |
| ٣ | سێکانی | ٢ | کانی قوڕە، بان کەور |
| ٤ | تازەدێ | ٢ | قەرەشەیتان، کانی حەمرە |
| ٥ | قەمبەر | ٣ | کەرەکین، ئاوحەلە، کونەپشیلە |
| ٦ | ئاوماڵ | ١ | گردی پەرکێ |
| ٧ | سارتك | ١ | قەلاّی سارتك |
| ٨ | جلبەسەر | ١ | بانی باغە شێخانی |
| ٩ | بەردەسپی | - | - |
| ١٠ | کانی سلێمانە | ١ | کاولە خانیان |
| | سەرجەم | ٢٣ | |





## چوارەم: شەهید وئەنفالکراوەکان

شەهید هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە بوون بەقوربانی هەر لەکۆتایی سەردەمی عوسمانیەکانەوە تا ساڵی ٢٠١٣، چ هاولاّتی و گوندنشین بووبن یان پێشمەرگەی سەنگەر، یان ئەوانەی کە بوون بەقوربانی لەشەڕە نەخوازراوەکانی کورد بەکورد(براکوژی) لەحزب وپارتە سیاسیەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی لەسەدەی ڕابردوو و ئێستادا، هەموو بارودۆخە ناسەقامگیرەکانی هەرێمی کوردستان هەر لە کۆتایی دەسەلاّتی عوسمانیەکانەوە و شوڕرشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ی گەلاّنی عێراق و شۆرشی ئەیلولی مەزنی ساڵی ١٩٦١ وپەلاّماری بەناو (حەرەس قەومی)بەعسیان ودوو کەرتبونی پارتی دیموکراتی کوردستان لەشەستەکانی سەدەی ڕابردوو ونسکۆی ساڵی ١٩٧٥ و سەرهەڵدانەوەی شۆرشی نوێ و براکوژی کۆتایی حەفتاکان و سەرەتاکانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو وشالاّوە دڕندانەکانی ئۆپەراسیۆنی ئەنفال و ڕاپەرینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ و کۆڕەوە مەزنە ملیۆنیەکەی کوردان و براکوژی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووی نێوان پارت و لایەنەسیاسیەکانی گۆڕەپانی کوردستان و پرۆسەی ئازادکردنی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣ و هەموو کارە تیرۆرستیەکان لەناوچەی لێکۆڵینەوەکەدا ڕەنگدانەوەیان هەبووە و قوربانی و شەهید و ئەنفالکراوی لێکەوتۆتەوە، لەسنوری لێکۆڵینەوەکەدا(سێگردکان و دەوروبەر) لەڕووماڵکردنە مەیدانیەکەدا ئەوەی سەبارەت بەشەهید و ئەنفالکراوان وەدەست کەوت ناوی(١٦٣)شەهید وئەنفالکراوە، کە(٣٦) ئەنفالکراو و(١٢٧)شەهیدە، لەنێو شەهیدەکاندا(٤٨٪)یان هاولاّتی و گوندنشین بوون کەژمارەیان(٦١)شەهیدی هاولاّتی بوون و(٥٢٪)یان پێشمەرگە و رێکخراوی نێو ئۆرگانەکانی پارت ولایەنە سیاسیەکانی کورد بوون،

کەژمارەیان(٦٦)شەهیدی پێشمەرگە و سەنگەربوون، ئەوەی جێگەی نیگەرانی یە زیاترلە(٢٠٪)ی شەهیدەکان کە ژمارەیان(٢٦)شەهیدە لە شەڕە نەخوازراوەکانی براکوژی شەهیدکراون، دەکرێت بەتەواوەتی نەتوانرا بێت ناوی هەموو شەهیدەکان تۆمارکرابێت، چونکە هەموو ڕوومالکردنێك بێ کەموکوڕی نابێت، بەلاّم تاوەکو توانیبێتم هەوڵمداوە کەمترین ناو لەبیر بکەین چونکە شەهیدەکان بەردەبازی شۆرش و گەلن و نابێت لەبیر بکرێن، ئەوەی لەبیریش کرابێت دەبێتە بەشێك لەکەم وکورتیەکانی لێکۆلینەوەکە هەڵبەت ئەمەش دەبێتە جێگەی نیگەرانیم، هەر چۆنێك بێت ئەوەی خوارەوە خشتەی ژمارەی ئەو شەهید و ئەنفالکراوانەیە کە لەسنوری لێکۆلینەوە مەیدانیەکە(سێگردکان نشین) تۆمارکراون:

| ژ | ئاوەدانی | ژ. ئەنفالکراو | ژ. شەهید | شەهیدی هاولاّتی | شەهیدی سەنگەر | شەهیدی براکوژی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سێگردکان | ٢١ | ٢٨ | ٨ | ٢٠ | ٦ |
| ٢ | ئۆمەرگومبەت | ٢ | ١٧ | ١٣ | ٤ | ١ |
| ٣ | سێکانی | ١ | ١١ | ٣ | ٨ | ٢ |
| ٤ | تازەدێ | - | - | - | - | - |
| ٥ | قەمبەر | ٥ | ٣ | ٢ | ١ | ١ |
| ٦ | ئاومالّ | ٦ | ١٢ | ٣ | ٩ | ٨ |
| ٧ | سارتك | - | ٢١ | ١٣ | ٨ | - |
| ٨ | جلبەسەر | - | ١٣ | ١٣ | - | - |
| ٩ | بەردەسپی | - | ١٦ | ٦ | ١٠ | ٨ |
| ١٠ | کانی سلێمانە | ١ | ٦ | - | ٦ | - |
| | سەرجەم | ٣٦ | ١٢٧ | ٦١ | ٦٦ | ٢٦ |






## پێنجەم: ئاستی خوێندن

لەناوچەی لێکۆلّینەوە خوێندن تا پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو هەر لەحوجرەکاندا بووە وەك حوجرەکانی(جلبەسەر و سێکانی و ئۆمەرگومبەت و ئاومالّ) کەخوێندنی ئاینی بووە و زۆر درەنگ قوتابخانە لەتێکڕای سنورەکە کراوەتەوە، بۆ یەکەمجار لەچەقی ناحیەکەی ئەمڕۆ(سێگردکان) لەساڵی خوێندنی(١٩٥٩-١٩٦٠) قوتابخانە کراوەتەوە و دوای(١٢) ساڵ ئینجا قوتابخانە لەگوندی(سارتك) کراوەتەوە و هەموو گوندەکانیتری ناحیەکە لەدوای نسکۆی شۆرشی کورد ساڵی ١٩٧٥قوتابخانەیان لێکراوەتەوە، لەساڵی خوێندنی(٢٠١٢-٢٠١٣) لەهەموو سنورەکەدا(١٢) قوتابخانە و خوێندنگەی بنەڕەتی و دواناوەندی تێدایە کە(١٠٨٦)قوتابی وخوێندکاری هەبووە، لەگەل(١) باخچەی ساوایان لەچەقی ناحیەکەدا کەلەساڵی خوێندنی(٢٠١٣-٢٠١٤) کراوەتەوە و مامۆستا(کۆچەر عەزیز سەلیم) یەکەم بەرێوەبەری بووە کە بۆ هەمان ساڵ(٥٠)ساوای هەبووە، لەخوارەوە خشتەی ناوی قوتابخانەکان و ساڵی دامەزراندیان و ژمارەی قوتابیەکانیانە بۆساڵی خوێندنی(٢٠١٢-٢٠١٣):

| ژ | قوتابخانە | ساڵی دامەزراندن | پۆلەکانی | یەکەم بەڕێوەبەری | ژ.قوتابی لە٢٠١٣ | بەڕێوەبەری ساڵی ٢٠١٢-٢٠١٣ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سێگردکانی بنەڕەتی تێکەڵاو | ١٩٥٩-١٩٦٠ | ١-٦ | کەریم سەدر کۆیی | ٢٣٣ | عەبدولڕەحمان عەزیز حەمەدەمین |
| ٢ | داناوەندی سێگردکانی تێکەڵاو | ١٩٧٧-١٩٧٨ | ٧-١٢ | محەمەد ئەحمەد ڕەسول | ٢٦١ | دلێر مەجید عەزیز |
| ٣ | ئۆمەرگومبەتی بنەڕەتی تێکەڵاو | ١٩٧٦-١٩٧٧ | ١-٦ | سەعدی محەمەدخزر | ٦٠ | ڕێبازسەلام بەهرام |
| ٤ | شەهید دێدەوانی بنەڕەتی تێکەڵاولەسێکانی | ١٩٧٦-١٩٧٧ | ١-٦ | سوهادجەلال هەولێری | ١٢٥ | هاوبیر سلێمان تەها |
| ٥ | سێکانی بنەڕەتی تێکەڵاو | ٢٠١٠-٢٠١١ | ٧-٩ | پشتیوان جەلال حەمید | ٧٥ | پشتیوان جەلال حەمید |
| ٦ | تازەدێی بنەڕەتی تێکەڵاو | ١٩٧٨-١٩٧٩ | ١-٦ | ئیلهام مستەفا محەمەد | ٤٧ | ڕەنجبەر عومەر قادر |
| ٧ | قەمبەری بنەڕەتی تێکەڵاو | ١٩٧٨-١٩٧٩ | ١-٦ | نیهایەت کەرکوکی | ٧ | محەمەد عەزیز ڕەشید |
| ٨ | زەریای بنەڕەتی تێکەڵاو لەئاومال | ١٩٧٥-١٩٧٦ | ١-٦ | قابیل مەلا فەتاح ئەمین کۆیی | ٧٣ | ئارام ڕەمەزان حەمەدەمین |
| ٩ | ئاومالی بنەڕەتی تێکەڵاو | ٢٠٠٧-٢٠٠٨ | ٧-٩ | دیاری قادر ڕەسوڵ | ٨٨ | کامەران عومەر عەبدوڵلا |
| ١٠ | سارتکی بنەڕەتی تێکەڵاو | ١٩٧٠-١٩٧١ | ١-٦ | عەبدولڕەحمان سەعید سولێمان | ٧٨ | ڕۆژگار جەلال سەلام |
| ١١ | جلبەسەری بنەڕەتی تێکەڵاو | ١٩٧٦-١٩٧٧ | ١-٦ | ئیبراهیمی گابەرەکە | ٢٦ | مەجید محەمەد مەجید |
| ١٢ | بەردەسپی بنەڕەتی تێکەڵاو | ١٩٧٨-١٩٧٩ | ١-٦ | ڕەسول عەزیز مولود | ١٣ | فەرمان عەبدولسەمەد سابیر |
| ١٣ | کانی سلێمانەی بنەڕەتی تێکەڵاو | ١٩٧٥-١٩٧٦ | ١-٦ | ئیبتهاز حوسێن عەلی | - | - |
| ١٤ | باخچەی ساوایانی سێگردکان | ٢٠١٣-٢٠١٤ | - | کۆچەرعەزیز سەلیم | ٥٠ | کۆچەرعەزیز سەلیم |
| | سەرجەم | | | | ١١٣٦ | ساواو قوتابی وخوێندکار |

## بەشی دووەم

# سیبەر نشینەکانی سیگردکان



شێوە نەخشەی سێگردەکان و گوندەکانی

# گوندی ئۆمەرگومبەت

ناوی ئەم گوندە لە ناوی(چاکێك)ەوە هاتووە، کە سعاتە ڕێیەك لەسەرووی خۆرئاوای گوندی ئۆمەرگومبەتەوە دوورە، ئەم چاکە پێی دەوترێت(ئۆمەرگومبەت) تا ئەم دواییانەی سەدەی ڕابردوو خەڵکی ئۆمەرگومبەت مردوویان لە گۆرستانەکەی دەوروبەری ئەم مەزارە ناشتووە، بەبێ جیاوازی و بیروڕای جۆراوجۆر هەموو خەڵکی ئۆمەرگومبەت ئەم بیروبۆچونەیان لەسەر ناوی گوندەکەیان هەیە.[١]

---

[١] سەبارەت بەکۆکردنەوەی زانیاری لەسەر گوندی ئۆمەرگومبەت چاوپێکەوتنم لەگەل ئەم بەرێزانەی خوارەوە ئەنجامداوە:

١ – عەبدولعەزیز حاجی سۆفی حاجی ئۆمەر حاجی مەولود قادر، لەدایکبووی ١٩٢٢ی ئۆمەرگومبەت، لە٢٥-٦-٢٠١٣، هاولاّتی.

٢-حەمەدەمین مستەفا قادر عەلی قادر(حەمەدەمین شیرن)، لەدایکبووی ١٩٣٩ی ئۆمەرگومبەت، لە٢٥-٦-٢٠١٣، هاولاّتی.

٣-حاجی عەلی حەمەدەمین ئۆمەر مەولود قادر خدر، لەدایکبووی ١٩٤٧ی ئۆمەرگومبەت، لە٢٥-٦-٢٠١٣، هاولاّتی.

٤-رەشید عەبدوڵلا محەمەد ئۆمەر، لەدایکبووی ١٩٥١ی ئۆمەرگومبەت، لە٢٥-٦-٢٠١٣، هاولاّتی.

٥-ئیبراهیم عەبدولرەحمان ئیبراهیم برایم، لەدایکبووی ١٩٤٠ی ئۆمەرگومبەت، لە٤-١٢-٢٠١٢، هاولاّتی.

٦-ئەکرەم ئەحمەد قادر حەمەسوور، لەدایکبووی ١٩٥٦ی ئۆمەرگومبەت، لە ٢-١٢-٢٠١٢، هاولاّتی.

٧-قادر حەمە مستەفا ئەحمەد(قادر خەجێ)، لەدایکبووی ١٩٥٤ی ئۆمەرگومبەت، لە ٤-١٢-٢٠١٢، هاولاّتی.





## سنوری گوندی ئۆمەرگومبەت

ئەم گوندە بەدووری (٦)کیلۆمەتر لەرۆژهەلاّتی ناحیەی سێگردکان هەڵکەوتووە، گەورەترین ڕووبەری لە نێو گوندەکانی ناحیەکەدا هەیە و نزیکەی(٥٠)کیلۆمەتری چوارگۆشەیە، کە دەکاتە (١٩٩٨٧)نۆزدە هەزارونۆسەدوهەشتاوحەوت دۆنمی کشتوکاڵی، (٣٥٨٨)دۆنمی شیاوی چاندن و(٧١٨١) دۆنمیشی پاوان ولەوەڕگایە، وە (٩٠٠٠) دۆنمی بەراوەو(٢١٨) دۆنمی حەرەمی گوندەو(٧)کانی و(٢)کارێزی هەیە، زۆربەی زەوی وزارەکانی خاوەندارێتیەکەی بۆ میری دەگەرێتەوە جگە لە(١٢٥)دۆنمی نەبێت تایبەتە و خاوەندارێتیەکەی بۆ جوتیارەکانی دەگەرێتەوە.[٢]

لەهەڵکەوتەی ئەسترۆنۆمیدا کەوتۆتە نێوان هێلی پانی(٣٥,٥٥-٣٥,٩٥)پلەی باکوری نیوەگۆی زەوی و نێوان هێلی درێژی(٤٤,٢٩-٤٤,٤٨)پلەی ڕۆژهەلاّتی نیوەی زەوی، و لەبەرزی(٤١٩)مەتر لەئاستی رووی دەریاوەیە کە دەکاتە(١٣٧٥)پێ.[٣]

لەڕۆژهەلاّتدا هاوسنورە لەگەڵ گوندەکانی(گەرمکی تەقتەق و تاڵەبانی گەورەو کانی لەلە)، لەخۆرئاواشدا لەگەل گوندەکانی(میرکەوقەمبەرونێرەگین وسێگردکان) ئاقاری دەگەرێتەوە، وە گوندەکانی(ئیلنجاغی گەورەو سماقە) سنوری سەروویان دەورەداوە، لەباشوریدا ئاقاری گوندی(کانی لەلە)ناهێلێت هیچ پارچە زەوییەکی ئۆمەرگومبەت بکاتە کەناری زێی بچووك.

---

[٢] پشت بەستن بەداتای تۆمارکراو لە فەرمانگەی هۆبەی کشتوکاڵی سێگردکان.

[٣] نەخشەی هێزە چەکدارەکانی عێراق، ساڵی ١٩٨٧

لەسنوری ئەم گوندە چەندین خرابگەوشوێنی شوێنەواری تێدایە وەك( چاکی ئۆمەرگومبەت، کەلەکین، بالە، قەبرستان، ئەحمەکلاو، شێمحەمەدی ئەحمەکلاو،کاولە هەواری گوندی گۆرقەرەجی زێدی حاجی قادری گەورەشاعیری کورد) وە هەروەها چەندین گۆڕستان و گۆریچکەی کۆن و لەمێژینانەی تێدایە وەك(گۆرستانی شێخ سمایل کە مردووی لێدەنێژن، لەگەل قەبرستانی مەلا ئەحمەدی گەورە(شێخ مەلا ئەحمەدی کوێر ئۆمەرگومبەتی)ئەویش هەر ئەمڕۆ مردووی لێدەنێژن، گۆرستانی عەبدولعەزیز، گۆرستانی سەید وەسمان، گۆڕستانی شێمحەمەد، گۆڕستانی کاولە گۆرقەرەجی زێدی حاجی، گۆڕستانی بانەڕەقە) جگە لەگۆڕستان چەند چاك وشەخسێك لە ئۆمەرگومبەتدا هەیە کە تائێستاشی لەگەلدا بێت هەندێك لە خەڵکی هانایان بۆ دەبەن تا لەلای خودادا ببنە شەفیعیان وەك(چاکی ئۆمەرگومبەت، چاکی سەید وەسمان، ئەسحابەی گۆرقەرەج).

چەند کارێزوکانیاوەك لەسنوری ئۆمەرگومبەتدا هەیە وەك(زەلین، دارەبی، باپیرە، جەژنی سوێر، ڕێ قڕی خەزایی، دەرماناو)وە چەند گردێك دەوری ئاواییەکەیان داوە وەك( لەرۆژهەلات گردی ئامینەوگردی مێرخانە و لەرۆژئاوا گردی بەردمێرکی ولەباکوردا گردی زالواو جگە لەمانە لە سنوری گوندەکەدا گردی تریش هەن و هەریەکەو ناوێکی هەیە وەك گردۆڵکەکانی(گۆرکەکە، کەلی چاوشین، گەرووی زالواو، گەرووی شیلانە، گردەل، قەلاتەسوور، گردی شەمشیرە، گەرووی ئاوازە) بەلاٚم بەرزترین گردی سنورەکەیان گردی(کۆرتەتە)یە کە سێگردکانیەکان هەندێك ساڵ بۆ کشتیاری بەکاریان هێناوە، چەندین پارچە زەوی پشتاو لەسنوری ئەو گوندە دا هەیە وەك( بان





تاڵەبان، بان چاکی ئۆمەرگومبەت، سەرخوندێتی، بان قەیتاز، بان ئەحمەکلاو، بانی هەنارە)هەروەها چەند ئەشکەوتۆکەیەکیش لەسنورەکەیاندا هەیە وەك (ئەشکەوتی حمەسمێل، ئەشکەوتی خدرمێرەم. ئەشکەوتی کەلەکین، ئەشکەوتی باپیرە، ئەشکەوتی قورمینگەوجویلەکە) بەلاٚم تێکرای سنوری ئۆمەرگومبەت لەزەوی بەراو هەژارە و تەنها پارچەیەکی بچووك نەبێت لەخوار شێروەزن لەنزیکی ئاقاری گوندی کانی لەلە.

## پێکهاتەی دانیشتوانی ئۆمەرگومبەت

دانیشتوانی ئۆمەرگومبەت بنەچەیان دەگەرێتەوە بۆ ناوچەی دەربەندی شاهۆی کوردستانی ڕۆژهەلاٚت، باپیرەگەورەیان بەناوی(جومعە) هاتۆتە دەوروبەری سنوری ئەمڕۆی گوندەکە سەرەتا لە(مەرزانی سەرێ) لەنێوان ئاقاری گوندی (ئیلنجاغی گەورەومەرزان) خۆی گرتۆتەوە و هەر لەوشوێنە لە گۆڕستانی(کانی قەبران) لەمەرزانی سەرێ بەخاك سپێردراوە کە بە(جومعە دەربەندی)ناسراوبووە، ئەوانەی ئەمڕۆ کەخۆیان بۆ ئەو زاتە دەگێرنەوە بە(٨-٩)پشت دەژمێرن تا دەگەنەوە جومعەدەربەندی.

تیرەکانی گوندی ئۆمەرگومبەت بریتین لە(دەربەندی، گەردی، مام ڕەشی شوان، بلباس، سیان، زەنگەنەی گۆرقەرەجی ) دەربەندی زۆرینەی گوندەکەیە و ئەوانیتر لەناویاندا تواونەتەوە، جگە لەو تیرانە دابەش دەبن بۆ چەند بەرەباب وبنەماڵەیەك وەك(کاکی، کەرخۆری، خلەگۆجە، شەلەوەندی، مامیل، گەردی، حەمەی گولاٚن(هوری)، گۆرقەرەجی، سۆفی عەوللاٚ) کە بەرەی(کاکی)یەکان لەرووی ژمارەی خێزانەوە زۆرینەن و بەدوای ئەمانیشەوە

بەرەی(کەرخۆریەکان)دێن، (شەلەوەندیەکان)یش لەرووی خزمەتکردنی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە زۆرترین مەلایان لێ هەڵکەوتووەو مەلازادەبوون وەك(مەلا ئەحمەدی ڕەشی شەلەوەندی، مەلا عومەری خانەقای شەلەوەندی، مەلا سدیق شەلەوەندی، مەلا عەبدوڵلای شەلەوەندی، مەلا حەمەدەمینی شەلەوەندی باوکی مەلا عەبدوڵلا و مەلا نوری، مەلا محەمەدی ئۆمەرگومبەتی) جگە لەمانە لەمێژووی ئۆمەرگومبەت چەندین زانای ئایینی تر هەڵکەوتوون وەك: شێخ مەلا ئەحمەدی کوێر ئۆمەرگومبەتی و نەوەکانی(محەمەدنور ونورمحەمەد وخەلیفە عەبدوڵلا) و مەلا ئەحمەدی گەورەو مەلا مەحمودی ئۆمەرگومبەتی کە لە مزگەوتی(بابەکراغای کۆیە)مزگەوتی گەورەی ئەمڕۆی شاری کۆیە مەلایەتی کردووە.

وە ئەوانەی لەمێژووی گوندی ئۆمەرگومبەت کاری کێخوایەتیان کردووە ئەمانە بوون:

١-کێخوا مام دەروێش کوری مەحمود کوری قادر

٢-کێخوا حاجی ئۆمەری کوری حاجی مەولودی کوری قادر

٣-کێخوا محەمەد کوری حاجی ئۆمەری کوری حاجی مەولود ناسراو بە(حاجی سۆفی)

٤-کێخوا ئەحمەد کوری حاجی مەولودی گچکە کوری محەمەدی کوری حاجی مەولودی گەورە

٥-کێخوا عەبدوڵلای کوری حاجی سۆفی کوری حاجی ئۆمەری کوری حاجی مەولودی کوری قادر





٦-کێخوا حەمە عەلی کوری حەمە کوری عەلی کوری محەمەو کوری حاجی مەولودی گەورە

٧-کێخوا قادری کوری حەمەسوری کوری خدر(خلەگۆجە)

٨-کێخوا حەمە کوری حاجی مەولودی گچکەی کوری محەمەد

٩-کێخوا عەبدولڕەحمانی کوری عەبدولعەزیزی کوری فەقێ محەمەد

لەناو کێخواکاندا(حاجی سۆفی) ناوداربووە کەناوی تەواوی(محەمەدحاجی ئۆمەرحاجی مەولودە)، هەروەها لەبنەماڵەکانی ئەم گوندە چەند کەسایەتیەکی دیار هەڵکەوتوون وەك(حاجی ئۆمەری حاجی مەولودی قادری کاکی وحاجی کەچەڵ محەمەدی کەرخۆری وحەمەسوری خدر(خلەگۆجە)وحاجی فەقێ محەمەدی مەلا ئەحمەدی ڕەشی شەلەوەندی و حەمەی ئۆمەر گەردی وئۆمەرحاجی مەولودی مامیل و محەمەدی حاجی عەبدوڵلای حاجی سۆفی وحەمەی مێرەم حاجی سیسەی کەرخۆری وحاجی محەمەدی هەمەی کوری ئەحمەدی گۆرقەرەجی وخاڵە ئەحمەوی کاکی و عەبدولقادری حاجی محەمەدی هوری وئەحمەشێخان و یاسین ڕەسول).

# هەندێك پەندوگۆتەوبەسەرهاتی کوردەواری
# ئۆمەرگومبەت

## ١-هەمینە مەستان، بەدەست عەلیە شەلەوە بێ

دەگێڕنەوە لەئاوایی ئۆمەرگومبەت کچێکی زۆر جوان دەبێت بەناوی(هەمین)، لە یەکێك لەئاهەنگەکانی ژنهێنان لەشاییدا بەدەست پیاوێکەوە دەبێت کەناوی(عەلی)بووەو(شەل)یش بووە، (ئەحمەدشازە)ش شایەرێکی بەتوانابووە کە دەبینێت هەمین بەو شۆخ وشەنگیەوە هەر لەدەستی عەلیەشەلەوەیە، تورە دەبێت و شاییەکە بەجێ دەهێڵێت وڕێی گوندی ئیلنجاغی گەورە دەگرێت و لەبەرخۆیەوە هەر دەڵێت(هەمینەمەستان بەدەست عەلیەشەلەوە بێت)، بە ڕۆیشتنی ئەحمەشازەش شایەکە تێك دەچێت، بۆیە یەکێك لەبرادەرەکانی بەدوای دەچێت تاوەکو بیگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی شایەکە هەڵسوڕێنێت و بەردەوام بێت، لەڕێگادا توشی دەبێ وپێی دەڵێت:"لەمنت نەکەوێ تۆ شایەرێکی ئەوەندە بەتوانای ناتوانی وابکەی هەمینە مەستان بەبەندان لەدەستی عەلیە شەل دەربهێنی؟! وەرە بگەڕێوەو بەس بە بەندان عەلیەشەل شەرمەزاربکەوبەمەش هەمینە مەستان بەخۆی لەدەستی دێتە دەرەوە" ئەحمەشازەش ئەمەی دەچێتە عەقڵەوە ودەگەڕێتەوە و شاییەکە گەرم دەکاتەوەو بەبەندان دەڵێت:

بەژن وبێ ماڵم عەلیەشەل
پای بێ تۆپاڵم عەلیەشەل





هەمینە مەستانیش کە گوێی لەم بەندە دەبێت دەڵێت"ئای عەلیەشەل شانم پێتەوە دەرهات"بەم شێوەیە لەدەستی دەردەچێت.

## ٢-بوختان بەمان کەن

لەهەمموو ئاوایییەکانی کوردستان نمونەی لەو شێوەیە زۆرن بەڵام بەهۆی خۆشی شێوەزارەکەیان لەسنوری ووراتی کۆیە ئەم کینایە وئیدۆمە باوەو لەسەر زاراندا دەوترێت، دەگێڕنەوە لە ئاوایی ئۆمەرگومبەت(سۆفی ئۆمەر)و(سۆفی ئاجەر)حەزبییان لەیەکتری کردووە وئەو حەز لەیەکترکردنەش هەموو خەڵکی ئاوایی پێی دەزانێ و خەریکە بکەونە بەرباس وخواسی حەڵکی گوندەکە، بۆیە لەیەکێك لەژوانەکانیان، کە سۆفی ئاجەر لەباوەشی سۆفی ئۆمەر دەبێت لەحاڵەتی ئامێز وتێك ئاڵاندا، سۆفی ئاجەر بەسۆفی ئۆمەر دەڵێت"سۆفی ئۆمەر خەڵك ناومان دیاریك" سۆفی ئۆمەریش لەسەرەخۆ دەڵێت" بوختان بەمان کەن".

## ٣-ماری بور بازی نەمرم، بەتحەسیامەوە

دەگێڕنەوە پیاوێکی جوتیاری گوندی ئۆمەرگومبەت بەکاروباری کشتیارییەوە زۆر ماندوو وهیلاك دەبێت، ڕۆژێك لەڕۆژان لەناو گۆلەکانی شینایییەکەی مارێك پێوەی دەدات، ئەویش دەڵێت"ماری بور بازی نەمرم بەتحەسیامەوە" واتە ئەگەر بەهۆی ژەهرەکەیەوە نەمرێت ئەوا بۆ چەند ڕۆژێك لەسەر جێگا دەکەوێت وپاڵ دەکەوێ وبۆماوەیەك دەحەسێتەوە.

## ٤-هێڵکەوڕوون خۆر ئەوەندەشی؟

ئۆمەر ئەڵلایی پیاوێکی پاڵەوانی گوندی ئۆمەرگومبەت بووە لەزەمانی حەماغای گەورەی کۆیە، رۆژێکیان ڕێگەی دەکەوێتە شاری کۆیە بۆ فرۆشتنی گندۆرە، لەنزیك (سێ تاقان) پاڵەوانێکی (حەماغا) پێشی لێدەگرێ و تەشقەرەی پێدەکات و بارەگندۆرەکەی خراپ دەکات و گێچەڵی تەواوی پێدەکات، ئەویش نایکاتە نامەردی بەیەك لێدان و ناوقەدگرتنی پاڵەوانەکەی حەماغا لەگەڵ زەوی تەخت دەکا، دواتر کەماڵی حەماغا بەمە دەزانن بەپاڵەوانەکەی خۆیان دەڵێن" هێڵکەوڕوون خۆر، ئەوەندەشی؟!"

## ٥-ئەگەر زاڵم تەعدای لێکردی، تۆش لەخاکی قایم بکە

لەکۆنەوە زوڵمکردن هەر هەبووە، ئەوانەی دەسەڵاتداربوون زۆرجاران زوڵمیان لەبێ دەسەڵاتان کردووە، لەسەردەمی(حاجی ئۆمەری حاجی مەولود)جەندرمەو زەفتیەی عوسمانی هاتوون بۆ گوندی ئۆمەرگومبەت و هەندێك جار زوڵی باشیانکردووە، بەتاڵان وبڕۆ وشتی تر، بۆیە حاجی ئۆمەر ووتویەتی" ئەگەر زاڵم تەعدای لێکردی، ئەتۆش لەخاکی قایم بکە" واتە باشتر بایەخ بەزەوییە کشتوکاڵیەکانتان بدەن و هەرخاکە دەتوانێ بەرهەمی باش و جوان بدات بەڕەنج وماندووبون، زاڵمیش خودا حەقی لێ وەردەگرێتەوە.

## ٦-ئامین هەندێك خوێ بێنە، ئاشەکە بێ خوێ یە!

لالە برایمی کوری عەبدولرەحمانی کوری برایمی عەبدوڵلای برایم بۆی گێرامەوە و وتی" ساڵی ١٩٧٠تازە ژیانی هاوسەریم لەگەڵ(ئامین)ی خێزانم





پێکەوەنابوو، لە یەکێك لەڕۆژەکانی ئەو ساڵە، دوو خۆشناوی غەریبەی کاروانچی بۆ ئێوارە بوونە میوانمان، ئامینیش ئاشی شۆربای نیسکی بە ئاوەتەماتەی لێنابوو، سفرەوخوانی ئامادەکرد وئاشەکەی خستە سەر سفرەکە، پێش میوانەکان کەوچکێکم لەشیوەکە خوارد، ئەوەندە سورو پڕخوێ بوو، کەبینیم میوانەکانیش دەستیان بۆ کەوچك برد و سەیری یەکتریان کرد، منیش بۆئەوەی کابانیەکەی ئامینی خێزانم نەشکێ ووتم"ئامین هەندێك خوێ بێنە، ئاشەکە بێ خوێ یە؟!"کە ئامین خوێیەکەی هێنا یەك کەوچکیترم خوێ کردە قاپەکەی بەردەمی خۆمەوە و شیوەکەم خوارد و ناوەناوەش بەمیوانەکانم دەووت" شەرمێ مەکەن ئەگەر ئاشەکە بێ خوێ یە خوێی تێبکەن!"ئەوانیش دەیان ووت" بەزیاد بێت عەیبی نیە؟!".

## ٧-هەموو وەرزێك دەبینن بەڵام بەمرازان ناگەن

(زاڵم هەموو وەرزێك دەبینێت، بەڵام بەمراز ناگات)

گوندی ئۆمەرگومبەت ئاغا دێ نەبووە، بەڵام لەسەردەمی ئاغاو دەربەگان، ناوە ناوە ئاغاکان چاویان بڕیوەتە گوندەکەو هەوڵیانداوە داگیری بکەن لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم(١٩٠٠-١٩٥٠)یەکێك لەئاغاکان کەسێك دەنێرێتە گوندەکەو بەحسابی ئەوەی کە نوێنەری ئاغاکەیە، خەڵکی ئۆمەرگومبەتیش لەلایەن لالەو بەساڵاچووەکانیانەوە تەگبیر دەکەن و بەخەڵکی ئاوایی دەڵێن" با هەموو جەمێك(ژەمەخۆراك) بچینە ماڵی ئاغاو لەبنی دەربێنین" ئیتر خەڵکی ئاوایی ئەو تەگبیرە جێ بەجێ دەکەن و کابرای نوێنەری ئاغا دەهێننە سەر (ساجی عەلی) و بەناچاری گوندەکەیان بۆ

بەجێدەهێڵێت، جارێکیتر ئاغاکانی کۆیەوشێخ بزێنی هەوڵی خۆیان دەدەنەوە بۆ دەست بەسەراگرتنی گوندی ئۆمەرگومبەت، بەڵام(حاجی سۆفی) بەیەکێك لە ئاغاکان دەڵێت"ئاغا هەموو وەرزێك دەبینن، بەڵام بەمراز ناگەن" ئاغاش تێدەگات بێسوودە لەگەڵیان بۆیە وازیان لێ دەهێنێت و گوندەکەیان بۆ بەجێ دەهێلێت.

## ٨-داستانی شیربەو بەگ

لە ئاقاری(ئەحمەکلاو)، هاوینەواری(قەیتاس)لەگوندی ئۆمەرگومبەت هەبووە، لەو هاوینە هەوارە ژنێکی زۆرجوان بەناوی(زەمانە) هەبووە، دیارە لە وولاتی ئێران پاشاکەی گەڕاوە بۆ ئافرەتێکی جوان، لەڕێگەی گەڕیدەو جاسوسەکانیەوە بە شۆخ وشەنگی و جوانی ئەم ژنە دەزانێت، بۆیە لەشکر دەنێرێ و داوای ئەم ژنە جوانە دەکات، خاوەنی ئەم ژنە ناوی(شێربەو) بووە واتە(شێربەگ)پیاوێکی ئازاو ڕەشید بووە تا شەهید دەبێت لەگەلیان دەجەنگێ، هەر بۆیە ئەمڕۆ بەو شوێنە دەوترێت(گردی شێربەو).

## ٩- زەفتیە کوشتن لەهەنارەی عەمدۆن

زەفتیەکانی عوسمانی زوڵمیان زۆر لەخەڵك دەکرد، بۆیە جارێك لەجاران خزمانی ئۆمەرگومبەت دەیانەوێت سنورێك بۆ ئەو زوڵمکردنەیان دابنێن، پلانێك دادەنێن و سنوری خۆیان بەجێدەهێڵن و دەچنە ئاقاری سەختی هەنارەی گوندی عەمدۆن تاوەکو نەزانرێت گەنجانی ئۆمەرگومبەت دەستیان





لێوەشاندوون، بۆسەیەك بۆ زەفتیەکانی عوسمانی دەنێنەوە، زەفتیە چەتەکانی ئەو کاتە کەزوڵمیان دەکرد دەکەونە بۆسەکەوە کەناویان(خلەپیزە و عەریف سەقا و مەنتیقەڕەش و حەمەدەمین ڕەواندزی) هەموویان دەکوژرێن تەنها یەکێکیان بەبرینداری ڕزگاری دەبێت، بەهۆی گەرمەی هەڵمەت و تەقەکردنەوە یەکێك لە جاحێلەکانی ئۆمەرگومبەت بەشێوەزاری خۆیان قسە دەکات بەمە ئاشکرا دەبن کە کوڕانی ئۆمەرگومبەت و برازاکانی (حاجی ئۆمەری حاجی مولود)ن، هەر بۆیە زەفتیەکانی عوسمانی بۆ ڕۆژانی دواتر دێنە (شێروەزان) لەجوتیارێك دەدەن ئەویش خۆی لەبەر ئازارەکە ناگرێ و دەڵێ"حاجی ئۆمەر لە ئێوەی داوە ئەوەتە بۆ لەمن دەدەن"زەفتیەکانیش حاجی ئۆمەر دەستگیر دەکەن و دەیبەنە کەرکوك، حاجی ئۆمەریش هەر دەڵێ"یا ئۆمەر گومبەت هاوارە"

## ١٠-شوانەی شێرکوژ(وامزانی پخەکەش پەلاماری شێرەکەیە)

دەگێڕنەوە لەبێشەلانی شێروەزەنی نێوان گوندی(کانی لەلە و ئۆمەرگومبەت) شێرێکی غەزری دەبێت، کەس ناوێرێت بەو شوێنە گوزەر بکات، ڕۆژێك لە ڕۆژان شوانێکی(مەنتك یان سورچی) ڕێی دەکەوێتە ئەو ناوچەیە و شێرەکە پەلاماری دەدات، ئەویش هەر لەگەل دەنگی شێرەکە ووریا دەبێت و گۆپاڵەکەی دەستی توند دەگرێت ولەتەپلی سەری شێرەکەی دەدات و شێرەکە لەهۆش خۆی دەچێت و شێرەکە دەکوژێت، ئەم هەواڵە بلاوەدەبێتەوە

وەدەگاتە سەرای کۆیە، لەکۆیەش دەڵێن ئەو کەسەی شێرەکەی کوشتووە خەڵات دەکرێت، بۆ ڕۆژی خەڵات وەرگرتن(١٠)کەس دەچنە سەراو هەموویان دەستی خۆیان پێچاوەتەوە، بەڵام ئەو کەسەی کە دەیەوێت خەڵاتەکە بدات یەك یەك چاوپێکەوتنیان لەگەل دەکات و پرسیاریان لێدەکات کە چۆن چۆنی شێرەکەیان کوشتووە؟ لەپرێکیش پخێك دەکات(٩)کەسی یەکەمیان لە(پخەکە)دەترسن و ئاشکرا دەبێت کە ئەوانە شێرکوژەکە نین! کە نۆرەی شوانە دێت بۆ چاوپێکەوتن هەمان پرسیاری ئاراستە دەکرێت و لەکاتی وەڵامدانەوە کابرای سەرای کۆیە پخەیەك دەکات و شوانەکەش هەتا خودا دەیگرێت دەکێشێت بەدەم وقەپۆزی کابرا، کابرای سەراش دەڵێت"بەڕاستی تۆ شێرەکەت کوشتووە، بەڵام بۆ وەها توووند لەمنت دا"شوانەش دەڵێت" من بەتەواوەتی لە ناو گێڕانەوەکەدا بووم، وامزانی پخەکەش پەلاماری شێرەکەیە؟!".





## چاکی ئۆمەرگومبەت(شەخسی ئۆمەرگومبەت)

ئەم چاکە لەسەرووی خۆرئاوای گوندی ئۆمەرگومبەت هەڵکەوتووە، بەدووری یەك سعاتە ڕێ، دەکرێت یەکێك لەپیاوچاکان بوو بێت وپلەی خواناسی و لەخواترسانی بەرزبووە، بەڵام بەداخەوە وەك ئەوەی ناوی تەواو و بنەچەی ئەم زاتە هەبێت نەمبیستووە و نەکەوتۆتە بەرچاویشم لەهیچ سەرچاوەیەك و کتێبێك تەنها لەناوەکەی دەردەکەوێت ئەو چاکە(عومەر)ی ناو بووە، خەڵکی ئۆمەرگومبەت و نەوەکانی جومعە دەربەندیش درەنگ بەو چاکەیان زانیووە، بەهۆی گاوانێکەوە کە گایەکی لێدەکەوێتە چاڵی مەرقەدەکەوە، ئەم ڕووداوە لەلای خەڵکی ئۆمەرگومبەت بووە بەسەربووردەو گێڕانەوە، هەر دوای ئەم ڕووداوەش گوندی ئۆمەرگومبەت ئەم ناوەی بەسەردابڕاوەو بووە بەگوندی(ئۆمەرگومبەت).

ناشزانرێت ئەم مەرقەدە دوای مردنی(عومەر)ی خواناس دروستکراوە یان خۆی بۆخۆی دروستیکردووە؟! چونکە گێڕانەوەکان لەهەندێك حاڵەتدا دەبنە پێچەوانەی یەکتری، گومبەتەکە شێوەی بازنەیی یە وتیرەکەی(٣)مەترەو بەرزیەکەی(٢)مەترە، لەنێو خەندەقی بازنەی مەرقەدوگومبەتەکە بەلای ڕاستدا(٢)تونێل بەدیدەکرێت ناشزانرێت ئەم تونێلانە چەند دوورو درێژو قوڵن وبۆچ مەبەستێك لێدراون، هەندێك دەڵێن یەکێك لەتونێلەکان دەچێتە سەر کانیاوێك لەدۆڵەکەی تەنیشتی مەرقەدەکەوە، سەری تونێلەکان لەناو گومبەتی مەرقەدەکەوە بەشێوەی دەرگا دەردەکەون و نیوە کەوانەیی(٥٠)سانتیمەترین.

کەرەسەکانی کە گومبەت ومەرقەدەکەی پێ دروستکراوە بریتین لە بەرد و کەرپوچ ولمی قورِینەی سەردەمانی زوو[٤]، ئەوەی تێبینی کراوە ئەم مەزاروگومبەت و مەرقەدەی ئۆمەرگومبەت تا ئەمرۆش بە مەزارگایەکی ئاینی دادەنرێت و باوەڕدارانی بڕوایان بەپیاوچاکی ئەو چاکە هەیە، سالآنە لەسنوری پارێزگای هەولێروگوندەکانی دەوروبەری لێرەولەوێ سەردانی دەکەن بۆمرازوهانای بۆ دەبەن، ئەوەی لەزاری خەڵکەوە لەسەر ئەو مەرقەدەوە بیستومە هەندێکی دەخەمەڕوو:

عەبدولعەزیزی حاجی سۆفی حاجی ئۆمەر لەدایکبوی ١٩٢٢ی ئۆمەرگومبەت بۆی گێڕامەوە و وتی: عەبدوڵلای حاجی محەمەدی هەمەی گۆرقەرەجی لەکاتی پەلاماری ئەنفالی ساڵی ١٩٨٨ رژێمی بەعس بۆ سەر ئۆمەرگومبەت، خەونێکی بینیبوو بۆی گێڕامەوە ووتی"لەخەوما سێ کەس هاتنە پێش جەیش وجاش ئەوانیش(ئەحمەشێخان ومەلا ئەحمەدی گەورەو چاکی ئۆمەرگومبەت)، ئۆمەرگومبەت لەجەیش وجاشەکە هاتە وەڵاّم و ووتی: لەڕووبار بپەڕنەوە هەردوو چاوتان دەردەکەم "، بەمەش بۆ بەیانی کە جەیش وجاش هاتن لەڕووبار نەپەڕینەوە و نەهاتنە ئاقاری گوندی ئۆمەرگومبەت، هەر ئەمەش وایکرد ژن ومنداڵ وفیرارێکی زۆری گوندی ئۆمەرگومبەت لە ئەنفال رزگاریان بوو.

هەروەها ووتی: دوای کوشتنی زەفتیەکانی عوسمانی لەشکری عوسمانی دێنە شێروەزەن و حاجی ئۆمەری باپیرەم دەگرن و دەیبەنە کەرکوك، حاجی

---

[٤] سوودم لەڕاپۆرتێکی دەستنوسی(دانا حەمەدەمین عەبدوڵلا محەمەد ئۆمەر مەولود قادر)، لەدایکبوی ١٩٨٨، دەرچووی کۆلیژی یاسای زانکۆی سەلاحەدین لە ٢٨-٦-٢٠١٣کە بۆی ناردووم.





ئۆمەریش دەڵێت"یا ئۆمەرگومبەت هاوارە"، ووتویەتی:"لەکەرکوك کاتێك زەلامێکی سپی بەدەرکەوت وسینگی نا بەمێزەکەی بەردەمی لێپرسراوی زەفتیەکان ووتی" وەڵلا ئەو پیاوە عاجزبکەی هەردوو چاوت دەردەکەم" لێپرسراوی زەفتیەکان کەوتە دوایی و هەموو شوێنەکانی لەدوای کرد و لە هەرچی پرسیاری کرد دەیان ووت نەمانبینیووە؟! ڕەنگی سپی دەبێت بە نوسەرەکەی کە ئەوراقی دەنوسی دەڵێت: بیکە بەخاتری خودا لێی گەڕێ بابڕوات و بۆ ڕۆژی دوایی حاجی ئۆمەر ئازاد دەکەن و دەگەڕێتەوە ئۆمەرگومبەت.

لالە برایمی عەبدولرەحمانی برایمی عەبدوڵلا لەدایکبووی ١٩٤٠ی ئۆمەرگومبەت بۆی گێڕامەوەو ووتی" مەرقەدی ئۆمەرگومبەت خەڵك لەکۆنەوە بۆ چارەسەرکردنی شێت ونەخۆش و مرازو چاکەکاری سەردانیان کردووە، شوێنی خەڵوەتگرتن و عیبادەت بووە، حەیوان بەمێگەلەوە بۆلای مەرقەدەکە بردراوە یەکێك لە ئاژەڵەکان بەقارِە قارِەوە دەچووە لای مەرقەدەکەو ئەم حەیوانە دەکرایە قوربانی وخێر، هەروەها ووتی کابرایەك لەسێگردکانەوە هاتووە بۆ سەر مەرقەدەکەو میزی گیراوە کە گەیشتۆتە سەر مەرقەدەکە میزەکەی کراوەتەوە، وە سەرگوزشتەیەکی کۆنی گێڕایەوە و ووتی: گایەك دەکەوێتە ناو مەرقەدەکەوە کەخاوەنەکەی پێی دەزانێت دەلێ گایەکە مەولودی پێغەمبەر خێر بێت بەلاّم کەس هیچی لێ نەیەت، کە دەگاتە لای مەرقەدەکە گایەکەی ساغ وسەلامەتە، بۆیە پەشیمان دەبێتەوەو لەدڵی خۆیدا گایە خێرەکە دەکاتە بزنێك بۆ خێرەکەی، کە گایەکە دەردێنن دەست دەکاتە لرخەلرخ بەهەزار حاڵ چەقۆی پێ ڕادەگات، هەر لەکۆنەوە خەڵکی

ئاواییەکانی میرکە ونێرەگێن وسماقەو قەمبەرو ئیلنجاغی گەورەو سێگردکان سەردانیانکردووە.

قادری حەمەمستەفای ئەحمەد ناسراو بە قادری خەجێ لەدایکبووی ١٩٥٤ی ئۆمەرگومبەت سەبارەت بەمەرقەدەکە ووتی: شوێنەواری ئۆمەرگومبەت لەتابووك وخشتی سورەوەکراو لەشێوەیەکی گۆزەیی دروستکراوە و دوو دەرگای هەیە و جەنازەی ئۆمەرگومبەتی تێدایە، ٣×٤مەترە ڕووبەری مەرقەدەکە ودەرگایەکیان دەچێتەوە سەر شیوی (سەرقەل دووتوان) ئاوی خواردنەوەی هەیەو بۆ ژیان گوزەران و دەستنوێژهەڵگرتن بەکارهێنراوە، بەڵام دەرگای دووەمی ڕوو لەقیبلەیە شوێنی نوێژکردنەوکۆتایی دێت و دەرگای نیە، ووتیشی: لەدوای ڕاپەرین پارەیان لێدۆزیوەتەوە و سەری مەرقەدەکەش لەساڵی ١٩٧٩چیمەنتۆکراوە لەلایەن (حاجی شەمسەدینی ئەحمەدی ڕەحمەی تەقتەق)، ساڵانە عەبدوڵڵای مام قادری ئۆمەرگومبەت سەرپەرشتی قوربانی سەر مەرقەدەکەی کردووە و تا ئەم دواییانەش خەڵکی عەقیدەیان پێی هەیە و لەکاتی نەخۆشی وتەنگانە هانای بۆ دەبەن.





## خانەقای عومەرگومبەتی یان خانەقای دەربەندیان

خانەقای(ئۆمەرگومبەتیان) یان(دەربەندیان) لەگەڕەکی زێویەی ئیمام قاسم یەکێکە لە مزگەوت وخانەقا و قوتابخانە کۆنەکانی شاری کەرکوك، ئەم شوێنە لەلایەن بەرەبابی(شەلەوەندی)ی دەربەندییەکان کە ناسراون بە(مەلازادەی دەربەندی) زیاتر لەدوو سەدە لەمەو بەر بونیاتنراوە، واتە لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەم(١٧٨٥-١٧٩٩)، سەرەتا بەخشت وقوڕ دروستکراوە تا ساڵی(١٩٦٦)، ئەم خانەقایە شوێنی خوێندن و خوێندنەوە بووە بۆ فەقێ و خوێندکارانی کورد بەگشتی و بۆ نەوەکانی تیرەی دەربەندی بەتایبەتی.

هەروەها شوێنێك بووە بۆ پەخش و بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕ وزانستی زمانەوانی و عەقڵی و نەقڵی، ئەم کانگا وچاوگە بەنرخە ڕۆژبەڕۆژ لەگەشەدا بووە، نەوەکانی(مەلا هاشمی دەربەندی) خاوەنی ئەم مەقامەن و دەڵێن"باپیرە گەورەمان مەلا نورەدین دروستیکردووە، خۆشی کاری مەلایەتی خانەقاکە بووە تا مناڵەکانی پێگەیشتوون، دواتر خۆی گەڕاوەتەوە گوندی ئۆمەرگومبەت، بۆ سەرپەرشتی زەوی و زارەکانی و ئاشەکانی کە لەبەستی شەرغە هەیبووە، دوای خۆی کوڕەکەی(مەلا ئەبوبەکر) خانەقاکەی بەڕێوەبردووە".

ئەم خانەوادەیە پشتاوپشت خانەقاکەیان بەڕێوەبردووە دوای مەلا ئەبوبەکر، مەلا ئیبراهیمی کوڕی و دواتر مەلا عەبدوڵڵای کوڕی مەلا ئیبراهیم و مەلا عومەری کوڕی مەلا عەبدوڵڵای کوڕی مەلا ئیبراهیم کە ئەمەیان بە(مەلا عومەری گەورە) بەناوبانگە.

لەسەردەمی مەلا عومەری گەورە، کە مودەریسی خانەقا بووە، خزمانی دەربەندی هاوکار دەبن بۆ گواستنەوەی شوێنی خانەقاکە و خانەقا کۆنەکە دەکرێتە شوێنی ماڵ ومناڵ و خانەقا تازەکە دەکرێتە بەرد وگەچ و ٤هۆدەو هەیوانێکی بۆ دروستدەکەن، بەم هاوکارییەش لەمێژووی خانەقاکە دەوترێت(زبارەی دەربەندیان) کە ٢٥خێزان لەئۆمەرگومبەتەوە بەژن وپیاوەوە دێن و بەشداری بونیاتنانی دەکەن لەساڵی(١٢٧٣)کۆچیدا.

دوای مەلا عومەری گەورە، مەلا عەبدولرەحمانی برای، ئینجا مەلا سدیقی برایان، تاوەکو سەرپەرشتیاری خانەقاکە کەوتۆتە دەست(مەلا عومەر)ی برازایان کوڕی مەلا ساڵحی مەلا عەبدوڵلای مەلا ئیبراهیم کە بە(مەلا عومەری دووەم) ناسراوە، دوای ئەویش نەوەی مەلا عومەر بەتایبەتی(مەلا محەمەدساڵح کوڕی مەلا عومەری کوڕی مەلا ساڵح).

خانەقای عومەرگومبەتی یان دەربەندی-یان لەسەردەمی(مەلا سدیقی کوڕی مەلا عەبدوڵلای مەلا ئیبراهیمی مەلا ئەبوبەکری مەلا نوردەینی شەلەوەندی دەربەندی) کتێبخانەیەکی گەورە و بەنرخی هەبووە، پڕبووە لەدەستنوسی مەلایەکانی دەربەندی وەك:

١-ئەحمەد کوڕی ئیبراهیمی ئۆمەرگومبەتی کوڕی ئەبوبەکری کوڕی نورەدین.

٢-ئەحمەدی دووەمی ئۆمەرگومبەتی کوڕی محەمەد.

٣-مەلا عومەر ئۆمەرگومبەتی کوڕی مەلا عەبدوڵلای کوڕی مەلا ئیبراهیم(مەلا عومەری گەورە).

٤-عەلی ئەعرەجی کوڕی محەمەدی کوڕی ئیسماعیلی ئۆمەرگومبەتی.





٥-مەلا دەروێش کوڕی مەلا ئیبراهیمی کوڕی فەقێ دەروێشی کوڕی حاجی مەلا ئیبراهیمی ئۆمەرگومبەتی.

بەڵام بەداخەوە لەکاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا کە ناسراوە بە(سفربلك)، مەلا سدیق ناچار دەبێت خانەقاکە کلیل بدات وبچێتەوە ناو خزمەکانی بۆ ئاوایی(ئۆمەرگومبەت)، ئینجا دزو جەردە کتێبەکان و(٢٤) پارچە مافوری خانەقاکە دەدزن وجەندرمەی عوسمانیش(دیرەگ)ی ژوورە قوڕەکان دەردەهێنن بۆ خۆگەرمکردنەوە دەیسوتێنن.[٥٦]

١-چاوپێکەوتن لەگەل(مەلا محەمەدساڵح کوڕی مەلا عومەری دووەم کوڕی مەلا ساڵح)، سەرپەرشتیاری خانەقاکە لە٢٠١٣/٨/١١، ناوبراو لەڕۆژ ومانگ وساڵی(١٣٢٢/٢/٨)کۆچیدا لەدایکبووە لەگەڕەکی ئیمام قاسمی شاری کەرکوك، لەلای باوکی دەستی بەخوێندن کردووە، لەساڵی(١٩٤٥-١٩٤٦) قوتابخانەی(المدرسة الدينية المنظمة فی کرکوك)تەواو کردووە و لەساڵی(١٩٤٨) دامەزراوە بەئیمام حەسبی واتە بەبێ ڕاتب، دواتر بۆ خوێندن چووەتە قوتابخانەی(المدرسه الدينيه الملحقه بالمعابد)، وەدواتر لە(معهد البحوث الاسلامية) بڕوانامەی وەرگرتووە لەساڵی(١٩٥٥) و بە دەیەکەمەکانی ئەو پەیمانگایە دەرچووە بۆیە لەزانکۆی(ئەزهەر)ی شەریف وەرگیراوە، کەچووە بۆ وولاّتی میسر(عەبدولقادری برای) بەوەکالەت بووە بەئیمام لەجێگەکەی، بەلاّم بەهۆی گرژی بارودۆخی سیاسی نێوان عێراق ومیسر گەڕاتەوە بەغداد ولەقۆناغی دووەم زانکۆی ئەزهەری جێهێشتووە و لەساڵی(١٩٦١-١٩٦٢) کۆلیژی شەریعەی زانکۆی بەغدادی تەواوکردووە، لەچەندین قوتابخانەی وەك(ناوەندی داقوق وئیمام قاسم وشەرقیە و شۆڕش و پەیمانگای ئیسلام) وانەی ووتۆتەوە و بەردەوام بووە تا لەساڵی(١٩٧٨)خانەنشین بووە، ئێستاش سەرپەرشتیاری خانەقای عومەرگومبەتیە لەشاری کەرکوك.

## ڕووخان وکاوڵکارییەکانی گوندی ئۆمەرگومبەت لەشۆڕشەکانی کورد

١- حکومەتی عێراق لەسەردەمی حەرەس قەومی(پاسەوانی نەتەوەیی یان گاردی نەتەوەیی)لەساڵی ١٩٦٣بەفڕۆکە بۆردوومانی گوندی ئۆمەرگومبەتی کردووە و لەنێوان گوندی(کانی لەلە و ئۆمەرگومبەت)هاوڵاتیەکی گوندەکە بەناوی(خدر وەسمان حەمە خێلێ)شەهید دەکات، جگە لەسوتانی ماڵی چەند هاوڵاتیەکی ئۆمەرگومبەت و بریندار بوونی دوو هاوڵاتی بەناوەکانی(فاتمە خدر وەسمان و عەبدوڵلای حەمەدەمینی محەمەد ) هەر لەو بۆردوومانەدا.

٢- هەروەها لەداستانی ١٤-٨-١٩٨٢ی نێوان رژێم و پێشمەرگەکانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان، هەرچەندە هێزی پێشمەرگە سەرکەوت بەڵام هەندێك خانووی هاوڵاتیان زیانی بەرکەوت وڕوخان وسوتان و دوو کچی لالە (حەکیم عەبدولرەحمان شەلەوەندی)یش بریندار بوون بەناوەکانی(فاتمەوحەلیمە ).

٣- جارێکیتر لەساڵی ١٩٨٦فڕۆکە مەرگچێنەکانی ڕژێم بۆردوومانی گوندەکەیان کردوو هاوڵاتی(کافیە عەبدوڵلا حاجی حەمەدەمین)بریندار بوو.

٤- جارێکیتر هەلیکۆپتەرە مەرگچێنەکانی ڕژێم لە( ٢٦ / ٨ /١٩٨٨) لەهەورازی جەمشێری سنوری ئۆمەرگومبەت (٣)هاوڵاتیان بەناوەکانی(مریەمە عەبدولرەحمان عەبدولعەزیز فەقێ محەمەد وهەیبەتی خوشکی ومەجید حەمەدەمین قادر حەمەسوور)شەهید کرد لەگەڵ





زامداربوونی دوو کچیتری کێخوا عەبدولرەحمان بەناوەکانی(ئامینە وگوڵاڵن)تا ئەمرۆشی لەگەل دابێت کەم ئەندامن.

٥- دواجار لەپرۆسەی ئەنفالی چواردا لە( ٣-٨) ی ئایاری ١٩٨٨وەك تێکرای ئاواییەکانی سنورەکە بەتەواوی وێرانکرا.

## داستانی ئۆمەرگومبەت،
## یەکەم شەڕی ناودێ لە دەشتی هەولێر

لەشۆڕشی نوێدا گوندی ئۆمەرگومبەت لەدەشتی هەولێر ئەو شەرەفەی پێبڕاوە کە یەکەم گۆڕەپانی شەڕی دەستەویەخەی نێوان (هێزی پێشمەرگەی کوردستان و رژێمی بەعس)بووە، بەسەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەش لەو داستانە ئەوەندەی تر(داستانی ئۆمەرگومبەت) دەنگی دایەوە.

لەهاوینی ساڵی ١٩٨٢، کەرتی(٢)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بەسەرپەرشتی فەرماندەی کەرت(شەهید ئەحمەد قەمبەری) وچەند پێشمەرگەیەکی کەرتی(١)ی شەهید ئاودێر، کە تێکرا ژمارەیان(٣٦)پێشمەرگەبووە، هەواڵیان پێگەیشتووە کە حکومەت لەشەوی ١٣/١٤-٨-١٩٨٢ هێرشیان دەکاتە سەر، ئەو پێشمەرگانەش لەو شەوەدا لەسعات(٨)ی ئێوارە تاوەکو(٣)ی بەیانی لە نێوان گوندی(کانی لەلە و ئۆمەرگومبەت) بۆسە بۆ ڕژێم دەنێنەوە، بەڵام ڕژێم پەلامارەکەی ناهێنێت، بۆیە پێشمەرگەکان بۆسەکە چۆڵ دەکەن و لەسەرلەبەیانی ١٤-٨-

١٩٨٢دەچنە ناو ئاوایی ئۆمەرگومبەت، دوای(٢)سعات لەچۆلکردنی بۆسەکەیان ڕژێم سعات(٥)ی بەیانی بەجەیش وجاشێکی زۆرەوە پەلاماری گوندی ئۆمەرگومبەت دەدات و ژمارەی جاش وسەرباز(٣)هەزارچەکدارو بەپاڵپشتی (٣)ناقیلە و(٧)هەلیکۆپتەر، کە سەر بەفەیلەقی کەرکوکی سوپای عێراقی ئەوکات بوون، پێشمەرگەکانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر لێیان دێنە دەست و لەماوەی نێوان سعات(٥)ی بەیانیەوە شەڕ دەستپێدەکات تاوەکو سعات(١١,٥)ی نیوەڕۆ، سەربازوجاشێکی زۆریان لێدەکوژرێ و ڕژێم ناتوانێت بچێتە ناو گوندەکەو بەناچاری دەکشێتەوە، لەو داستانەدا هیچ پێشمەرگەیەك شەهید نابێت تەنها دوو منداڵی ( لالە حەکیمی شەلەوەندی)بریندار دەبن بەناوەکانی(فاتمە وحەلیمە)[٥٧].

## شەهیدانی گوندی ئۆمەرگومبەت

گوندی ئۆمەرگومبەت وەك هەموو گوندەکانی تری کوردستان لەشۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێ و ڕاپەرین چەندین ڕۆلەی بووە بەقوربانی، کە ١٣هاولاتی جوتیارو ژن ومناڵ و٢ئەنفالکراو و ٤پێشمەرگەی شەهیدی داوە وەك لەخشتەی خوارەوە خراوەتەڕوو:

٢- ڕۆژنامەی تاك، ژمارە(٤٤)ی ساڵی چوارەم، ئابی ٢٠٠٨ز.





| ژ | ناوی شەهید | پلە | شوێنی شەهیدبوون | ساڵەکەی | دوژمن | ئۆرگان | شۆرش |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | عەبدولرەحمان حەمەدەمین حەمەی گەردی | سەرباز | بەغداد | ١٩٥٨ | مەلیکی | - | عبدالکریم قاسم |
| ٢ | خدر وەسمان حەمەخێڵ | هاولاتی | کانی لەلە | ١٩٦٣ | بەعس | - | ئەیلولی مەزن |
| ٣ | دیاری قادر عومەر ساڵح | مناڵ | سێگردکان | ١٩٧٤ | بەعس | - | ئەیلولی مەزن |
| ٤ | عومەرقادر عومەر ساڵح | مناڵ | سێگردکان | ١٩٧٤ | بەعس | - | ئەیلولی مەزن |
| ٥ | توانا قادر عومەر ساڵح | مناڵ | سێگردکان | ١٩٧٤ | بەعس | - | ئەیلولی مەزن |
| ٦ | محەمەد عەبدولعەزیز حاجی سۆفی | هاولاتی | ئیلنجاغی شوان | ١٩٨١ | بەعس | - | شۆڕشی نوێ |
| ٧ | خەجیلە مستەفا ئەحمەد ئۆمەر | هاولاتی | ئۆمەرگومبەت | ١٩٨٦ | بەعس | - | شۆڕشی نوێ |
| ٨ | مەلیحە عەلی حەمە | هاولاتی | ئۆمەرگومبەت | ١٩٨٦ | بەعس | - | شۆڕشی نوێ |
| ٩ | عەبدوڵلا کێخوا ئەحمەوی حاجی مەولود | هاولاتی | سێگردکان | ١٩٨٦ | بەعس | - | شۆڕشی نوێ |
| ١٠ | خدرحاجی قادر حاجی ڕەشید | هاولاتی | سارتك-ئاوماڵ | ١٩٨٧ | بەعس | - | شۆڕشی نوێ |
| ١١ | مەلا قادری مەلا عومەری ساڵحی خانەقا | سەرکردە | ئەبوغرێب | ١٩٨٧ | بەعس | ی.ن.ك | شۆڕشی نوێ |
| ١٢ | مەجید حەمەدەمین قادر حەمەسور | هاولاتی | ئۆمەرگومبەت | ١٩٨٧ | بەعس | - | شۆڕشی نوێ |
| ١٣ | مریەمە عەبدولرەحمان عەبدولعەزیز | هاولاتی | ئۆمەرگومبەت | ١٩٨٧ | بەعس | - | شۆڕشی نوێ |
| ١٤ | هەیبەت عەبدولرەحمان عەبدولعەزیز | هاولاتی | ئۆمەرگومبەت | ١٩٨٧ | بەعس | - | شۆڕشی نوێ |
| ١٥ | عەبدوڵلا خدر عەبدولرەحمن-ئەنفالکراو | هاولاتی | ئۆمەرگومبەت | ١٩٨٨ | بەعس | - | شۆڕشی نوێ |
| ١٦ | ئازاد عومەر قادرهوری-ئەنفالکراو | هاولاتی | هەولێر | ١٩٨٨ | بەعس | - | شۆڕشی نوێ |
| ١٧ | عەبدولرەزاق ئەحمەد ئۆمەر مامیل | سەرکردە | کەرکوك | ١٩٩١ | بەعس | ی.ن.ك | ڕاپەرینی ١٩٩١ |
| ١٨ | ڕەمەزان عەلی حەمەدەمین | هاولاتی | کەرکوك | ١٩٩١ | بەعس | - | ڕاپەرینی ١٩٩١ |
| ١٩ | محەمەد عومەر حەمە مستەفا کاکی | پێشمەرگە | بنەباوێ | ١٩٩٧ | براکوژی | ی.ن.ك | شەڕی ناوەخۆ |

## کەسایەتیەکانی مێژووی گوندی ئۆمەرگومبەت

**١-شێخ مەلا ئەحمەدی کوڕ ئۆمەرگومبەتی و نەوەکانی**

**شێخ مەلا ئەحمەدی کوڕ ئۆمەرگومبەتی،** شێخ و وەلی وپیاوچاك بووە، لەسەردەمی خۆیدا لەسنوری(تەقتەق وکۆیەوبەستی شەرغە) زۆر لەکەرامەتەکانی ئەگێڕنەوە، ئەم زاتە مەزنەی ئۆمەرگومبەت لەسەر دەستی(شێخ نورەدینی بریفکانی) پێگەیشتووە، دوای ئەوەی تەریقەتی سۆفی گەری لەشێخ نورەدینی بریفکانی وەرگرتووە، ئەوەندە خواناس بووە و فەنابووە، ئەگێڕنەوە جارێکیان لەناوشاری کۆیە سواری قەمیشێك بووە لەناو بازاڕدا ڕایکردووە و ئەمەی ووتووە:

حەیران وەرە لەباینی
چاوەکی کۆرە، یەکی نادینی
دەست لۆ هەناران دەبا
هەنجیران دەپیسێنی

لەدایکبوونی نەزانراوە بەڵام لەساڵی(١٣٣١)کۆچی کۆچی دواییکردووە، لەگۆرستانێك نێژراوە کە دواتر گۆرستانەکە بەناوی ئەوەوە ناونراوە بەگۆرستانی(شێخ مەلا ئەحمەد)، لەدوای خۆی چوار کوڕی بەناوەکانی:

١-نور محەمەد، مەلا و کێخوای سێگردکان بووە، زۆر بلیمەت و ئازابووە.

٢-موحەمەد نور، پێش نوێژو مودەریس و ووتارخوێنی مزگەوتی ئۆمەرگومبەت بووە.

٣-خەلیفە عەبدوڵلا، لەگوندەکانی(تاڵەبانی گچکە و تەکەڵتو وسماقەی شێخ بزێنی) مەلایەتیکردووە.

٤-موحەمەد غەریب، بەرەبەنی ژیاوەو لەبەغداد کۆچی دواییکردووە.





دایکی هەرسێ مەلای ناوداری سنوری قەزای کۆیە(مەلا مەعسوم هەورامی ومەلا نورمحەمەدی ئۆمەرگومبەتی و مەلا سدیقساڵحی گەرمکی) خوشك بوون، وە هەریەك لەمامۆستا(نورمحەمەد ومحەمەدنوری شێخ مەلا ئەحمەدی کوڕ ئۆمەرگومبەتی) لەسەر دەستی (مەلا ئەحمەدی فەرقانی ڕۆژبەیانی) مۆڵەتی مەلایەتیان پێدراوە لەناحیەی(لەیلان)ی کەرکوك.

**(موحەمەد نورئۆمەرگومبەتی) :** لەساڵی(١٣٥٠ی کۆچی) پیاهەڵدانێکی بۆ پێشەکی تەفسیری قورئانی پیرۆزی مامۆستای بەناوبانگی شاری هەولێر(حوسێنی شێخ سەعدی) نوسیووە، کە ئەوکات محەمەد نور پێش نوێژو ووتارخوێنی مزگەوتی ئۆمەرگومبەت بووە، ئەمەش دەقی پیاهەڵدانەکەیەتی کە بەشیعر نوسیوویەتی:

گەلێ شوکری خودا کەن، گەلی کوردان
کە بەختی بەد بەریدان و لەخەو هەڵسان
حوسێنی شێخ سەعدی عالمی فازیلْ
بەیانی کرد بەکوردی، ئایەتی قورئان
ژیانی دا بەئینسان فکر تأسیسی
أساسی علمی دانا بۆ هەموو کوردان
نیشانی سەعدە، سەعدی زادی پڕ غیرەت
جەزای چاکە و کەرەم کەی خالقی مەننان
لەنوری گەر دەپرسی ساڵی تأریخی
بەتەفسیری حسێنی سەهل ئەبو قورئان
١٣٥٠ك
ئیمام ومودەریس ئۆمەرگومبەت
محەمەد نور

## نور محەمەدی ئۆمەرگومبەتی:

بەداخەوە بۆمێژووی لەدایکبوون و مردنی ئەم زاتە کە چی وا لەبەر دەست نەبوو، تا خزمانی ئۆمەرگومبەتیش شارەزایی ئەو تۆیان لەسەر نەبوو، ئەگەر بابەتەکەی بەرێز(دکتۆر جەمال محەمەد باجەلان) نەبوایە کە لەرۆژنامەی(تاك، ژمارە-١٨-ی ساڵی دووەم، حوزەیرانی ٢٠٠٦لە لاپەڕە-٦-)بەناونیشانی" نورمحەمەدی مەلا ئەحمەدی کوڕ ئۆمەرگومبەتی و چەند بلیمەتێك"بلاّویکردۆتەوە، وێرای ئەوپەڕی ڕێزم بۆ دکتۆر چەند دەقێکی ئەو بابەتەی بەئەمانەتەوە لەسەر نورمحەمەد لێرەدا بلاّو دەکەمەوە:

ئەم پیاوە مەلایەتی لە(دەشتی دزەیی، هەولێر، سێگردکان) کردووە، لەسێگردکان مەلاوکێخواش بووە، زۆر بەدەست و قامی خۆی ئازاو بەجەرگ بووە و زیرەکیەکی زۆری هەبووە، هەرچەندە خوێندنی مەلایەتی تەواو نەکردووە، تا کتابی سیوطی(الهجة المرضية)ی خوێندووە بەرامبەر(پۆلی پێنجەم یا شەشەمی) ئامادەیی ئەمڕۆ بووە، تاوەکو دەگێڕنەوە کە مەلا محەمەدی گەورەی کۆیە پێی ووتووە" خوا ڕەحمی پێمان کرد هەر ئەوەندەت خوێندوو ئەوەندە بلیمەتی، ئەگەر خوێندنی مەلایەتیت تەواو کردبا چیمان بۆ ئەماوە؟!"

ئەم پیاوە نەك بەزمانی کوردی بەڵکو بەزمانی عەرەبی و فارسی توانای شیعرنوسینی هەبووە، هەربۆیە (تخمیس)ێکی شیعری(حافزی) فارسی بەناوبانگی کردووە بەزمانی عەرەبی ئەمەش دەقەکەیەتی:





فكل الخلق بعد النشر فى طى
ولم يبق سوى الباقى هو الحى
فقل المرء دع عنك الجهل والفى
جیهان جام وفلەك ساقی ئەجەل مەی
خلائق باد منووشی ئەز مجلس وی
فسبحان الذى بالعبد اسرى
مميت الخلق والاكوان طرا
فبا من عاش هلافا ودهرا
خلاصی ینست هیچی کرا
ازاین جام وازانی ساقی وازاین می

ئەمەش ئەگەر کەسێك تۆزێك شارەزای عەرەبی بێت ئەوە دەزانێ ئەم داڕشتنەی چ توانایەکی تێدابووە، هەروەها یەکێك لە ئەدگارە جوانەکانی تری (نورمحەمەد) سەخاوەتی و دەست کراوەیی بووە بۆ میوانان، تا دکتۆر جەمال محەمەد باجەلان لە زاری دکتۆر فوئاد مەعسوم هەورامی-یەوە بەسەر هاتێکی دەگێڕێتەوە و دەڵێ" جارێك خۆشناوێك(٥)دیناری قەرز ئەبێ لە لای نورمحەمەد، ئەویش لەبەر خاتری ئەوەی کە بەمیوانی هاتووە، ئەچێ دابەستەیەکی قەڵەوی باشی بۆ ئەکڕێ، لەگەل برنج و پێداویستی خزمەتکردنی میوان، پاش نان خواردن، کابرای خۆشناو پێی ئەڵێ مەلا نور بەخوا پارە هەرقابیلی تۆیە، گەردەنت ئازا بێت، لەکاتێکدا مەلا نور هەر ئەوەندەشی هەبوو چیترنا؟!"[٥٨]

---

٢- د.جەمال موحەمەد باجەلان، پیاهەڵدانێکی محەمەدنوری کوڕی شێخ مەلا ئەحمەدی کوڕ ئۆمەرگومبەتی، ڕۆژنامەی(تاك)ژمارە(١١)ی ساڵی یەکەم، تشرینی دووەمی ٢٠٠٥،لاپەڕە(٥).

## زانیاری نوێ سەبارەت بەمەلا ئەحمەدی کوێر

هەروەها چەند زانیاریەکیترم لەسەر ئەو کەسایەتیەی مێژوی گوندی ئۆمەرگومبەت وەدەست کەوت[٥٩]، مەلا ئەحمەدی کوێر کوڕی بابەڕەسولی کوڕی برایمە نەوەی پیرخدری شاهۆن، لەساڵی(١٨٢٥) لەگوندی ئۆمەرگومبەت هاتۆتە ژیانەوە، لەگەل سەیدەکانی(جلبەسەر)ی سێگردکان و(گەورەدێ و شێخ سمایلی ئاوەلاٚنی)ئاغجەلەر دەبنەوە یەك پشت و یەك دەگرنەوە و خوارزای شاعیری گەورەی کورد(حاجی قادری گۆرقەرەجی)یە، دایکی ناوی(دەوڵەت خانم) بووە کچی مام ئەحمەدی مەلا ساڵحی مەلا ئەحمەدی گەورەی گۆرقەرەجی باوکی حاجی قادربووە، مەلا ئەحمەدی کوێر دوو ژنی هێناوە، ژنی یەکەمیان ناوی(خەدیجەی کچی مەلا مەحمودی بازرگان) بووە، خەڵکی شاری کۆیە بووە و(٥)منالّی لێی هەبووە(٤) کوڕ و(١) کچ بەناوەکانی(نور محەمەد لەدایکبووی ١٨٨٠ و محەمەد نور لەدایکبووی ١٨٨٣ وعەبدولرەحمان لەدایکبووی ١٨٨٥ و عەبدوڵلا لەدایکبووی ١٨٨٦ و مریەمە)ە، لە ژنی دووەمی کەناوی(خەدیجەی بەکراغای ئەمین ئاغای حەوێزی)بووە کە خزمی شێردڵ حەوێزی یە، یەك کوڕی لێی هەبووە بەناوی(حەمەغەریب لەدایکبووی ١٩١٠یە و لەشاری کەرکوك کۆچی دوایی کردووە).

٣-چاوپێکەوتن لەگەل( سەرکەوت نەجیب کوڕی محەمەد نور ی کوڕی مەلا ئەحمەدی کوێر)، لەدایکبووی ١٩٦٢ی کەرکوك، لێپرسراوی یاریدەدەرێتی ئاسایشی دووبز، له١٨/٨/٢٠١٣






لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە شاعیری گەورەی کورد(حاجی) خاڵی(شێخ مەلا ئەحمەدی کوێر) بووە نەوەك خوارزای کە تا ئێستا بەهەڵە ئەوە بلاٚوکراوەتەوە، ئەمە لەلایەك لەلایەکیترەوە شێخ مەلا ئەحمەدی کوێر سەیدە و دەربەندی نیە و لەنەوەی پیرخدری شاهۆیە و نابیناش نەبووە بەلاٚم چاوەکانی قوول بوون بۆیە پێی ووتراوە(کوێر)، لە دەربەندی شاهۆوە هاتونەتە گوندی ئۆمەرگومبەت دوای دەربەندییەکان و بەکاری مەلایەتی لە ئۆمەرگومبەت خەریکبووە و ئەمڕۆ نەوەکانی لەو گوندە نەماون تەنها دوو شوێنەوارییان ماوە(گۆڕەکانیان و دارخورمایەکی دەستچێنی شێخ مەلا ئەحمەدی کوێرکە لە شێروەزەن چاندویەتی) و دوو براشی هەبووە مەلا ئەحمەد بەناوەکانی(عەبدولرەحمان و وەیسی)بەلاٚم یەکێکیان بەمنالّی و ئەویتریان بەگەنجی کۆچی دواییان کردووە بۆیە وەچەیان لێ نەکەوتۆتەوە، دواجار مەلا ئەحمەدی کوێر لەساڵی(١٣٣٠) کۆچی کۆچی دواییکردووە کە بەرامبەر ساڵی (١٩١٢)ی زاینیە و لەگۆڕستانێك نێژراوە کە دواتر گۆڕستانەکە بەناوی ئەوەوە ناویان ناوە گۆرستانی(مەلا ئەحمەدی کوێر یان شێخ مەلا ئەحمەد) لەگوندی ئۆمەرگومبەت.

## ٢-مەلا عومەری مەلا ساڵحی خانەقا[٦٠]





محەمەد ساڵح مەلا عومەر        مەلا عومەری کوڕی مەلا ساڵح

ناوی تەواوی(حاجی مەلا عومەری کوڕی مەلا ساڵحی کوڕی مەلا عەبدوڵلای کوڕی حاجی مەلا ئیبراهیمی کوڕی مەلا ئەبوبەکری کوڕی مەلا نورەدین)ە، لە تیرەی(دەربەندی) بەرەبابی(شەلەوەندی) گوندی ئۆمەرگومبەتی ناحیەی سێگردکانە، نازناوی(ئۆمەرگومبەتی) بووە، لەساڵی(١٨٨٢)ی زاینی لەدوای مردنی مامی(مەلا عومەری مەلا عەبدوڵلا)لەشاری کەرکوک

---

٤- دەستنوسێکی مامۆستا(محەمەد ساڵح مەلا عومەرمەلا ساڵح)کە کۆپیەکی ئەو دەستنوسەم لە لاپەڕە(١٤٠-١٤٨)دەستکەوتووە، کەتێیدا ژیاننامەی باوکی خۆی نوسیوەتەوە.





هاتۆتە ژیانەوە، بەناوی(مام)یەوە ناونراوە بە(عومەر) وە ناوداریش کراوە بە(عومەری دووەم).

لەمناڵیەوە لەخانەقای عومەرگومبەتی لەخزمەت باوکی دەچێتە بەر خوێندن، ئەو کاتە مەلا سدیقی مەلا ساڵحی کاکی ئیمامی خانەقاکەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا براگەورەی بووە، دوای ئەمە دەست دەکات بەخوێندنی سوختەیی و فەقێیایەتی لە( ئۆمەرگومبەت و سێگردکان و ئاوماڵ وهەولێر و خۆشناوەتی و دەشتی دزەیی وپشدەر وسلێمانی و کۆیە وئاڵتون کۆپری و قادر کەرەم وبیارە و کەڵکەسماق)، لە کاتێکدا لەدێی(کەڵکەسماق)خوێندویەتی، نامەی ناساغی(مەلاسدیقی)کاکی پێدەگات، زوو دەگەڕێتەوە کەرکوک وپاش چەند ڕۆژێك کاکی مەلا سدیق کۆچی دوایی دەکات، لەو ساڵەش لەکەرکوك شەڕی ئەرمەن ودانیشتوانی کەرکوك ڕوویداوە ساڵی(١٩٢٤) بۆیە بەناچاری لەسەر خانەقاکە دادەنیشێت، چونکە دوای کاکی کەسی لەو لەپێشتر نەبووە خانەقاکە بەڕێوەببات، دوای وەرگرتنی سەرپەرشتیاری خانەقاکە لەلای مامۆستا(عەلی حیکمەتە ئەفەندی- سیاە مەنسوری)ی مزگەوتی حاجی ئەحمەدئاغا بەیانیان خوێندویەتی و ئێوارانیش لەخانەقاکەی خۆی وانەی بەفەقێکانی خانەقاکە ووتۆتەوە، دوای مردنی(مەلا عەلی حیکمەتەفەندی) بۆماوەی(٢)مانگ لەمزگەوتی(مەولانا خالید)ی شاری سلێمانی بووە بەخوێندکاری مامۆستا(شێخ عومەری قەرەداغی) وانەی(تشریح الافلاك واسطرلاب)ی خوێندووە، و لەوێشەوە ماوەی(١)مانگ لەشارەدێی(بیارە) وانەی وەرگرتووە و دواتر گەڕاوەتەوە شاری کەرکوك.

لەشاری کەرکوك لەخزمەتی(مەلا محەمەدی ناسحی کوڕی مەلا محەمەد ئەفەندی ئەللامع)کە ناسراوبووە بە(مودەریس زادەی عوسمانی)، خوێندویەتی، تا لەڕۆژی(هەینی) ڕیکەوتی(٢٢/ذی الحجة/١٣٤٨)ی کۆچی مۆڵەتی مەلایەتی پێداوە.

هەرچەندە مەلا عومەری دووەم چەندین مۆڵەتی مەلایەتی بەناوی(پیرۆزی وپیت وبەرەکەت)لەلایەن چەندین مامۆستای بەرێزەوە پێدراوە وەك:

١-شێخ عومەری قەرەداغی لەسلێمانی.

٢-مەلا ڕەزای واعیز لەکەرکوك.

٣-سەید ساڵح کوڕی ئەبوبەکری(محمدشطا) لە مەککە.

بەڵام تەنها نوسخەی مۆڵەت نامەکەی مامۆستا(مەلامحەمەد ناسح) لەبەردەستایە، جگە لەمانە مۆڵەتی (تەریقەتی قادری)یشی پێدراوە لەلایەن(شێخ عەبدولرەحمانی ئەتروشی) شێخی تەریقەتی قادری لەئەتروش و کردویەتیە (خەلیفە)ی خۆی لەشاری کەرکوك.

دوای تەواوکردنی خوێندنی چەندین وەزیفەی کردووە لەوانە:

١- لە(١)ی مایسی ١٩٣٠ دامەزراوە بە(مودەریس) لە قوتابخانەی(مەحمودخاڵ) لەشاری کەرکوك بەشێوەی(وەکیل) لەبری(مەلا عەبدولرەحمانی کوڕی عەلی حیکمەتە فەندی) کە ئەو کات تەمەنی یاسایی(مەلا عەبدولرەحمان)لە(١٨)ساڵی کەمتربووە.

٢-لە٢١/٦/١٩٣٤بە مودەریسی(اصالة) لەهەمان قوتابخانە دامەزراوە کە شوێنەکەی لەسەر قەڵای کەرکوك لەناومزگەوتی(مەیدان)بوو، پاش چەند ساڵێك هەردوو قوتابخانەی(مەحمودخاڵ و شاه غازی) لێکدران وبووە





قوتابخانەی(المدرسة العلمية الدينية المنظمة بكركوك)کە شاه غازی لەمزگەوتی(اولو جامعة)دابوو، قوتابخانە نوێیەکەش لەوێ کرایەوە.

٣-دوای شۆڕشی(١٤ی تەمموزی ١٩٥٨)ئەو قوتابخانەیە بووە(المعهد الاسلامی في كركوك)تا(٣/٣/١٩٦٥)هەر لەو پەیمانگایە مەلا عومەر وانەی وتۆتەوە، شانبەشانی ئەو پەیمانگایەش مودەریس بووە لە قوتابخانەی(المدرسة الدينية الملحقة بالمعابد)لەمزگەوتی ئیمام قاسمی شاری کەرکوك.

ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە توانای لەڕادەبەدەری ئەو مەلایە بەرزەیە کە لەیەك کاتدا توانیویەتی لەچەندین جێگەدا لەماوەی(٢٤)کاتژمێردا وانە بڵێتەوە(لەپەیمانگای ئیسلامی کەرکوك وقوتابخانەی دینی پاشکۆی پەرستگاکان وخانەقای عومەر گومبەتی و فەقێکانی(مزگەوتی دەللی باش کە لەکۆندا پێی ووتراوە مزگەوتی ئەمینە گردە ومزگەوتی مەلا ئەحمەدە کوردە لەزیویەی ژووروووبوون)، و فەقێکانی مزگەوتی مەلا تۆفیق و فەقێکانی خانەقای شێخ خدر، وە بۆیەکەمجاریش لەشاری کەرکوك ووتاری ڕۆژی هەینی بەزمانی شیرینی کوردی لەلایەن ئەوەوە پێشکەشکراوە.

٤-لە(٢٩/١٠/١٩٤٧)بووە بە(پێش نوێژ و ووتارخوێنی) مزگەوتی ئیمام قاسم دواتر بووە بە(واعیظ) لە (جامع النائب)لەناو بازاڕی(اخی حسینی)یە، دواتر بەپێی یاسای(قانون توحيد الجهات الرسمية) بە(امام وخطيب ومدرس و واعیظ)تێکڕای وەزیفەکانیەوە لە مزگەوتی ئیمام قاسم کۆکردۆتەوە، لەگەل ئەمانەشدا(ئەندامی ئەنجومەنی زانستی ئاوقافی کەرکوك)بووە، دوای ئەوەی دووچاری نەخۆشی(شەلەل)دەبێت

لە(٣/٣/١٩٦٥)داوای خانەنشینی کردووە، بەڵام ئاوقافی کەرکوك داوای لێکردووە تا ماوەیەك وەزیفەکانی بمێنێ و (وەکیل) دابنێت، بەڵام لەترسی حەرام بوونی موچەکەی ڕەزامەندنەبووە، ئەو پایە بەرزە لە(٣/٣/١٩٦٥)تاوەکو ١٠/٦/١٩٦٩)لەگەل ئەو نەخۆشیە جەنگاوەو ئینجا چووە بەر ڕەحمەتی خواوە، لەڕۆژی سێشەممە کاتژمێر(١٠)و٣٠دەقیقەی پێش نیوەڕۆ لەتەمەنی(٨٧)ساڵیدا، ڕۆژی وەفاتەکەی مامۆستا (حاجی مەلا ئەحمەدی حەمدی نەقشبەندی بەحرکەیی) بە حیسابی ئەبجەدی فەرمویەتی:

یاعمر بمذهب الاعراب والاعاجم

فيك الاحد موت العالم موت العالم

١١٠ ٤٣ ٤٤٦ ١٧٢ ٤٤٦ ١٧٢

١٣٨٩هجري يوم الثلاثاء(٢٥) ربيع الاول ١٣٨٩هجرى المصادف(١٠/٦/١٩٦٩)ميلادى

المؤرخ: احمد حمدی النقشبندی





## ٣-حاجی سۆفی

ناوی تەواوی(محەمەد ئۆمەر مەولود قادر خدر)ە، لە بەرەی(کاکی)یە، پیاوێکی زیرەك وبەتوانا بووە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان، تەگبیروڕای بۆ سوڵح و سولحکاری وەرگیراوە، سۆفی شێخەکانی (شەدەلە) بووە، (شێخ عەبدولکەریمی شەدەلە) نازناوی(حاجی سۆفی) لێناوە، چونکە جارێکیان شێخ عەبدولکەریمی شەدەلە پێی ووتووە"سۆفی بۆ ئەمساڵی حەج پارەی حەجی ئێمەش بدە و بەیەکەوە بابچینە حەج" دیارە سۆفیش ئەوەندەی پارە نەبووە بۆ زیاتر لەکەسێك بۆیە ووتویەتی"ئەو بڕە پارەیەی هەمە بەگەردەن ئازایی دەیدەم" هەر لەبەر ئەوە (شێخ عەبدولکەریمی شەدەلە) پێی دەڵێت" مادام ئەوها دەستکراوەی ئەوا من نازناوی(حاجی سۆفی)یت پێ دەبەخشم".

لەکۆڕی پیاوانی ئاینی زۆر دانیشتووە، ساڵێك لەساڵان کە(مەلا سەعیدی قەشقەیی) مەلای گوندی ئۆمەرگومبەت بووە، پلکزایەکی کە(مەلا قادری گۆپتەپە)بووە سەردانی کردووە وشەویش بەساڵاچووانی ئۆمەرگومبەت دەوریان داوە و مەلا قادریش فەرمودەیەکی پێغەمبەر(د.خ) دەگێڕێتەوە، حاجی سۆفیش دەڵێ" مامۆستا ئەوە بەحەدیس ناچێت چونکە کەخوێندتەوە دڵم خورپەی لێوە نەهات؟!" بەڵام مەلا سەعید لەو بەجواب هاتنەی حاجی سۆفی نیگەران دەبێت چونکە مەلاقادر میوانیەتی هەمیش پورزایەکی خۆشەویستیەتی، ساڵ دەسوڕێتەوە لەدوای وەفاتی(حاجی سۆفی)، مەلاقادر گۆپتەپەیی نامەیەك دەنوسێ بۆ مەلا سەعیدی قەشقەیی و لەنامەکەدا

دەنوسێت"بارك الله حاجی سۆفی ڕاستت فەرموو ئەوەی من خوێندمەوە حەدیس نەبوو، بەڵکو ڕیوایەتێك بوو".

حاجی سۆفی نیشان شکێنێکی سەردەمی خۆی بووە، جارێکیان لەسەرای کۆیە کاپتنێکی ئینگلیزی دوای نەمانی عوسمانیەکان هەموو نیشان شکێنەکان کۆدەکاتەوە و نیشانەیەکیان بۆ دادەنێت، بەڵام یەك مەرجی دەبێت دەڵێت"هەمووتان دەبێت بەچەکەکەی من نیشانەکە بشکێنن" هەموو نیشان شکێنەکان نیشانی خۆیان دەگرن، هیچ کامێکیان نیشانەکە ناپێکن!؟ کەسرەی حاجی سۆفی دێت ئەویش بەچەکەکەی کاپتنەکە لەنیشانەکەی نادات بەڵام بەکاپتنەکە دەڵێت" ڕاوەستە با بەچەکەکەی خۆشم لەنیشانەکە بگرم ئینجا هونەرەکەیت پێ دەڵێم" کە بەچەکەکەی خۆی بۆ نیشانەکە دەهاوێت یەکسەر دەیپێکێت، ئینجا بەکاپتنەکە دەڵێت" تۆ سێرەی چەکەکەت خوارکردووە هیچ لەنیشان شکێنەکان ئەوەیان نەزانی؟!" یەکسەر کاپتنەکەش دەڵێت"تۆ ڕاستت ووت کەواتە بەتەنها تۆ نیشان شکێنی".





## ٤-حەمەی گەردی[٦١]

ناوی تەواوی(محەمەد عومەر مەحمود)ە، ناسراوبووە بە(حەمەی گەردی)، خۆی لە ئۆمەرگومبەت بووە، برایەکی بەناوی(ئەحمەد گەردی) لە شەوگێڕ بووە واتە باپیرە گەورەی شەهید ئاکۆسوور، ساڵی لەدایکبوونی زانراو نیە، بەڵام کورە گەورەکەی(حەمەدەمینی حەمەی گەردی) لەساڵی ١٩٢٧لەدایکبووە لەگوندی ئۆمەرگومبەت، ٤منداڵی هەبووە بەناوەکانی(حەمەدەمین و عومەر و گوڵێ وئایشە)[٦٢]، لەژیانیدا زۆر شوێن و ناوچەی کوردستانی کردووە وەك(گردخەبەری ئاغجەلەر و مامەوعەلەغێری دوبز)و زۆر دۆستی بنەماڵەی سەید ئەحمەدی خانەقای شاری کەرکوك بووە، ماوەی چەند ساڵێکیش لە گوندی شەوگێری شێخ بزێنی خواروو ژیاوە، حەمەی گەردی، سوارچاك وقسەزان وتفەنگچیەکی باش بووە، لەزۆر شەڕوشۆڕەکاندا بەشداری کردووە وەك:

-شەڕی شوعێبیە، لەخواروی عێراق دژی ئینگلیزەکان.

-شەڕی نێوان هەمەوەندوشوان، پشتگیری عەشیرەتی شوان بووە.

-شەڕی نێوان حاجیاغای کۆچەری و عیدۆی یەزیدی، لەو شەڕەدا ڕۆلی کاریگەری هەبووە، بەڵام دوو خزمی خۆی لەگەل دابووە بەناوەکانی(حاجی مستەفا و قادری ئەحمەشێت).

٦- چاوپێکەوتن لەگەل(یوسف ئەحمەد حەمەعەلی)، لەدایکبووی ١٩٦٧ی سێگردکان، لە ٣-٨-٢٠١٣.

٧- چاوپێکەوتن لەگەل(فەتاح عەبدوڵلا حەمە عەلی)، لەدایکبووی ١٩٦١ی سێگردکان، لە ٣-٨-٢٠١٣.

## ٥-شەهید مەلا قادر ئۆمەرگومبەتی،



(نهێنگری شۆڕش و ئەبوغرێب بەزێن)

ناوی تەواوی(عەبدولقادر مەلا عومەر مەلا سالح)ە، لەساڵی ١٩٣٩لەگەڕەکی ئیمام قاسمی شاری کەرکوك لەبنەماڵەیەکی ئاینی وپایە بەرزو نیشتمانپەروەر هاتۆتە ژیانەوە و بەڕەچەڵەك خەڵکی گوندی ئۆمەرگومبەتەو لەبەرەی مەلازادەکانی شەلەوەندیە، لەپاڵ خوێندنی ئاینی لەسەر دەستی مەلا عومەری خانەقای باوکی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی تەواو کردووە، دواتر دەچێتە(خانەی مامۆستایانی کەرکوك) و لەساڵی(١٩٥٩-١٩٦٠)، بڕوانامەی دەرچووی ئەم خانەیە بەدەست دەهێنێت.[٦٣]

٨- چاوپێکەوتن لەگەل(پێشرەوی کوڕی مەلاقادری مەلاعومەری خانەقا)کوڕی شەهید لەدایکبووی(١٩٦٨)ی کەرکوك، لە ٢٥-٦-٢٠١٣.





بەهۆی هەستی نیشتمانپەروەرییەوە بۆیە رژێم نەیهێشتووە لەکەرکوك وەك مامۆستا دابمەزرێت و لەشارۆچکەی(ماوەت) دەکرێتە مامۆستا لەساڵی ١٩٦٠، لەگەل شالاوی حەرەس قەوەمی ساڵی ١٩٦٣ی رژێم بۆ سەر کوردستان لەو کاتە چەکی قەڵەم جێ دەهێڵێ وچەکی پێشمەرگایەتی لەشۆڕشی ئەیلولی مەزن دەکاتەشان، سەرەتا لەشۆڕشی ئەیلول دەبێتە لێپرسراوی ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە قەلادزێ، پاش ماوەیەك دەچێتە شارۆچکەی(دوز) کە ئەو کاتە بە(مەلا بەکر) ناسراو بووە، ڕۆڵی نیشتمانپەروەرانەی بەرزی پێشمەرگایەتی بینیووە، لەنێوان سالأنی(١٩٦٤-١٩٦٥) وێرای ئەرکی مامۆستایەتی و کاری رێکخراوەیی وەك سەرنووسەری گۆڤاری(پشکۆ)ی لقی کەرکوکی(یەکێتی مامۆستایانی کوردستان) کاری ڕاگەیاندنی کردووە، دواتریش لەگۆڤاری(گزنگ و ڕابەر)وەك دەستەی نوسەران ونوسەر لەبواری پەروەردەو کۆمەلایەتی بابەتی جۆراوجۆری نوسیووە، ساڵی ١٩٦٧لەقوتابخانەی سەلاحەددینی گەرەکی شۆڕیجەی کەرکوك دەبێتە مامۆستا.

لەساڵی ١٩٧٠ پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە و خەباتی کوردایەتی و چینایەتی تێکەڵکردووە، دوای ئەوەی سەرکردایەتی کورد بۆ ماوەی(٤)ساڵ ١٩٧٠-١٩٧٤ لە گفتوگۆ بووە لەگەل ڕژێم، لەساڵی ١٩٧٤چەکی پێشمەرگایەتی کردۆتەوە شان و لێپرسراوی لقی کەرکوکی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بووە، هەر لەساڵی ١٩٧٤لەگوندی سێگردکان(٣)جگەرگۆشەی بەهۆی نەخۆشی و دوور لە بنکەی تەندروستی دەبنە قوربانی بەناوەکانی(دیاری و عومەرو توانا).

لەدوای نسکۆی ١٩٧٥وەك سەرجەم مامۆستایان دەگەڕێتەوە شاری کەرکوك و دەست دەکاتەوە بەکاری مامۆستایەتی، بەلاّم ڕژێم وەك سزایەکی سیاسی دووری دەخاتەوە بۆ شاری(سەماوە) لەوێش دەست دەکاتەوە بەکاری سیاسی و خەباتی نهێنی تا ساڵی ١٩٨١دەگوازرێتەوە شاری هەولێر، هەرچەندە ڕژێم نەیهێشتووە لەکەرکوك بێت، بەلاّم هەر لەشاری کەرکوك بەردەوام سەرقاڵی کاری سیاسی و چالاکیەکانی ڕێکخستن بووە لەشانە سەرەتاییەکانی کۆمەڵە لەساڵی ١٩٧٠ەوە بەووردی کاریکردووە لەکەرکوك تاوەکو کردویەتی بە(ڕێکخراوی کەرکوك) کە ڕێکخراو گەورەترین یەکەی ئۆرگانی ڕێکخستن بووە لەئاستی شارێك(کەرکوك)دا.

ئەندامی هەرسێ کۆنفراسی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بووە، لێپرسراوی ڕێکخراوی دووی کەرکوکی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بووە، لەبواری ڕێکخراوە پیشەییەکاندا دەستەی دامەزرێنەری مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بووە، لەهەر سێ کۆنفراسی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لەساڵی ١٩٧٧ لەهاوینە هەواری سەلاحەددین و ساڵی ١٩٨٢و١٩٨٥لە بالیسان بەشداریکردووە بەلێپرسراوی لقی کەرکوك وئەندامی سکرتاریەت هەڵبژێردراوە.

دوا پلەی لێپرسراوی(ڕێکخراوی دووی کەرکوك)ی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ولێپرسراوی(لیژنەی سەرکردایەتی شارەکان) و(ئەندامی سەرکردایەتی)یەکێتی نیشتمانی کوردستانی پێبەخشراوە.


لەڕۆژی ١٠-٩-١٩٨٦لەگەل(دلێر)ی کوڕی لەماڵی خۆی لەشاری کەرکوك دەستگیردەکرێن، خۆی و هەردوو هاوڕێی خەباتی مامۆستا(شێرزاد





حوسێن محەمەد جەباری و ڕەئوف عەبدولرەزاق ساڵح ناسراو بە ڕەئوف یابە)کە هەردووکیان ئەندامی ڕێکخراوی دووی کەرکوك بوون، لەزینداندا بوونە قارەمانترین هێمای خۆراگری و هەموو زەبروزەنگی دوژمن لەماوەی(٤مانگ و٥ڕۆژ)دا نەیتوانی تەنها یەك نهێنی تەنها یەك وشەیان پێبدرکێنێ، نەیانتوانی چۆك بەو سێ قارەمانە دابدەن وتەنها ناوی یەك ئەندامی ئەو ڕێکخراوە ئاشکرابکەن، بۆیە شەهید مەلا قادر لەزیندانەوە بۆ دڵنیایی نامەیەکی ئاراستەی سەرکردایەتی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کردووە لەنامەکەدا دووپاتی کردۆتەوە کە تەنها بۆ مێژوو ئەم نامەیەی نوسیووە و دەڵێت"دوژمن نەیتوانیووە تاکە وشەیەکم پێ بدرکێنێ، شەرەفی نهێنیەکانم پاراستووە"، بەداخەوە لەبەرواری ١٥-١-١٩٨٧بەمەرسومێکی کۆماری بە ئیمزای خودی دیکتاتۆر(سەدام حوسێن) حوکمی لەسێدارەدانی زاڵمانەی(دادگای بەناو شۆرش)بەسەر مامۆستا عەبدولقادر و هاوڕێکانی سەپاند لە ١٧-٦-١٩٨٧لە قەسابخانەی( ئەبوغرێب) بڕیارەکە جێ بەجێکرا و چونە کاروانی نەمرانەوە و تەرمی پیرۆزیان لەتەمموزی ئەو ساڵەدا لەگۆرستانی(شێخ محێدین)ی شاری کەرکوك بەخاك سپێردراوە.

## ٦-شەهید عەبدولرەزاق،



### ئەو سەرکردەیەی کەرکوکی رزگارکرد [٦٤]

ناوی تەواوی (عەبدولرەزاق ئەحمەد عومەر مەولود)ە، ساڵی ١٩٤٨ لەگوندی ئۆمەرگومبەت هاتۆتە ژیانەوە، لە تەمەنی(٣)ساڵیدا باوکی (کاک

٩- سوودم بەتەواوەتی وەرگرتووە لە((سەرچاوە: شەهید عەبدولرەزاق، ژیان ورۆڵی لەبزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی(١٩٤٨-١٩٩١)، توێژینەوەیەکە خوێندکار(سەنگەر قادر حوسێن) پێشکەش بە بەشی مێژووی سکولی زانستە کۆمەلایەتیەکانی فەکەڵتی زانستە کۆمەلایەتیەکان ویاسای زانکۆی کۆیەی کردووە لە ساڵی خوێندنی ٢٠١٠-٢٠١١وەك بەشێك لە پێداویستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەمێژوودا بەسەرپەرشتی د.جەمال فەتحوڵلا تەیب) خۆزگە ئەم توێژینەوەیە چاپ وبلاّودەکرایەوە.





ئەحمەد ) بەهۆی (مارپێوەدان)ەوە کۆچی دوایی دەکات، ساڵی ١٩٥١ مامێکی بەناوی(محەمەد )کە بە(مەلا محەمەد )ناسراو بووە، (بەڵگەی لەدایکبوون)ی بەناوی خۆیەوە بۆ دەردەکات بەناوی( عەبدولرەزاق محەمەد عومەر مەولود )، مەلا محەمەدی مامی توانی رۆڵی(کاك ئەحمەد)ی برای ببینێت و ببێتە باوکێکی راستەقینە بۆ(عەبدولرەزاق) چونکە کەسایەتیەکی رۆشنبیرو کوردپەروەرانەی هەبووە.

لەبەر نەبوونی قوتابخانە لە گوندەکانی (شێخ بزێنی و دەشتی کۆیە) بۆیە شەهید لە تەمەنی(١٢)ساڵی دەچێتە بەر خوێندن لەشاری هەولێر، لەنێوان ساڵانی(١٩٦٠-١٩٦٦) قۆناغی سەرەتایی لەخوێندنی پەروەردەی ئیسلامی تەواو دەکات، بۆ خوێندنی ناوەندی دەچێتە شاری کەرکوك و لەوێ شان بەشانی خوێندنی ناوەندی بۆ بژێوی ژیان چاپخانەیەکیش دادەنێت، ئیتر لێرەوە ئاشنای کۆمەڵێك هاورێی نوێ دەبێت وبیری سیاسی و نیشتمانپەروەری لەلای گەشە دەکات.

### وێستگەکانی خەباتی شەهیدی سەرکردە عەبدولرەزاق

#### ١- لە شۆرشی ئەیلولی مەزن(١٩٦٦-١٩٧٥)

لەساڵی (١٩٦٦) ەوە لە رێکخراوی یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە دەست پێدەکات و دواتر بووە بە ئیدارەی (ناوچەی سەنگاو) و ئینجا دەگوازرێتەوە بۆ ئیدارەی( ناوچەی بیارە) تا نسکۆی(١٩٧٥)ی شۆرشی ئەیلولی مەزن بەردەوامی داوە بەخەباتکردن.

## ٢- لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان(١٩٧١-١٩٧٩)

لەساڵی١٩٧١ەوە دەستیکردووە بەڕێکخستنی هێڵی ڕێکخستنەکانی(کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان) لە شاری (کەرکوك و هەولێر)، لەدوای ئاشکرابوون و تەفروتونا بوونی بەشێکی زۆری ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لەلایەن ڕژێمەوە، شەهید لەبەر ئەوەی(٣) ناوی هەبوو لەسەرەتای ژیانیدا باوکی ناوی نابوو(عەبدوڵلا)ئەم ناوەش(٣)ساڵی تەمەنی خایاندوو دواتر دوای کۆچی (باوك)ی، مامی (مەلامحەمەد)ناوی نا(عەبدولڕەزاق) و لەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەش ناوی نهێنی(فستق فرۆش)بوو ئەمەش وایکرد ئاشکرا نەبێت و بەنهێنی مایەوە لەگەڵ هاوڕێکانی توانی ڕێکخستنەکان دووبارە ڕێکبخاتەوە لەساڵی ١٩٧٥، ئەوکاتە ڕێکخستنەکانی(کۆمەڵە ) هەر پارێزگایەکی بە(هەرێم)ێك دانابوو، چوار هەرێمی هەبوو(هەرێمی سلێمانی بەسەرپەرشتی سالار نەجمەدین عەزیز و هەرێمی کەرکوك بەسەرپەرشتی شەهید ئازاد هەورامی و هەرێمی هەولێر بەسەرپەرشتی شەهید عەبدولڕەزاق محەمەد و هەرێمی خانەقین بەسەرپەرشتی حیکمەت محەمەد کەریم-مەلابەختیار-) ئەم هەرێمانە پێکەوە کۆمیتەیەکی سەرکردایەتیان دروستکرد بەناوی(کۆمیتەی هەرێمەکان).

شەهید عەبدولڕەزاق، لەمانگی١١ی ١٩٧٥ لەبارودۆخێکی سەخت و دژواردا بەشاراوەیی و نهێنی بووە خانەخوێی کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەرێمەکانی کۆمەڵە لەشاری هەولێر، کە تیایدا هەوڵی





دووبارە ژیانەوە و ڕێکخستنەوەی ڕێکخستنەکان وسنوروشێوازی کارکردنی کۆمەڵە دیاریکرا.

شەهید لەساڵی ١٩٧٨کاتێك دەچێتە کارکردن لەشاری (مەخمور) لەلایەن ڕژێمەوە دەستگیر دەکرێت ودەبرێتە (هەیئەی خاسەی کەرکوك) و دواتر حوکمی(١٠) ساڵ زیندانی بەسەر دەسەپێنرێت و لەزیندانی(ئەبوغرێب) زیندانی دەکرێت، لە ١٦-٧-١٩٧٩لەگەڵ هاتنە سەر حوکمی(سەدام حوسێن) بەر لێبوردنی گشتی دەکەوێت و ئازاد دەکرێت.

## ٣- لە شۆڕشی نوێی گەڵەکەمان(١٩٨٤-١٩٩٠)

دوای ئازادبوونی لەزیندانی ئەبوغرێب دەست دەکاتەوە بەکاری نهێنی و ڕێکخستن، دوای ئەوەی لەلایەن ڕژێمەوە چاودێری توندی کارەکانی دەکرێت لەسەر داوای سەرکردایەتی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە، خەباتی چوونە(شاخ)ی دەستپێدەکات و ساڵی ١٩٨٤دەکرێتە لێپرسراوی ڕێکخراوی(٢)ی کۆمەڵە کە بارەگاکەی لە دۆڵی بالیسان بوو، ئەوکات شەهید(حەسەن کوێستانی) لێپرسراوی مەڵبەندی(٣)بووە، جگە لەکاری ڕێکخستن بەشداری وسەرپەرشتی چەندین داستانی قارەمانێتی و پێشمەرگایەتی کردووە وەك(شەڕی مجاهیدینی خەلق لەدۆڵی باڵەییان، داستانی ڕزگاری، جافایەتی، مەچلوبەی شەمامك، کونە کۆترو چەندین نەبەردیتر دژ بە ڕژێمی بەعس)، دواتر لە ئەنفالە بەدناوەکان لەنێوان ساڵی ١٩٨٨-١٩٨٩لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرەو خاکی کوردستانی ڕۆژهەڵات(وولاتی ئێران) دەچێت و لەگەڵ هاوسەرەکەی لەشاری(مهاباد)

نیشتەجێ دەبن و بەردەوام دەبێت لە خەبات تا لەگەل گرتنی كوەیت لەلایەن سوپای عێراقەوە لەساڵی ١٩٩٠دەكرێتە ئەندامی فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی كوردستان لە ریزەكانی یەكێتی نیشتمانی كوردستان .

## ٤- لە ڕاپەرینی ١٩٩١ و سەركردەی سەرپەرشتیاری ئازادكردنی كەركوك

لەو كاتەی كە بووە بە ئەندامی فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی كوردستان كراوە بەسەرپەرشتیاری سنورێكی فراوان بۆ ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ هەر لە ڕەواندز و شەقلاوە و سەری ڕەش و هەولێر تا ئازادكردنی كەركوك.

هێزەكان بۆ ئازادكردنی هەولێر كران بە دوو قۆڵەوە یەكەم: هێزێك بەسەرپەرشتی كۆسرەت ڕەسول عەلی بۆ سەر بارەگای سەربازی فەیلەقی(٥)ی سوپای عێراقی و قۆڵی دووەم : هێزێك بەسەرپەرشتی عەبدولرەزاق محەمەد بۆسەر دەزگای ئەنجومەنی یاسادانان وئەنجومەنی جێبەجێكردن ورێكخراوی هەواڵگری باكوری حزبی بەعس، دوای ئازادكردنی شارەكانی سلێمانی و هەولێرو دهۆك جەماوەری ڕاپەریوو و هێزی پێشمەرگە بەرەو شاری كەركوك لەهەڵمەت دابوون، لەشارۆچكەی پردێ(نەوشیروان مستەفا و كۆسرەت ڕەسول وعەبدولرەزاق محەمەد و حەسەن كوێستانی) بەرنامەی ئازادكردنی شاری كەركوك-یان دانا و(شەهید عەبدولرەزاق)كرا بەسەرپەرشتیاری هێزی پێشمەرگە بۆ ئازادكردنی كەركوك، لە ١٩-٣-١٩٩١هەڵمەتی هێزی پێشمەرگە دەستپێكردو لەڕۆژی ٢٠-٣-١٩٩١ تەواوی ناو شاری كەركوك لە دەزگاكانی رژێم پاككرانەوە، لەكاتی پاككردنەوەی كەركوك برایەكی بەناوی





مەحمود(خولە)شەهید دەبێت و باوكی (مەلا محەمەد)یش كۆچی دوایی دەكات بەڵام شەهید عەبدولرەزاق سەنگەر چۆل ناكات، هەر لەو داستانە پڕسەروەری و مەزنەی شاری كەركوك لەسەنگەری بەرپەرچدانەوەی پەلاماری رژێمی بەعس بۆ سەر شاری كەركوك لە ٢٨-٣-١٩٩١ لەگوندی (باجوان)شەهید دەكرێ و دەچێتە كاروانی نەمرانەوە، بۆماوەی(٤٠)ڕۆژ تەرمە پیرۆزەكەی لەلایەن خاكی كەركوكەوە لە باوەش دەگیرێت كە ئاواتی سەرەكی شەهیدبوون بووە لە شاری كەركوك و دواتر لە گفتوگۆی نێوان ڕژێم وبەرەی كوردستانی بەڕەسمی تەرمی پیرۆزی دەهێنرێتەوە هەولێرو بەخاك دەسپێردرێت، لەدوای خۆی چوار جگەگۆشەی بەناوەكانی(هەڵمەت و تارا و تۆڵە وئالان) بەجێهێشتووە.

## شەهید لەووتەی هاوسەنگەرانی

-كۆسرەت ڕەسول عەلی كەساڵی ١٩٧٥-١٩٧٦لەسەردەستی شەهید عەبدولرەزاق هاتۆتە ڕیزی ڕێكخستنەكانی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستانەوە: شەهید ناوی كەوتۆتە ناو لاپەڕە پڕشنگدارەكانی مێژوو

-مەلا بەختیار(حیكمەت محەمەد كەریم): شەهید دوای تەفروتونا بوونی ڕێكخستنەكانی كۆمەڵە ساڵی ١٩٧٥ ڕۆلێكی مەیدانی بینی لە هەڵسانەوەو بوژانەوەی كۆمەڵە.

-مامۆستا بەكر(بەكر مستەفا سەعید): عەبدولرەزاق هەمیشە دەیگووت حەیفە پیاو لەم شەڕە لابەلایانە شەهید بێت، بەڵكو شەهید ئەوەیە لە كەركوك شەهید بێت.

## ئۆمەرگومبەت لەساڵی ٢٠١٣دا

ژمارەی دانیشتوانەکەی(٤٨)خێزان و(٢١٩)کەسە، بنکەی تەندروستی و قوتابخانە و مزگەوت وپرۆژەی ئاوی خواردنەوە و کارەبای نیشتمانی و ڕێگای قیرتاوکراوی هەیە.

## ئۆمەرگومبەت کەی قوتابخانەی لێکراوەتەوە

لەساڵی خوێندنی ١٩٧٦-١٩٧٧ قوتابخانەی لێکراوەتەوە و یەکەم بەرێوەبەری ناوی(سەعدی محەمەد خزر) بووە، بەبنەچە خەڵکی گوندی بانەمورد بووە، ژمارەی قوتابیانی ساڵی یەکەمی خوێندن(٥٤)قوتابی بووە، لەساڵی دووەمی خوێندن ١٩٧٧-١٩٧٨ ژمارەی مامۆستایانی زیادیکردووە لەوانە(عەبدولقادر شەریف و ئەسعەد محەمەد خزر و سوبحیە کۆیی وژیان کۆیی و نازەنین هەولێری و شلێر بەکر هەولێری) هاتوونە قوتابخانەکەو وانەیان وتۆتەوە، لەساڵی ١٩٨٣-١٩٨٤لەو ٥٤قوتابیە تەنها(٩)قوتابیان ماونەتەوە و درێژەیان بەخوێندن داوە لەسێگردکان ودواتر شارۆچکەی تەقتەق، یەکەم دەرچووی کۆلیژی ئەو گروپە(حەمید عەبدولقادر عەبدولرەحمان)ە لەساڵی خوێندنی ١٩٩٢-١٩٩٣، وە یەکەم دەرچووی پەیمانگای تەکنیکی ئەو گروپەش(ئەحمەد عەبدولرەحمان حەمەد و ئیدریس عەبدولعەزیز حەمەدەمین) بوون.[٦٥]

١٠-چاوپێکەوتن لەگەڵ(حەمید عەبدولقادر عەبدولرەحمان)، لەدایکبووی ١٩٧٠ی ئۆمەرگومبەت، یەکێك لەقوتابیە دەرچووەکانی یەکەم وەجبەی قوتابخانەکە، لە٣/١١/٢٠١٣.





لەساڵی خوێندنی(٢٠١٢-٢٠١٣)ژمارەی قوتابیانی قوتابخانەی ئۆمەر گومبەتی بنەڕەتی تێکەڵاو، ٦٠ قوتابی بووە(٢٨کچ و٣٢کوڕ) و ٧مامۆستا و ٣کارگوزاری هەبووە و بەرێوەبەرەی قوتابخانەکە( ڕێباز سەلام بەهرام عەبدولرەحمان)ە.[٦٦]

١١-چاوپێکەوتن لەگەڵ(ڕێباز سەلام بەهرام)، بەرێوەبەری قوتابخانەی بنەڕەتی ئۆمەرگومبەت، لە٢٥/٤/٢٠١١٣.

# گوندی سێکانی

## ناوی سێکانی لەچیەوە هاتووە؟[٦٧]

**ناوەکە ناولێنانێکە پەیوەستە بەو کانیاوانەی کە گوندەکەی لەسەر بونیاتنراوە، لەم ڕووەوە خەڵکی گوندەکە سێ بیروبۆچونیان هەبوو:**

**یەکەم: بەهۆی هەبوونی هەرسێ کانی(کانی لولە وکانی قوڕە وکانی سێکانی) ووتراوە(سێکانی).**

**دووەم: هەندێکیان پێیان وایە بەکانیەکانی( گەرماوە، تەلان، قوڵەتێنی مزگەوت) بەهەرسێکیان ووتراوە(سێکانی).**

١٢-لەبەروای ٧-٥-٢٠١٣ سەردانی گوندی(سێکانی)م کردو لەماڵی(قاسم عومەر خزر ئیبراهیم)لەگەل خزمانی گوندەکە کۆبوینەوە و چاوپێکەوتنم لەگەل ئەم بەرێزانە کرد:

١-حاجی ڕەزا محەمەد خدر ئەبابەکر، لەدایکبووی ١٩٣٩ی سێکانی، گوندنشین.

٢-سەعدوون عەبدولرەحمان سابیر شەریف، لەدایکبووی ١٩٦٣ی سێکانی، ئەنجومەنی گوند.

٣-قادر میرسێودین حەمەد قادر، لەدایکبووی ١٩٦٩ی سێکانی، ئەنجومەنی گوند.

٤-قاسم عومەر خزر ئیبراهیم، لەدایکبووی ١٩٦٥ی سێکانی، ئەنجومەنی گوند.

٥-یاسین حەمەدەمین یاسین عەبدوڵلا، لەدایکبووی ١٩٦١ی سێکانی، گوندنشین.

٦-جەوهەر محەمەد حەمەدەمین عوسمان، لەدایکبووی ١٩٦٥ی سێکانی، گوند نشین.

٧-نوری حەمەد سەعید کاکل شەریف، لەدایکبووی ١٩٧٣ی سێکانی، گوند نشین.

٨-محەمەد عەبدولرەحمان سابیر شەریف، لەدایکبووی ١٩٧٦ی سێکانی، گوند نشین.

٩-جوتیار سەعدوون عەبدولرەحمان سابیر شەریف، لەدایکبووی ١٩٨٦ی سێکانی، گوندنشین.





**سێیەم: دەوترێت تەنها بەهۆی یەکێك لەکانیەکانەوە ناوی لێنراوە، ئەویش ناوی کانی(سێکانی)بووە.**

**هەر چۆن ئەوسێ بیروڕایە وەربگرین لەڕاستی ودروستی ناو لێنانی گوندەکە دوور ناکەوینەوە، چونکە بەئاشکرا ناولێنانێکە پەیوەستە بەکانیاوەکانی، کە گوندەکە بەهۆیانەوە ئاوەدان بووە.**

## سنوری گوندی سێکانی

**بەدووری(٤)کیلۆمەتر لە خۆرئاوای ناحیەی سێگردکانەوە هەڵکەوتووە، لەڕۆژهەڵاتدا چەقی سێگردکان و لەخۆرئاوادا گوندی(تازەدێ) و بەشێك لەگوندی(قەمبەر) دەوری داوە، لەباکور سنوری دەگاتە گوندی(قەمبەر) و لەباشوریش(زێی بچووك لەگوندی(شەوگێری)ناحیەی شوانی جیادەکاتەوە.**

**کەوتۆتە نێو هێلی پانی(٣٥,٥٢-٣٥,٨٧)پلەی باکوری گۆی زەوی و نێوان هێلی درێژی(٤٤,٢٤-٤٤,٤٠)ی خۆرهەلاتی گۆی زەوی و بەرزی لەئاستی ڕووی دەریاوە(٣٣٦)مەترە دەکاتە(١١٠٣)پێ.**

**کەرتێکی کشتوکاڵی هۆبەی کشتوکاڵی سێگردکانەو ڕووبەری گشتی کەرتەکە(٣١٦٤)دۆنمە و(١٤٠٤)دۆنمی شیاوی چاندنە وبەراوی میری(٦١٤)دۆنمە وپشتاویشی(٧٧٣)دۆنمە، لەگەل(١٧)دۆنمی ڕەزگەری و(٨٠٠)دۆنمی پاوانە و(٣٥)دۆنمی حەرەمی گوندە، هەروەها(٩٢٥)دۆنم بەراوی تری هەیە.**

**لەدیارترین پارچە زەویە پشتاوەکانی گوندی سێکانی بریتین لە(شێخ ڕەسول، کانی قوڕە، باریکە، سوراوە، باسك مانگا، بان تەلان)، وە**

لەحاویەکانیشی کە زەوییە بەراوەکانین بریتین لە(زەوی قون چەم، زەوی ناو بەلێن(بەلّەك)، زەوی ڕەمان مردی، زەوی قوڕاو، زەوی بن گەڕ، زەوی شێخ ڕەسول، زەوی دارەپەلك)، گردی(ڕەز هاجەر و گردەنەخشینە) لەبەرزاییە بەرزەکانی گوندەکەن.

لەدوو پارچە زەویدا خرابگەی هەیە وەك(کانی قوڕە کە وێرانەیە وبەقولی(١)مەتر لەژێرخاکەوە جەڕەو گۆزەی شکاوی لێدۆزراوەتەوە) لەگەل ئاقاری(بان کەور)یش یەکێك لەخرابگەکانی گوندی سێکانی-یە، جگە لەگۆڕستانی(شێمحەمەد) کە ئەمڕۆ خەڵکی ئاوایی سێکانی مردووی لێدەنێژن، چەند گۆڕستانێکیتر لەسنوری گوندەکە هەیە وەك(کونە مەغار: ڕووی گۆڕەکانی ڕووە وڕۆژهەڵات وڕۆژئاوان) وە گۆڕستانی شێخی ڕەسول بە چاك وشەخس دادەنرێت ئەگەر ژنی دوو گیان بەلایەوە تێپەڕێت ئەوا منالّەکەی سکی نیشانەیەکی پێوە دەبێت، هەندێکیشیان دەلێن ئەمە پەیوەستە بەبیروڕای هەندێك خەڵکەوە نەوەك تێکڕای گوندەکە.

## پێکهاتەی دانیشتوانی گوندی سێکانی

لەچەند تیرەیەکی سەرەکی پێکدێن لەوانە(بەگزادە، بابان، چۆغەڕەشی، سەیدەکان، دەلّۆ)، بەگزادە زۆرینەی گوندەکە پێکدەهێنن، گوندی(قەمبەر)یش لەتیرەی(بەگزادە)ن و لەگوندی(سێکانی)یەوە چوون گوندەکەیان ئاوەدانکردۆتەوە.

خەڵکی ئەم گوندە جوتیار ومەڕ لەوەڕێن بوون، بەکۆنترین گوندی سنورەکە ئەژماردەکرێت لەلایەن خەڵکی ناوچەکەوە، کە(بابانیەکان)





ئاوەدانیانکردۆتەوە، هەندێك بیروبۆچوون باس لەوە دەکەن بەرلەهاتنی دەربەندییەکان بۆ گوندی سێگردکان(چەقی ناحیەی سێگردکانی ئەمڕۆ)، سێگردکان لەدەستی(بەگزادەکان) بووە، و یەکێك لەو سێ گردەی کەناوی(سێگردکان)یان لێ پێکهاتووە ناوی(گردی میرسێودین)ە، کەباپیرەی بەگزادەکانی سێکانی-یە وهەر لەگۆڕستانی گەورەی سێگردکانیش نێژراوە، هەروەها بیروبۆچونی تریش سەبارەت بەشوێنی سەرەتایان هەیە کە لێوەی هاتوون هەندێکیان دەڵێن لە(هەڵەدن)ەوە هاتوون و هەندێکیشیان دەڵێن لەشاری(مەریوان)ی ڕۆژهەڵاتەوە هاتوون.

کێخواکانی گوندی سێکانی لەنەوەی (وەسمان بەگی یوسفی میرسێودین)ن:

١-حاجی عەلی وەسمان بەگ کوڕی یوسفی میر سێودین.

٢-شەریف عەلی وەسمان بەگ کوڕی یوسفی میر سێودین.

٣-قادر عەلی وەسمان بەگ کوڕی یوسفی میر سێودین.

٤-سابیر شەریف عەلی وەسمان بەگ کوڕی یوسفی میر سێودین.

٥-کاکل شەریف عەلی وەسمان بەگ کوڕی یوسفی میر سێودین.

٦-محەمەد مەلا حەمەدەمین وەسمان بەگ کوڕی یوسفی میر سێودین.

لەکێخوا دیارەکانیان(حاجی عەلی وەسمان بەگ و حاجی کاکل شەریف عەلی)بوون، جگە لەمانە چەند کەسایەتیەکی دیار لەمێژووی گوندەکە هەبووە وەك جوتیار و خانەخوێ ی ڕێبواران بوون لەوانە(عەبدوڵلای کوڕی حەمەدەمینی ئەبابەکر، سۆفی محەمەدی کوڕی خدر، عەبدولرەحمان سابیر شەریف)، هەروەها لەسەردەمانێکدا مزگەوتی سێکانی فەقێی هەبووە و تیایدا وانەی ئاینی لە(گردفەقێ) ووتراوەتەوە لەسەر دەستی مەلای ناوداری

گوندەکە(مەلا عەبدولرەحمانی کوڕی خدری بەگزادە) لە دیارترین فەقێیەکانیش(مەلا شێخ سدیقی جلبەسەری ومەلا فاتیحی جلبەسەری ومەلا سدیق عوسمانی ئیلنجاغی گەورەو مەلا عەلی دەرماناوی لەکان).

پیشەی سەرەکی دانیشتوانی سێکانی کشتیاری و ئاژەڵداریە و لەکۆندا بەرهەمی(توتن)یان بەناوبانگ بووە، بەلاّم ئەمڕۆ بە بەرووبوومەکانی(تەماتە وخەیار وشوتی) بەناوبانگن.

## کەی قوتابخانە لە گوندی سێکانی کراوەتەوە؟

لەساڵی خوێندنی(١٩٧٦-١٩٧٧) قوتابخانەی لێکراوەتەوە، یەکەم بەڕێوەبەری ناوی(سوهاد جەلال تورکمانی هەولێر)بووە، ئەوکات قوتابخانەکە لەزەوی(عەبدولرەحمان سابیر شەریف) لەقوڕو خشت دروستکراوە.

لەساڵی خوێندنی(٢٠١٢-٢٠١٣) لەیەك بینادا دوو دەوامی خوێندنی تێدایە، یەکەمیان(قوتابخانەی شەهید دێدەوانی بنەڕەتی)یە، لەپۆلی(١-٦)ی بنەڕەتیە(١٢٥)قوتابی هەیە کە(٧٠کوڕ و٥٥کچە)لەگەل(٩کارگوزارو ٨مامۆستا) وبەڕێوەبەرەکەی(هاوبیر سلێمان تەها)یە، دووەمیان (قوتابخانەی سێکانی بنەڕەتی)یە، لەپۆلی(٧-٩) بنەڕەتیە(٧٥)قوتابی هەیە کە(٣٨کوڕ و٣٧کچە)لەگەل(٤کارگوزارو ٧مامۆستا) وبەڕێوەبەرەکەی(پشتیوان جەلال حەمید)ە.





## سێکانی لەساڵی ٢٠١٣دا

ژمارەی دانیشتوانی سێکانی لەساڵی ٢٠١٣لە(٨٤)خێزان و(٦٧٠)کەس پێکهاتووە، گرنگترین پڕۆژە خزمەتگوزاریەکانیشی بریتین لە( قوتابخانەی بنەڕەتی، کارەبای نیشتمانی، پڕۆژەی ئاوی خواردنەوە، ڕێگای قیرتاو و کۆنکرێتی ڕێگەی سەرەکی گوندەکە).

## ڕووخان وکاولکارییەکانی سێکانی

وەك هەموو گوندەکانی سنورەکە چەند جارێك دووچاری سوتان وڕووخان وپەلامار ومالوێرانی هاتووە:

یەکەم: لەهەرای بەعسی ساڵی ١٩٦٣-١٩٦٤دووچاری پەلامار وتالاّنکاری هاتووە لەسەردەستی جاش وجەیش، هەندێك لەماڵەکانی گوندەکە سوتێنراوە وتالاّنکراوە وچەکی چەندین جوتیاریشیان بردووە.

دووەم:لەساڵی ١٩٧٧ بۆردومانکراوە لەلایەن فڕۆکەوە وهاولاّتیەك بەناوی(محەمەد ئەحمەد ئۆمەر) شەهیدکراوە.

سێیەم: ساڵی ١٩٨٢بەهۆی هاوڕێیانی حزبی شیوعیەوە شەڕێکی گەورە ڕوویدا وجاش وجەیش پەلاماری گوندەکەیان دا و شەڕێکی خوێناوی ڕوویدا بەسەدان جاش وسەرباز کوژران و١٤پێشمەرگەش لەحزبی کۆمەنیست ویەکێتی و سۆسیالیست شەهیدبوون.

چوارەم: لەساڵی ١٩٨٥ لەکاتێکدا کە هێزێکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەسەرپەرشتی(مام غەفور) لەگوندی سێکانی بوون،

**هەلیکۆپتەرەکانی ڕژێم کەوتنە بۆردوومانی گوندەکە ودەوروبەری(٩)هاولاّتی گوندەکە بەسەختی بریندداربوون، ئەمەش ناوەکانیانە:**

**١-عەلی ڕەزا محەمەد(مامۆستا عەلی سێکانی)**

**٢-زوبێدە عومەر خدر**

**٣-کەژاڵ عەلی ڕەزا محەمەد**

**٤-کاروان عەلی ڕەزا محەمەد**

**٥-نوری سەعید کاکل**

**٦-تۆفیق عەبدولرەحمان خدر**

**٧-سولّتان عەبدولرەحمان خدر**

**٨-خەدیجە عەبدولرەحمان خدر**

**٩-ئامین عەبدوڵلا حەمەلاو**

**پێنجەم: ساڵی ١٩٨٧ فرۆکەکانی ڕژێمی بەعس بۆردومانی گوندی سێکانیان کردوو(هیمداد شێخ محەمەد) خەڵکی گوندی تاڵەبانی گەورە بوو، شەهیدکرا.**

**شەشەم: ساڵی ١٩٨٨بەبۆردومانی فرۆکەی ڕژیم دایکی مام عەلی شۆرشگێران شەهیدبوو، دواتریش لەهەمان ساڵدا گوندەکە بەرشالاّوی ئەنفال کەوت.**





## شەهیدانی گوندی سێکانی

**لەسەردەمی حکومەتی مەلیکیەوە تا ئەمڕۆ ئەم گوندە ١٢شەهیدی بەخشیووە لە شۆڕشی ئەیلولی مەزنەوە تا دوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق کە(١)شەهیدی ئەنفالکراو و(٣)هاولاّتی و(٨)پێشمەرگەبوون وەك ئەم خشتەی خوارەوە:**

| ژ | ناوی شەهید | پلە | شوێنی شەهیدبوون | ساڵەکەی | دوژمن | ئۆرگان | شۆرش |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کێخوا سابیر شەریف عەلی وەسمان | هاولاّتی | سێکانی | بیستەکان | مەلەکی | - | - |
| ٢ | محەمەد سادق خدر | پێشمەرگە | گەلاّلە | ١٩٧٤ | بەعس | پ.د.ك | ئەیلولی مەزن |
| ٣ | ئەحمەد قادر سادق | پێشمەرگە | پیبازۆك | ١٩٧٧ | بەعس | ی.ن.ك | شۆرشی نوێ |
| ٤ | محەمەد ئەحمەد ئۆمەر | هاولاّتی | سێکانی | ١٩٧٧ | بەعس | - | شۆرشی نوێ |
| ٥ | عوسمان حەمەد مەحمود (ئەنفالکراو) | هاولاّتی | قەشقە | ١٩٨٨ | بەعس | - | شۆرشی نوێ |
| ٦ | کاوە عەبدولمەجید محەمەد | مناڵ | کەسنەزان | ١٩٩٥ | براکوژی | - | دوای ڕاپەڕین |
| ٧ | خەبات عەبدولمەجید محەمەد | مناڵ | کەسنەزان | ١٩٩٥ | براکوژی | - | دوای ڕاپەڕین |
| ٨ | عەلی عەبدولرەحمان سابیر | پێشمەرگە | کەنار زێی بچوك | ١٩٩٥ | کارەسات | ی.ن.ك | دوای ڕاپەڕین |
| ٩ | محسین عەبدولحەمید محەمەد | پێشمەرگە | | ١٩٩٨ | کارەسات | ی.ن.ك | دوای ڕاپەڕین |
| ١٠ | دێدەوان سەید ئەحمەد ڕەسول | کادیر | هەولێر | ٢٠٠٤ | تەقینەوە | ی.ن.ك | دوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق |
| ١١ | فەرهاد عەبدوڵلا خدر | پێشمەرگە | دووبز | - | تەقینەوە | ی.ن.ك | - |
| ١٢ | قادر عەبدولرەحمان خدر | پێشمەرگە | هەولێر | - | تیرۆر | ی.ن.ك | - |

# گوندی تازە دێ

## تازەدێ بەر لە ساڵی ٢٠٠٥ ناوی (شەیتان) بووە[٦٨]

سەبارەت بەناوی(تازەدێ) هیچ هەڵناگرێت بۆ بیروبۆچون وراڤەکردن چونکە ئەوکاتەی سەر بەشارۆچکەی تەقتەق بوو، واتە بەر لەساڵی(٢٠٠٥)مامۆستا (کاکەخان نەسرەدین ئەمین) بەرێوەبەری ناحیەی تەقتەق وتی"مام جەلال پێی ووتم ناوی (شەیتان) ناوێکی خۆش نیە، بابیکەین بەگوندێکی نوێ و ناوەکەی بگۆرین بە(تازەدێ)واتە گوندێکی نوێ.

بەلاّم زاراوەی کۆنی شەیتان دوو بیروبۆچون لەسەری هەیە:

١٣-بۆ وەرگرتنی زانیاری لە بەرواری(٤-٣-٢٠١٣) لەگەل(مامۆستا فوئاد عومەر فەتحوڵلا)ی بەرام سەردانی گوندی تازەدێ-م کردو چومە ماڵی حاجی برایمی ئەحمەدی محەمەد چاوپێکەوتنم لەگەل ئەم بەرێزانە ئەنجام دا:

١-برایم ئەحمەد محەمەد سەفەر شێخانی، لەدایکبووی١٩٣٠ی گوندی شەیتان، بەلاّم حاجی برایم ووتی"(٦)ساڵ دوای گرانی لەدایکبومە مەبەستی ئەو گرانیەی نێوان سالاّنی جەنگی جیهانی یەکەم(١٩١٤-١٩١٨)بوو، کەواتە دەکرێت لەدایکبووی ١٩٢٠یان ١٩٢٦ بێت، یەکێك لە بەسالاّچوانی گوندەکەیە.

٢-نادر برایم ئەحمەد، لەدایکبوی ١٩٧٢ی تازەدێ، ئەنجومەنی گوند.

٣-مشیر برایم ئەحمەد، لەدایکبووی ١٩٦٨ی تازەدێ، مەلای گوند.





یەکەمیان: بەهۆی ئەوەی گوندەکە لەلاپاڵی گردێکی خرابگەوە بەناوی (قەرەشەیتان)ەوە بونیاتنراوە، دەڵێن دەکرێت ناوی گوندەکە لەمەوە هاتبێ.

دووەمیان: گوایە لە(شط)ی عەرەبییەوە هاتووە کەرووباری زێی بچوك لەو شوێنەوە بووە بەدوو لق و پێیان ووتووە(شطان) لەزمانی کوردیدا بووە بە(شەیتان)، خەڵکی شێخ بزێنی-یش بەزێ-یەکە دەڵێن(شەتەکە یان دەم شەتەکە)، بەش بەحاڵی خۆم(قەرەشەیتان)ەکە زیاتر دەچێتە ئەقڵەوە چونکە خرابگەیەك بووە و هەر بەناوی ئەو خرابگەوە ناوی ئاوایییەکەش هاتووە بەنمونە(ماڵمان لەلای گردی قەرەشەیتانە)بەمەش دواتر زاراوەی(شەیتان)ی بەسەرابراوەتەوە.

## سنوری گوندی تازەدێ

لەرۆژهەلاّتدا گوندی(سێکانی) و لەرۆژئاوادا گوندی(ئاوماڵ)، لەباکوردا گوندی(قەمبەر) و لەباشوریش(زێی بچوك) لەگوندەکانی(شەوگێر وکاوڵەسوارو تورکی)جیادەکاتەوە، نزیکەی(٧)کیلۆمەتر لە رۆژئاوای ناحیەی (سێگردکان)ەوە دوورە، کەوتۆتە نێو هێلی پانی(٣٥,٥٠-٣٥,٨٤)پلەی نیوەگۆی باکوری زەوی ولەنێو هێڵی درێژی(٤٤,٢٢-٤٤,٣٨) رۆژهەلاّتی گۆی زەوی، لەئاستی رووی دەریاوە(٣١٥)مەتر بەرزە دەکاتە(١٠٣٤)پێ، کەرتێکی کشتوکاڵیە بەرووبەری(٢٧٩٣)دۆنم، کە(١١٨٨)دۆنمی شیاوە بۆ چاندن و(٧٣٢)دۆنمی پاوان ولەوەرگایە و(٦٠)دۆنمی بەراو و(٩٩٦)دۆنم پشتاو و(٥)دۆنم رەز و(١٢٧)دۆنمی بەراو و(١٨)دۆنمی زەوی تایبەتی هەیە،

وە(١٢)دۆنم ڕەزی میری و(٨٢٥)دۆنمی بەراو و(٤٨)دۆنمیش حەرەمی گوندەکەیە.[٦٩]

گوندی تازە دێ چەندین زەوی بەراوی زێکردی هەیە لەوانە(چەم مەلا، چەم سووتا، پەرکێ، چەم ڕەسول) کەهەموویان بەیەکەوە پێیان دەوترێت(حاوی شەیتان)، هەروەها چەندین پارچە زەوی دێمەکاروپشتاوی هەیە لەوانە(بانە سوسکە، جۆنیلان، زەوی گەورە، بانی توێ کان، شیرناو، باسکە درێژ، دۆلی عەلی شەل، بانی کانی ڕەش، کەرەکین، بەردەسۆران، بەراوەکان، کانی حەمرە، بەرکۆریتە)، هەروەها بەرزترین گردیش لەئاقاری تازەدێ گردی(هەوێزەسوور) وگردی (بانی کانی ڕەشە).

لەڕووی شوێنەواریشەوە دووناوچەی شوێنەواری تێدایە، ئەوانیش(قەرەشەیتان و کانی حەمرە)ن، وە سێ گۆڕستانیشی هەیە، گۆڕستانی شێخ ڕەسول ئەمڕۆ مردووی لێ دەنێژن، لەگەل گۆڕستانی(شەخسەکە وقەبرەسەید[٧٠]).

---

١٤- تۆمارە فەرمیەکانی هۆبەی کشتوکاڵی سێگردکان

١٥-گۆرستانی قەبرە سەید بۆیە ئەو ناوەی لێنراوە، دەگێڕنەوە سەیدێکی گوندی (ئیلا اللّه) ی دەشتی کۆیە، لەئاوی زێی بچووك خنکاوە و ئاوی ڕووبارەکە لەگەل خۆی هێناویەتی و لەگوندی شەیتان تەرمەکەی دەدۆزرێتەوە و هەر لەو شوێنەی ئەمڕۆی گوندی شەیتان دەنێژرێ بۆیە ووتراوە(قەبرە سەیید).





## پێکهاتەی دانیشتوانی تازەدێ

لەم گوندەدا چەند تیرەیەك بەیەکەوە دەژین و لەکۆنەوە ئاوەدانیانکردۆتەوە، کە سەرەکیترینیان تیرەکانی(بەگزادە و شێخان وشێخ بزێنی و دەربەندی)ین، (بەگزادە) زۆرترین ژمارەی خێزانیان هەیە و لەدوای ئەوانیش تیرەی (شێخان)ەکان دێن، کێخوایەتی لەم دێیە بۆ ئاغاکانی شێخ بزێنی بووە، واتە(ئاغادێ)بووە، لەکێخواکانیان(نادرئاغای برای مەحمودئاغای سارتك، عەلی کوڕی مەحمود ئاغای سارتك، فەقێ ئەحمەدی کوڕی مەحمودئاغای سارتك) دیارترینیان(کێخوا عەلی کوری مەحمود ئاغای سارتك)بووە، هەروەها وەکو کەسایەتی گوندەکەش(عەلی کوڕی مەحمود ئاغای سارتك، فەقێ ئەحمەدی کوڕی مەحمودئاغای سارتك، مام حەمەدەمینی مام برایم، برایمی ئەحمەد محەمەد سەفەر) لەئاواییەکە کەسی دیاربوون.

خەڵکی گوندی تازەدێ بەپیشەی کشتیاری وئاژەڵدارییەوە خەریکن و شانبەشانی(ئاومالْ وسارتك) لەبەروبومی هاوینەش بە(شفتی شەیتان) یان تازەدێ بەناوبانگن، بەم دواییانە بەرووبومی(خەیار)یان بە(ئارو)ی تازەدێ-ش ناویان دەرکردووە.

## تازەدێ کەی قوتابخانەی لێکراوەتەوە

لەساڵی خوێندنی(١٩٧٨-١٩٧٩)قوتابخانەی سەرەتایی لێکراوەتەوە، سەرەتا مامۆستا(محەمەد سەکران) لە٢٤/٨/١٩٧٨بەکاتی بۆ ماوەی یەك مانگ قوتابخانەکەی کردۆتەوە و دواتر لە١/١٠/١٩٧٨یەکەم بەڕێوەبەری ناوی( ئیلهام مستەفا محەمەد)بووە و خەڵکی شاری هەولێر بووە و یەکەم کارگوزاریشی ناوی(مەحمود فەقێ ئەحمەد)بووە، دواتر چەند مامۆستایەك لەقوتابخانەکە خزمەتیان کردووە وەك (ئیلهامی حاجی غەریبی کۆیی و پەخشان عەبدولرەحمانی مەلا قادری ڕەش ونازەنین سەبید عەزیز کۆیی و مامۆستا حەربی) لە(٥/١٠/١٩٨٥) قوتابخانەکە داخراوە بەهۆی سیاسەتەکانی حکومەتی بەعسەوە، لەساڵی خوێندنی ١٩٩٧-١٩٩٨ قوتابخانەی جارێکیتر لێکراوەتەوە و(ئارام خزر حەمید) بەڕێوەبەری بووە، لەساڵی خوێندنی(٢٠١٢-٢٠١٣) ژمارەی قوتابیانی(٤٧)قوتابی بووە(٢٤کوڕ و٢٣کچ) لە(٦)پۆلدا و(٧)مامۆستاو(٥)بەردەست و(١)باخەوان و(١)پاسەوانی هەبووە و مامۆستا(رەنجبەر عومەر قادر سێگردکانی) بەڕێوەبەری بووە.[71]

١٦-چاوپێکەوتن لەگەڵ(رەنجبەر عومەر قادر) بەڕێوەبەری قوتابخانەی تازەدێی بنەڕەتی تێکەڵاو، لە٢٥/١٠/٢٠١٣.





## تازەدێ لەساڵی ٢٠١٣دا

لەساڵی ٢٠١٣گوندی تازەدێ ئەم خزمەتگوزارییانەی بۆ کرابوو(مزگەوت، قوتابخانەی بنەڕەتی، کارەبای نیشتمانی، پرۆژەی ئاوی خواردنەوە، خۆشیان هاتونەتە کەناری ڕێگای قیرتاوکراو)، ژمارەی خێزانەکانی(٣٧)خێزان بوو، کە(٢٩٠)کەسی تێدانیشتەجێ بوو.

## ڕووخان وکاولکارییەکانی تازەدێ

ئەم گوندەش وەك هەموو گوندەکانی کوردستان بێ بەش نەبووە لە پەلامار وبۆردوومانی فڕۆکەکانی ڕژێمی بەعس و هەرای بەعسی و حەرەس قەومی، ساڵی ١٩٦٣زۆرترین زیانی ماددی و کاوڵکاری بەرکەوتووە، هەروەها لەشۆڕشی ئەیلولی مەزن بارەگای(حەسیب سەدرە)ی لێبووە و لەشۆڕشی نوێ-ش بارەگاکانی تیپی(٨٦ی دەشتی هەولێر)و(تیپی ٨٧ی قەرەچوغ)ی زۆربەی جاران لەناو گوندەکە دابووە، دواجار گوندی تازەدێ لەپرۆسەی ئەنفال لەساڵی ١٩٨٨تەختکراوە.

## شەیتان وئاوماڵ لەنێوان ئاغاکانی کۆیەوشێخ بزێنی-دا

گوندی تازەدێی ئەمڕۆ و شەیتانی کۆن لەنێوان بەردەئاشی ئاغاکانی کۆیەوشێخ بزێنی دابووە، لەم ڕووەوە بەسەرهاتی ڕێگرتن لەئاغاکانی کۆیە دەگێڕنەوە، کەجوتیارەکانی گوندەکە لەباج وخەراجی زەوییانەیان بێزاربوون.

لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم(١٩٠٠-١٩٥٠) کاتێ ئاغاکانی کۆیە دێنە گوندەکەو پێنج یەکی دەغڵ ودانی بەرهەمی جوتیارەکان دەبەن، ئەو کات واباوبووە کەجوتیارەکان بە(کەروباری)خۆشیان ئەو بەرهەمە ببەنە شاری کۆیە، ئەو ئاغایانەی کەهاتوون ئەمانە بوون(مەلا ڕەئوف کوڕی سەلیم ئاغای حەوێزی و حەوێزی ساڵح جەببار ئاغای حەوێزی و شەفیقی کوڕی عەوڵڵا ئاغای حەوێزی)، کاتێك زەوییانەوبەرهەمەکانیان کۆدەکەنەوە وگوندەکە جێ دەهێلن، کوڕە جوتیارێك بەناوی(برایم ئەحمەد کوڕی محەمەدی سەفەری شێخانی) لە گوندی شەیتانەوە دەڕوات و لەبانی تاڵەبانی گوندی تاڵەبانی گەورە لەئاوی(میربەداغ) ڕێگەیان پێدەگرێ و پێیان دەڵێت"دەبێت تەلاق بخۆن جارێکیتر نەیێنەوە ئاوماڵ" ئێسترەکەیان لێ دەسەنێ وجواڵەگەنمەکان بەجێ دەهێڵێت، دوای ئەم ڕووداوە ئاغاکانی حەوێزی دەچنەوە کۆیەو لەوێ شکات لەسەر(برایمی ئەحمەدی محەمەد)تۆماردەکەن، دواتر بنکەی پۆلیسی تەقتەق بەفێڵ وهەوڵدان لەسەر برایم لەناو تەقتەق دەستگیری دەکەن و(١٧)ڕۆژ بەندی دەکەن، بەڵام ئێوارەیەکیان(برایم) کە(حەمەعەلی حوسێن)ی پۆلیس ئێشکگر دەبێت، داوای لێدەکات کە بیباتە سەر ڕووبارەکە تا پێداویستی خۆی جێبەجێ بکات، ئەمەش لەلایەن(برایم)ەوە زووتر بەرنامەی بۆ دادەنرێت،





بەتایبەت(حەمەعەلی حوسێن) کاتێك تفەنگەکەی لەلای دەرگاکەوە بەجێ دەهێلێ، بۆیە(برایم)یش دەرفەت وەردەگرێت وچاوی(حەمەعەلی حوسێن) لەقومی کەناری ڕووبارەکە پڕدەکات و لەبەندیخانەکە ڕادەکات و بەشەو دەگاتە گوندی(ئۆمەرگومبەت) و دەربازی دەبێت و بەمەش دوای ئەو ڕووداوە ئاغاکانی کۆیە چیتر نەهاتنەوە گوندی ئاوماڵ، بەڵام(برایم) لەترسی پۆلیس وحکومەت(٩)ساڵ لەگوندی قەرەسالم لەلای ئاغاکانی شێخ بزێنی داڵدەدراوە وحەوێنراوەتەوە.

# گوندی قەمبەر

## ناوی قەمبەر لەچیەوە هاتووە؟[72]

خزمانی گوندی قەمبەر دوو بیر وبۆچونیان هەبوو:

یەکەمیان: وشەیەکی تورکیە بەمانای شوێنی بڵند دێت.

دووەمیان: وشەیەکی کوردییە، لە(کەم بەر)ەوە هاتووە، چونکە زەوی وزارەکانیان دێمەکارەو دانەوێلە بەبڕشت وبەهەرمێن نەبووە، بۆیە ووتراوە زەوی کەمبەر و دواتریش بووە بە(قەمبەر).

---

١٧-لەبەرواری(٢٠-٤-٢٠١٣) ڕۆژی شەممە لەگەل مامۆستایان( محەمەد عەزیز و دەشتی سەرهەد ئەبوبەکر) کەمامۆستای قوتابخانەی قەمبەر بوون سەردانێکی مەیدانی گوندی قەمبەرم کردوو لەماڵی(عەبدولرەحمان ئۆمەر یاسین) بەدەم چایە خواردنەوە چاوپێکەوتنم لەگەل ئەم بەرێزانە کرد:

١-عەبدولرەحمان ئۆمەر یاسین محەمەد ئەیوب عەساف، لەدایکبووی ١٩٤٧ی قەمبەر، گوندنشین.

٢-مستەفا سالح محەمەد ڕەسول وەسمان میرسێودین، لەدایکبووی ١٩٥٤ی قەمبەر، گوندنشین.

٣-بەکر حەمەڕەشید ئەحمەد ئەیوب عەساف، لەدایکبووی ١٩٦٥ی قەمبەر، گوندنشین.

٤-سەباح قادر یاسین محەمەد ئەیوب عەساف، لەدایکبووی ١٩٧٤ی قەمبەر، گوندنشین.

٥-نوری سەعید کاکل شەریف عەلی وەسمان یوسف میرسێودین، لەدایکبووی ١٩٧٣ی سێکانی، گوندنشین.

٦-عەبدوڵلا ئۆمەر ئەحمەد ئەیوب عەساف، لەدایکبووی ١٩٧٢ی قەمبەر، نیشتەجێی بەریتانیا لەبەرواری(٨-٦-٢٠١٣)بەسکایپ.





سەبارەت بەبیروبۆچوونی یەکەم بەڵێ ووشەکە ووشەیەکی ڕەسەنی عوسمانیەکانە و لەزمانی تورکی سەردەمی عوسمانیەکان بەو کەسانە ووتراوە(قەمبەر) کە دڵسۆزو بەوەفا بوون بۆ سەرکردەونیشتمانەکەیان، زۆر کەسیش زاراوەی قەمبەری لەگەل بەکارهاتووە وەك والی بەغداد(قەمبەر عەلی) ، بەلاّم بۆچونی دووەم بە وەرگێرانی پیتی لەقەڵەم دەدەم چونکە تورك وکورد پیتی(کاف) وەك یەك بەکاردێنن بۆ کردوویانە بەپیتی(قاف)؟!

## سنوری گوندی قەمبەر

گوندی قەمبەر بەدووری(٥)کیلۆمەتر دەکەوێتە خۆرئاوای ناحیەی سێگردکانەوە، سنوردراوە بەگوندەکانی(نێرەگین وبەشێك لەئاقاری سێگردکان)لەباکور و هەروەها لەڕۆژهەلاّتدا بەگوندەکانی(سێکانی و بەشێك لەئاقاری سێگردکان) و لەخۆرئاواش گوندی(بەردەسپی وبەستی شەرغە و بەشێك لەئاقاری گوندی ئاومالّ) دەوریداوە و لەخوارووش ئاقاری قەمبەر دەگاتە سنوری گوندەکانی(تازەدێ وسێکانی).

لەڕووی هەڵکەوتەی گەردوونیەوە دەکەوێتە نێو هێلی پانی(٣٥,٥٣-٣٥,٨٩)پلەی نیوەگۆی باکوری زەوی و نێو هێلی درێژی(٤٤,٢٣-٤٤,٣٩) ڕۆژهەلاّتی گۆی زەوی، وە(٤٤٢)مەتر لەئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە دەگاتە(١٤٥١)پێ.

کەرتێکی کشتوکاڵی هۆبەی کشتوکاڵی سێگردکانە و(٧٠٢٤)دۆنم لەزەوی وزارە، تێکڕای زەوی وزارەکانی خاوەندارێتیەکەی میریە و زەوی وزاری تایبەتی نیە، (٩٩٤)دۆنمی شیاوی چاندنی هەیە و(٣٩٠٤)دۆنمی پاوان

ولەوەڕگایە، تێکڕای بەراوەکانی (٢١٠٢) دۆنمەوپشتاویشی (٨٩٠)دۆنمە، (١٢٥) دۆنمیشی حەرەمی گوندەکەیە ویەك كارێز وسێ كانی هەیە بەناوەکانی(سەراوی ژنان وسەراوی خواروو وکانی حەمەی سوار) وەبەرزترین شوێنیش لەئاقاری گوندەکە(چیای ناساز)ە واتە گردی ناساز، لەگرنگترین پارچە زەوییە پشتاوەکانی(بانەشوانە وبانە سوسکە)یە، وە بەراوەکانیشی(قەبرستان وپشت بیر و مامەعەلە و ئاوحەلە وئاوشامی)یە، هەروەها لەڕووی شوێنەوارییەوە ناوچەی(کەرەکین) بەدووری(٥٠٠)مەتر لەخوار ئاواییەوە کۆنە جەرەوگۆزەی شکاوی لێدۆزراوەتەوە، لەگەل ناوچەی(ئاوحەلە)، وە لە(کونە پشیلە)ش کەورێك هەیە بەقەبارەی ژورێکی ئاسایی یە ولەکاتی تەنگانە خەڵکی قەمبەر خۆیان لێ حەشارداوە، جگە لەچەندین گۆڕستان لەسنوری قەمبەردا بوونیان هەیە وەك(گۆڕستانی شێمحەمەد کەمردووی لێدەنێژن، گۆڕستانی فەقیرەل، گۆڕستانی شەرغە، گۆڕستانی ئاشان، لەگەل شەخس وچاکی بان ناساز).





## پێکهاتەی دانیشتوانی گوندی قەمبەر

ئەم گوندە سێ تیرەی تێدا نیشتەجێیە، ئەوانیش(بەگزادە و لەك وشێخ بزێنی)ین، کە(بەگزادە) تیرەی سەرەکین و ئەوانیتر ژمارەیان کەمە و لەبنەچەشدا گوندی قەمبەر کێخوا(یاسین کوری محەمەدی کوری ئەیوب عەساف) لەگوندی سێکانی-یەوە هاتووە و ئاوەدانیکردووە وە بیروبۆچونێکیتر هەیە کە(ئەیوب عەساف) سەرەتا هاتووە ئەو بونیادی ئەو گوندەی ناوە، قەمبەر گوندێکی(شێخەدێ)بووە، کاتی خۆی (شێخەکانی تاڵەبانی) زەوییەکانیان کڕیووە.

کێخواکانی گوندی قەمبەر ئەمانەبوون(کێخوا ئەحمەد کوڕی ئەیوب وکێخوا یاسین محەمەد ئەیوب وکێخوا ئۆمەر یاسین محەمەد ناسراوبووە بە(حاجی ئۆمەر)، کێخوا یاسین کە بەدروستکەری گوندەکە دادەنرێت کەسایەتیەکی دیارتری هەبووە، وەهەروەها چەندین کەسایەتی کاسبکاروجوتیاری دیاری وەك( حاجی ئۆمەر یاسین وحەمەڕەشید ئەحمەد وحاجی محەمەدی ڕەسول)ی تێدا هەڵکەوتووە، گوندنشینانی قەمبەر بەپیشەی کشتیاری وئاژەڵدارییەوە خەریکن.

## قەمبەر كەی قوتابخانەی لێكراوەتەوە

لەساڵی خوێندنی(١٩٧٨-١٩٧٩) قوتابخانەی سەرەتایی لێكراوەتەوە، دوو مامۆستای هەبووە(نیهایەت كەركوكی) بەڕەگەز توركمان بووە و بەڕێوەبەری بووە لەگەل مامۆستا(قەدریە كۆیی)، وە لەساڵی(٢٠١٢-٢٠١٣) ژمارەی قوتابییانی(٧) قوتابی بووە (٣)كچ و(٤)كوڕ، لەگەل (٣) مامۆستاو(٥) كارگوزار، بەڕێوەبەرەكەی (محەمەد عەزیز رەشید)ە.[٧٣]

## قەمبەر لەساڵی ٢٠١٣دا

لەساڵی ٢٠١٣ ژمارەی خێزانەكانی گوندی قەمبەر(٢٠)خێزانە وژمارەی دانیشتوانەكەی(١٤٠)كەسە، پرۆژەكانی(ئاوی خواردنەوە وكارەبای نیشتمانی ومزگەوت وقوتابخانەی بنەڕەتی) هەیە، ڕێگای هاتوچۆیان بۆ ناوگوندەكە قیرتاو نیە، زۆرینەی خانووەكانیان قوڕە و كەمترین خانووی بلۆكی تێدادروستكراوە بەبەراوردی گوندەكانیتری ناحیەكە.

١٨-چاوپێكەوتن لەگەڵ(محەمەد عەزیز رەشید مەولود)، بەڕێوەبەری قوتابخانەی قەمبەری بنەڕەتی تێكـەلاو، لە٢٠-٤-٢٠١٣.





## ڕووخان وكاولكارییەكانی گوندی قەمبەر

گوندی قەمبەر چەندین جار دووچاری پەلاماروبۆردومان وشەڕی ناودێ بووە وەك:

یەكەمیان: پەلاماری گاردی نەتەوەیی(حەرەس قەومی) بەعسیەكان لەساڵی(١٩٦٣) بەبۆردومانی فڕۆكە، كە ئەوكات بەفڕۆكەكانیان ووتووە(لۆشنە)، چەندین خانوو وڕەزوباغ ئاگری تێبەربووە و سوتاوە لەگەل زامداربوونی(٢)هاولاّتی بەناوەكانی(عارف حەسەن ئیسماعیل)و(عەتیە ئۆمەریاسین).

دووەمیان: لە٢٧كانونی دووەمی ١٩٨٢دا هێزێكی بەربلاّوی سوپاوجاش هێرشی كردە سەر هێزی پێشمەرگەی پارتی كۆمۆنیست لەگوندی سێكانی و پاش شەڕێكی سەخت، پێشمەرگەكان بەزیانێكی كەم دەربازبوون بۆ هەڵەتەكانی گوندی قەمبەر، لە(چیای ناساز)لەپشت گوندی قەمبەر دامەزران، ئەم شەڕە لە ئینسكلۆپیدیای یەكێتی نیشتمانی كوردستان بە شەڕی(سێكانی) بەناوبانگە، دواتر دوو هێزی پێشمەرگەكانی یەكێتی نیشتمانی كوردستان و هێزێكی پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیستی كوردستان بۆ هاوكاریكردنی پێشمەرگە شیوعیەكان گەیشتنە ناوچەكەو بەرنامەی هێرشكردنە سەر دوژمنیان بەو شێوەیە داڕشت:

-لەقۆڵی سێگردكانەوە دوو هێزەكەی یەكێتی(كەرتی دووی هێزی دەشتی هەولێر بەسەرپەرشتی شەهید ئەحمەد قەمبەری وهێزی خۆشناوەتی بەسەرپەرشتی مولازم خولە) پەلاماری دوژمنیاندا.

-هێزەکەی حزبی سۆسیالیست لەگوندی سێکانی و شەیتان(تازەدێ)ەوە پەلاماری دوژمنیاندا.

-هێزەکانی حزبی کۆمۆنیستیش لە چیای ناسازی قەمبەرەوە.

-هێزەکانی سوپای عێراقیش بەپشتیوانی(٢٠)هەلیکۆپتەر گەیشتنە مەیدانی شەڕەکە و سەربازێکی زۆریان لەناوچەکە داگرت، بەڵام پێشمەرگەکان دوژمنیان ناچارکرد بەرەو گوندی سێکانی پاشەکشەبکەن وشەڕ نزیکەی یەك هەفتەی خایاند و دووژمن(١٥٠)سەربازوجاشی لێ کوژراو هێزەکانی پێشمەرگەش(١٤)شەهیدیان دا کە(١١)یان پێشمەرگەی شیوعی و(١)پێشمەرگەی یەکێتی و(٢)پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیست بوون.[٧٤]

سێیەمیان: لەساڵی ١٩٨٣لەکاتی بۆردوومانی هەلیکۆپتەر لەپردی مێوالەی گوندی ئۆمەرگومبەت(٢)هاوڵاتی گوندی قەمبەر بەناوەکانی(عوسمان محەمەد ڕەسول و ئاراس جاسم ئەنوەر) شەهیدبوون لەگەل زامداربوونی(٤)هاوڵاتی گوندی قەمبەر بەناوەکانی:

١-حاجی حەلیمە محەمەد ڕەسول خێزانی کەریم حەمە ڕەشید.

٢-حاجی ئەنوەر مەعروف ڕەشید.

٣-حەمە سادق شەریف.

٤-کابان وەسمان سێگردکانی کەشووی بە جاسم ئەنوەر مارفی قەمبەری کردبوو.

١٩-ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئەکادیمیای هۆشیاری وپێگەیاندنی کادیران، سەرپەرشتیاری گشتی فەرید ئەسەسەرد، چاپی یەکەم،٢٠١٣، لاپەرە ١٦٤.





## شەهیدانی گوندی قەمبەر

قەمبەرییەکان(٨)شەهیدیان بە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد بەخشیوە(٧)هاوڵاتی کە(٥)یان ئەنفالکراون و(١)پێشمەرگەش لەریزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەویش شەهید(ئەحمەد قەمبەری)یە، شەهید ئەحمەد فەرماندەوکادرێکی سەربازی بەتوانابوو وەك ئەستێرەیەك لەئاسمانی هەولێر تا ئەمڕۆش لەورشەوجریوەوتریفە نەکەوتووە وناکەوێت.

| ژ | ناوی شەهید | پلە | شوێنی شەهیدبوون | ساڵەکەی | دوژمن | ئۆرگان | شۆرش |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | عوسمان محەمەد ڕەسول | هاوڵاتی | ئۆمەرگومبەت | ١٩٨٣ | بەعس | - | شۆرشی نوێ |
| ٢ | ئاراس جاسم ئەنوەر | منداڵ | ئۆمەرگومبەت | ١٩٨٣ | بەعس | - | شۆرشی نوێ |
| ٣ | ئەحمەد ئۆمەر ئەحمەد (ئەحمەد قەمبەری) | پێشمەرگە | دۆلی بالیسان | ١٩٨٣ | براکوژی | ی.ن.ك | شۆرشی نوێ |
| ٤ | خالید عەزیز حەمەد حەبیب | هاوڵاتی | قوشتەپە | ١٩٨٨ | بەعس | - | ئۆپەراسیۆنی ئەنفال |
| ٥ | حەمەدەمین عەزیز حەمەد حەبیب | هاوڵاتی | قوشتەپە | ١٩٨٨ | بەعس | - | ئۆپەراسیۆنی ئەنفال |
| ٦ | قادر سەعدی محەمەد ڕەسول | هاوڵاتی | قوشتەپە | ١٩٨٨ | بەعس | - | ئۆپەراسیۆنی ئەنفال |
| ٧ | سابیر سەعدی محەمەد ڕەسول | هاوڵاتی | قوشتەپە | ١٩٨٨ | بەعس | - | ئۆپەراسیۆنی ئەنفال |
| ٨ | زبێدە حەمەسادق شەریف | هاوڵاتی | تولکی | ١٩٨٨ | بەعس | - | ئۆپەراسیۆنی ئەنفال |

# کەسایەتی گوندی قەمبەر

## شەهید ئەحمەد قەمبەری[٧٥]



ناوی تەواوی(ئەحمەد کوڕی ئۆمەری کوڕی ئەحمەد)ە، لەساڵی ١٩٥٣لەخێزانێکی جوتیاری گوندی قەمبەر هاتۆتە ژیانەوە، لەتەمەنی لاوێتیەوە لەشۆڕشی ئەیلولی مەزندا دەبێتە پێشمەرگە لەمانگی(٤)ی ١٩٧٤پەیوەندی بەناوچەی(باواجی) پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە، لەبەتالیۆنی(٣)ی خدری حاجی عەلی کە سەعیدی حاجی کاکلی سێکانی

٢٠-ئاراس ئیلنجاغی، شەهید ئەحمەد قەمبەری لەشۆڕشی نوێدا، یەکەم شەڕی ناودێهاتی دەشتی هەولێری ئەنجامدا، ڕۆژنامەی تاك، ژمارە(٥٣)ی ساڵی پێنجەم، حوزەیرانی ٢٠٠٩.





سەرپەڵی بووە و سەرلقەکەی(حاجی ستار) بووە، بارەگایان لە گوندی(کانی ئۆمەراغا) بووە، بەشداری چەندین چالاکی شۆڕشی ئەیلولی کردووە لەوانە(شەڕی کانی لەلە وچیای گۆرقەرەج وشەڕی ڕووباری کۆیە و شەڕی پشتی پاوانان لەتۆبزاوا و شەڕی چیای باواجی لە١٢/٦/١٩٧٤لەو شەڕەدا(ئەحمەد حاجی عەلی) شەهید دەبێت، وە شەڕی ١٨ی ڕەمەزانی ١٩٧٥لەچیای ماکۆك[٧٦]) و دوای نسکۆی ١٩٧٥بۆماوەیەك بەکاری جوتیارییەوە خەریك دەبێت، لەگەل چەخماخەی شۆرشی نوێ بەڕابەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە(٢٠-١١-١٩٧٦)دەبێتە پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی هەرێمی دەشتی هەولێر، لەبەرلێهاتوویی پلەکانی زوو بەرزدەکرێنەوە و لەساڵی ١٩٧٩دەبێتە فەرماندەی مەفرەزە، لەساڵی١٩٨١دەبێتە فەرماندەی کەرت، بەر لەشەهیدبوونی ساڵی ١٩٨٣ فەرمانی سەرتیپی بۆ دەردەچێت.

لەفەرماندەیی کەرتی(٢)ی تیپی(٨٦) دەشتی هەولێر، سەرکردایەتی چەندین چالاکی ونەبەردی وەکو(یەکەم شەڕی ناودێی گوندی ئۆمەرگومبەت، کەلی سوور، دەواجنەکانی تەقتەق، قەرەسالم، ڕێگەی هەولێر-کۆیە، داستانی سماقولی، داستانی سێکانی).

تاکە سەروەرییەك بۆ شەهید وسەروەریەکەی بەسە کەهاوینی ساڵی ١٩٨٢لەشەڕێکی دەستەویەخەی ناو دێ، ڕووبەڕووی جاش وسوپای بەعس وەستایەوە لەگوندی ئۆمەرگومبەت، ئەوانەی لەو شەڕەدا بەدووژمنیان

٢١-چاوپێکەوتن لەگەل(عومەر سابیر ئۆمەر) لەدایکبووی ١٩٣٦ی بەردەسپی، هاوسەنگەری شەهید لەشۆڕشی ئەیلولی مەزن، لە٢٠/١٠/٢٠١٣.

ووت"ئێمە ئەمڕۆ لەکوردستاندا ناوچەی ئازادکراومان هەیە"بریتیبوون لە(شەهید شاخەوان عەبباس وشەهید ئەحمەد قەمبەری و شەهید بەکر ڕەشاش ئیلنجاغی و هاوڕێ کاوە).

لە٢٧ی کانونی دووەمی ١٩٨٢سەرکردایەتی ئەو هێزەی یەکێتی گرتە دەست کە بۆ هاوکاری پێشمەرگەکانی حزبی کۆمۆنیست چوونە گوندی قەمبەروسێکانی و داستانی پڕسەروەری گوندی سێکانیان تۆمارکرد، لەسەردەمی ئەو شەهیدەدا جموجۆل وچالاکیەکانی کەرتی ٢ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر وایکرد دووژمن چاودێرییان بکاتە سەرو لە(١٩٨٢/٨/٨) لەکەلی سووردا بەهەلیکۆپتەر(٣)پێشمەرگەی لێ شەهیدکردوون و لەگەل خۆیدا هەڵیگرتن وتائێستا گۆڕیان نیە و تەرمەکانی بۆ ناوچەیەکی نادیار بردن شەهیدەکانیش(شەهید ووشیار عەبدولڕەحمان بایز ئیلنجاغی و شەهید ووریا و شەهید ڕێباز کەخەڵکی گوندی تەختێمی مەخمور بوون).

هەروەها شەهید و کەرتەکەی لە٢١-٩-١٩٨٢وەك وەلامێك بۆ دوژمن و وەفاداری بۆ ئەو شەهیدانە هەڵمەتی گرتنی ڕەبیەکانی قەرەسالم-یان ئەنجامدا کە تێیدا شەهید(بەکر سولێمان فەتحوڵلا ئیلنجاغی-بەکر ڕەشاش)شەهید بوو.

دواجار شەهیدی فەرماندە لەسەرکردایەتی یەکێتیەوە فەرمان وبڕیاری فەرماندەیی تیپی بۆ دەردەچێت، بەلام مخابن لە٢٧-٤-١٩٨٣لەشەرێکی نەخوازراوی براکوژی لەدۆلی بالیسان لەگەل (٧)کەس لە هاوسەنگەرانی دەچێتە کاروانی شەهیدانەوە.





## گوندی ئاوماڵ

## ئاوماڵ لەچیەوە هاتووە؟

زاراوەی ئاوماڵ لێکدراوی(ئاو+ماڵ)ە، واتە ووشەیەکی لێکدراوە و کوردی پەتیە و مانای جیاجیا هەڵدەگرێت، کە ماناکەی بریتیە لە:

یەکەم: لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆری زەوی و زارەکانی ئەم گوندە کەناری وزێکردە بۆیە هەڵدەگرێت بووترێت(ئاوماڵیویەتی) یان(ئاو ڕایماڵیوە) لەزمانی ناوچەیشدا هەرشتێ ئینجا چ خاك وقوڕولیتە یان داروچیلکە کە ئاوی ڕووبار هەڵیبگرێت و لەشوێنێکدا بەهەرهۆکارێك بنیشێتەوە(نیشتەنی)بکات، بەشتە نیشتەنیکردوەکان دەوترێت(ئاوماڵك یان ئاوماڵ)، هەروەها ئەگەر ئاوی ڕووبار لەقۆناغی(منداڵی وگەنجی) نەبێت واتە لەقۆناغی پیری کە دەچێتە نزیك ڕێژگە یان تەختتان ئاوەکەی(خوڕ)ی نامێنێت و لەو ناوچەیە بەو حاڵەتە دەوترێت(ئاوەکە ماڵ بووە) واتە ئاوەکە بەهێواشی گوزەر دەکات، هەروەها لە کاتی لافاوی ڕووبارەکە کەئاوی ڕووبار دێتە سەر هەردوو کەنارەکەی لەکوردەواری دەووترێت(کۆلاوکۆل) ڕووبار هاتووە، واتە هەندە پڕە لێی دەرژێت و ئاوماڵە، واتە لەهەموو حاڵەتەکان هەر تایبەتە بەناوی(ئاوماڵ):

أ-ئاومالْك: هەر شتێ ئاوی ڕووبار لەگەل خۆیدابیهێنێت و بیکاتە نیشتەنی.

ب-ئاومالێن: سالآنە دۆلی ڕووبار بەهۆی لافاو ڕێچکەی ئاوەڕۆکەی هەندێك لەناوچە کەنارییەکانی ڕادەمالێت و دەیباتە شوێنێکی تر بەمەش دەووترێت(ئاومالێویەتی).

ج-ئاومالە: واتە سەر ڕێژبوونی ئاوی ڕووبار لەکاتی لافاودا کە کۆلاوکۆل دەڕوات دەووترێت(ئاومالە).

د-ئاوەکە مالْ بووە: هەر کاتێك ئاوی ڕووبار بگاتە پێدەشت و زەوییە تەختانەکان خێرایەکەی کەم دەبێتەوە وهێواش ڕێ دەکات بەمەش دەگوترێت(ئاوەکە مالْ بووە).

دووەم: هەندێك لە خەلْکی گوندی ئاومالْ پێیان وایە کە ووتراوە زەوییەکانی ئەم گوندە ئەوەندە بەپیت وبەرەکەتن ئەگەر هەر کەسێك ئاوی ئاوداشتنی هەبێت ئەوا زوو دەولەمەند دەبێت و دەبێت بە مالْ، وەك چۆن ووتراوە(ئاو وئاوەدانی)ئەوهاش ووتراوە(زەوی بەپیت و ئاو، دەتکات بەمالْ)ئەم بیروبۆچوونە دەلێت" لە ئاودەتکات بەمالەوە " هاتووە.

پێمواپە ئاومالْ ناولێنانێکی سروشتیە و پەیوەندی بە ئاوی ڕووباری زێی بچوکەوە هەیە، چونکە زێی بچووك ئەم دەشتەی دروستکردووە واتە ئاومالْ-کی ڕووبارەکەیە.





## سنوری گوندی ئاومالْ

بەدووری ٨کیلۆمەتر و٧٧٠مەتر دەکەوێتە خۆرئاوای ناحیەی سێگردکان، ڕووبەری گشتی گوندەکە(٥٧٥١)پێنج هەزاروحەوت سەد وپەنجاو یەك دۆنمی کشتوکالیە، خاوەندارییەتی زەوی و زارەکانی میریە و تەنها(٥١)دۆنمی تایبەتە، حەرەمی گوندەکەشی(٨٣)دۆنمە[٧٧]، لەڕووی هەلکەوتەی ئەسترۆنۆمی و گەردونیەوە کەوتۆتە نێوهێلی پانی(٣٥,٥١-٣٥,٨٦)پلەی باکوری گۆی زەوی و هێلی درێژی(٤٤,٢١-٤٤,٣٥)ی خۆرهەلاتی نیوە گۆی زەوی، بەرزی لەئاستی ڕووی دەریاوە(٣٥٩)مەتر یان(١١٧٨)پێیە.[٧٨]

لەڕۆژهەلاتدا گوندی تازەدێ(شەیتان)، لە خۆرئاوادا گوندی(سارتك) و لەباکوروباکوری خۆرئاوا گوندەکانی(قەمبەروبەردەسپی وکانی سلێمانە)دەوری سنورو ئاقاریان داوە، وە لەباشوریش(زێی بچوك)لەگوندەکانی(قەرەسالم وتورکی"تولکی")جیادەکاتەوە.

لەسنوری ئاومالْ-دا چەندین کانیاوی وەك(کانی ڕەش و کانی پیاوان و کانی ژنان وکانی پەروەر وکانی بیرە عەلی و کانی بیرێ) هەیە،ئاومالێەکان پیشەی سەرەکیان وەك هەموو گوندەکانی سنورەکە کشتیاری و ئاژەلداری بووە، لە دانەوێلە بایەخیان بە(جۆ)داوە چونکە ئەرکی تێچونی کەمتر بووە و

٢٢- تۆمارە فەرمیەکانی هۆبەی کشتوکالی سێگردکان

٢٣-نەخشەی هێزە چەکدارەکانی عێراق، ڕوپێوی سەربازی، سالی ١٩٨٦.

لەسەوزەوات-یش بە(شوتی)بەناوبانگن، لەئاژەڵداریش زیاتر(بزن)یان بەخێوكردووە، بەهۆی هەڵكەوتنیان لەسەر زێی بچووك، بەهۆی ئەوەی لەسەر زێی بچووك بوون هەندێك جار كاری(كەڵكەوان)یان كردووە، بەتایبەت لەسەردەمی(كێخوا خورشید) كە خۆی كەڵكەوان بووە وبەروبومەكانی ناوچەی خۆشناوەتی گەیاندۆتە شاری كەركوك لەڕێگەی ئاوی ڕووبارەكەوە.

هەروەها گۆرستانی (پیرەباب) وەك چاك سەیری كراوە لەگەڵ چاكی(كوڕەمزیار)كە ئەمەیان وەك چاكێك سەردانیكراوە و وتویانە"كوڕەمزیار بۆ كوڕ هاتووم"بەتایبەت ئەو ژنانەی كە حەزیان لەوە بووە منالی كوڕیان ببێت، تاكە ناوچەیەكیش كە لە گوندی ئاوماڵ وەك خرابگەوكاولەوشوێنەوار بێت(گردی پەركێ)یە، كەچەندین كەرتە وپارچە گۆزەی شكاوی تێدادۆزراوەتەوە.[٧٩]

٢٤- چاوپێكەوتن لەگەڵ(عوسمان كانەبی ئەحمەد)، لەدایكبوی ١٩٧٥ی ئاوماڵ، ئەنجومەنی گوند، لە٥/١٢/٢٠١٢.





## پێكهاتەی دانیشتوانی گوندی ئاوماڵ

ئەم گوندە بەرەی(ئۆمەرماميل)لەتیرەی(شێخان)بوون، كەلە(بایزئاغاوە و گوندی ئیلنجاغی گەورە)وە هاتوون ئاوەدانیانكردۆتەوە و دواتر خزمانی بەرەی(مام ڕۆستەم)لەتیرەی(لەك)بوون هاتوون وئینجا تیرەوبنەماڵەكانی تر هاتوون بەیەكەوە ئاوماڵ-یان ئاوەدانتر كردووە.

زیاتر لە پێنج تیرە لەو گوندە نیشتەجێن ئەوانیش(شێخان، لەك، شێخ بزێنی، زوڕناسەری، دەربەندی)ین، كە تیرەی شێخانەكان لەڕووی ژمارەی خێزانەوە لەتیرەكانیتر زیاترن، لەم گوندە چەندین كێخوا هەبووە كە لەكۆنەوە تا ساڵی ١٩٨٨كاری كێخوایەتی گوندەكەیان ڕاپەڕاندووە لەوانە(كێخوا حەمەدە، كێخوا عەبدوڵلا، كێخوا حەمەساڵح عەبدوڵلا، كێخوا خورشید قادر، كێخوا حوسێنی كوری ئەحمەد، كێخوا عەزیزی كوری قادر) دیارترینی كێخواكانیان كێخوا(عەزیزی كوڕی قادر)بووە، كە ڕۆڵی هەبووە لە تەبایی وپێكەوە ژیان و ڕێكخستنی برایەتی نێو خەڵكی ئاوایی.

هەروەها ئاوماڵ لەسنورەكەدا لەڕووی پەروەردەكردنی كەسایەتی ئاینی و خزمەتگەیاندن بە ئاینی پیرۆزی ئیسلام مێژوویەكی پڕشنگداری هەیە، كە چەندین مەلای ئاین پەروەر و خزمەتكاری بۆ ڕێبازی ئاینی پیرۆزی ئیسلام پێگەیاندووە وەك(مەلا سلێمان كوڕی عەبدوڵلای كوڕی حەمەدی سلێمانی گەورە) كە ئەم زاتە بەرێزە حوجرەی هەبووە و فەقێ و سوختیەی لە(كانی سلێمانە و سێگردكان)ەوە وەرگرتووە، هەروەها زانای پایەبەرز(مەلاسەعیدی

کوڕی مەلا سلێمانی گچکە"مەلا سەعیدئاومالّی" و مەلا عەبدولرەحمانی کوڕی عومەر مامیل ومەلاعوبێدکوڕی ڕۆستەم ومەلا محەمەدئاومالّی ومەلا حەمید دەروێش حەمەدەمین)، هەروەها گوندی ئاومالّ لەمێژووی خۆیدا چەندین کەسایەتی تێدا هەڵکەوتووە کە لە ئاواییەکەدا دیاربوون وەك(مام حاجی نەجیمی نەبی و محەمەدی حەمەدەمینی عەبدوڵلا "دەروێش محەمەد" وحاجی عەبدوڵلای کوڕی حەمەدەمین).

## بەسەرهات و باڵۆرەی (قادری پلّکێ)ی شێخانان

لەکوردەواریدا هەزاران نەبەردی و جوامێری و قارەمانێتی هەبووە کە تۆمارنەکراون، یەکێك لەوانە جوان مێری و مەردایەتی کەڵەپیاوێکی وەك(قادری پلّکێ)ی گوندی ئاومالّ-ە، کە لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم و پێش هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەم(١٩١٤-١٩١٨)، لەو سەردەم جەبەڕووتی و تاڵان وبڕۆ وکوشتاری جەندرمەکانی عوسمانی بۆ خەڵکی گوندنشین و جوتیارەکانی ئەو دەمەی کوردستان لەوپەڕیدا بووە، یەکێك لەڕۆژەکانی ساڵ هاتونەتە گوندی ئاومالّ وژمارەی مەفرەزەی جەندرمەکانی عوسمانی(٧)کەس بوون، جگە لەتالاّنی و سوتاندنی کەل وپەلی جوتیاران هاولاّتیەکی گوندە بەناوی(سلێمان عەبدوڵلا)بەڕوویاندا هەڵدەشاخێ وناتوانێت بەرامبەر زوڵمەکەیان بێدەنگ بێت، لە وکاتەدا جەندرمەکان تەقەی لێدەکەن و شەهیدی دەکەن، دوای ئەم کارە نامرۆڤانەیان لەتالاّن وکوشتن وسوتاندن گوندە جێدەهێڵن، بەمەش ئاواییەکە دەشێوێ و دەنگی گریانی ژن ومندالّ بەرز دەبێتەوە، کە خەبەر دەگاتە قادری پلّکێ(قادری مەلا حوسێن) یەکسەر تفەنگەکەی هەڵدەگرێت بەمەبەستی تۆڵەکردنەوەی خوێنی





(سولێمان عەبدوڵلا)دەکەوێتە دوای مەفرەزەکەی جەندرمەکان لەنێوان گوندی(ئاومالّ و تازەدێ)لەهەر ماوەیەکدا تەقە لەجەندرمەیەك دەکات و دەیکوژێت، تا دەگاتە سنوری گوندی(شەیتان) تازە دێی ئەمڕۆ، تەنها یەك جەندرمە دەربازی دەبێت و خۆی ڕادەستی(عەلی ئاغای کوڕی مەحمودئاغای سارتك)دەکات لە گوندی شەیتان، بەمەش گیانی خۆی لەمردن ڕزگار دەکات، چونکە عەلی ئاغا پیاوێکی دەستڕۆیشتووی شەیتان بووە، هەرچەندە قادری پلّکێ دەیەوێت بیکوژێت، بەلاّم لەبەر ڕێزی(عەلی ئاغا)ئەو کارە ناکات، عەلیاغاش لەبەر خاتری خزمانی(ئاومالّ)ڕێگە چارەیەکی گونجاو دەدۆزێتەوە و دەڵێت" قادری پلّکێ ئەوە ئێستا خۆی دەخیلی ئێمەکردووە و بووە بە دیل و نابێت دەستی لێبدەین، بەلاّم بۆ ماوەی(٧)ڕۆژ لەلای خۆم دەیهێڵمەوە تاوەکو نەچێت خەبەر بدات وجەندرمەولەشکر بەسەر گوندەکەتانەوە بخات، ئێوەش لەو(٧)ڕۆژە لە ئاومالّ بگوازنەوە) بەم شێوەیە داستان وبەسەرهاتی قادری پلّکێ بووە بەنمونەی گیانفیدایی و چیرۆکی بەرئاگردانی خەڵکی گوندی ئاومالّ، هەرچەندە بەرێز(ئەژی تاهیر عەبدوڵلا)لە ژمارە(١٠٨)ی گۆڤاری(نوالّەی نوێ)ی تەمموزی ٢٠١٢ی ساڵی هەشتەم لەلاپەرە ٢٦و٢٧ لەبابەتێکدا باس لەو ڕووداوە دەکات وەك بیروبۆچونێکی جیاواز لە دوو دەقی ووتارەکەیدا دەنوسێت(قادری پلّکێ بەتەنها نەبووە بەڵکو(حاجی حەمەدەمینی عەبدوڵلای ڕوستەم)یشی لەگەڵدا بووە کەبرای شەهید(سلێمان)بووە، وە هەروەها نوسیویەتی(قادری پلّکێ لەگوندی شەیتان گوێی حەوتەم جەندرمەکەش دەبڕێت )بەهەر حالّ دەکرێت قادری پلّکێ خەڵکیتری ئاوایشی لەگەل بوو بێت بەلاّم لەکۆتاییدا قادری پلّکێ پاڵەوان و ئەکتەری سەرەکی داستانەکە بووە.

## ڕووخان و کاوڵکارییەکانی گوندی ئاوماڵ

لەدوای هاتنە سەر حوکمی بەعسیەکان زۆربەی گوندەکانی کوردستان دووچاری کاوڵکاری و بۆردومان و سوتان و ڕووخان هاتن گوندی ئاوماڵ-یش لەم شالاّوە شۆڤێنیانە بێ بەری نەبووە و لەساڵی ١٩٦٧بەهۆی پەلاماری جەیش و جاشەوە لە سنوری ئەم گوندە هاولاّتیەك بەناوی(عەلی خورشید قادر) شەهید دەکرێت، هەروەها جگە لەڕووخاندنی گوندەکە لەشالاّوی بەدناوی بەناو ئەنفال(٦)هاولاّتی و ڕۆلەی ئەم گوندە ئەنفالکراو وبێسەرشوێنکران لەساڵی ١٩٨٨، گوندی ئاوماڵ(١٨)شەهیدی بەخشیووە ٣هاولاّتی و٦ئەنفالکراو و٩پێشمەرگە وەك لە خشتەکەدا ئاماژەی پێکراوە[٨٠]:

٢٥- چاوپێکەوتن لەگەڵ(مام ڕەسول محەمەد حەمەدەمین)لەدایکبووی ١٩٦١ی ئاوماڵ، گوند نشین، لە ٥/١٢/٢٠١٢.





| ژ | ناوی شەهید | پلە | شوێنی شەهیدبوون | ساڵەکەی | دوژمن | ئۆرگان | شۆرش |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سلێمان عەبدوڵلا ڕۆستەم | هاولاّتی | ئاوماڵ | ١٩٠٠-١٩١٨ | جەندرمە | - | - |
| ٢ | عەلی خورشید قادر | هاولاّتی | ئاوماڵ | ١٩٦٧ | بەعس | - | ئەیلولی مەزن |
| ٣ | سابیرعومەر خورشید قادر | پێشمەرگە | نێرەگێن | ١٩٨٣ | براکوژی | سۆسیالست | شۆرشی نوێ |
| ٤ | عوسمان عومەر خورشید قادر | پێشمەرگە | قەرەسالم | ١٩٨٣ | براکوژی | سۆسیالست | شۆرشی نوێ |
| ٥ | وەلید حەمەدەمین حەمەد | پێشمەرگە | قەرەسالم | ١٩٨٣ | براکوژی | سۆسیالست | شۆرشی نوێ |
| ٦ | فەرهاد شوکر حەمە عەلی | پێشمەرگە | قەرەسالم | ١٩٨٣ | براکوژی | سۆسیالست | شۆرشی نوێ |
| ٧ | کەریم حوسێن ئەحمەد | پێشمەرگە | قەرەسالم | ١٩٨٣ | براکوژی | سۆسیالست | شۆرشی نوێ |
| ٨ | نەوزاد کەریم حوسێن | هاولاّتی | کەلی قەشقە | ١٩٨٥ | بەعس | - | شۆرشی نوێ |
| ٩ | سەباح عەبدوڵلا حەمەساڵح (شۆرش) | پێشمەرگە | دزەیی | ١٩٨٦ | براکوژی | ی.ن.ك | شۆرشی نوێ |
| ١٠ | مەسعود محەمەد حوسێن | پێشمەرگە | گردی پیرداوود | ١٩٩٦ | براکوژی | ی.ن.ك | شۆرشی نوێ |
| ١١ | ڕێباز ئەسعەد حەمەد | پێشمەرگە | چیای بنەباوێ | ١٩٩٧ | براکوژی | ی.ن.ك | شۆرشی نوێ |
| ١٢ | نەژاد برایم عومەر | پێشمەرگە | کەرکوك | ٢٠٠٣ | بەعس | ی.ن.ك | ئازادکردنی عێراق |
| ١٣ | ئەسعەد حەمەد حەسەن | هاولاّتی | ئاوماڵ | ١٩٨٨ | بەعس | - | ئەنفال |
| ١٤ | عەلی حەمەد حەسەن | هاولاّتی | ئاوماڵ | ١٩٨٨ | بەعس | - | ئەنفال |
| ١٥ | سەباح حەمەعەلی سلێمان | هاولاّتی | ئاوماڵ | ١٩٨٨ | بەعس | - | ئەنفال |
| ١٦ | عومەر حەمەعەلی سلێمان | هاولاّتی | ئاوماڵ | ١٩٨٨ | بەعس | - | ئەنفال |
| ١٧ | ڕەزا محەمەد حەمەدەمین | هاولاّتی | ئاوماڵ | ١٩٨٨ | بەعس | - | ئەنفال |
| ١٨ | عەلی محەمەد حەمەدەمین | هاولاّتی | ئاوماڵ | ١٩٨٨ | بەعس | - | ئەنفال |

## ئاومالْ کەی؟ قوتابخانەی لێکراوەتەوە

بۆیەکەمجار قوتابخانە لە گوندی ئاومالْ لەساڵی خوێندنی ١٩٧٥-١٩٧٦قوتابخانەی لێکراوەتەوە کە مامۆستا(قابیل مەلا فەتاح ئەمین کۆیی)یەکەم بەڕێوەبەری بووە، لەساڵی خوێندنی(٢٠١٢-٢٠١٣)قوتابخانەی ئاومالّی بنەڕەتی تێکەلاّو ژمارەی قوتابییەکانی(١٦١)قوتابی بوو، ٧٣قوتابییان لەپۆلەکانی(١-٦)بوون لەگەل ٧مامۆستاو٢کارگوزارو ٢پاسەوان وباغەوانێك و٨٨قوتابییش لەقۆناغی(٧،٨،٩)بوون لەگەل ٧مامۆستاو٢کارگوزارو ٢پاسەوان وباغەوانێك ، بەڕێوەبەری یەکەم(ئارام ڕەمەزان حەمەدەمین)ە و بەڕێوەبەری قۆناغی دووەمیش(کامەران عومەر عەبدوڵلا سێگردکانی)ە.

## ئاومالْ لەساڵی ٢٠١٣

گوندی ئاومالْ لەساڵی ٢٠١٣نزیکەی(٣٥)خێزانی تێدا نیشتەجێیە، ژمارەی سەرخێزانەکانیش(٢٠٥)کەسە، لەڕووی خزمەتگوزاریەکانیشەوە(بنکەی تەندروستی و قوتابخانەی بنەڕەتی و مزگەوت وکارەبای نیشتمانی و پرۆژەی ئاوی خواردنەوەشی بەتێکەڵی لەگەل گوندی تازەدێ هەیە و ڕێگای گوندەکەش قیرتاوکراوە).






## کەسایەتیەکانی گوندی ئاومالْ

خانەوادەی مەلا سولەیمانی گەورە لەگوندی ئاومالْ پەروەردەبوون و توانیویانە بگەنە ئاستی ئەوەی خزمەتی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بکەن نەوەك تەنها لە ئاومالْ بەڵکو سوودیان بەتەواوی سنورەکە گەیاندووە بۆیە هەڵوەستەیەك لەسەر ئەو خانەوادە مەلازادەیە دەکەم و چەردەیەك لەژیانی مەلا سولەیمانی گەورەی باپیرەیان و نەوەکانی مەلا سولەیمانی گچکە وکورەکانی دەخەمە ڕوو، (مەلا سولەیمانی گەورە) لە ساڵی ١٨٢٠ لەگوندی ئاومالْ هاتۆتە ژیانەوە و بۆ خوێندنی ئاینی ڕووی کردۆتە شارەکانی ڕۆژهەلاّتی کوردستان و هەر لەوێ مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرتووە و لەگوندەکانی(تورکی وسارتك وئاومالْ) مەلایەتی کردووە، تا ئەمڕۆش لەگوندی تورکی شوێنێك هەیە بە(مەلا سولەیمانی گەورە)ناسراوە، پیاوێکی خواناسی وەلی بووە و زۆربەی ڕۆژەکان بەڕۆژوو بووە بۆیە پێی ووتراوە(صائم الدهر)، لەگوندی ئاومالْ کۆچی دواییکردوە ولەگۆڕستانی پیرەباب نێژراوە، مەلا سولەیمانی گچکەش باوکی مەلا سەعید ئاومالّی ساڵی(١٨٧٠ز) لەدایکبووە لەگوندی ئاومالْ، مەلایەکی دیاربووە و خەلیفەی شێخ حەسەنی قەرەچێوان بووە، لای شێخەکەی خۆشەویست بووە لەبەر تەقواکەی بۆیە شێخ حەسەن سەبارەتی ووتویەتی( تەقوای من تەقوای مەلا سولەیمانە)، دوای(٤٥)ساڵ خزمەتی مەلایەتی لەتەمەنی(٧٥)ساڵی کۆچی دوایی دەکات و لەگۆڕستانی پیرەبابی ئاومالْ نێژراوە.[٨١]

---

٢٦- دەستنوسێکی مامۆستا(عەبدولرەحمان مەلا سەعید مەلا سلێمانی گچکە)، لەلاپـەرە(١-١٨)، باسـی ژیان وخانەوادەی مەلا سەعیدی باوکی دەکات، کۆپیەکی بۆم ناردووە و ئێستا لەلام پارێزراوە.

## ١- مەلا سەعیدی ئاوماڵی



ناوی تەواوی( سەعید کوڕی مەلا سلێمان کوڕی عەبدوڵلا کوڕی محەمەد کوڕی مەلا سولێمانی گەورەیە)، لەساڵی ١٩١٠ لەگوندی ئاوماڵ هاتۆتە دونیاوە، لەبەرئەوەی باوکی مەلا بووە بۆیە هەر لەتەمەنی(٧)ساڵیەوە دەیخاتە بەر خوێندنی ئاینی لەحوجرەکەی خۆی، دواتر بەمەبەستی درێژەدان بەخوێندن ڕوو دەکاتە شارەکانی تری کوردستان، دەچێتە شاری سلێمانی لەلای(مەلا عەبدوڵلای چڕوستانی)دەخوێنێ و دواتر دەچێتە شاری کەرکوک و لەلای(مامۆستا مەلا ئەحمەدی فورقان) سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئەوکاتی کەرکوک درێژە بەخوێندن دەدات، پاش ماوەیەك دەچێتە شاری کۆیە و لەلای مەلای گەورەی کۆیە درێژە بەخوێندن دەدات و تاوەکو لەساڵی(١٩٣٣) مەلای گەورە مۆڵەتی مەلایەتی پێدەبەخشێت.[٨٢]

٢٧- چاوپێکەوتن لەگەل( عەبدولرەحمان سەعید سلێمانی گچکە)، لەدایکبووی ١٩٥٠ی گوندی ئۆمەرگومبەت، لە٢٠/١٠/٢٠١٣، ناوبراو کوڕی مامۆستا مەلا سەعید ئاوماڵیە و ئەویش کەسایەتیەکی





لەبەر خۆشەویستی لەلای مەلای گەورە نازناوی(محەمەد مەلا سەعیدی) پێدەبەخشێت و لە مۆڵەتەکەشدا ئاماژەی پێدەکات، هەروەها مامۆستاکەی شاری کەرکوکیش(مەلا ئەحمەدی فورقان) بە(مەلا سەعید ئەفەندی) ناوی دەبات، مەلا سەعید ئاوماڵی برادەری نزیکی دوو فەقێی هاوپیشەی بووە لەلای مەلای گەورەی کۆیە ئەوانیش( مەلا ئەبوبەکری کۆیی و مەلا قادری کانی دەربەندی)بوون، یەکەمیان ساڵی ١٩٣٢مۆڵەتی مەلایەتی لەلای مەلای گەورە وەرگرتووە و ئەویتریش لەساڵی ١٩٣٤مۆڵەتی مەلایەتی پێدراوە لەهەمان حوجرە وەرگرتووە، هەربۆیە مەلای گەورەش ووتویەتی(سێ فەقێی بەڕاستیم هەیە، ئەوانیش ئەبوبەکری کۆیی و سەعیدی ئاوماڵی و قادری کانی دەربەندی)ن.

مەلا سەعید ئاوماڵی ساڵی ١٩٣٣ژیانی خێزانی لەگەل(کەژێی کچی حەسەن بانەموردی) پێکهێناوە و دواتر دوای کۆچی دوایی مەلاژنە کەژێ، سینەمی کچی حەمەدەمینی حەمەساڵحی گۆپتەپەیی) خواستووە لەساڵی ١٩٥٥، لەژیانیدا دووجار حەجی کردووە، یەکەمجار ساڵی ١٩٥٢ و دواجاریش ساڵی ١٩٦٣ز.

پەروەردەیی و سیاسی ئاوماڵە، لەساڵی ١٩٦٥پەیوەندی بەپارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەکات وساڵی ١٩٦٩خولی مامۆستایانی شۆڕشی ئەیلول لەچۆمان تەواو دەکات ولەهەمان ساڵدا لەگوندی(بێراوە)ی بالیسان دەبێتە مامۆستا و ساڵی ١٩٧٠بەمامۆستای ڕابەر لە گوندی قەشقە دامەزراوە، ساڵی ١٩٧٠ بەشداری کۆنگرەی یەکێتی قوتابیانی کوردستانی کردووە لە ناوپردان، ١٩٧١-١٩٧٤لێپرسراوی ناوچەی پارتی بووە لەسارتك وئاوماڵ، ساڵی ١٩٧٥گواستراوەتەوە ئامادەیی ئیسلامی هەولێرتا١/٧/٢٠١٣خانەنشینکراوە، لەدوای ڕاپەرینیش بووە بە ئەندام کۆمیتەی وەزارەتی ئاوقاف ومەلایەکانی هەولێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

**مەلا سەعیدئاوماڵی لەچەندین گوند مەلایەتی کردووە:**

١- گوندی بەردەسپی لەنێوان ساڵانی(١٩٣٣-١٩٤٤)

٢-گوندی ئۆمەرگومبەت لەنێوان ساڵانی(١٩٤٤-١٩٤٩)

٣-گوندی بانەمورد لەنێوان ساڵانی(١٩٤٩-١٩٥٥)

٤- گوندی قەشقە لەنێوان ساڵانی(١٩٥٥-١٩٦٩)

٥- گوندی گەلۆزی پردێ لەنێوان ساڵانی(١٩٦٩-١٩٧٢)

٦- گوندی قەشقە لەنێوان ساڵانی(١٩٧٢-١٩٧٧)

نزیکەی(٢٠)ساڵ مەلایەتی لەگوندی قەشقە کردووە، بەهۆی سیاسەتەکانی حزبی بەعسەوە ساڵی ١٩٦٩گوندی قەشقە چۆڵ دەکرێت بۆیە مەلا سەعید ئاوماڵی بۆ ماوەیەك دەچێتە گوندی گەلۆزی پردێ، بەڵام دوای ئاوەدانکردنەوەی گوندی قەشقە لەدوای بەیاننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، مەلا سەعید دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ گوندی قەشقە، شێخ ئەحمەدی گەلۆزی پێی دەڵێت(مامۆستا هەموو موڵك وماڵی خۆمت لەگەل بەش دەکەم وەك برا بەس بەجێم مەهێڵە)، مەلا سەعیدیش پێی دەڵێت(هەموو موڵك وماڵی خۆتم بدەیتێ من وەتەنی خۆم پێ خۆشترە، لە هەموو شوێنێك)، بۆیە ساڵی ١٩٧٢ دەگەڕێتەوە گوندی قەشقە، مەلا سەعید بەردەوام کەوێ وسەڵتەی لەبەرکردووە، جگە لەڕۆژی هەینی عەبایەکی تەنکی ڕەنگ زەردباوی لەسەرشانی داناوە ومەندیلیشی نەبەستووە تەنها جامانەی لەسەرناوە، پیاوێکی بەویقارو سەنگین و سەخاوەت بووە، لەساڵی ١٩٧٧ماڵی دەچێتە هەولێر و لەگەرەکی جمهوری نیشتەجێ دەبێ و دوای(٤٤)ساڵ مەلایەتی





لەماڵەکەی خۆی دادەنیشێ و لەتەمەنی(٧٠)ساڵیدا لە(٩/٤/١٩٨٠) ماڵئاوایی دەکات و دەچێتە بەر دلۆڤانی خودا و لەگۆڕستانی(شێخ مەعروف) لەباداوەی شاری هەولێر بەخاك سپێردراوە.

## حوجرەکەی مەلا سەعید ئاوماڵی

مەلا سەعید ئاوماڵی هەر لەحوجرەکەی مەلای گەورەوە فەقێی هەبووە و دواتریش لەدوای وەرگرتنی مۆڵەتی مەلایەتیەوە واتە لەساڵی(١٩٣٢)ی دوا ساڵی خوێندنی تاساڵی(١٩٧٧) بەبەردەوامی فەقێ وسوختیەی هەبووە و حوجرەکەی وەك چاوگێکی بەخشینی زانیاری ئاینی بووە، جگە لە قوتابیەکانی هەندێك جاریش حوجرەکەی بووە بەماڵی بێ کەسان و داڵدەی بێ ماڵ وبێ حاڵانی داوە، لەوانە(مام حەمەدەمینی جلبەسەر) و(مام فەقێ خدری سارتك) کەمام خدر لەبنەڕەتدا(جوولەکە) بووە و پاشان بووە بەموسلمان، ئەمانە هەردووکیان بێ جێگەوبێ کەس بوون، هەربۆیە تاماوەیەکی زۆر حوجرەکەی مەلا سەعید بووە بەماڵیان لەوێ ماونەتەوە، بەدرێژایی نزیکەی(٤٥)ساڵ وانە ووتنەوە لەحوجرەکانی مەلا سەعید ئاوماڵی لەکۆیە و هەولێرو کەرکوك و بەردەسپی و بانەمورد و قەشقە چەندین زانای پایەبەرزی ئاینی لەسەر دەستی ئەو پەروەردە بوون و هەندێکیشیان زانکۆی ئەزهەری میسریان تەواوکردووە، ئەمەش ناوی هەندێك لەفەقێی و موستەعیدەکانە کە مەلا سەعید ئاوماڵی مامۆستایان بووە:

مەلا سەیید موحەمەد پیرداود، مامۆستای پایەبەرز مەلا عەبدوڵلای فەرهادی، مەلا سابیر لاووردی، مەلا شێخ عەبدوڵلای گردەسۆری، مەلا

مەجیدی شەقلاوەیی(گەڕاو) ، مامۆستا مەلا عەبدوڵلای سەبحە ، مەلا سدیقی نۆغەران، مەلا سەیید نوری نێرەگین، مەلا سەیید نوری پۆریجە ، مەلا موحەمەدی ئۆمەرگومبەت، مەلا مستەفای بانەمورد ، مەلا عەبدوڵلای تورەق، مەلا موحەمەدی خورخور، مەلا ئەحمەدی مەنتك، مەلا تەلعەی مەنتك، مەلا جەعفەری مەنتك، مەلا تۆفیقی مەنتك، مەلا ڕەزای مەنتك، مەلا حەمەدەمینی دەربەند ، مەلا حەمیدی ئازیانە ، مەلا عوسمانی حاجی حوسێنی عاڵلایی، مەلا نوری كێخوا ڕەفیق، مەلا تاهیری مەلا سولەیمانی خورخوری، مەلا كەریمی سێگردكان، مەلا ئەحمەدی سێگردكان، مەلا عەبدولرەحمانی سێگردكان، مەلا سەیید كەریمی جلبەسەر، مەلا خدری ئۆمەرگومبەت، مەلا عوسمانی چۆمەزەردەڵە ، مەلا ڕەشیدی زەرتك، مەلا عوسمانی ڕەسوڵی بسكۆڵ، مەلا جەوهەری میرەكان، مەلا سەعدەدینی مەلا ڕەئوفی مەنتك، مەلا ساڵحی مەڵحەواڵی، مەلا مەعروفی قەشقە ، مەلا ڕەحمانی قەشقە ، مەلا عەبدوڵلای مەلاساڵحی دەرماناو ، مەلا موحەمەدی ئاومالّی برای، مەلا عەبدوڵلای مەلا حەمیدی ئاومالّی، مەلا حەمیدی مەلا ئیسماعیلی دیبەگەیی، مەلا عەبدوڵلای نەبیاوەیی، مەلا عوسمانی نۆغەران، مەلا سەیید حوسێنی پیرداود ، مەلا سەیید موحەمەدی سێكانی، مەلا عومەری سێكانی، مەلا عەبدوڵلای سێكانی، مەلا مەجیدی قوتان، مەلا ئیبراهیمی بێراوە...تاد ، بەداخەوە تەنها ناوی ئەوەندە لە فەقێكانیم بەدەست كەوتووە وەئەگەر نا مەلا سەعید زیاتر لەو ژمارەییەی فەقێ هەبوو لەماوەی تەمەنی مەلایەتیدا.





## هەندێك سەرچاوەكە ئاماژەیان بەمەلاسەعید ئاومالّی داوە:

١-كتێبی(الاكليل فی محاسن اربيل)لەنوسینی مامۆستا(مەلا عەبدوڵلای فەرهادی) ، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەدین، چاپی یەكەم، ساڵی ٢٠٠١ ، لەلاپەڕە(٣٣٦-٣٣٧).

٢-كتێبی(هەولێرم وادیووە وابیستووە) لەنوسینی(مەولود قادر بێخاڵی) ، بەرگی دووەم، ساڵی ١٩٩٧ ، هەولێر، لەلاپەرە(٨٩).


٣-كتێبی(مەلای گەورە زاناوئەدیب وشاعیر)لەنوسینی(عەبدولخالق عەلائەدین كۆیی) ، چاپی یەكەم، ١٩٩٤ ، هەولێر، لاپەڕە( ٦).

٤-كتێبی(علماءومدارس اربيل) ، لەنوسینی( زوبێر بیلال ئیسماعیل) ، بەغداد ، ١٩٨٤ ، لاپەڕە(١٢١).

٥-كتێبی(مێژوی زانایانی كورد ) ، لەنوسینی(مەلا تاهیرمەلا عەبدوڵلای بەحركەیی) ، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠ ، لاپەرە(٣٩٠).

٦- ژمارە(٨،١٣) گۆڤاری هەولێر، ساڵی ٢٠٠١، لاپەرەكانی(١٧٢-١٧٥) و ڕۆژنامەی هاموون-ی شاری كۆیە.

## ٢- مەلا محەمەدی ئاومالّی(مەلا بەختیار)



ناوی تەواوی(محەمەد سلێمان عەبدوڵلا)یە، ناسراو بە(مەلا محەمەد ئاومالّی)، ساڵی ١٩٣٣لەدایكبووە، باوكی(مەلا سلێمان) یەكێك بووە لە مەلا ناسراوەكانی سنورەكە و دایكی(ئامینە)خەڵكی گوندی گۆرقەرەجی زێدی گەورە شاعیری كورد(حاجی) بووە، مەلا محەمەد ئاومالّی لێرەدا وەك كەسایەتیەكی سیاسی و كۆمەڵایەتی ئاماژەی پێ دەكەین هەرچەندە لەساڵی(١٩٥٥)خوێندنی مەلایەتی تەواوكردووە و لەسەردەستی مەلا(سەعید كوڕی مەلا سولێمانی) براگەورەی مۆڵەتی مەلایەتی پێدراوە و لە چەند ناوچەو شوێن و گوندێك كاری مەلایەتی كردووە وەك(بانەمۆرد، سارتك، كاولۆكان، مورتكەی گەورە، سەیداوەی هەولێر، تەقتەق)، وە لەساڵی ١٩٧٥ بەتاقیكردنەوەی دەرەكی خوێندنی ئیسلامی لەشاری هەولێر





تەواوكردووە، بەڵام مەلا محەمەد ئاومالّی زیاتر لەبواری ئۆرگانی حزبی و ڕێكخراوەییدا لەوێستگەكانی ژیانی دەركەوتووە وهەستی نەتەوایەتی بەرز بووە و لەسەر ئەم بیروباوەڕەشی چەند جارێك زیندانیكراوە لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە.

لەسەرەتای پەنجاكانی سەدەی ڕابردوو پەیوەندی بەحزبی شیوعی عێراقەوە دەكات لەگەڵ(ئەسعەد ئاغای شێخ بزێنی)، بەڵام لەبەر هەستی نەتەوەیی ڕیزەكانی حزبی شیوعی جێدەهێڵێت و پەیوەندی بە پارتی دیموكراتی كوردستانەوە دەكات.

لەنێوان ساڵانی(١٩٦٠-١٩٦٦) دەبێتە كادیرێكی دیاری ناوچەی كۆیەی پارتی دیموكراتی كوردستان كە ئەو سەردەم(خورشید شێرە) لێپرسراوی ناوچە بووە، لەگەڵ چەند كادیرێكی ئەو سەردەم كاریانكردووە لەوانە(مەلا محەمەد بەحركەیی و مەلا مستەفای بانی مارانی و عەبدە خەوەی كۆیە و سەیدكاكەی گۆمەشینی و وهاب فەتحوڵلای ئیلنجاغی گەورە)، لەبەر خۆشەویستی لەنێوان هەڤاڵان و خەڵكی سنورەكە پێیان ووتووە(مەلا بەختیار)، لەو ماوەیەدا لە چەند پلەیەك كاریكردووە وەك(ئەندام ناوچە و كارگێری ناوچە و حاكمی شۆڕش)، بەڵام دوای جیابوونەوەی باڵی مەكتەبی سیاسی پارتی دیموكراتی كوردستان، دەبێتە لایەنگر و كادیری باڵی مەكتەبی سیاسی و بەئاشكرا هەستی پێكراوە لەچالاكی و جموجۆڵەكانیدا.

بۆماوەیەك خەریكی كاری مەلایەتی دەبێت لەگوندی سارتك و دواتر لەدوای نسكۆی شۆڕشی ئەیلول، ساڵی ١٩٧٨پەیوەندەی بەریزەكانی یەكێتی نیشتمانی كوردستانەوە دەكات، ساڵی ١٩٨٤ لەلایەن(مام جەلال)ەوە

لە(گردەسۆر) داوەت دەكرێت، هەر لەو ساڵەدا دەزگای ئەمنی هەولێر(٣)مانگ دەستگیری دەكات، وە لەساڵی(١٩٨٧)بۆ جاری دووەم دەزگاكانی ئەمنی ڕژێم(٨)مانگی تری زیندانی دەكەن هەرچەندە زۆرترین ئەشكەنجەو ئازاری دەدەن بەڵام تەنها یەك پیتیش نادركێنێ بۆیە بەبڕیاری دادگای شۆڕش لەبەغداد(محكمة الثورة بغداد) ئازاد دەكرێت.

لەدوای ڕاپەرین ساڵی ١٩٩٢بەهەڵبژاردن دەبێتە ئەندامی لقی یەكێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی كوردستان و وە دەبێتە لێپرسراوی كەرتی ڕێكخستنی مامۆستایانی ئاینی لە هەولێر، بەهۆی شەڕی ناوەخۆی نێوان یەكێتی و پارتی ئاوارەی شارۆچكەی تەقتەق دەبێت و دەبێتە لێپرسراوی كۆمەلایەتی لەكۆمیتەی تەقتەق، دواكاری لەژیاندا پێش نوێژ و ووتارخوێنی مزگەوتی گۆرقەرەج دەبێت لەتەقتەق و لەكۆتایی مانگی(١)ی ساڵی ٢٠٠٤ دڵە گەورەكەی لەلێدان دەكەوێت.[٨٣]

٢٨- چاوپێكەوتن لەگەل(شاخەوان محەمەد سلێمان) كوڕە گەورەی مەلا محەمەد لەدایكبووی ١٩٦٦ی ئاومالّ، لە٦/١٠/٢٠١٣





## گوندی سارتك

## ناوی سارتك لەچیەوە هاتووە؟

دانیشتوانی ئەم گوندە دوو بیروبۆچونیان خستەڕوو[٨٤]:

یەكەمیان: ووتیان بیستومانە ووشەیەكی(توركی)یە، بەمانای(دڕكە زەردە) دێت.

دووەمیان: بەپشت بەستن بەجیاكردنەوەی بڕگەو پیتەكانی(سار+تكە)وەك عەرەب ووتەنی(ترجمەی حەرفی)ووتیان"پیاوێك ئاژەلێكی كوشتووە و ئەو ڕۆژە گۆشتیان زۆر بووە و ناوەناوە بە(سارا)ی ژنی ووتووە"ساراتكەی لێبدە"هەر بۆیە لەو حاڵەتەوە بەشوێنەكە ووتراوە(ساراتكە) و دواتر بووە بە(سارتك).

بەلاّم هیچ كام لەو لێكدانانەوە بەدروست نابینم بۆ ناوی گوندی سارتك، بەڕەوای دەزانم بلێم ناوەكە لە(تكە ئاوی سارد)ەوە هاتووە، دەكرێت

٢٩-بۆكۆكردنەوەی زانیاری لەسەر ئەم گوندە لەبەرواری(٣/٣/٢٠١٣)ڕۆژی یەكشەممە، لەماڵی مام حەسەنی حەمە عەلی ڕەسول لە گوندی سارتك چاوپێكەوتنمان لەگەل ئەم بەرێزانە كرد:

١-حەسەن حەمەعەلی ڕەسول دەروێش كاكی، لەدایكبووی ١٩٣٤ی ئاومالّ، گوندنشین.

٢-ڕەفعەت عەبدولرەحمان محەمەد ئیسماعیل، لەدایكبووی ١٩٦١ی سارتك، گوندنشین.

٣-عوسمان حەمەدەمین ئۆمەر ئیسماعیل، لەدایكبووی ١٩٥١ی سارتك، گوندنشین.

٤-مەجید ئیسماعیل محەمەد سمایل، لەدایكبووی ١٩٥٢ی قەمبەر،گوند نشین.

٥-كاكل سالح عەبباس مەحمود ئاغای سارتك، لەدایكبووی ١٩٥٠ی سارتك، گوند نشین.

٦-ڕەسول محەمەد حەمە عەلی ڕەسول دەروێش، لەدایكبووی ١٩٦٩ی سارتك، گوندنشین.

٧-حوسێن حەسەن حەمەعەلی ڕەسول، لەدایكبووی ١٩٧٢ی سارتك، گوندنشین.

سەرەتا(سار+تکە) بوو بێت و دواتر بوو بێت بە(سارتك)، چونکە ووشەی(سار) لەزمانی کوردیدا پێچەوانەی(گەرما) یە، هەروەها(سارداو، سارداوە، ساردك)شوێنێکە لەژێر زەمین هەڵدەکەنرێت بۆ(ئاو ساردکردن)، ئینجا دواتر دڵۆپ دڵۆپ بکرێتە شوێنێکەوە و کۆبکرێتەوەو دواتر بۆ خواردنەوە بەکاربهێنرێت (بڕوانە هەمبانە بۆرینەی هەژارموکریانی چاپی پێنجەمی چاپخانەی سروشی تاران لەسالی ١٣٨١ی هەتاوی لاپەڕە٤٠٦)، لە کوردستانیشدا زۆر کانی لەو شێوەیەی سروشتی هەیە لەبنمیچی شاخەکانەوە چك چکە یان تك تکە یان دڵۆپ دڵۆپ بڕژێتە خوارەوە ئاوەکەشی بەگوێرەی بارودۆخی ئاووهەوا لەهاویندا (فێنك) ولەزستانانیشدا (شلەتێن) دەبێت، کەواتە(سارتك) لە(ساردە تکەی ئاو)ەوە هاتووە ودواتر ووتراوە(سارتك).

## سنوری گوندی سارتك

لەڕۆژهەلاتدا گوندی(ئاوماڵ) و لەڕۆژئاوادا(بەستی شەرغە) وگوندی(خورخوڕ) سنوریانداوە ولەباکوردا گوندی(کانی سلێمانە) ولەباشوریدا(زێی بچووك) لەگوندی(قەرەسالم)ی جیادەکاتەوە، بەدووری(١٤)کیلۆمەتر لەباشوری خۆرئاوای ناحیەی سێگردکان هەڵکەوتووە، ڕووبەری گشتی کەرتە کشتوکالیەکەی(٤٩٩٥)چوارهەزارونۆسەدونەوەت وپێنج دۆنمە، ٥٦٧دۆنمی بەراو و١٦٣دۆنمی پشتاو و٤٨دۆنمی ڕەزی میری و٢١٧دۆنمی بەراوی تایبەت و(١٠٩٥)دۆنمی پشتاو و(١٦)دۆنمی ڕەزی تایبەتی





هەیە، هەروەها(١٩٠٤)دۆنمیشی پاوان ولەوەڕگایە لەگەل(٩٠٠)دۆنمیتر لەبەراو وحەرەمی گوندەکەش(٨٥)دۆنمە.[٨٥]

لەگرنگترین زەوییە بەراوەکانی کەنار زێی بچوکی گوندەکە کە دانیشتوانی گوندەکە پێی دەڵێن(حاوی) ئەوانیش حاوی(چەمی مەلا عەلی، چەمی سولێمانە)یە، پارچە زەوییە دێمەکارەکانیشیان(زەوی گەورە وئەسحابە و بەراز کوژراو وباخچە و گردی گەورە)یە، دوو کانی-یش لەسنوری گوندەکەدا هەیە(کانی پەرکێ کەزێلوی زۆر بووە و کانی زێلواوێ کە ئاوی کەمبووە) وە بەرزترین لوتکەوبەرزایی سنوری سارتك لوتکەی(گردی قەرەقاجین)ە، لەڕووی بەروبوومەکانی وەرزی هاوینە(شفتی سارتك) لەبەناوبانگیدا هاوشێوەی شفتی ئاوماڵ وتازەدێ-یە.

لەڕووی شوێنەوارەوە(قەلای سارتك) لەنەخشەی شوێنەواری عێراق کەسالی ١٩٧٠لەبەرێوەبەرایەتی گشتی ڕووپێو چاپکراوە بەژمارە(١٠٩)تۆمارکراوە، لەڕۆژئاوای سارتك بەدووری(١)کیلۆمەتر هەڵکەوتووە، چەندین گۆزە شکاو وشوشەوشەربە وگۆسکەوگۆڕی تێدا دۆزراوەتەوە، کە هەڵکردن ودروستکردنی گۆڕەکان بەپانی(١,٥)مەترو بەدرێژی(٢)مەتر و بەبەرزی (١,٥)مەتر دەبێت و هەرچوار دەوری گۆڕەکان وەك چیلە ودیوار هەڵچنراون بەتابوکی سورەوەکراو، هەروەها چەند گۆڕستانێك لەسنوری گوندەکەدا هەیە وەك(گۆڕستانی شێخ ڕەسول)کە ئەمڕۆ مردووی لێدەنێژن، لەگەل گۆڕستانەکانی(خاتوون مەلەك وشێمحەمەد وکاولە سارتك وئەسحابە).

٣٠- تۆمارە فەرمیەکانی هۆبەی کشتوکالی سێگردکان

## پێکهاتەی دانیشتوانی سارتك

گوندی سارتك دوو پیاو بەناوەکانی(هەیب وتەییب)کە لەشێخ بزێنی-یەوە هاتوون ئاوەدانیانکردۆتەوە و دواتر (چۆمەزەردەڵەییەکان و چۆغەڕەشیەکان) خاوەنی بوون تا هاتنی(مەحمود ئاغای سارتك) گوندەکەی وەرگرتووە، چەندین تیرە لە گوندەکە نیشتەجێن لەوانە(شێخ بزێنی، شێخان، کەلهوری، بابان، لەك، دەربەندی، سەیدەکانی بەرزنجی) کەتیرەی(شێخ بزێنی وشێخان) زۆرینەی گوندەکە پێکدێنن، ئاغادیٚ بووە و ئاغاکانی شێخ بزێنی خواروو ئاغای گوندەکە بوون دیارترین ئاغا لەمێژووی سارتك(مەحمودئاغای سارتك)بووە، وە لەکێخواکانیشیان(رەحمان عەلی مەحمود)کێخوایەکی دیاربووە، لەگەل چەندین کەسایەتی وەك(سابیر عەبباس مەحمود وحەمەعەلی ڕەسول پیرۆز ومام حاجی عەبدولرەحمان محەمەد ومام شێخ ئۆمەری سەیدەکان و حەمەد حاجی قادر).

## سارتك کەی قوتابخانەی لێکراوەتەوە

لەساڵی خوێندنی(١٩٧٠-١٩٧١)قوتابخانەی سەرەتایی لێکراوەتەوە ویەکەم بەرێوەبەری(مەلا عەبدولرەحمانی کوری مەلا سەعیدی مەلا سولێمانی ئاومالّی) بووە، لەیەکەم کردنەوەی قوتابخانەکە





لە١٦/٣/١٩٧١ژمارەی قوتابیانی(٨٠)قوتابی بووە کە(٥٥)قوتابیان خەڵکی سارتك و(٢٥)قوتابیان لەگوندی ئاومالّ-ەوە هاتوونە بۆ گوندی سارتك، بۆ ساڵی خوێندنی(١٩٧١-١٩٧٢) مامۆستایەکی تر بەناوی(شەهیدمحەمەد جەمیل قەشقەیی) لەقەشقەوە گواستراوەتەوە بۆ قوتابخانەی سارتك و هەروەها مەلا(محەمەد مەلا سولێمان)ی مامی مامۆستا عەبدولرەحمانیش بووە بەوانەبێژ لەقوتابخانەکە[٨٦]، دوای ئاوەدانکردنەوەی لەساڵی ٢٠٠١بینای قوتابخانەی بۆ کراوەتەوە و لەساڵی خوێندنی(٢٠١٢-٢٠١٣) مامۆستا(ڕۆژگار جەلال سەلام) بەرێوەبەری قوتابخانەکەیە و(٧٨)قوتابی و(٧)مامۆستا و(٢)کارگوزارو(٢)پاسەوانی هەیە.[٨٧]

## سارتك لە ٢٠١٣دا

دانیشتوانی ئەم گوندە لە ساڵی ٢٠١٣دا(٤٨)خێزان و(٣٣٣)کەسە، خزمەتگوزارییەکانی وەك قوتابخانەی بنەڕەتی وپڕۆژەی ئاوی خواردنەوەو کارەبای نیشتمانی ورێگای قیرتاو ومزگەوتێکی هەیە، بەپیشەی کشتیارییەوە خەریکن لە بەخێوکردنی ئاژەلّ و بەرهەمهێنانی بەروبومە کشتوکاڵیەکان.

---

٣١- چاوپێکەوتن لەگەل یەکەم بەرێوەبەری قوتابخانەکە، مامۆستا عەبدولرەحمان سەعید سولێمان ئاومالّی، لەدایکبووی ١٩٥٥ی گوندی ئۆمەرگومبەت، لە٢٠/١٠/٢٠١٣

٣٢- چاوپێکەوتن لەگەل(رۆژگار جەلال سەلام) بەرێوەبەری قوتابخانەی سارتکی بنەڕەتی، لە٣/٣/٢٠١٣.

## ڕووخان وکاولکارییەکانی گوندی سارتك

ئەم گوندە بەر شالاّوی سەربازی وتالاّن وسوتاندن و بۆردوومانی ڕژێمە یەك لەدوا یەکەکانی عێراق کەوتووە و زۆرترین زیانی ماددی و شەڕی دەروونیان بەرکەوتووە لەوانە:

یەکەم: پەلاماری حەرەس قەومی(گاردی نەتەوەیی بەعس)

لەساڵی ١٩٦٣ئەم گوندە لەلایەن فڕۆکە مێکەکانی حکومەتی عێراقەوە بۆردوومانکراوە وجگە لەسوتان وکاولکردنی بەشێکی زۆری خانووەکانیان، قوربانیەکی زۆری مەڕومالاّت وڕەشەوولاّخی لێکەوتوّتەوە لەگەل زامداربوونی(٩)هاولاّتی گوندنشینی سارتك کەزۆربەیان ژن ومنداڵبوون بەم ناوانە:

١- شێمحەمەد ڕەشید حەوێز، گوندنشین.
٢- قەدریە شێمحەمەد ڕەشید، گوندنشین.
٣- نەبات سالّح، گوندنشین.
٤- مریەم حوسێن نەجیم، گوندنشین.
٥- فەتحیە عەبدولرەحمان محەمەد ، گوندنشین.
٦- سەبریە عەبدولرەحمان محەمەد ، گوندنشین.
٧- نەخشین ئەحمەد حوسێن، گوند نشین.
٨- نەخشین عەزیز وەسمان، گوندنشین.
٩- عەبدولرەحمان محەمەد ئیسماعیل، گوند نشین.





دووەم: پەلاماری جەیش وجاش ساڵی ١٩٨٥

ساڵی ١٩٨٥جارێکیتر جاش وجەیش پەلاماری ئەم گوندەیان داوەتەوە وزۆربەی ماڵەکانیان سووتاندووە ودواجاریش لەپرۆسەی ئەنفالدا ساڵی ١٩٨٨بەیەکجاری تەخت وکاولکراوە.

## شەهیدانی گوندی سارتك

ئەم گوندە لەسەردانی مەیدانیدا دەرکەوت کە(٢١)شەهیدیان هەیە و(٨)پێشمەرگەو(١٣)هاولاتی،کە هەندێکیان بەهۆی بۆردومانی هەلیکۆپتەرو پەلاماری جەیش وجاش و پاشماوەکانی هاوەن وگوللە تۆپ و بۆردومانی بەعس لەپردێ-وە شەهیدبوون:

| ژ | ناوی شەهید | پلە | شوێنی شەهیدبوون | ساڵەکەی | دوژمن | ئۆرگان | شۆرش |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نایلە ئەسعەد سارتکی | هاولاتی | سارتك | شەستەکان | بەعس | - | ئەیلولی مەزن |
| ٢ | حەبیبە | هاولاتی | سارتك | شەستەکان | بەعس | - | ئەیلولی مەزن |
| ٣ | کاکەشین حەمە نەجم | پێشمەرگە | سارتك | ١٩٧٤ | بەعس | پ.د.ك | ئەیلولی مەزن |
| ٤ | سمایل حەمە نەجم | پێشمەرگە | سارتك | ١٩٧٤ | بەعس | پ.د.ك | ئەیلولی مەزن |
| ٥ | کازم حەمەدەمین ڕەسول | پێشمەرگە | | حەفتاکان | بەعس | ی.ن.ك | شۆرشی نوێ |
| ٦ | زیاد محەمەد ئۆمەر(عمر) | پێشمەرگە | کلێسە | ١٩٧٧ | بەعس | ی.ن.ك | شۆرشی نوێ |
| ٧ | سەعدی حەمەد سەعید | هاولاتی | سارتك | ١٩٨٠ | بەعس | - | شۆرشی نوێ |
| ٨ | ئەکرەم قادر حەمەدەمین | پێشمەرگە | **سەرسنور(عێراق -ئێران)** | ١٩٨٣ | بەعس | ی.ن.ك | شۆرشی نوێ |
| ٩ | ڕەحمان جەلیل تەها | ڕێکخستن | گەرووی قەشقە | ١٩٨٢ | بەعس | ی.ن.ك | شۆرشی نوێ |
| ١٠ | محەمەد مەلا فاتح عەبدوڵلا | ڕێکخستن | سێدارەدان | ١٩٨٦ | بەعس | ی.ن.ك | شۆرشی نوێ |
| ١١ | سەعید سەعدی خدر | پێشمەرگە | کەرکوك | ١٩٩١ | بەعس | ی.ن.ك | ڕاپەرینی١٩٩١ |
| ١٢ | خەجە هارە | هاولاتی | کۆرەو-خانە | ١٩٩١ | بەعس | - | ڕاپەرینی١٩٩١ |
| ١٣ | هەوراز حومەدەمین رەحمان | منالّ | کۆرەو-حاجی ئۆمەران | ١٩٩١ | بەعس | - | ڕاپەرینی١٩٩١ |
| ١٤ | کنێر مەجید ئیماعیل محەمەد | منالّ | سارتك | ١٩٩٤ | بەعس | - | دوای ڕاپەرین |
| ١٥ | ئاوات عوسمان ئەحمەد بەکر | منالّ | سارتك | ١٩٩٤ | بەعس | - | دوای ڕاپەرین |
| ١٦ | دەشتی عوسمان ئەحمەد بەکر | منالّ | سارتك | ١٩٩٤ | بەعس | - | دوای ڕاپەرین |
| ١٧ | کارزان زاهیر سابیر | منالّ | سارتك | ١٩٩٤ | بەعس | - | دوای ڕاپەرین |
| ١٨ | زاهیر سابیر حەمەد | هاولاتی | سارتك | ١٩٩٥ | بەعس | - | دوای راپەرین |
| ١٩ | بەیان زاهیر سابیر | منالّ | سارتك | ١٩٩٥ | بەعس | - | دوای راپەرین |
| ٢٠ | ئاوێستا زاهیر سابیر | منالّ | سارتك | ١٩٩٥ | بەعس | - | دوای راپەرین |
| ٢١ | ئاواز زاهیر سابیر | منالّ | سارتك | ١٩٩٥ | بەعس | - | دوای راپەرین |





## گوندی جلبەسەر

## ناوی جلبەسەر لەچیەوە هاتووە؟[٣٣]

دوو بیروبۆچونی جیاواز لەسەر مانای ناوی گوندی جلبەسەر هەیە:

یەکەم: کاتی خۆی ئەم گوندە لەخزمانی مەنتك کڕدراوە، حەسەن ئاغای مەنتك فرۆشتویەتیە(شێخ سمایلی شێخ نەسیم)، ئەو کات گوایە خزمانی مەنتك لەبری پەتۆوبەتانی وجاجم، پەڕۆ و جلیان بەخۆداداوە، بۆیە ووتراوە"جل بەسەر"بەلاّم لەسەردەمانی زوو نەوەك خزمانی مەنتك بەڵکو زۆربەی دەوارنشینان وکۆچەریان پەڕۆو کوڵەبار وشتی لەوشێوەیان هەبووە بۆیە ناکرێت ووشەی(جلبەسەر)لەمەوە هاتبێ؟!

(٣٣)-لەرێکەوتی ڕۆژی شەممە بەرواری(٢/٣/٢٠١٣)لەگەڵ(ڕابەر ئەمیر قادر)یاریدەدەری پزیشکی بنکەی تەندروستی بەردەسپی سەردانی ئەم گوندەم کردولەماڵی(شێخ سەعیدی کوڕی شێخ نوری کوڕی شێخ سمایل)میوان بووین وچاوپێکەوتنمان لەگەل ئەم هاولاّتیانەی جلبەسەر ئەنجامدا:

١-مەعروف عەزیز مەعروف ئەحمەد ئیبراهیم عەبدوڵلا، لەدایکبووی ١٩٣٤ی جلبەسەر، گوندنشین.

٢-سەعید نوری ئیسماعیل نەسیم، لەدایکبووی ١٩٤٣ی جلبەسەر، گوندنشین.

٣-ئەحمەد سالّح عەلی، لەدایکبووی ١٩٥٢ی جلبەسەر، گوندنشین.

٤-یوسف مەعروف ئیسماعیل نەسیم، لەدایکبووی ١٩٦٥ی جلبەسەر، بانگدەری مزگەوتی جلبەسەر.

٥-غەوس عەزیز عەوڵلا عوسمان، لەدایکبووی ١٩٦٧ی جلبەسەر، گوندنشین.

٦-زوبێر مەحمود نوری، لەدایکبووی ١٩٧١ی جلبەسەر، گوندنشین.

دووەمیان: پێی وایە ووشەی(جلبەسەر)لە ووشەی لێکدراوی(گوڵ بەسەر)ەوە هاتووە، لەسەردەمانی عوسمانی چونکە پیتی(گ)لەزمانەکەیان هەبووە بۆیە نەگۆڕدراوە و هەر بە(گوڵ بەسەر)ناوی هاتووە، بەلاّم لەزمانی عەرەبیدا پیتی(گ)نیە، لەجیاتی ئەو پیتە پیتی(ج)بەکاردەهێنرێت، هەر بۆیە لەحکومەتی عێراقدا(گول بەسەر)کراوە بە(جل بسر)بەمەش پیتی(گ)بووەبە(ج)و پیتی(واو)بووە بەزەمەو پیتی(ە)بزۆکیش بووە بەفەتحە، لەزمانی کوردیش زەمە ناخوێنرێتەوە بۆیە لەئاخاوتن ووتراوە(جل بەسەر)، ئەو بیربۆچوونە پەسندترە چونکە ئەو شوێنەی کە گوندی(جلبەسەر)ی لێ دروستکراوە دامێنی دۆلێکە پڕاوپڕبووە لەڕووەکی ژاڵە(ڕوولك)، لەوەرزی گوڵکردنی ڕووەکی ڕوولك یەکپارچە ناوچەکە بووە بە(گوڵەژاڵە)ئەمەش وایکردووە بەو شوێنە بووترێت(گوڵ بەسەر).

## سنوری گوندی جلبەسەر

یەکێکە لەو گوندانەی لەڕووی کارگێڕییەوە سەر بەناحیەی سێگردکانەو بەدووری(١٥)کیلۆمەتر لەباکوری خۆرئاوای هەڵکەوتووە، لەڕۆژهەلاّتدا گوندەکانی(بەردەسپی ناحیەی سێگردکان)و(بانەمۆردی ناحیەی شۆرش- دێگەڵە)سنوری داوە، لەخۆرئاواییدا گوندەکانی(سۆفی برایم وچاڵەگردەلە)ی قوشتەپە دەوریانداوە و هەردوو گوندی(حەسەن موترب وهەیتەکوژراو)ی قوشتەپەش سنوری باکور-یانداوە و لەباشور-یش(کانی سلێمانەی سێگردکان و پەڵکانەی قوشتەپە)سنوریانداوە.





کەرتێکی کشتوکاڵی سەر بەهۆبەی سێگردکانە، ڕووبەری گشتی(٨٣٧٧)هەشت هەزاروسێسەدوحەفتاوحەوت دۆنمە،(٥٠٧)دۆنمی شیاوی چاندنە و(٥٠٠٠)دۆنمی پاوان ولەوەڕگایە و(٢٠٨٥)دۆنمی بەراو و(٥٢٤)دۆنمی پشتاو و(٤٥)دۆنمی حەرەمی گوند و(١)دۆنم ڕەزی تایبەت و(٢)دۆنم بەراوی تایبەت و(٤)کارێزو(١)کانی سەرەکی لەساڵی ١٩٧٥ بۆ تۆمارکراوە.

لەڕووی هەڵکەوتەی گەردوونیەوە کەوتۆتە نێوان بازنەی پانی(٣٥,٥٥-٣٥,٩٢)پلەی باکوری گۆی زەوی و نێوان هێلی درێژی(٤٤,١٧-٤٤,٢٨)ی خۆرهەلاّتی گۆی زەوی، بەبەرزی(٤٧١)مەتر بەرزە لەئاستی ڕووی دەریاوە واتە(١٥٤٦)پێ.

کارێزەکانی گوندی جلبەسەر کە چوار کارێزن سیانیان بەناوی(باغە شێخالی)وئەویتریان کارێزی(باژێر)ە، لەگەل کانیەك کەسەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی دانیشتوانەکەیەتی بەناوی کانی(سارنجی)، لەدیارترین پارچەو زەوییە پشتاوەکانی گوندەکە ئەمانەن(بانی خڕنوك، بانی باغەشێخانی، بانی باژێر، تاری دار، بانە دەروێشە، کاکەناندا)وە گردی(سلێمانی)بەرزترین بەرزایی ئاقاری گوندەکەیانە، لەڕووی شوێنەوارییەوە لەهەموو ئاقاری گوندی جلبەسەر تەنها ناوچەی(بانی باغەشێخانی) هەیە کە جەرەوگۆسکەو گۆزەشکاوی لێدەدۆزرێتەوە، لەگەل چەندین گۆڕستانی کۆن وەك(گۆڕستانی خدری مردی، بانی دارەبەن، کەلەکوران، قەبرستانی میرزالی کۆن وقەبرستانی میرزالی نوێ کە ئەمەی دواییان ئەمڕۆ مردووی لێ دەنێژن).

## پێکهاتەی دانیشتوانی جلبەسەر

گوندی جلبەسەر لەلایەن(شێخ ئیسماعیلی کوڕی شێخ نەسیمی شێخ ئیبراهیم) کەناسراوبووە بە(شێخ سمایل)دوای ئەوەی لە(حەسەن ئاغا)ی خزمانی مەنتکی کڕیووە، ئاوەدانکراوە، هەموویان لە(سەیدەکان)ن و خۆیان دەگێڕنەوە بۆ نەوەی(پیرخدری شاهۆ)ی نەوەی(ئیمامی حوسێنی کوڕی ئیمامی عەلی-خودا لێی ڕازی بێت).

کەواتە گوندەکە لەڕووی چینایەتیەوە ئاغاوکێخوادێ نەبووە، بەڵکو بەناوی(شێخ وسادات)ەوە براگەورەیان هەبووە و لەسنورەکەش(تەکیەی جلبەسەر)ناسراوبووە وناوبانگی هەبووە، وەلەبەر ئەوەی سەیدبوون ناوی موختاروکێخواکانیشیان هەر بە(شێخ)ناویان دەرکردووە، وەك(شێخ سمایلی شێخ نەسیم، سەیدمحەمەدی کوڕی نەسیم، شێخ عەبدولکەریمی کوڕی محەمەدی کوڕی نەسیم)کە لەنێویاندا(شێخ سمایل) لەهەموویان ناودارتربووەو زمانەکانی(فارسی وکوردی وعەرەبی و تورکی) بەباشی زانیووە، هەروەها لەکەسایەتیە دیارەکانی جلبەسەر(شێخ نوری کوڕی شێخ سمایلی نەسیم)یەکێك لەپیاوە دیاروقۆناغەکانی جلبەسەربووە وساڵی ١٩٨٧کۆچی دوایکردووە.

## جلبەسەر کەی قوتابخانەی لێکراوەتەوە

لەساڵی خوێندنی(١٩٧٦-١٩٧٧)قوتابخانەی لێکراوەتەوەو یەکەم بەڕێوەبەری مامۆستا(ئیبراهیمی گوندی گابەرەکە)بووە، لەساڵی خوێندنی(٢٠١٢-٢٠١٣)ژمارەی قوتابیانی(٢٦)قوتابی بووە(٦کچ





و٢٠کوڕ)هەروەها(٨)مامۆستاو(٥)کارگوزاری هەبووە، بینای قوتابخانەکەش (٦) پۆلیەو سوپای زەیتونی کۆریەکان لەدوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق ساڵی ٢٠٠٣دروستیانکردووە.[٨٩]

## جلبەسەر لەساڵی ٢٠١٣دا

گوندی جلبەسەر لەو ساڵەدا(٢٩)خێزانی تێدا نیشتەجێیە، کەژمارەی سەرخێزانەکانی(١٦٠)کەسە، ئەو کارە خزمەتگوزاریانەی کە لەگوندەکەدا ئەنجامدراون ئەمانەن(کارەبای نیشتمانی وقوتابخانەی بنەڕەتی ومزگەوت وهۆلی بۆنەکان)وە ڕێگای تێکەڵەڕێژ بۆ گوندەکە چووە بەڵام قیرتاونەکراوە.

## تەکییەی جلبەسەر

لەنەوەی(شێخ سمایلی شێخ نەسیم) شێخ مەعروف پیاوێکی ئاینی لەخواترس ودیاربووە، بۆ ماوەی(٥٠)ساڵ زیاتر تەکیەی جلبەسەری بەڕێوەبردووە، نەوەیەکی زۆری گوندەکانی دەوروبەری وانەی ئاینیان لەلای خوێندووە وەك(مەلا لەتیفی بەردەسپی ومەلا عەلی کوڕی مەحمودی بەردەسپی ومەلا عوسمانی ئاخوڕەیی ومەلا ڕەحمانی سماقەیی ومەلا شەفیعی چاڵەگردەڵەیی و مەلا خدری سێگردکان) هەروەها مەڵبەندێك بووە بۆ چارەسەری کێشەوگرفتە کۆمەلایەتیەکانی سنورەکە بۆیە ووتراوە(تەکیەی جلبەسەر).

---

[٣٤]-چاوپێکەوتن لەگەل(مەجید محەمەد مەجید) بەڕێوەبەری قوتابخانەی جلبەسەری بنەڕەتی تێکەلاۆ، لە٢/٣/٢٠١٣ز.

# ڕووخان وکاولکارییەکانی گوندی جلبەسەر

هەرچەندە گوندنشینانی جلبەسەر هەوڵیانداوە وەك سەیدوهاوڵاتی ژیانی خۆیان ببەنەسەر وکەم تێکەڵی حزبایەتی وچەکداری بوون، بەڵام ئەم خۆ بەدوورگرتنەیان لە شەڕانگێزی ڕژێمەکەی بەعسدا نەیپاراستوون، بگرە لەهەندێك لەگوندەکانی دەوروبەر زیاتر دووچاری پەلامار وشاڵاوی دڕندانە هاتونەتەوە و بوون بەقوربانی لەسەروبەندی حەرەس قەومیەوە تا شاڵاوەکانی ئەنفال چوار جار دووچاری سوتان وبۆردومان وڕووخان وکاولکردن هاتوون:

یەکەم: بۆردمانی فڕۆکە لەساڵی ١٩٦٣کە بەهەرای بەعسی یان حەرەس قەومی ناوی دەبرێت، ماڵ وخانوبەرەی چەندین هاوڵاتی سووتاوە و زیانی ماددی زۆریان لەسوتان و ڕووخانی ماڵ وحاڵیان لێکەوتووە.

دووەم: بۆردومانی فڕۆکە بۆ جاری دووەم لەساڵی ١٩٧٤زیانی مادی زۆریان بەرکەوتووە.

سێیەم: بۆردومانی (٧/٣/١٩٨٥)بە(١١)هەلیکۆپتەری سەمتی سوتان وکاولکاری و(١٢)قوربانی شەهید و(١٨)بریندراری لێکەوتەوە، بۆ ڕۆژی دواتر(٨/٣/١٩٨٥) پەلاماری جەیش وجاش بۆ گوندەکە تەواوی خانوەکانیان بە تی ئێن تی تەقێنراوەتەوە و لەگەل زەوی تەختکراوە.

چوارەم: دواجار شاڵاوی ئەنفال لەنیسانی ١٩٨٨بەتەواوەتی گوندەکە خاپورکراوە.





# گەورەیی (جلبەسەر)ییەکان و بچوکی دوژمن

داستان و قارەمانێتی بەتەنها بریتی نیە لەڕووبەڕووبونەوەی دوژمن بەچەك، بەڵکو هەر هەڵوێستێك جوان وبەخشندەو مرۆڤایەتی و مرۆڤ دۆستی هەڵگرتبێ دەکرێت بەگەورەیی و سەروەری ئەژماربکرێت، بەتایبەت کە تۆ قوربانیش بدەیت و ئەو کەسەی زوڵمی لێت کردووە بەکۆڵی بکەوێتە بەردەستت، سەرباری تۆڵەکردنەوە، برینەکەشی هەتوان بکەیت، ئەمە ناوەڕۆکی ئەو گەورەییەیە کە کردوومەتە ناونیشان بۆ خزمانی جلبەسەر، دەقی چیرۆکەکە بەم شێوەیە و ڕاستەقینەیە و دوورە لەسیناریۆ و دەرهێنان:

لەکۆتایی وەرزی زستان و سەرەتایی وەرزی بەهاری ساڵی ١٩٨٥لەبەرواری(٧/٣/١٩٨٥)سەر لەبەیانی ئەو بەرواره(١١)فڕۆکەی هەلیکۆپتەری سەمتی ڕژێمی بەعس لەکاتژمێر(٧,٥)حەوت ونیوی بەیانیەوە تاوەکو کاتژمێر(٦)ی ئێوارە و خۆرئاوابوون یەکبینە کەوتنە بۆردومانی گوندی(جلبەسەر)، لەو بۆردومانە بێ بەزەییانە، کارەسات وقوربانی وماڵ کاوڵکردنێکی زۆری لێکەوتەوە،(١٣)هاوڵاتی گوندنشین شەهیدبوون(١٠)پیاو و(٣)ژن، (١٢)شەهیدیان لە ناو گوندی(جلبەسەر)و(١)دانەیەکیشیان لە گوندی (چۆمەزەردەلە)ئەویش خەڵکی جلبەسەر بوو، جگە لە زامداربوونی(١٨)کەسێتری جلبەسەر کە هەندێکیان تائەمڕۆشی لەگەل دابێت کەم ئەندام و پەککەوتوون بەهۆی ئەو برینداربوونەیان، لەو بریندارانە تەنها ناوی(١٥)زامداریانم وەدەست کەوت ئەمە ناوەکانیانە:

١-عەزیز نوری ئیسماعیل
٢-عەبدوڵلا سەدرەدین عەبدوڵلا-بووە کەم ئەندام
٣-حەمدیە مەعروف ئیسماعیل-بووە کەم ئەندام
٤-ئەحمەد حەسەن حەمەدەمین-بووە کەم ئەندام
٥-سەمەد عەلی ساڵح عەلی-بووە کەم ئەندام
٦-ئیدریس فاتح حەمەد-بووە کەم ئەندام
٧-زارا مەعروف ئیسماعیل-بووە کەم ئەندام
٨-زولێخا مەعروف ئیسماعیل-بووە کەم ئەندام
٩-جەوهەر عەلی ساڵح
١٠-محەمەد ئیسماعیل نوری
١١-ئیسماعیل نوری ئیسماعیل
١٢-مەعروف ئیسماعیل نەسیم
١٣-عەزیز عەوڵلا عوسمان
١٤-تەحسین سلاح محەمەد
١٥-قادر حەسەن بانەمۆردی

حکومەتی عێراق و ڕژێمەکەی تەنها بەبۆردومان دڵیان ئاوی نەخواردەوە بەیانی ڕۆژی(٨/٣/١٩٨٥)لەشکرکێشی(جاش وجەیش)خرایە سەرگوندەکە وئەو خانووانەی کە بەپێوە مابون هەموویان بە دەلەمێنت تەقاندەوە و ئاگری بەردەدایە کەل وپەل و تراکتۆرو تەنانەت سەگیشی دەکوشت، لە ئەنجامی بێ ئاگایی مەفرەزەیەکی جاشەکان و گەڕانیان بەدوای پاتاڵ و تالاّندا(٦)جاش دەکەونە ژێر لاپاڵی دیوارێکی بەدەلەمێنت ڕووخاو و هەر لەوێ گیان لەدەست دەدەن، جگە لەمانە ئەفسەرێکی سوپای عێراقیش دەکەوێتە ژێردیوارێکەوە،





تا درەنگانی ئێوارەی ئەو ڕۆژە ئەوەی سوتاندیان سوتاندیان ئەوەی ڕووخاندیان ڕووخاندیان ئەوەی بردیان بردیان و جاش وجەیش پاشەکشەیان کردوو خەڵکی ئاوایش شەو بەچرا و لایتەوە دێنەوە ناو گوند بۆ سۆراخکردنی یەکتری وماڵ وحاڵیان، شێخ سەعیدی شێخ نوری و عەلی برای لەناو ئاوایی گوێ-یان لەناڵەناڵی کەسێك دەبێت، کەسەیر دەکەن ئەفسەرێکی سوپای عێراقە کەوتۆتە ژێر لادیوارێکەوە و لەترسان نەجمەکان ودەمانچەکەی فڕێداوە، دەریدەهێنن و ئەو شوێنەی جەستەی کەزامداربووە تەداوی دەکەن و نایکوژن، تا بەیانی دەیپارێزن و نان وئاوی پێدەدەن، ئەو ئەفسەرە خەڵکی(کەربەلا)بووە، بۆ ڕۆژی سێیەم(٩/٣/١٩٨٥) ڕژێمی بەعس دووبارە بەمەبەستی بردنەوەی تەرمی جاشەکان وئەفسەرەکە دەگەڕێتەوە گوندەکە و تەرمی جاشەکان باردەکەن و ئەفسەرەکەش بەبرینداری لەگەل خۆیان دەبەنەوە.

شێخ سەعیدی شێخ نوری بۆی گێڕامەوە ووتی: ئەفسەرەکە خۆی گەیاندبووە(سەدام حوسێن) و باسی ئەو کارەساتەی بۆ گێڕابۆوە، کە خەڵکی جلبەسەر بێتاوان بوون چونکە(١٣)کەسمان کوشت و(١٨)یانمان لێ بریندارکردن، کەچی من بەبرینداری کەوتمە دەستیان و نەیان کوشتم و پێیان ووتم"خوێنی ئەو هەموو کەسە بەدیلێکی برینداری وەکو تۆ سارێژ نابێت"ئەم حاڵەتە لەکاتێکدا بووە کە بریندارەکان لە نەخۆشخانەکانی هەولێر دەبوایە لە گوفتارەکانیان بڵێن فڕۆکەی ئێرانی لێیداوین ئینجا تیمار دەکران، ئەم چیرۆکە ڕاستەقینەیە گەواهی گەورەیی سەیدەکانی جلبەسەرو تەکیەکەیانە چونکە ووتراوە: (کاتێك دەسەلاّتی تۆلەکردنەوت هەبێت بەخشندەیی ئەو پەڕی گەورەییە).

## شەهیدەکانی کارەساتی(٧/٣/١٩٨٥)ی جلبەسەر

| ژ | ناوی شەهید | پلە | شوێنی شەهیدبوون | ساڵەکەی | دوژمن | ئۆرگان | شۆڕش |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١- | حەسەن عومەر فەتتاح | هاوڵاتی | چۆمەزەردەڵە | ٧-٣-١٩٨٥ | بەعس | - | شۆڕشی نوێ |
| ٢- | لەتیف سەدرەدین عەبدوڵلا | هاوڵاتی | جلبەسەر | ٧-٣-١٩٨٥ | بەعس | - | شۆڕشی نوێ |
| ٣- | عەزیز رەسول | هاوڵاتی | جلبەسەر | ٧-٣-١٩٨٥ | بەعس | - | شۆڕشی نوێ |
| ٤- | ڕەسول عەزیز رەسول | هاوڵاتی | جلبەسەر | ٧-٣-١٩٨٥ | بەعس | - | شۆڕشی نوێ |
| ٥- | خالد عەبدولقادر محەمەد | هاوڵاتی | جلبەسەر | ٧-٣-١٩٨٥ | بەعس | - | شۆڕشی نوێ |
| ٦- | محەمەد عەزیز مەعروف | هاوڵاتی | جلبەسەر | ٧-٣-١٩٨٥ | بەعس | - | شۆڕشی نوێ |
| ٧- | حەکیم حەسەن حمدامین | هاوڵاتی | جلبەسەر | ٧-٣-١٩٨٥ | بەعس | - | شۆڕشی نوێ |
| ٨- | سەبریە عەوڵلا عوسمان | هاوڵاتی | جلبەسەر | ٧-٣-١٩٨٥ | بەعس | - | شۆڕشی نوێ |
| ٩- | گەوهەر عەلی ڕەسول | هاوڵاتی | جلبەسەر | ٧-٣-١٩٨٥ | بەعس | - | شۆڕشی نوێ |
| ١٠ | محەمەد مەعروف ئیسماعیل | هاوڵاتی | جلبەسەر | ٧-٣-١٩٨٥ | بەعس | - | شۆڕشی نوێ |
| ١١ | هەڵمەت محەمەد مەعروف | هاوڵاتی | جلبەسەر | ٧-٣-١٩٨٥ | بەعس | - | شۆڕشی نوێ |
| ١٢ | کۆسرەت محەمەد مەعروف | هاوڵاتی | جلبەسەر | ٧-٣-١٩٨٥ | بەعس | - | شۆڕشی نوێ |
| ١٣ | هێرۆ محەمەد مەعروف | هاوڵاتی | جلبەسەر | ٧-٣-١٩٨٥ | بەعس | - | شۆڕشی نوێ |





## گوندی بەردەسپی

## ناوی بەردەسپی لەچیەوە هاتووە؟[٩٠]

بەردەسپی لەدوو برگە پێکهاتووە(بەرد+سپی)لەکاتی لێکدان بووە بە(بەردەسپی) زۆربەی خەڵکی گوندی دەڵێن لەناوی(سێ) بەردی سپیەوە هاتووە، کە دوو بەردیان لەنزیك یەکەوە بوون وبەردی سێیەمیان لەوان دوورتر بووە و زیاتر ووشەی بەردەسپی بۆ بەردی سێیەمیان دەگەڕێتەوە، هەر کە دەچیە ناو گوندەکەوە لەبەری لای چەپ لەسەر بڵندابیەك توشی ئەم بەردە سپیە دەبیت، بەستی شەرغەش لەنزیك ئەم گوندە یەکپارچەیە لەبەردی جۆراوجۆری(چگل) کە ئاوی ڕووبارۆچکەی(شەرغە) لەکاتی ئاوهەڵسانی

٣٥- لەبەرواری( ٢/ ٣/٢٠١٣)بەیاوەری یاریدەدەری پزیشکی(ڕابەر ئەمیر قادر کانی لەلەیی) سەردانی گوندی ناوبراوم کرد و چاوپێکەوتنم لەگەل ئەم بەرێزانە ئەنجامدا:

١- ئەنوەر حەمەدەمین چاوشین ئەحمەد، لەدایکبوی ١٩٤٧ی بەردەسپی، گوندنشین، لە ٢-٣-٢٠١٣ز.

٢- تەیفور قادر عەبباس ئۆمەر، لەدایکبوی ١٩٥٢ی بەردەسپی، گوندنشین، لە ٢-٣-٢٠١٣ز.

٣-سەرهەنگ سەلیم ڕەشید ئۆمەر، لەدایکبووی ١٩٦٣ی بەردەسپی، گوندنشین، لە ٢-٣-٢٠١٣ز.

٤-جەلال حەمەسادق حەمە شەریف، لەدایکبووی ١٩٦٦ی بەردەسپی، گوندنشین، لە ٢-٣-٢٠١٣ز.

٥-سەلام عومەر تەها ئەحمەد، لەدایکبووی ١٩٦٩ی بەردەسپی، گوندنشین، لە ٢-٣-٢٠١٣ز.

٦-فاتمە عومەر تەها ئەحمەد، لەدایکبووی ١٩٥٠ی بەردەسپی، گوندنشین، لە ٢-٣-٢٠١٣ز.

٧-ئەنوەر عومەر تەها، لەدایکبووی ١٩٦٥ی بەردەسپی، گوندنشین، لە ٢-٣-٢٠١٣ز.

بەهارە وزستانەوە لەدوورەوە ڕایمالّیوەو هێناویەتیە ئەو بەستە، لەهاویندا یەك پارچە(سپی) دەچێتەوە بۆیە ناولێنانی گوندەکە هەر پەیوەستە بەبەردی سپی ئینجا چ بەردە(گەورە سپیەکان) یان(بەردۆچکەی سپی بەستەکە)، کە گوندی(بەردەسپی)لەکەناری ڕاستیەوە هەڵکەوتووە.

## سنوری گوندی بەردەسپی

لەڕۆژهەلاّت گوندەکانی(قەمبەر و نێرەگین) سنوریانداوە ولەڕۆژئاواشدا گوندەکانی(جلبەسەر وکانی سلێمانە)، ئاقاری لەباکوردا دەگاتە گوندی(بانەمورد)و لەباشوریشدا گوندی(ئاومالّ)ە، وەکو کەرتێکی کشتوکالّی سەر بەهۆبەی کشتوکالّی سێگردکانە وبەدووری(٩)کیلۆمەتر لە خۆرئاوای ناحیەی سێگردکان هەڵکەوتووە، ڕووبەری گشتی کەرتەکە(٨٩٠٦)دۆنمە، ڕووبەری شیاوی بۆ چاندن وکشتیاری(١١٨٥)دۆنمە، (٢١٢)دۆنمی بەراوی میری و(٩٧٠)دۆنمی پشتاو و(٣) ڕەزی میری هەبووە لەساڵی ١٩٧٥، بەراوەکانی تری(٢٧٣٨) دۆنمە و پاوان ولەوەڕگای(٤٩٠٨)دۆنمە و حەرەمی گوندەکەش(٧٥)دۆنمی زەوی دیاریکراوە.

لەڕووی بەرزی و نزمیەوە ناوچەقی گوندەکە(٣٣٩)مەتر لەئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە واتە(١١١٣)پێیە، لەڕووی هەڵکەوتەی گەردونیەوە کەوتۆتە نێو هێڵی پانی(٣٥،٥٣-٣٥,٨٩)پلەی نیوە گۆی باکوری زەوی و وە لەنێوان هێڵی درێژی(٤٤,١٩-٤٤,٣٣)پلەی ڕۆژهەلاّتی گۆی زەوییە.

سنوروئاقاری گوندی بەردەسپی لەگەڵ ئەوەی هیچ کنەوپشکنینێکی بۆ نەکراوە، خەڵکی گوندەکەش هیچ خرابگەو شوێنەوارێکیان تێدا نەدۆزیوەتەوە،





جگە لە دوو گۆڕستانی کۆن نەبێت کە بەوە دەچێت مێژوویەکی دووری هەبێت ئەوانیش(گۆڕستانی خوارێ و گۆڕستانی شێخ نەدیم)ە، دانیشتوانی ئێستای بەردەسپی مردووەکانیان لە گۆڕستانی(ئیمام شاسوار) دەنێژن، هەر لەئاقاری گوندی بەردەسپی گردی(قوشەلان)بەرزترین بەرزاییەو دوای ئەو گردی(حەفت دێ)یە لەڕووی بەرزییەوە، کانیاوەکانی زۆرن بەلاّم ئەمرۆ هەندێکیان نەماون لەوانە(کانی بەیرەم، کانی جەلیل، کانی بیران، کانی دۆڵی جەلیل ئەمرۆ پێشی دەڵێن(شەهیدان) چونکە لەشۆڕشی نوێدا کۆمەڵێك پێشمەرگەی لێ شەهیدکراوە، کانی حەسار یان تەنگانە، کانی بادەرە، کانی شەدە، کانی دەوڕەش، کانی ڕەبەنە بەقسەی خەڵکی ئاوایی چونکە تەنیا کانیە لەو ئاقارە بۆیە پێی ووتراوە"ڕەبەنە"، کانی ئەستێرۆك، کانی ترشۆکە، کانی بیرخدر)، وە لەدیارترین زەوییە پشتاوەکانی بەردەسپی( پیر خدر وقوچەسۆران وگۆرەعارەبان)ە.

## پێکهاتەی دانیشتوانی گوندی بەردەسپی

لەسەردانەکەمدا بۆ گوندی بەردەسپی ئەوەم تێبینی کرد کە بەردەسپی لەچەندین تیرەی جیاواز پێکهاتوون، کە تیرەی(لەك) لەڕووی ژمارەی خێزانەوە لەوانیتر زیاترەوئینجا تیرەی(شێخان)بەدووەم تیرە دادەنرێت لەڕووی ژمارەی خێزانەوە، جگە لەمانە تیرەکانی(شێخ بزێنی ومەروانی و شێروانی و بنەماڵەیەکی ئۆمەرگومبەتی بەناوی(حەسەن عارەب)کە دەکرێت لەتیرەی(دەربەندی)یەکان بن لە گوندەکە بوونیان هەیە، بەدرێژایی سەدەکانی ڕابردوو ناوە ناوە بەناتەبایی ناوەناوەش بەیەکەوە هەڵیانکردووە، ئەم سەرنجەم

لەقسەیەکی پورە(فاتمی عومەری مام تەها)ی گوێ لێ بوو کەووتی" بەستی شەرغە بەتەپ وتۆزە"لەکۆنەوە وامان بیستووە و بووە بەقسەیەکی کوردەواری و ڕوونیکردەوە کە کێشەو گێروگرفت هەبووە و بووە بەمایەی شەڕوئاڵۆزی.

لەگەڵ جیاوازی تیرەکانیش بەردەسپی کێخوا دێ بووە، چەندین کێخوای لەمێژوودا هەبووە لەوانە(کێخوا حەماو کوڕی عەلی خەمان و کێخوا ڕەفیق و کێخوا کاکەمین کوڕی ڕەفیق)، وە لە پیاوە دیارەکانی بەردەسپی لەسەردەمی خۆیدا( حاجی حەمەدەمین شێخانی و قادر عەبباس ئۆمەر)بوون، لەگەل پیاوی ئاینی مەلا شێخ عەبدوڵلای شێخ سەفحەی چاڵەگردەلە و دواتریش(مەلا لەتیف کوڕی حەمە ڕەشیدی لەك) کە فەقێی هەبووەو لە بەردەسپی وانەی پێداون.

## بەستی شەرغە بە تەپ وتۆزە

لەزمانی کوردی شیریندا چەندین ئیدیۆم ودرکەی پڕمانای کوردەواری هەیە کە زۆربەیان تۆمارکراون وزۆریشیان تۆمارکردنیان بەخۆەوە نەبینیوە وەك ئەو درکەیەی گوندی بەردەسپی کە دەڵێت" بەستی شەرغە بەتەپ وتۆزە" دیارە ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە جیاوازی چینایەتی و دواکەوتوویی کۆمەلایەتی وایکردووە چەندین ڕووداوی جەرگبڕی وەك کوشتن ودوژمنداری لەسنورەکە لێبکەوێتەوە، کەواتە لێرەو لەوێ لەنێوان چەند ساڵێکدا ئاگرێکی دوژمنایەتی کەوتۆتەوەوشەڕوئاژاوە و خوێن ڕشتن وپێکدادان تەپ وتۆزی بەری ئاسمانی گرتووە، بۆ گرتنەخۆی هەموو ئەم بارودۆخە نەخوازراوانە ووتراوە"بەستی شەرغە بە تەپ وتۆزە" واتە پڕە





لەگرفت وکێشەو ناتەبایی، ئەم درکەیەش مەرج نیە تەنها بۆ خەڵکی بەردەسپی بەکارهاتبێ بەڵکو بۆ سنورەکە بووە بەکینایە و دەکرێت لە پەندوگۆتەی کوردەواریش سوودی لێ ببینرێت.

## ڕووخان وکاوڵکارییەکانی گوندی بەردەسپی

گوندنشینانی بەردەسپی وەك تێکڕای گوندەکانی کوردستان دووچاری شالاوی دڕندانەی بۆردوومان وئەنفال هاتونەتەوە و لەسەدەی بیستەمدا(٣)جار بۆردوومانکراوەو چۆلکراوە و ڕوخێنراوە لەوانە:

یەکەم : ساڵی ١٩٦٣شالاوی حەرەس قەومی کە لەمێژوی کوردستاندا لەهەندێك شوێن پێی دەووترێت(هەرای بەعسی)کە چەندین فڕۆکە گوندەکەیان بۆردوومانکردووە و(جەمال عومەر تەها)ی گوندنشینیان بریندار کردوو زیانێکی ماددی زۆریش بەر ئاژەلان وخانووەکانیان کەوتووە، هەر لەو ساڵەدا بەشوێنەوارەکانی ناپاڵمی فڕۆکەی بەعس دووهاولاتی بەناوەکانی(ستار عەزیز محەمەد)و(زەریفە مەولود پیرداود) پاش ماوەیەك شەهید دەبن.

دووەم: ساڵی ١٩٨٤دانیشتوانەکەی لەترسی پەلاماری دڕندانەی حکومەتی بەعس گوندەکەیان چۆلکردووەو بەشێکیان هاتونەتە(تەقتەق)وبەشەکەی تریان بەرەو شاری(هەولێر)چوون، هەرلەو ساڵەدا هاولاتیەکی گوندەکە بە بۆردوومانی فڕۆکە شەهید دەبێت بەناوی(نیسان ڕەحمان حەمەد نەخشین ساڵح).

## شەهیدانی گوندی بەردەسپی

ئەوەی کە بەدەستم کەوتووە لەشەهیدەکانی گوندی بەردەسپی(١٦)شەهیدەو(٦)یان هاوولاتین و(١٠)یان پێشمەرگەبوون لەناویاندا(٨)شەهیدیان لەشەڕەکانی ناوەخۆ و براکوژیدا بوون بەقوربانی کە(٥٠٪)ی شەهیدانی گوندەکە پێکدێنن لەسەدەی ڕابردوو(١٩٠٠-٢٠٠٠)وەك لەخشتەکەدا دیارە:

| ژ | ناوی شەهید | پلە | شوێنی شەهیدبوون | ساڵەکەی | دوژمن | ئۆرگان | شۆرش |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | عەلی حەمە داوود | پێشمەرگە | قەشقە | ١٩٦٣ | بەعس | پ.د.ك | ئەیلولی مەزن |
| ٢ | زەریفە مەولود پیرداوود | هاولاتی | چیای گۆرقەرەج | ١٩٦٣ | بەعس | - | ئەیلولی مەزن |
| ٣ | ستار عەزیز محەمەد | هاولاتی | بەردەسپی | ١٩٦٣ | بەعس | - | ئەیلولی مەزن |
| ٤ | زرار حەمە داوود | پێشمەرگە | نێرەگین | ١٩٨٢ | براکوژی | سۆسیالست | شۆرشی نوێ |
| ٥ | رەحمان قادر عەبباس | هاولاتی | بەردەسپی | ١٩٧٩ | براکوژی | - | شۆرشی نوێ |
| ٦ | رەسول قادر عەبباس | هاولاتی | بەردەسپی | ١٩٧٩ | براکوژی | - | شۆرشی نوێ |
| ٧ | نیسان رەحمان حەمەد نەخشین سالح | هاولاتی | بەردەسپی | ١٩٨٤ | بەعس | - | شۆرشی نوێ |
| ٨ | غەفور قادر عەبباس | پێشمەرگە | چیای کۆسرەت | ١٩٨٣ | بەعس | یەکێتی | شۆرشی نوێ |
| ٩ | مەهداوی رەحمان قادر(مەلا مەهداوی) | پێشمەرگە | کەرکوك | ١٩٩١ | بەعس | یەکێتی | ڕاپەرینی ١٩٩١ |
| ١٠ | حەمید مەولود پیرداود | هاولاتی | هەولێر | ١٩٩١ | بەعس | - | ڕاپەرینی ١٩٩١ |
| ١١ | فاخر رەحمان حەمە نەخشین | پێشمەرگە | دارەتوو | ١٩٩١ | بەعس | یەکێتی | راپەرینی ١٩٩١ |
| ١٢ | مەحمود ئەحمەد سالح ئەحمەد | پێشمەرگە | کەسنەزان | ١٩٩٦ | براکوژی | پارتی | براکوژی |
| ١٣ | عەلی حەمەساڵح ئەحمەد | پێشمەرگە | کانی قرژاڵە | ١٩٩٦ | براکوژی | یەکێتی | براکوژی |
| ١٤ | کەیفی سەلیم حەمەد پیرداوود | پێشمەرگە | کانی قرژاڵە | ١٩٩٦ | براکوژی | یەکێتی | براکوژی |
| ١٥ | غەفور عەبدوڵلا حەمەنەخشین ساڵح | پێشمەرگە | کانی قرژاڵە | ١٩٩٦ | براکوژی | یەکێتی | براکوژی |
| ١٦ | سمکۆ عەبدوڵلا حەمە نەخشین ساڵح | پێشمەرگە | سیدەکان | ١٩٩٩ | براکوژی | یەکێتی | براکوژی |





## بەردەسپی کەی قوتابخانەی لێکراوەتەوە؟

لەساڵی خوێندنی(١٩٧٨-١٩٧٩)لەمانگی ئەیلول کراوەتەوە و یەکەم بەرێوەبەری(ڕەسول عەبدولعەزیز مەولود سێگردکانی)بووە،(٣٧)قوتابی لەو ساڵەدا لە بەردەسپی خوێندویانەو خوالێخۆشبوو(حەمید عیزەددین)کارگوزاری بووە، دوای مامۆستا ڕەسول مامۆستا(مەولود حسێن کۆیی) بووە بەبەرێوەبەری قوتابخانەکە[91]، بۆساڵی خوێندنی (٢٠١٢-٢٠١٣) تەنها(١٣)قوتابی هەبوو لەگەل(٣)مامۆستاو(٤)کارگوزار.

## گوندی بەردەسپی لەساڵی ٢٠١٣

دوای(٢٢) ساڵ فەرمانڕەوایی خۆماڵی سیمای وێرانەیی بەرۆکی بەردەسپی بەرنەداوە، هاولاتیانی زۆر ماندووبون کە(١٦)خێزانی تێدا نیشتەجێبوو، ژمارەی سەر خێزانەکانیان(٨٩)کەس بوو، هەرچەندە خزمەتگوزارییەکانی وەکو(کارەبای نیشتمانی و بنکەی تەندروستی وقوتابخانەومزگەوتیان) هەبوو و وەڕێگای قیرتاویشیان بۆ ناو گوندەکە نەبوو.

---

٣٦- چاوپێکەوتن لەگەل(رەسول عەبدولعەزیز مەولود سێگردکانی)یەکەم بەرێوەبەری بەردەسپی لە ٢٨-٧-٢٠١٣ز.

## گوندی کانی سلێمانە

## کانی سلێمانە لەچییەوە؟[٩٢]

خەڵکی ئەم ئاواییە دەڵێن گوندەکەمان ناوەکەی لەوەوە هاتووە کە(سولێمان) ناوێك ئەم گوندەی ئاوەدانکردۆتەوە و کانیەکی لێداوە، ئیتر هەر لەو کانیەو ناو سولێمانەوە ناوی گوندەکەمان بووە بە(کانی سلێمانە).

## سنوری گوندی کانی سلێمانە

گوندی کانی سلێمانە بەدووری(١٤)کیلۆمەتر لەخۆرئاوای ناحیەی سێگردکانە وکەرتێکی کشتیاری سەر بەهۆبەی کشتوکاڵی سێگردکانە و ڕووبەری گشتی(٦٥٢٠)دۆنمە، کە(١٠١٣)دۆنمی شیاوی چاندنە و(٤٠٧٠)دۆنمی پاوان ولەوەڕگایە، وە هەروەها(١٤٠٢)دۆنمی بەراوە

٣٧-چاوپێکەوتن لەگەل ئەم هاولاّتیانەی گوندی کانی سلێمانە لە ١١-٦-٢٠١٣ ئەنجامدراوە:

١-قادر حەمەدەمین عەبدوڵلا، لەدایکبووی ١٩٤٥ی کانی سلێمانە، هاولاتی.

٢-کەریم حەمەدەمین عەبدوڵلا، لەدایکبووی ١٩٤٧ی کانی سلێمانە، هاولاّتی.

٣-رەحمان حەمەدەمین عەبدوڵلا، لەدایکبووی ١٩٥٠ی کانی سلێمانە، هاولاّتی.

٤-سیروان سەلیم حەمەدەمین، لەدایکبووی ١٩٨٤ی کانی سلێمانە، هاولاّتی.





و(٣٥)دۆنمیشی حەرەمی گوندەکەیە و هیچ دۆنمێکی تایبەت و تاپۆی نیە و تێکڕای زەوی وزارەکانی میرین.

سنوری لەگەل گوندەکانی دەوروبەریدا لە خۆرهەلاّت(ئاوماڵ وسارتك) دەوری داوە و لەخۆرئاواشدا(پەڵکانە و جلبەسەر) و لە لەباشوریدا گوندی(خورخوڕ) ناهێلێت بگاتە کەناری زێی بچووك و لەباکوریش هاوسنورە لەگەل گوندی(بەردەسپی).

لەگرنگترین کانیاوەکانی کانی سلێمانە(کانی فەرشە و کانی ڕەوشەن وکانی پیاوان وکانی ژنانە)، کە کانی ژنان باشترین سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی ئاوایی بووە لەسەدەی ڕابردوو، هەروەها چەندین پارچە زەوی پشتاوی هەیە وەك(باوەرە ومەنمی ورەز ئاغا و ئەسحابە ویەتیمە)، لەگەل چەندین بانۆکەی پشتاوی وەك(بانی ساخ سوار، بانی پەلە پەلە، بانی بەکیس مردی، بانی دڕکە)ی هەیە.

لەڕووی شوێنەواروخرابگە و گۆڕستانەوە، کانی سلێمانە شوێنێکی هەیە پێی دەڵێن(کاولەخانیان) ئەم شوێنە ژیانی تێدابووە وئەمڕۆ وەك خرابگەیەك ماوەتەوە، گۆڕستانی کۆنی ئەم گوندە بەناوی ئەو کەسەیە کە ئاوەدانیکردۆتەوە کەناوی(سولێمان) بووە، دوای مردنی لەنزیك ئاواییەکە نێژراوە و ناوی گۆڕستانەکەش لەدوای بەخاك سپاردنی بەگۆڕستانی(مام سلێمان) ناونراوە، وە گۆڕستانەکەی تریش ناوی گۆڕستانی(مام سەبیدە) بەر لەچۆلکردنی ئەو گوندە خەلکی گوند مردوویان لێ نێشتووە، بەرزترین گردیش لە ئاقاری(کانی سلێمانە) گردی(قەرەقاجین)ە کە کەوتۆتە نێوان(سارتك وئاوماڵ وکانی سلێمانە).

# پێکهاتەی دانیشتوانی کانی سلێمانە

خزمانی (کانی سلێمانە) لەڕووی تیرەگەرییەوە سەر بەتیرەی(لەك)ن، و وەك خۆیان دەڵێن هیچ تیرەیەکی تر لە(کانی سلێمانە) نیە، هەروەها بەساڵاچووەکانی گوندەکە ووتیان ئەو کەسەی گوندەکەی دروستکردووە ناوی(سلێمان ڕەشید ساڵح) بووە و لەتیرەی(لەك) بووە.

لەمێژووی ئەم گوندەدا چەند کەسێك کاروباری کێخوایەتی(کانی سلێمانە)ی ڕاییکردووە لەوانە(کێخوا حەمەدەمین عەبدوڵڵا حەمە مستەفا وکێخوا ڕەسول ئۆمەر و کێخوا کەریمی کانی سلێمانە) کە دیارترین کێخوایان کێخوا حەمەدەمینی عەبدوڵڵای حەمە مستەفا بووە، هەروەها چەند کەسایەتیەکی جێگەی پرس وڕاوێژ وکوردەواری و جوتیاری دیاری لێ هەڵکەوتووە لەوانە(عەبدوڵڵای بەگم و حاجی قادر و ڕەسول ئۆمەر وفەقێ ساڵح حەمە مستەفا)، ئاوایی کانی سلێمانە بەپیشەی کشتیاری و ئاژەڵدارییەوە خەریکبوون.

# کەی قوتابخانەی لێکراوەتەوە

لەخوێندنی ساڵی(١٩٧٥-١٩٧٦) قوتابخانەی لێکراوەتەوە و یەکەم بەڕێوەبەری ناوی(ئیبتیهاز حوسێن عەلی) بووە کە خەڵکی شاری کەرکوك بووە و لەڕەگەزی تورکمانەکان بووە، لەساڵی خوێندنی ٢٠١٢-٢٠١٣ گوندی کانی سلێمانە چۆڵە وئاوەدان نیە.





# کانی سلێمانە لەساڵی ٢٠١٣دا

ئەم گوندە لەساڵی ٢٠١٣دا گوندێکی وێرانەی بەستی شەرغەیە و تەنها تاکە ماڵێکیشی تێدا نیشتەجێ نیە، بەلاَم لەسنور و ئاقاری گوندەکە تاکە ماڵێکی ئاژەڵداری تێدایە، دانیشتوانی ئەم گوندە زۆربەیان لەشارەکانی(هەولێر و کۆیە وبنەسلاَوە وقوشتەپە و دارەتوو)ن، بەشێوەیەکی گشتی ژمارەی خێزانەکانیان کەمبوون لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم تەنها(١٥)خێزان بوون و بەر لە ئەنفالیش(٢٥)خێزان بوون.

# ئاوی بەستێنە، کەنگری شیرینە

ئەم گۆتە کوردەوارییە لەزاری خەڵکی گوندی کانی سلێمانە شیرینە و شیکردنەوەکەشی ئەمەیە"ئاوایی کانی سلێمانە لەسەر ئاوی بەستی شەرغە هەڵکەوتووە، کە ئاوێکی زۆری پێدا دەڕوات لەوەرزی زستان وبەهاردا و پێداویستیەکانی خەڵکی گوندەکەی لێ دابینکراوە، هەر بەهۆی کەنارییەوە لەبەستەکەدا بەهاران ڕووەکی کەنگری باشی لێ ڕوواوە، لەڕووی چۆنیەتیەوە لەکەنگری سنورەکە جیاواز بووە(شیرین و بەرز لاسك و قەد جوان وناسك) بووە، بۆیە ووتراوە(ئاوی بەستێنە، کەنگری شیرینە)."

# ڕووخان وکاولکارییەکانی گوندی کانی سلێمانە

بەشێوەی گوندەکانی سنورەکە چەند جارێك دووچاری پەلامار و هێرشی ڕژێمە یەك لەدوا یەکەکانی عێراق هاتووە و لەساڵی ١٩٦٢لەگەل سەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلولی مەزن لەلایەن سوپای عێراقەوە سوتێنراوە وکاولکراوە، هەروەها لەساڵی ١٩٨٢ ڕژێمی بەعس جارێکیتر پەلاماری داوە وسوتاندویەتی، تا دواجار لەساڵی ١٩٨٨لەگەل تێکڕای گوندەکانی کوردستان لەگەل خاك تەختکراوە.

## شەهیدەکانی گوندی کانی سلێمانە

گوندی کانی سلێمانە لەسەدەی ڕابردوو دا(٧)پێشمەرگەی شەهید بووە لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و(١)هاولاتیشی ئەنفالکراوە وەك لەو خشتەیەدا دیارە:

| ژ | ناوی شەهید | پلە | شوێنی شەهیدبوون | ساڵەکەی | دوژمن | ئۆرگان | شۆرش |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ناسر عەبدوڵلا مەحمود | پێشمەرگە | - | ١٩٦٥ | بەعس | پ.د.ك | ئەیلولی مەزن |
| ٢ | حەسەن حوسێن قادر | پێشمەرگە | - | ١٩٨٠ | بەعس | ی.ن.ك | شۆرشی نوێ |
| ٣ | قادر ڕەسول ئۆمەر | پێشمەرگە | - | ١٩٨١ | بەعس | ی.ن.ك | شۆرشی نوێ |
| ٤ | شەریف خدر عەبدوڵلا | پێشمەرگە | - | ١٩٨٢ | بەعس | ی.ن.ك | شۆرشی نوێ |
| ٥ | سەلیم حەمەدەمین عەبدوڵلا | پێشمەرگە | - | ١٩٨٣ | بەعس | ی.ن.ك | شۆرشی نوێ |
| ٦ | عەزیز حەمەدەمین عەبدوڵلا | پێشمەرگە | - | ١٩٩١ | بەعس | ی.ن.ك | ڕاپەڕینی ١٩٩١ |
| ٧ | شادیە حەمەدەمین عەبدوڵلا (ئەنفالکراو) | هاولاتی | شێخ بزێنی خواروو | ١٩٨٨ | بەعس | - | شۆرشی نوێ |

# وێنەو دۆکۆمێنتاری

بۆ بەڕێزم خۆشەویستم / م. ئاراس ئیلنجاغی — ٢٠١٣/٦/٢٥

دانا حمه امین عبدالله

« مەرقەدی ئۆمەرگومبەت » ١٩٨٨ / د. [illegible] / صلاح [illegible]

بە پێی زانیارییە [illegible] بە جێماوە، ئەم مەرقەدە لە سەرەتاکانی دروست بوون و ئاوەدانکردنەوەی ئاوایی گوندەکە لە لایەن پیاوچاکێک بە ناوی (عومەر)ەوە بنیات نراوە. ئەو زانیاریانەی لە بارەی ئەم زاتەوە دەردەخات کە [illegible] [illegible] دونیای ئەوکات [illegible]. [illegible] [illegible] [illegible] بە هێنانە دەوروبەری [illegible] [illegible] (ئۆمەرگومبەت) [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] خەڵکی تا ئەمڕۆ لە خاڵێک [illegible] [illegible] [illegible] ئەگەر ئێستا [illegible] [illegible] [illegible] هەمان [illegible] [illegible] ئیسلام [illegible] بە دووری (٦-٨) کیلۆمەتر [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible].

(١)

## ڕاپۆرتێکی دەستنووسی دانا حەمەدەمین عەبدوڵلا لەسەر مەرقەدی ئۆمەرگومبەت





**هەرێمی کوردستانی عێراق**

سەروکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

وەزارەتی شارەوانی

فەرمانگەی یاسا

ژمارە: ٢٠٧٨

بەروار: ٢/١٦/ ٢٠٠٥

بەرامبەر: / /٢٧٠٥ك

**فەرمانی وەزاری**

بەپێ ی ئەو دەسەلاتەی کە پێمان دراوە بڕیارماندا بە : -
دامەزراندنی شارەوانی سێگردکان بە پلە ( ٤ ) بەپێ ی یاسای (٦) ساڵی ١٩٩٣ سەر بە ناحیەی سێگردکان/ قەزای کۆیە بەپێ ی ئەو سنورەی کە لە خوارەوە دیاریمان کردووە ، هەر کەسیك ویان هەر فەرمانگەیەکی ڕەسمی و نیمچە ڕەسمی هەر ڕەخنەو پێشنیارێکی هەبێت پێشکەشی بکات لە ماوەی ( ٦٠) ڕۆژدا بە پێچەوانەوە دوای تێپەڕبوونی ئەو ماوەیە هیچ ڕەخنەو پێشنیارێك قبول ناکرێت .

سنوری شارەوانی سێگردکان .

لە باکورەوە بانی سورەبانەو زەوی ژمارە ( ٢١،٢٢)

لە ڕۆژهەلاتەوە سنوری دیاری کراو ( بە پەڵکاوە ) کە دەکەوێتە سەر زەوی ژمارە ( ١٤، ٧) .

لە باشورەوە زەوی ژمارە ( ١٠، ٩) کە بە درێژایی کە مەندی احمد درویش و کەمەندی میر سودین درێژ دەبێتەوە .

لە ڕۆژ ئاواوە پارچە زەوی ژمارە ( ١٦، ١٤) خالی کۆتایی پردی قوبادەیە .

**عـــمـــاد احـــمـــد**

**وەزیری شارەوانی بە وەکالەت**

وێنەیەك بۆ /

- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / سکرتایەتی ئەنجومەن / بۆ ئاگاداریتان لەگەل ڕیزدا .
- گشت وەزارەتەکان / بۆ هەمان مەبەست لەگەل ڕیزدا
- گشت فەرمانگەکانی سەر بەوەزارەتمان / بۆ ئاگاداریتان لەگەل ڕیزدا
- پارێزگای سلیمانی /لەگەل ڕیزدا
- قائمقامیەتی قەزای کۆیە / لەگەل ڕیزدا
- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ / بۆ بلاوکردنەوە ی لە ڕۆژنامەکەتان لەگەل ڕیزدا
- فەرمانگەی یاسا / لەگەڵ بەراییەکان
- دۆسیەی گشتی .

پەیمان
٠٦/٠٢/٠٨

## فەرمانی وزاری کردنەوەی سەرۆکایەتی شارەوانی سێگردکان

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی داد
بەڕێوەبەرایەتی دادی گشتی
بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەکان

اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة العدل
مديرية العدل العامة
مديرية العلاقات

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Justice

ژمارە/ ٣/١٥٨٣
ڕێکەوت:

No:
Date: ٩/١٠/2011

**بەیانی ژمارە (٢٥)**

ئاماژە بەنوسراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگە دادییەکان ژمارە (٢٦٨٧/٦ لە ٢٠١١/٩/١٩) وبەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بەپێی (ماددەی نۆیەم / بڕگە دوو) لەیاسای وەزارەتی دادی ژمارە (١٣ی ساڵی ٢٠٠٧) بڕیارماندا بە:-
کردنەوەی فەرمانگەی دادنوسی لە ناحیەی سێگردکان.

**دادوەر**
**ڕۆوف ڕشید**
**وەزیری داد**

**وێنەیەك بۆ //**

- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / بۆ ئاگاداریتان ...... لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت وەزارەتەکان بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا.
- ئەنجومەنی دادوەری / بۆ ئاگاداریتان ......لەگەڵ ڕێزدا.
- ئەنجومەنی شورای هەرێم / بۆ ئاگاداریتان..... لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرۆکایەتی دەستەی سەرپەرشتیاری دادی/ بۆ ئاگاداریتان ...... لەگەڵ ڕێزدا .
- سەرۆکایەتی داواکاری گشتی / بۆ ئاگاداریتان ...... لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیمانگەی دادوەری/ بۆ ئاگاداریتان ........لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتیەکانی دیوانی وەزارەت/ بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگە دادییەکان / نوسراوتان لەسەرەوە بۆ ئاگاداریتان ..... لەگەڵ ڕێزدا
- بەڕێوەبەرایەتی وەقایعی کوردستان / بەمەبەستی بڵاوکردنەوە .... لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارگای خانوبەرە /........ بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا.

ناوات/١٠/٢

هەرێمی کوردستان - هەولێر - چوارڕیانی فرانسوا میتران
تەلەفۆن: (٢٢٤٥٥٠٦ - ٢٢٤٥٥٠٧ - ٢٢٤٥٥٠٨)
www.mojkurdistan.com
E-mail: dad@mojkurdistan.com
...rdistan Region - Erbil
...one (2245506 - 2245507 - 2245508)

**فەرمانی کردنەوەی فەرمانگەی دادنوسی سێگردکان**





هەرێمی کوردستانی عێراق
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی هەرێم
بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی
پارێزگای هەولێر / بەڕێوەبردن

ژمارە/ ٩١١٨
بەروار / ١٢ / ٧ / ٢٠٠٥ زاینی
٢٢ /پوشپەڕ/٢٧٠٥ کوردی

(( فەرمان ))

فەرمانی وەزارەتی ناوخو / بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان / سەربازی ژمارە /٩٣٨٦ لە /٢٠٠٥/٦/٢٩
وە فەرمانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی هەرێم بەڕێوەبردن /ژمارە /١٢٨١٠ لە ٢٠٠٥/٧/٥
بریار درا بە :-
کردنەوەی (بنکەی ئاگرکوژێنەوەی ناحیەی سیگرتکان) لە سنوری قەزای کۆیە سەر بە بەڕێوەبەرایەتیەکەمان گوزارش لە بەرواری دەرچونی ئەم فەرمانە •

عەمیدی پۆلیس
عبدالكريم ابراهيم سليمان
بەڕێوەبەری بەرگری شارستانی هەولێر

وێنەیەك بۆ //

- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی هەرێم /بەڕێوەبردن فەرمانی سەرەوەتان لەگەڵ ڕێزماندا •
- پارێزگای هەولێر / نوسینگەی تایبەت بۆ ئاگاداری لە گەڵ ڕێزماندا •
- بەڕێوەبەرایەتی گە نجینەی پارێزگای هەولێر بۆ زانین لەگەڵ ڕێزماندا •
- گشت بەشەکانی بارەگا ( ) بۆ کاری پێویست ئەوەندەی پەیوەندی پێتانەوە هەیە •
- دۆسیەی گشتی •
- فایلی تایبەت بە کردنەوەی بنکەی سێگرتکان •

کۆیە - گەڕەکی هەوار - ژ. تە (٨٦٣١٠٣١) ن . فەرمان قادر

**فەرمانی کردنەوەی بنکەی پۆلیسی ئاگرکوژێنەوەی سێگردکان**

« هەرێمی کوردستانی عێراق »

بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر

بەرێوەبردن

ژمارە / ٥٨١١

بەروارە / ٢٠ / ١٠ / ٢٠٠٥

٢٧٠٥ / /

« فەرمان »

فەرمانی بەرێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی هەرێم / بەرێوەبردن ژمارە (٢٠٧٩٣) لە ١٣ /١٠/٢٠٠٥

بڕیار درا بە :-

١. کردنەوەی بنکەی پۆلیسی سێ گرتکان لەسەر میلاکی ئەم بەرێوەبەرایەتیە . گوزارش لە بەرواری ١٣/١٠/٢٠٠٥

٢. دانانی ملازمی پۆلیس ( شێروان حسێن اسعد ) بە ئەفسەری بنکە . گوزارش لە بەواری دەست بە کاربونیەوە .

عمیدی پۆلیس

مجید سیرخان عبدالله

بەرێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێر

/ ١٠ / ٢٠٠٥

وێنە بۆ

- بەرێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی هەرێم/ بەرێوەبردن فەرمانی سەردەتان لەگەڵ ڕێزدا.
- بەرێوەبەرایەتی گەنجینەی پارێزگای هەولێر / لەگەڵ ڕێزدا ..
- بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی کۆیە . بۆ کاری پێویست و دانانی میلاك بۆیان لەسەر میلاکی بەرێوەبەرایەتیەکەتان و / بنکەی پۆلیسی تازە ئاگادارمان بکەنەوە تکایە
- گشت بەرێوەبەرایەتی و بنکەکان ( ) بۆ زانین تکایە .
- ژمێریاری بۆ کاری پێویست . تکایە .
- ئامار / دۆسیەی فەرمان / دۆسیەی کەسیاتی

**فەرمانی کردنەوەی بنکەی پۆلیسی سێگردکان**





هەرێمی کوردستان - عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

وەزارەتـی کـارەبـا

بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان

کارگێری

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Electricity
General Directorate of Divan / Administration

اقليم كوردستان - العراق

مجلس الوزراء

وزارة الكهرباء

المديرية العامة للديوان

الادارة

ژمارە: ١١١٢ No:

ڕێکەوت: ٩/ /٢٧١١ی کوردی Date 2012 / 1 / 29

**فەرمانی وەزاری**

لەپێناو زیاتر ڕێکخستنی ئیش و کارەکانی وەزارەتمان و بەرەو پێش چوونی وە پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بەپێ ی بڕگەی (دووەم) / ماددەی پێنجەم لەیاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٠٦ی وەزارەتمان.

بڕیارماندا بە :-

کردنەوەی بنکەی چاککردنەوەی کارەبای سێگردکان سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای هەولێر / بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەبای کۆیە .

کارگێری

بۆ کارپێویست

**ئەندازیار**

**یاسین شیخ ابوبکر ماوەتی**

**وەزیـــــری کـــارەبــــا**

٢٠/١/٢٠١٢

وێنەیەک بۆ :-

- وەزارەتی دارایی و ئابووری / ب. گ. دیوان / ب. گ. دارایی / بۆ ئاگاداری و کاری پێویست ..... لەگەڵ ڕێزدا
- ب. گەنجینەی هەولێر / بۆ ئاگاداریتان ..... لەگەڵ ڕێزدا
- نووسینگەی تایبەت
- ب. گشتی دیوان
- ب. گشتی کارەبای هەولێر/ نووسراوتان ژمارە (٢٨٨) لە ٢٠١٢/١/١٥ بۆ کاری پێویست..... لەگەڵ ڕێزدا
- کارگێری
- ژمێریاری
- چاودێری
- خولاو ........

١٨٢٤
٢٠١٢/١/٢١

دیـار ٢٠١٢/١/٢٢ شـــەهین

Kurdistan – Erbil
Tel: 0662272213

www.krgelectric.org
moe-kr@hotmail.com

**فەرمانی ووزاری کردنەوەی بنکەی چاککردنەوەی کارەبای سێگردکان**

هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی کارەبا
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای هەولێر
کارگێری

اقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة الكهرباء
المديرية العامة لكهرباء اربيل
الادارة

Kurdistan Region Government – Iraq
Council Ministers
Ministry Of Electricity
General Directorate of Erbil
Electricity - Administration

ژمارە: ٦٣٠
ڕێکەوت: ١٢/ ڕێبەندان / ٢٧١١ ی کوردی

No: 630
Date: 2012 / 2 / 2

فەرمانی کارگێری

***************

پالپشت بە فەرمانی وەزاری ژمارە ١١١٣ لە ٢٠١٢/١/٢٩ بڕیارماندا بە :-
کردنەوەی بنکەی چاککردنەوەی کارەبای سێگردکان سەر بە ب.د. کارەبای کۆیە .

ئەندازیار
حسێن حمد قادر
بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر
٢٠١٢/٢/

وێنەیەك بۆ //*
*************

- پارێزگای هەولێر /بۆزانین .
- ب.د. کارەبای کۆیە /نووسراوتان ژمارە (٥) لە ٢٠١٢/١/٢ هاوپێچ فەرمانی وەزاری ژمارە لەسەرەوە بۆکاری پێویست ٠٠ لەگەڵ ڕێزماندا .
- کارگێری خۆیەتی / لەگەڵ هاوپێچ .

( زینة /١/ ٢)

فەرمانی کارگێری کردنەوەی بنکەی چاککردنەوەی کارەبای سێگردکان





بسم الله الرحمن الرحيم

مرسوم جمهوري
رقم ( ٦٠٠ )

استنادا" الى احكام الفقرة ( ى ) من المادة الثامنة والخمسين من الدستور•

رسمنا بما هو آت :-


المصادقة على تنفيذ حكم الاعدام شنقا "حتى الموت بالمدانين كل من :
عبد القادر عمر صالح وشيرزاد حسين محمد ورؤوف عبد الرزاق صالح
الذي اصدرته بحقهم محكمة الثورة بتاريخ ١٩٨٧/١/١٥ في القضية المرقمة
١٩٥٤/ ج/ ١٩٨٦٠

على الوزراء المختصين تنفيذ هذا المرسوم

كتب ببغداد في ٩ يوم الثاني من شهر رمضان لسنة ٧
المصادف لليوم الرابع عشر من شهر مايس لسنة ١٩٨٧

صدام حسين
رئيس الجمهورية

مەرسومی کۆماری دیکتاتۆر سەدام حوسێن بۆ لەسێدارەدانی هەڤاڵان (مەلاقادری ئۆمەرگومبەتی و هاوڕێکانی).



حکومەتی هەرێمی کوردستان/عێراق
وەزارەتی داد
بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد
بەڕێوەبەرایەتی خۆیەتی

*کۆنووسی سوێند خواردن*

بەپێی فەرمانی وەزاری وەزارەتی داد/ خۆیەتی ژمارە ﴿٧٨٣/٦﴾ لە ﴿٢٠١٢/٤/٢﴾ کەتیایدا بەڕێز ﴿**هەڵمەت محمد قادر**﴾ فەرمانبەر بەناونیشانی﴿**مشاور قانونی مساعد**﴾ دەسەڵاتی دادنووسی پێدراوە لە فەرمانگەی دادنووسی سێگردکان، ئامادە بوو لە بەردەم جەنابی وەزیری داد وە بە ئامادەبوونی بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەکانی داد بە پێی ماددە﴿٧﴾ لە یاسای دادنووس ژمارە ﴿٢٧﴾ بۆ ساڵی ﴿١٩٧٧﴾ وە سوێندی یاسای خوارد بە پێی ئەو دارشتنەی خوارەوە.

﴿ **بە خوای گەورە سوێند دەخۆم کە ئیش و کاری خۆم داد پەروەرانە ئەنجام بدەم وە بە دڵسۆزیەوە یاسا جێ بەجێ دەکەم** ﴾

لەبەرواری ﴿٢٠١٢/٧/٣﴾ وە چونکە هیچ نەما کۆتایی بەو کۆنووسە هات.

هەڵمەت محمد قادر
مشاور قانونی مساعد


ئازاد روستم عبدالله
بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەکانی داد

شێروان حەیدەری
وەزیری داد

**کۆنوسی سوێندخواردنی یەکەم دادنوسی سێگردکان(هەڵمەت محەمەد قادر).**







حکومەتی هەریمی کوردستان

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی شارەوانی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکان
کارگیری و خۆیەتی

ژمارە : ٨٦٥٧
بەروار: ٢٠٠٦/٥/٤

**فەرمانی کارگیری**
**ب/کردنەوەی شارەوانی نوێ**


ئاماژە بە فەرمانی وەزاری ژمارە ٦٠١١ لە ٢٠٠٦/٤/٢٦ بریاردرا :
بە کردنەوەی شاردوانی سیگردکان بە پلەی (٤) بە پێ ی یاسای (٦) سالی ١٩٩٣ سەر بە ناحیەی سێگردکان /قەزای کۆیە بە پێ ی سنوری دیاری کراو لە بەرواری ٢٠٠٦/٤/٢٦ ٠

ئەندازیار
سەروەت مستەفا علی
بەریوبەری گشتی شارەوانیەکان
/ /٢٠٠٦

وینەیەك بۆ/
- ب/گ/کارگیری و دارایی /کارگیری /فەرمانی سەرەوەتان بۆ ئاگاداری لەگەل ریزدا ...
- س/ش/سێگردکان / بۆ کاری پیۆیست
- س/ش/ تەق تەق/ بۆ ئاگاداریتان و کاری پیۆیست تکایە
- س/ش/کۆیە / بۆ ئاگاداریتان و کاری پیۆیست تکایە
- قائمقامیەتی قەزای کۆیە /بۆ ئاگاداریتان لەگەل ریزدا ..................
- ب/ژمیریاری /بۆ کاری پیۆیست
- ب/ ووردبینی / بۆ کاری پیۆیست
- کارگیری و خۆیەتی /لەگەل سەرەتاکان
- دۆسیەی گشتی

BAHRA 32 4/5/2006

**فەرمانی کارگێری کردنەوەی سەرۆکایەتی شارەوانی سێگردکان**



وەئەمەی خوارەوە (دەق) فەرموودەکەیەتی :-

الفاتحة

يا عمر بمذهب الأعراب والأعاجم

| العالم | موت | العالم | موت | الأحد | فيك |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٧٧ | ٤٤٦ | ١٧٧ | ٤٤٦ | ٤٣ | ١١٠ |

١٣٨٩ هـ

يوم الثلاثاء (٥) ربيع الأول ١٣٨٩


الصادف (١٠-٦-١٩٦٩) م

المؤرخ : أحمد حمدي النقشبندي .

**دەستنوسی مەلا محەمەد حەمەسالْحی کوری مەلا عومەری خاناقای شەلەوەندی**







(١٩٠)


{ (ملا عمر) ی کوڕی (ملا صالح) ی عمرگنبدی ) کوڕی مەلا عبدالله) کوڕی (حاجی مەلا ابراهیم) }

ناوی تەواوی خوالێ خۆشبوو : (حاجی مەلا عمر) ی کوڕی (مەلا صالح) ی کوڕی (مەلا عبد الله) ی کوڕی (حاجی مەلا ابراهیم) ی کوڕی (مەلا ابوبکر) ی کوڕی (مەلا نورالدین) ە و . بنچینەی (دەربەندی) یە و . لە بەرە بابی ((شەلەوەندی)) یە و . هەردەم بە (عمرگنبدی) خۆی هەڵداوە . لە شاری کەرکووکی خۆشەویستمان ; لە دەوری ساڵی (١٨٨٧) ی زایینی دا هاتۆتە دنیاوە : وەک دەکا . لە (دوای) مردنی (ملا عمر) ی مامی : کە کوڕی . (مەلا عبدالله) ی کوڕی . (حاجی مەلا ابراهیم) ی : (عمرگنبدی) یە . ئنجا . هەر ئەو کاتە . ناوی ئەمیان ناوە . بە (عمر) . بە ناوی — مامەیەوە — . هەروەک ناوداریشی کراوە بە ((عمر الثانی)) .

(( خوێندنی ))

لە کەرکووک . لە (خانەقای — مەلا عمری عمرگنبدی) ((قرآن)) ی پیرۆزی خوێندووە . لەگەڵ هەندێک لە کتێبەکانی یەکی (قوتابیەتی) . لە خزمەتی (باوکی) و . (مەلا صدیق) ی کاکی . وە کاتێ لە و کاتانەدا (مەلا صدیق) ئیمامی (خانەقاکەیان) بووە .

**ژیاننامەی مەلا عومەری خانەقا بەدەستنوسی مەلا محەمەد حەمەسالْح ی کوڕی**



خانەقای مەلا عومەر گومبەتی

خانەقای مەلا عومەر گومبەتی لە کەرکوک لە گەڕەکی ئیمام قاسم یەکێکە لە مزگەوت و خانەقا و مەدرەسە کۆنەکانی ئەم شارە.

ئەم شوێنە لەلایەن بنەماڵەی شێخ لەوەندی دەربەندی کە ناسراون بە (مەلازادەی دەربەندی) بونیاد نراوە. کاتی خۆی ناونراوە بە خانەقای دەربەندیان.

ئەم شوێنە شوێنی خوێندن و خوێندنەوە بووە بۆ فەقێ و خوێندەواران بەگشتی وە بۆ تیرەی دەربەندی بە تایبەتی، ئەم تیرەیە زۆر حەزیان هەبووە لە خوێندن، هەر یەکێک کە منداڵەکەی (قرآن) پیرۆزی خوێندووە وە پلەی (خوتابەتی) تەواو کردووە، ئەو ماڵەی ناردووە بە فەقێیەتی بۆ کەرکوک بۆ ئەم خانەقایە، وە ئەوکەسەی کە سەرپەرشتی کەم

①

دەستنوس لەسەر خانەقای دەربەندیان لەکەرکوك بەدەستنوسی مەلا محەمەد ساڵحی کوری مەلا عومەری خانەقا







لەگەل خزمانی گوندی بەردەسپی لە ڕێکەوتی ٢-٣-٢٠١٣



لەگەڵ مام برایمی تازەدێ لە ڕێکەوتی ٤/٣/٢٠١٣



لەگەڵ خزمانی گوندی جلبەسەر لەرێکەوتی ٢-٣-٢٠١٣



لەگەڵ خزمانی  ناحیەی سێگردکان لەرێکەوتی ١٠/٦/٢٠١٣







لەگەڵ خزمانی گوندی ئۆمەرگومبەت لە رێکەوتی ٢٥/٦/٢٠١٣



لەگەڵ خزمانی گوندی سێکانی لەرێکەوتی ٧/٥/٢٠١٣



لەگەڵ خزمانی ناحیەی سێگردکان لەناو مزگەوتی کۆنی ناحیەی سێگردکان لە ڕێکەوتی ١٠/٦/٢٠١٣



شارەدێی سێگردکان لەساڵی ٢٠١٣

## سەرچاوەكان

### كتێبەكان:

١-خالـد مـەحمود كـەریم، دەولـەتی عوسمـانی وعەشـیرەتە كوردەكـان لەكوردستانی باشور(١٨٦٩-١٩١٤)، سلێمانی لەلاپەڕە ١٠٤-,١٠٨

٢- ئـاراس ئیلنجـاغی، تەقتـەق پەلكەزێرینـەی كـەنار زێـی بچـووك، چاپخانەی یاد، سلێمانی، مایسی ,٢٠٠٧

٣- حوسێن محەمەد عەزیز، سـەلیقەی زمانـەوانی و گرفتـەكانی زمـانی كوردی، لێكۆلینەوە، ڕەخنە، چاپی دووەم، چاپخانەی كارۆ، سلێمانی، ٢٠٠٥

٤- دەبلیو ئار هەی، دووساڵ لەكوردستان، گەشـتی نهێنـی بـۆ میزۆپۆتامیا، وەرگێڕانی لوقمان باپیر، هەولێر، ,٢٠١٠

٥- ئاراس ئیلنجاغی، پارتیزانەكانی كەركوك، چاپی یەكـەم، سـلێمانی، ٢٠١٢ز.

٦- ئینسكلۆپیدیای یەكێتی نیشتمانی كوردستان، ئەكادیمیای هۆشـیاری وپێگەیاندنی كـادیران، سەرپەرشـتیاری گشـتی فەریـد ئەسەسـەرد، چـاپی یەكەم،٢٠١٣، لاپەرە ١٦٤.

٧-هەمبانە بۆرینە، هەژارموكریانی ، چاپی پێنجەمی چاپخانەی سروشی تاران، لەسالی ١٣٨١ی هەتاوی لاپەڕە٤٠٦.





### نەخشەكان:

١- بنچـینەی نەخشـەی پارێزگـای هـەولێر، سـەرۆكایەتی ئەنجومـەنی وەزیران، وەزارەتی پلان دانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی زانیاری و نەخشەسازی هەولێر، دیزاین وئامادەكردنی لەلایـەن بەشـی GISتشـرینی یەكەمی ,٢٠١١

٢- نەخشەی هێزەچەكدارەكانی عێراق، ڕووپێوی سەربازی، ساڵی ١٩٨٦.

### گۆڤارەكان:

١- گۆڤاری(شەهید) ژمارە(١٢)ی ساڵی ٢٠٠١ز.

٢- گۆڤاری(نوالەی نوێ)ی ژمارە(١٠٨)ی تەمموزی ٢٠١٢ی ساڵی هەشتەم.

### ڕۆژنامەكان

١- ڕۆژنامەی(تاك)ژمارە(١١)ی ساڵی یەكەم، تشرینی دووەمی ,٢٠٠٥

٢- ڕۆژنامەی(تاك)، ژمارە(١٨)ی ساڵی دووەم، حوزەیرانی ٢٠٠٦.

٣- ڕۆژنامەی تاك)، ژمارە(٤٤)ی ساڵی چوارەم، ئابی ٢٠٠٨.

٤- ڕۆژنامەی تاك، ژمارە(٢٣)ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٦.

٥- ڕۆژنامەی تاك، ژمارە(١)ی ساڵی یەكەمی كانونی دووەمی٢٠٠٥ز.

٦- مانگنامەی(تەقتەق) ژمارە(٢)ی ڕێبەندانی ٢٧٠٠ی كوردی.

٧- ڕۆژنامەی تاك، ژمارە( ٨)ی ساڵی یەكەمی مانگی ئابی ٢٠٠٥ز.

٨- ڕۆژنامەی تاك، ژمارە(٥٣)ی ساڵی پێنجەم، حوزەیرانی ٢٠٠٩.

## ڕاپۆرتەکان:

١-ڕاپۆرتی خوێندکار دەشتی عەبدولکەریم محەمەد عومەر، لەبابەتی کۆمەلایەتی، بۆ پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لەسەر گوندی ئۆمەرگومبەت، ساڵی خوێندن ٢٠١٢-٢٠١٣، خوێندنگەی مەشخەلی بنەرەتی ئێواران، بلاۆنەکراوە.

٢-شەهید عەبدولرەزاق، ژیان ورۆلی لەبزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی(١٩٤٨-١٩٩١)، توێژینەوەیەکە خوێندکار(سەنگەر قادر حوسێن) پێشکەش بە بەشی مێژووی سکولی زانستە کۆمەلایەتیەکانی فەکەلتی زانستە کۆمەلایەتیەکان ویاسای زانکۆی کۆیەی کردووە لە ساڵی خوێندنی ٢٠١٠-٢٠١١وەك بەشێك لە پێداویستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەمێژوودا بەسەرپەرشتی د.جەمال فەتحوڵلا تەیب، بلاۆنەکراوە.

٣- توێژەران(شنە حەمەد سمایل و ئاوات رەحمان عەبباس)، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دابەش بوونی دانیشتوان لەناحیەی سێگردکان، زانکۆی کۆیە، سکوڵی زانستە کۆمەلایەتیەکان، بەشی جوگرافیا،ساڵی خوێندنی(٢٠١٠-٢٠١١)بلاۆنەکراوە.

٤- دەشتی حەمەدەمین ئەحمەد ودەرباز جەوهەر عەبدوڵلا، شێوەزاری قسەکردنی ناوچەی سێگردکان وئۆمەرگومبەت، توێژینەوەی دەرچوون ،کۆلیژی ئاداب زانکۆی کۆیە، بەشی زمانی کوردی، ٢٠٠٩-٢٠١٠، بلاۆنەکراوە.





٥- گەوهەر مەولود عەزیز، لێکۆلینەوەیەکی بەراوردکاری شێوەزاری لوڕی و کرمانجی ناوەڕاست، توێژینەوەی دەرچوون، سکولی زمان، بەشی زمانی کوردی، زانکۆی کۆیە، ٢٠١٢-٢٠١٣بلاۆنەکراوە.

٦- زریان عومەر حەمەمستەفا، سێ ئۆمەر لەلە، ڕاپۆرتێکی زمانی کوردی، پۆلی چوارەمی زانستی، ئامادەیی تەقتەقی تێکەلاو، ٢٠٠٦-٢٠٠٧ز، بلاۆنەکراوە.

## دەستنووس:

١- دەستنوسێکی مامۆستا(محەمەد ساڵح مەلا عومەرمەلا ساڵح)کە کۆپیەکی ئەو دەستنوسەم لە لاپەڕە(١٤٠-١٤٨)دەستکەوتووە، کەتێیدا ژیاننامەی باوکی خۆی نوسیوەتەوە، بلاۆنەکراوە.

٢- دەستنوسێکی مامۆستا(عەبدولرەحمان مەلا سەعید مەلا سلێمانی گچکە)، لەلاپەرە(١-١٨)، باسی ژیان وخانەوادەی مەلا سەعیدی باوکی دەکات، کۆپیەکی بۆم ناردووە و ئێستا لەلام پارێزراوە، بلاۆنەکراوە.

٣- دەستنوسێکی(دانا حەمەدەمین عەبدوڵلا محەمەد ئۆمەر مەولود قادر)لەسەر مەزاری ئۆمەرگومبەت، لەدایکبوی ١٩٨٨، دەرچووی کۆلیژی یاسای زانکۆی سەلاحەدین لە ٢٨-٦-٢٠١٣، بلاۆنەکراوە.

## فەرمانگەکان:

١- تۆمارە فەرمیەکانی هۆبەی کشتوکاڵی سێگردکان.

٢- تۆمارە فەرمیەکانی فەرمانگەی ئاماری کۆیە.

٣- تۆمارە فەرمیەکانی بەرێوەبەرایەتی ناحیەی سێگردکان.

٤- تۆمارە فەرمیەکانی سەرۆکایەتی شارەوانی سێگردکان .

٥- تۆمارە فەرمیەکانی فەرمانگەی باری شارستانی سێگردکان.

٦- تۆمارە فەرمیەکانی فەرمانگەی ئاوی سێگردکان.

٧- تۆمارە فەرمیەکانی بنکەی پۆلیسی دارستان و ژینگەی سێگردکان.

٨- تۆمارە فەرمیەکانی بنکەی بەرگری شارستانی سێگردکان.

٩- تۆمارە فەرمیەکانی بنکەی پۆلیسی سێگردکان.

١٠- تۆمارە فەرمیەکانی فەرمانگەی دارایی سێگردکان.

١١- تۆمارە فەرمیەکانی بنکەی هاتوچۆی سێگردکان.

١٢- تۆمارە فەرمیەکانی فەرمانگەی دادنوسی سێگردکان.

١٣- تۆمارە فەرمیەکانی نوسینگەی زانیاری سێگردکان.

١٤- تۆمارە فەرمیەکانی بنکەی چاککردنەوەی کارەبای سێگردکان.

١٥- تۆمارە فەرمیەکانی مەڵبەندی تەندروستی سێگردکان.

## چاوپێکەوتنەکان:

١- عەبدولعەزیز حاجی سۆفی حاجی ئۆمەر حاجی مەولود، لەدایکبووی ١٩٢٢ی ئۆمەرگومبەت، لە٢٥-٦-٢٠١٣، هاولاتی.

٢- حەمەدەمین مستەفا قادر عەلی قادر (حەمەدەمین شیرن)، لەدایکبووی ١٩٣٩ی ئۆمەرگومبەت، لە٢٥-٦-٢٠١٣، هاولاتی.

٣- حاجی عەلی حەمەدەمین ئۆمەر مەولود قادر خدر، لەدایکبووی ١٩٤٧ی ئۆمەرگومبەت، لە٢٥-٦-٢٠١٣، هاولاتی.





٤- رەشید عەبدوڵڵا محەمەد ئۆمەر، لەدایکبووی ١٩٥١ی ئۆمەرگومبەت، لە٢٥-٦-٢٠١٣، هاولاتی.

٥- ئیبراهیم عەبدولرەحمان ئیبراهیم برایم، لەدایکبووی ١٩٤٠ی ئۆمەرگومبەت، لە٤-١٢-٢٠١٢، هاولاتی.

٦- ئەکرەم ئەحمەد قادر حەمەسوور، لەدایکبووی ١٩٥٦ی ئۆمەرگومبەت، لە ٢-١٢-٢٠١٢، هاولاتی.

٧- قادر حەمە مستەفا ئەحمەد (قادر خەجێ)، لەدایکبووی ١٩٥٤ی ئۆمەرگومبەت، لە ٤-١٢-٢٠١٢، هاولاتی.

٨- پێشرەوی کوڕی مەلاقادری مەلاعومەری خانەقا، لەدایکبووی ١٩ی کەرکوك، لە٢٥-٦-٢٠١٣، کوری شەهید.

٩- یوسف ئەحمەد حەمەعەلی، لەدایکبووی ١٩٦٧ی سێگردکان، لە ٣-٨-٢٠١٣، هاولاتی.

١٠- فەتاح عەبدوڵڵا حەمە عەلی، لەدایکبووی ١٩٦١ی سێگردکان، لە ٣-٨-٢٠١٣، هاولاتی.

١١- خزر عوسمان محەمەد (مەلا خدر)، لەدایکبووی ١٩٥٠ی سێگردکان، پێش نوێژو ووتارخوێنی مزگەوتی سێگردکان.

١٢- ئەحمەد محەمەد ئەحمەد محەمەد، لەدایکبووی ١٩٣٦ی سێگردکان،هاولاتی.

١٣- یاسین ئۆمەر ئیبراهیم حەسەن، لەدایکبووی ١٩٤٣ی سێگردکان، هاولاتی.

١٤- عومەر باقی عومەر قادر، لەدایکبووی ١٩٥١ی سێگردکان، ئەنجومەنی سێگردکان.

١٥- حەمە عەبدوڵلا حەمە قادر، لەدایکبووی ١٩٣٣ی سێگردکان، هاوڵاتی.

١٦- عومەر ئەحمەد عەلی عەبدوڵلا، لەدایکبووی ١٩٣٧ی سێگردکان، هاوڵاتی.

١٧- عوسمان حەسەن عوسمان محەمەد، لەدایکبووی ١٩٤٩ی سێگردکان، هاوڵاتی.

١٨- عومەر حەمەدەمین محەمەد ئەحمەد، لەدایکبووی ١٩٤٥ی سێگردکان، هاوڵاتی.

١٩- حەمەدەمین عەبدوڵلا ئۆمەرمحەمەد، لەدایکبووی ١٩٦٣ی سێگردکان، هاوڵاتی.

٢٠- عومەر عەولا حەمەدەمین ئیسماعیل، لەدایکبووی ١٩٧٥ی سێگردکان،هاوڵاتی.

٢١- محەمەد مستەفا محەمەد خدر، لەدایکبووی ١٩٥٠ی سێگردکان، هاوڵاتی

٢٢- ڕەسول عەبدولعەزیز مەولود، لەدایکبووی١٩٥٥ی سێگردکان، لە٢٨/٧/٢٠١٣

٢٣- عەبدولڕەحمان عەزیز حەمەدەمین، بەڕێوەبەری قوتابخانەی سێگردکانی بنەڕەتی تێکەڵاو لە١٥-٦-٢٠١٣

٢٤- دلێر مەجید عەزیز، بەڕێوەبەری خوێندنگەی دواناوەندی سێگردکانی تێکەڵاو لە١٥-٦-,٢٠١٣





٢٥- ئازاد عەبدوڵلا حاجی مەلا، لەدایکبووی(١٩٥٦)سێگردکان لە٩-٩-٢٠١٣

٢٦- نەهرۆ عەلی سالح قادر، لەدایکبووی(١٩٧٦)ی سێگردکان، لەبەرواری(١١/٧/٢٠١٣).

٢٧- فاتح حوسێن حەمەدەمین-حاکم فاتح، بەڕێوەبەری ناحیەی سێگردکان، لەدایکبووی١٩٦٤ی گەرمکی تەقتەق، لە٩-٩-٢٠١٣

٢٨- حاکم عومەر ئەحمەد محەمەد ،یەکەم بەڕێوەبەری ناحیەی سێگردکان، لەدایکبووی ١٩٧٣ی سێگردکان، لە٣٠-٧-٢٠١٣

٢٩- فەرمان حەمەدەمین ئەحمەد، لەدایکبووی١٩٨٢ی ئۆمەرگومبەت، سەرۆکی شارەوانی سێگردکان، لە١٠-٦-٢٠١٣

٣٠- جومعە محەمەد نەجم، ئەفسەری بنکەی بەرگری شارستانی سێگردکان، لەدایکبوی ١٩٧٠ی کانی لەلە، لە١٠/٦/٢٠١٣

٣١- شێروان حسێن ئەسعەد حسێن، لەدایکبووی ١٩٦٧ی هەولێر، یەکەم ئەفسەری بنکەی پۆلیسی سێگردکان، لە١٨/٨/٢٠١٣

٣٢- شێروان حەمەسالح حەمەدەمین، یەکەم ئەفسەری بنکەی ئاسایشی سێگردکان، لەدایکبووی ١٩٧٠ی گەرمکی تەقتەق، لە ١٥/٧/٢٠١٣

٣٣- نەجات عەبدولحەمید مەجید، لەدایکبووی ١٩٦٩ی گوندی نێرەگین، یەکەم ئەفسەری بنکەی پۆلیسی دارستان، لە ٢/٨/٢٠١٣

٣٤- ڕەوەند وسو عەبدولڕەحمان سابیر، یەکەم لێپرسراوی فەرمانگەی باری شارستانی سێگردکان، لەدایکبووی ١٩٨٣ی سێکانی، لە٩/٦/٢٠١٣

٣٥- سەردار مەولود محەمەد، یەکەم لێپرسراوی فەرمانگەی ئاوی سێگردکان، لە ٩/٦/٢٠١٣، لەدایکبووی ١٩٨٤ی تەقتەق.

٣٦- جەعفەر کەریم حەمەد، یەکەم ئەفسەری بازگەی سێگردکان، لە١٠/٦/٢٠١٣، لەدایکبوی ساڵی ١٩٧١ی گوندی پونگینەی خۆشناوەتی شەقلاوە.

٣٧- ماردین فەیسەڵ تەللوب، یەکەم لێپرسراوی فەرمانگەی دارایی سێگردکان، لە٩/٦/٢٠١٣، لەدایکبووی ١٩٨٤ی تەقتەق.

٣٨- شاخەوان سمایل مەحمود، دووەم پزیشکی بنکەی ڤێترنەری سێگردکان، لە٩/٦/٢٠١٣

٣٩- لەشکری حەمە سەعید مستەفا، دووەم سەرۆکی هۆبەی کشتوکاڵی سێگردکان، لە٩/٦/٢٠١٣، لەدایکبووی ١٩٥٦ی کۆیە

٤٠- ئەحمەد محەمەد عومەر، یەکەم ئەفسەری بنکەی پۆلیسی هاتوچۆی سێگردکان، لە٩/٦/٢٠١٣، لەدایکبووی ١٩٧٣یە و خەڵکی گوندی ئۆمەرگومبەتە.

٤١- هەڵمەت محەمەد قادر، یەکەم دادنوسی سێگردکان، لە٩/٦/٢٠١٣، ساڵی ١٩٧٩لە سێگردکان لەدایکبووە.

٤٢- جەمال عومەر مەولود، یەکەم ئەفسەری نوسینگەی زانیاری سێگردکان، لە٩/٩/٢٠١٣، لەدایکبووی ١٩٦٦ی بەحرکە.

٤٣- نەجات ڕەزا محەمەد، یەکەم لێپرسراوی بنکەی چاککردنەوەی کارەبای سێگردکان، لە٩/٩/٢٠١٣، لەدایکبووی ١٩٨٥ی سێگردکانە





٤٤- عومەری حاجی مەلای سێگردکان، لەدایکبووی ١٩٤٠ی سێگردکان، لە٩/١٢/,٢٠١٣

٤٥- ڕووناك عەبدوڵلا سەعید، لەدایکبووی١٩٦٥ی گەرمکی تەقتەق، لە٩/١٢/,٢٠١٣

٤٦- ڕەسول خزر ڕەسول، یەکەم لێپرسراوی مەڵبەندی سێگردکان، لەدایکبووی١٩٨٧ی سێگردکانە لە٩-٩-٢٠١٣ز.

٤٧- مەلا محەمەدساڵح کوڕی مەلا عومەری دووەم کوڕی مەلا ساڵح، (٨/٢/١٣٢٢)کۆچیدا لەدایکبووە لە شاری کەرکوك لە١١/٨/٢٠١٣ز.

٤٨- سەرکەوت نەجیب کوڕی محەمەد نور ی کوڕی مەلا ئەحمەدی کوێر)، لەدایکبووی ١٩٦٢ی کەرکوك، لێپرسراوی یاریدەدەرێتی ئاسایشی دووبز، لە١٨/٨/٢٠١٣

٤٩- حەمید عەبدولقادر عەبدولڕەحمان، لەدایکبووی ١٩٧٠ی ئۆمەرگومبەت، لە٣/١١/,٢٠١٣

٥٠- ڕێباز سەلام بەهرام، بەڕێوەبەری قوتابخانەی بنەڕەتی ئۆمەرگومبەت، لە٢٥/٤/,٢٠١١٣

٥١- حاجی ڕەزا محەمەد خدر ئەبابەکر، لەدایکبووی ١٩٣٩ی سێکانی، گوندنشین.

٥٢-سەعدوون عەبدولڕەحمان سابیر شەریف، لەدایکبووی ١٩٦٣ی سێکانی، ئەنجومەنی گوند.

٥٣-قادر میرسێودین حەمەد قادر، لەدایکبووی ١٩٦٩ی سێکانی، ئەنجومەنی گوند.

٥٤-قاسم عومەر خزر ئیبراهیم، لەدایکبووی ١٩٦٥ی سێکانی، ئەنجومەنی گوند.

٥٥-یاسین حەمەدەمین یاسین عەبدوڵلا، لەدایکبووی ١٩٦١ی سێکانی، گوندنشین.

٥٦-جەوهەر محەمەد حەمەدەمین عوسمان، لەدایکبووی ١٩٦٥ی سێکانی، گوند نشین.

٥٧-نوری حەمەد سەعید کاکل شەریف، لەدایکبووی ١٩٧٣ی سێکانی، گوند نشین.

٥٨-محەمەد عەبدولرەحمان سابیر شەریف، لەدایکبووی ١٩٧٦ی سێکانی، گوند نشین.

٥٩-جوتیار سەعدوون عەبدولرەحمان سابیر شەریف، لەدایکبووی ١٩٨٦ی سێکانی، گوندنشین.

٦٠- برایم ئەحمەد محەمەد سەفەر شێخانی، لەدایکبووی١٩٣٠ی گوندی شەیتان، لە ٤-٣-٢٠١٣ز.

٦١- نادر برایم ئەحمەد ، لەدایکبوی ١٩٧٢ی تازەدێ، ئەنجومەنی گوند ، لە ٤-٣-٢٠١٣ز.

٦٢- مشیر برایم ئەحمەد ، لەدایکبووی ١٩٦٨ی تازەدێ، مەلای گوند ، لە ٤-٣-٢٠١٣ز.

٦٣- رەنجبەر عومەر قادر، بەرێوەبەری قوتابخانەی تازەدێی بنەڕەتی تێکەلاو، لە٢٥/١٠/٢٠١٣,





٦٤- عەبدولرەحمان ئۆمەر یاسین محەمەد ئەیوب عەساف، لەدایکبووی ١٩٤٧ی قەمبەر، گوندنشین.

٦٥- مستەفا سالح محەمەد ڕەسول وەسمان میرسێودین، لەدایکبووی ١٩٥٤ی قەمبەر، گوندنشین.

٦٦- بەکر حەمەڕەشید ئەحمەد ئەیوب عەساف، لەدایکبووی ١٩٦٥ی قەمبەر، گوندنشین.

٦٧- سەباح قادر یاسین محەمەد ئەیوب عەساف، لەدایکبووی ١٩٧٤ی قەمبەر، گوندنشین.

٦٨- نوری سەعید کاکل شەریف عەلی وەسمان یوسف میرسێودین، لەدایکبووی ١٩٧٣ی سێکانی، گوندنشین.

٦٩- عەبدوڵلا ئۆمەر ئەحمەد ئەیوب عەساف، لەدایکبووی ١٩٧٢ی قەمبەر، لەبەرواری(٨-٦-٢٠١٣)ز.

٧٠- محەمەد عەزیز رەشید مەولود ، بەرێوەبەری قوتابخانەی قەمبەری بنەڕەتی تێکەلاو، لە٢٠-٤-٢٠١٣ز.

٧١- عومەر سابیر ئۆمەر، لەدایکبووی ١٩٣٦ی بەردەسپی، هاوسەنگەری شەهیدئەحمەد قەمبەری لەشۆرشی ئەیلول، لە٢٠/١٠/٢٠١٣,

٧٢- عوسمان کانەبی ئەحمەد ) ، لەدایکبوی ١٩٧٥ی ئاومالٚ، ئەنجومەنی گوند ، لە٥/١٢/٢٠١٢,

٧٣- مام ڕەسول محەمەد حەمەدەمین، لەدایکبووی ١٩٦١ی ئاومالٚ، گوند نشین، لە٥/١٢/٢٠١٢,

٧٤- عەبدولرەحمان سەعید سلێمانی گچکە، لەدایکبووی ١٩٥٠ی گوندی ئۆمەرگومبەت، لە٢٠/١٠/٢٠١٣ز.

٧٥- شاخەوان محەمەد سلێمان، لەدایکبووی ١٩٦٦ی ئاومالْ، لە٦/١٠/٢٠١٣ز.

٧٦- حەسەن حەمەعەلی ڕەسول دەروێش کاکی، لەدایکبووی ١٩٣٤ی ئاومالْ، گوندنشین.

٧٧- ڕەفعەت عەبدولرەحمان محەمەد ئیسماعیل، لەدایکبووی ١٩٦١ی سارتك، گوندنشین.

٧٨- عوسمان حەمەدەمین ئۆمەر ئیسماعیل، لەدایکبووی ١٩٥١ی سارتك، گوندنشین.

٧٩- مەجید ئیسماعیل محەمەد سمایل، لەدایکبووی ١٩٥٢ی قەمبەر،گوند نشین.

٨٠- کاکل سالح عەبباس مەحمود ئاغای سارتك، لەدایکبووی ١٩٥٠ی سارتك، گوند نشین.

٨١- ڕەسول محەمەد حەمە عەلی ڕەسول دەروێش، لەدایکبووی ١٩٦٩ی سارتك، گوندنشین.

٨٢- حوسێن حەسەن حەمەعەلی ڕەسول، لەدایکبووی ١٩٧٢ی سارتك، گوندنشین.

٨٣- ڕۆژگار جەلال سەلام، بەرێوەبەری قوتابخانەی سارتکی بنەڕەتی، لە٣/٣/٢٠١٣,





٨٤- مەعروف عەزیز مەعروف ئەحمەد ئیبراهیم عەبدوڵلا، لەدایکبووی ١٩٣٤ی جلبەسەر، گوندنشین.

٨٥- سەعید نوری ئیسماعیل نەسیم، لەدایکبووی ١٩٤٣ی جلبەسەر، گوندنشین.

٨٦- ئەحمەد سالح عەلی، لەدایکبووی ١٩٥٢ی جلبەسەر، گوندنشین.

٨٧- یوسف مەعروف ئیسماعیل نەسیم، لەدایکبووی ١٩٦٥ی جلبەسەر، بانگدەری مزگەوتی جلبەسەر.

٨٨- غەوس عەزیز عەوڵلا عوسمان، لەدایکبووی ١٩٦٧ی جلبەسەر، گوندنشین.

٨٩- زوبێر مەحمود نوری، لەدایکبووی ١٩٧١ی جلبەسەر، گوندنشین.

٩٠- مەجید محەمەد مەجید) بەرێوەبەری قوتابخانەی جلبەسەری بنەرەتی تێکەڵاو، لە٢/٣/٢٠١٣ز.

٩١- ئەنوەر حەمەدەمین چاوشین ئەحمەد، لەدایکبوی ١٩٤٧ی بەردەسپی، گوندنشین، لە ٢-٣-٢٠١٣ز.

٩٢- تەیفور قادر عەبباس ئۆمەر، لەدایکبوی ١٩٥٢ی بەردەسپی، گوندنشین، لە ٢-٣-٢٠١٣ز.

٩٣- سەرهەنگ سەلیم ڕەشید ئۆمەر، لەدایکبووی ١٩٦٣ی بەردەسپی، گوندنشین، لە ٢-٣-٢٠١٣ز.

٩٤- جەلال حەمەسادق حەمە شەریف، لەدایکبووی ١٩٦٦ی بەردەسپی، گوندنشین، لە ٢-٣-٢٠١٣ز.

٩٥- سەلام عومەر تەها ئەحمەد، لەدایکبووی ١٩٦٩ی بەردەسپی، گوندنشین، لە ٢-٣-٢٠١٣ز.

٩٦- فاتمە عومەر تەها ئەحمەد، لەدایکبووی ١٩٥٠ی بەردەسپی، گوندنشین، لە ٢-٣-٢٠١٣ز.

٩٧- ئەنوەر عومەر تەها، لەدایکبووی ١٩٦٥ی بەردەسپی، گوندنشین، لە ٢-٣-٢٠١٣ز.

٩٨- قادر حەمەدەمین عەبدوڵلا، لەدایکبووی ١٩٤٥ی کانی سلێمانە، هاولاتی.

٩٩- کەریم حەمەدەمین عەبدوڵلا، لەدایکبووی ١٩٤٧ی کانی سلێمانە، هاولاّتی.

١٠٠- رەحمان حەمەدەمین عەبدوڵلا، لەدایکبووی ١٩٥٠ی کانی سلێمانە، هاولاّتی.

١٠١- سیروان سەلیم حەمەدەمین، لەدایکبووی ١٩٨٤ی کانی سلێمانە، هاولاّتی.